


# کۆمەڵێک هەڵسەنگاندن و بیروڕا سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

**بەشی سێهەم**

*کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی*

## ناوەڕۆک


١- فەرید ئەسەسەرد : کوردی هەر پارچەیەک بڕیار لەچارەنووسی خۆی دەدات ........................................ ٣

٢- وتەبێژی پارتی: ئێرانو تورکیا ترسیان لەکۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە ............................ نیقاش ...................٤

٣- کۆنگرەی نەتەوەیی و پەیامی ئاشتی ................................ ڕەحمان پیرۆتی ................................ ٧

٤- دیمانە لە گەل جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێ کوردستان (کەجەکە).......سازدانی: هەستیار قادر ، فازڵ هۆرامی، دانا ڕەزگەیی....... ٨

٥- بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ............................ شەهلا دەباغی ............................ ١٠

٦- پێویستە بیرو لۆژیکی کۆنگرەی نەتەوەی جیاواز بێت لە هزرو لۆژیکی حیزبی!!.. .............. محەمەد بێبەش ........................ ١٢

٧- پرسی منداڵ لە کۆنگرەی نەتەوەیی دا ............................ خالید محەممەد زادە ........................١٣

٨- دیمانە لە گەل بابە شێخ حوسێنی مەلا جەلال سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران .............. ئا: کەیوان عومەر ..................... ١٦

٩- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە غیابی سەرکردە کاندا ........................... هێمن حەسەن .........................................١٧

١٠- کۆنگرەی نەتەوەیی هاوشێوەی بەرەی کوردستانییە!. ........................... بەهرۆز جەعفەر ...................... ١٨

١١- شاعیران و کۆنگرەی نەتەوەیی .................... محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵیی ................................ ١٩

١٢- کۆنگرەی نەتەوەیی، چەترێک بۆ لەیەک نزیک بونەوە،.................... دڵشاد پاڵانی .................................... ٢٠

١٣- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: دوور لە سۆز و حزبایەتی ................................................ ٢١

١٤- میدیای کوردی لە کۆنگرەی نەتەوەییدا ............................ فوئاد ئەحمەد ................................ ٢٢

١٥- کۆنگرەی نەتەوەیی پرۆژەیەک بۆ چارەسەر.................... نەورەس ڕەشید .......................................٢٣

١٦- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کوردستان بەرەو هەنگاوێکی مەزن لە ئاست ناو خۆ و جیهاندا دەبات........... عارف باوەجانی ................ ٢٥

١٧- برگەی پیشنیاریی ڕۆژهەلات .................... خالید محەممەد زادە ................................ ٢٦

١٨- ڕاپۆرتەکەی کۆمسیۆنی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەوڵێک بۆ خنکاندنی میدیای ئازاد ................ هیدایەت جان ...................٢٧

١٩- عومەری ئێلخانیزادە لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی ................................ ٢٨

٢٠- ئامانجەکانی پشت "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد!" چین؟ ................ عەبدوڵا مەحمود ................................ ٣١

٢١- ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لەئیعتباری کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن ..................... ئیبراهیم عەلیزادە ....................... ٣٢
٢٢- کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند تێبینییەک ......................... ئەحمەد عەلیپوور ......................... ٣٣
٢٣- کونگرەی نەتەوەیی کورد و چەند سەرنجێک ............................ خەلیل غەزەڵی ............................. ٣٥
٢٤- کۆنگرەی نەتەوەیی و "تەلەفزیونی رووداو" ............................ ئارێس زارعی .......................... ٣٧
٢٥- کۆنگرەی نەتەوەیی لە نێوان هەڵوێستی نەتەوەیی و دێموکراسیدا .................... عامر گوڵی .................................. ٣٩
٢٦- سەلاحەددین مەجیدپوور: گۆنگرە دەتوانێت دەزگایەکی سیاسی و رێکخەری تواناکانی کورد بێت .......................... ٤٠
٢٧- کۆنگرەی نەتەویی کورد، پشتگیری و چاوەڕوانییەکان ........................ ئەحمەدی قەسیمی ............................... ٤٣
٢٨- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: مێتافۆر و سیمبۆڵیزمی بارزانیی ......................... کامیار سابیر .................. ٤٤
٢٩- کۆنگرەی نەتەوەیی مۆکەری سیاسەتی سەقەتی دەسڵاتی باشوری کوردستانە، یان خەمی رزگاری کوردە لە داوو تەڵەی دوژمنان....بابان بریزی .. ٤٦
٣٠- پێشنیارێک بۆ بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی ....................... سوورە مەرگەیی ......................... ٤٧
٣١- پرسی جینۆسایدی کورد لە کۆنگرەی نەتەوەییدا ..................... ئارام ئەحمەد ............................. ٤٨
٣٢- کۆنگرەی نەتەوەیی و دەرفەتی بەردەم کوردی رۆژهەڵات ..................... رەفیق حوسێن پەناهی ............................ ٤٩
٣٣- پێویستی بوونی ستراتیژی راگەیاندنی نەتەوەیی.!................. مەجید حەقی ............................... ٥٢
٣٤- کۆنگرەی نەتەوەیی: ئەو منداڵەی بە مردوویی لەدایک دەبێت..!.................... دارا مەحمود ................................ ٥٢
٣٥- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ٢٠١٣ ............................. جەماڵ عەلیانی............................. ٥٤
٣٦- رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا .................. نوید کرمی .................................. ٥٤
٣٧- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: گەڕان بەدوای یەکریزی لەنێو جیاوازییەکاندا..... کەمال چۆمانی/ ئەلمۆنیتۆر ....وەرگێرانی: کارزان رەسول .... ٥٦
٣٨- چۆن کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوا سەردەکەوێت ................ مەجید مام برایم ......................... ٥٨
٣٨- کورت وکورمانجی .................... جەعفەری کەریمی ......................... ٥٩
٤٠- دەوڵەتی یاسا مەرجی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە ..................... رووداو نێت .................. ٦٠
٤١- محەمەدئەمین پێنجوێنی: ئۆج ئالان زیاتر لە (٣٠) ساڵە کار بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات ......................... ٦١
٤٢- کۆنگرەی نەتەوەیی و یەک دوو پرسیار ..................... د. جەبار قادر................................ ٦٦
٤٣- دیداری، هەڵکەوت زەنگەنە لە گەڵ جەلال جەوهەر .............................. ٦٧
٤٤- جەمیل بایک: کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵگری واتایەکی مێژووییە ........... چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا .............. ٦٩
٤٥- کۆنگرەی نەتەوەیی و بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگەی کوردی ................. کاوێز مەلاپەروێز ...................... ٧٠
٤٦- کۆنگرەی نەتەوەیی و پرۆسەی یەکخستنی زمانی کوردی..................... دکتۆر عەبدولرەحمان مەولود ..................... ٧١
٤٨- کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەرکی تاک ...................... خالید هەرکی ........................... ٧٣
٤٩- گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردبونیادنانی هێزی زیرەکە بۆ ئاییندە ......................... گولاڵن ........................... ٧٤
٥٠- کونگرەی نەتەوەیی شتێکی زۆر پیرۆزە ............................................ عیزەت پیرانی .................................. ٧٩

==========================================================================

# سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

## ئەسەسەرد: کوردی هەر پارچەیەک بڕیار لەچارەنووسی خۆی دەدات




سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک) و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان. دەڵێت کە کۆنگرە بەبێ یەکێتی و پارتی و PKK بەڕێوەناچێت، هەروەها کۆنگرە ناتوانێت ڕۆڵی مەرجەعێکی نەتەوەیی بگێڕێت.

** ماوەی چەند ڕۆژە هەرێمی کوردستان خۆی بەکۆنگرەی نەتەوەییەوە خەریککردووە، پێتوایە بۆچی لەئێستادا کۆنگرەی نەتەوەیی دەبەسترێت؟*

- ناتوانم هۆیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکەم، بەکردەوە، ئێمە لەساڵی ١٩٩٢وە توانای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییمان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم کۆنگرەیە لە نەوەدەکاندا ببەسترایە، ڕەنگە بیتوانیایە چارەسەر بۆ چەردەیەک کێشەی ئاڵۆز بدۆزێتەوە، لەوانە شەڕی ناوخۆ، دواکەوتنی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو پرسیارە بکرێت کە بۆچی ئێستا لایەنەکان سەرقاڵی بەستنی ئەم کۆنگرەیەن.
ئەوەی کە پەیوەندیی بەهەرێمی کوردستانەوەیە، ناکرێت ئەو فاکتەرە نادیدە بگرێت کە کارکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دوای ئەوە دێت کە ماوەی سەرۆکایەتی بۆ دوو ساڵ درێژکرایەوەو هەرێمیش سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئەیلولی داهاتوودا.

** لەبارەی هەوڵەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئاماژە بەچەندین هەوڵ دەدرێت، بەڵام بۆ تائێستا کۆنگرە نەبەستراوە؟*

- لەساڵانی حەفتاکاندا، پاش بەیاننامەی ١١ی ئازارو چوار ساڵی ئاشتی، دەرفەتێکی زێڕین بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەئارادا بوو، بەستنی ئەو کۆنگرەیە لەماوەی ١٩٧٠-١٩٧٤ کارێکی ئەستەم نەبوو، نەبەسترانی کۆنگرەکە لەوماوەیەدا بەڵگەی ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا ئیرادەی بەستنی کۆنگرەکە نەبووە، پێش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆو پاش سەرهەڵدانی هەوڵێک بۆ بەستنی کۆنگرەکە هەبوو، ڕەوەندی کورد لەئەوروپا ڕۆڵێکی پێشەنگی لە فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی بەستنی کۆنگرەکە گێڕاوەو ئومێد وابوو بەستنی کۆنگرەکەو ئامادەبوونی لایەنە بەشەڕهاتووەکان لەو کۆنگرە کە دەرفەتێکی لەبار بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ پێکبهێنێت، بەڵام هەوڵی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەباربرا.

** کۆنگرەی نەتەوەیی لەکورتترین مانادا (هاوهەڵوێستی نیشتمان – نەتەوەیی – گوتاری یەکگرتوویی کوردە)، بەڵام لەناو هێزە کوردستانییەکاندا ئەم پرەنسیبانە نابینرێت، کەواتە هەرهەمووی بانگەشەیە بۆچی، بەناوی کۆنگرەی نەتەوەییەوە؟*

- من تائێستا بەگومانم لەپێویستی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی. بزوتنەوەی کورد لەوڵاتەکاندا لەیەک ئاستدا نییەو هەلومەرجی هەر وڵاتێک لەهەلومەرجی وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەستەمە یەک ستراتیج بۆ یەک بزوتنەوە دابندرێت کە لەهەر پارچەیەکدا لەهەلومەرجێکی جیاوازدا دەژی.

** لەسەرەتاییترین کارەکانی کۆنگرەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پاشەکشەیان کرد، پڕاک گلەیی و گازندەی زۆری کرد، بەم هەموو کێشەیەوە چۆن دەکرێت چاوەڕوانی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووی لێبکرێت؟*

- ئەم کێشانە بەڵگەی ئەوەن کە کۆنگرەکە بناغەیەکی پتەوی نییە، ئەگەر پڕاکو دیموکراتو کۆمەڵە لەدەرەوەی کۆنگرە، نەگەیشتبن بەخاڵی هاوبەش، چی گەرەنتیی ئەوە دەکات کە لەکۆنگرە دەگەن بەخاڵی هاوبەش؟

** بەشێک لەپارتەکانی پارچەکانی کوردستان پێیانوایە پارتی و یەکێتی و PKK دەیانەوێت هەیمەنەی خۆیان زاڵبکەن بەسەر کۆنگرەدا، ئەم بۆچوونە دروستە یان ناواقعییە؟*

- کۆنگرەی نەتەوەیی لەبنەڕەتدا بەبێ یەکێتیو پارتیو پەکەکە بەڕێوەناچێت و لەبنەمادا کۆنگرەی نەتەوەیی کۆنگرەی یەکێتیو پارتیو پەکەکەیە، بۆیە زۆر ئاساییە کە هەژمونی هەریەکێکیان بەسەر کۆنگرەکەدا زاڵبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هاوسەنگبوونی هەژمونی لایەنەکانی سێکوچکەکە، دەشێت دەرفەتێکی لەبار بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا پێکبهێنێت.

** هێزەکانی PKK و کۆمەڵەو دیموکرات مەترسیان هەیە لەوەی کۆنگرەکە، لانی کەم داوای چەک دانانیان لێبکات، کۆتایی بەخەباتی چەکداری بهێنن، لەژێر فشاری ئێران و تورکیا شتێکی وا دەکرێت ڕووبدات؟*

- کۆنگرە ناتوانێت هیچ شتێک بەسەر لایەنە بەشدارەکاندا بسەپێنێت، ئەو لایەنانەی کە دەترسن گوشاریان بخرێتەسەرو داوای چەک داماڵینیان لێبکرێت، دەتوانن لەبنەڕەتدا بەشداری نەکەن و ئەگەر بەشداریشیان کردو دژی داواکە وەستانەوە، دەتوانن کۆنگرە بەجێبهێڵن و هۆی بەجێهێشتنەکەشیان بەئاشکرا رابگەیەنن.

*※ وا باسدەکرێت کە لەم کۆنگرەیەدا ئێران و تورکیا دەعوەت بکرێن، مانای ئەمە چییە، لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا جێگەی دەبێتەوە؟*

- لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت ئەم مەسەلەیە یەکلابکاتەوە، بەڵام من لەوبڕوایەدا نیم ئێران و تورکیا بانگهێشتبکرێن.

*※ کۆنگرە باس لەئاشتی دەکات، بەڵام باشوور بەخەباتی چەکداری مافەکانی خەڵک بەدەستهاتوون، لەباکوور ئەگەر شتێک کرابێت خەباتی چەکداری کردوویەتی، بۆچی ئێستا بۆ رۆژهەڵات – باکوور داوای ئاشتی دەکرێت؟*

- من پێموایە کۆنگرەی نەتەوەیی ناتوانێت رۆڵی مەرجەعیەتێکی نەتەوەیی بگێڕێت و بەهۆی ئەمەوە ئەم کۆنگرەیە دەبێت دان بەوەدا بنێت کە کورد لەهەر پارچەیەکدا لەهەلومەرجێکی تایبەتدا دەژی و کوردی هەر پارچەیەک خۆی بڕیار لەچارەنوسی خۆی دەدات و ئەوشێوە خەباتە هەڵدەبژێرێت کە بەگونجاوی دەزانێت، مەسەلەی بەردەوامبون لەسەر خەباتی چەکدار یان وازهێنان لەخەباتی چەکدار مەسەلەیەکە کاری بەسەر کۆنگرەی نەتەوەییەوە نیە، بەڵکو کوردی هەرپارچەک ئازادە لەهەڵبژاردنی ئەو رێگایەی پێیوایە بەو سەرەنجامەی دەگەیەنێت کە هەوڵی بۆ دەدات.

*سەرچاوە : ماڵپەری **PUKmedia** – کوردستانی نوێ / رێکەوتی : ۲۵ی ئاگۆستی ۲۰۱۳*

## وتەبێژی پارتی: ئێران و تورکیا ترسیان لەکۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە



جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی "نیقاش"دا باس لەوردەکاری گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکات کە بڕیار وایە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی تری باکورو خۆرهەڵات و خۆرئاوا گرێبدرێت. هەر لەم دیدارەدا وتەبێژی پارتی باس لەدوا هەنگاوەکانی هەموارکردنەوەی رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و پەیوەندی کوردو بەغدا دەکات.

*نیقاش: ئێستا گرنگترین باس و خواسی شەقامی کوردی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە، ئایا ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت نێو ماڵی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان یەکبخات؟ یاخود چی لەدۆخی کورد دەگۆڕێت؟*

جەعفەر ئیبراهیم: کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوات و خەونی گەلی کورد بووە، لەساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە باس لەم کۆنگرەیە کراوە، ئێستاش باشترین کاتە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەتایبەت لەباشوور، لەبەرئەوەی هەرێمی کورستان دۆخێکی یاسایی و دەستووری باشی هەیە، بۆیە مافی ئەم پارچەی کوردستانە لەچواچێوەی دەستووری عێراقدا ئەم کۆنگرەیە ئەنجامبدات، هاوکات ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی باشوور کە ئەم خزمەتە پێشکەشی پارچەکانی تر بکات، ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت بڕیار لەسەر پاراستنی ئەو دەستکەوتە یاسایی و سیاسیی و دەستووریانە بدات کە لەهەر پارچەیەکی کوردستان بەدەست هاتوون، لەوانەش پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی بەهێز لەو ئەم واقعە سیاسییەی لەباکوورو رۆژئاوا هاتووتەدی، دڵنیام ئەم کۆنگرەیە پاڵپشتیەکی بەهێزی ئاشتی لەهەر سێ پارچەکەی تری کوردستان دەکات بەتایبەت لەباکورو رۆژئاوادا.

*نیقاش: بۆچی تورکیا داوای کردبوو کە بارزانی ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئایا ئەوە تاچەند پەیوەستە بەنزیکی پارتی لەتورکیاوە؟*

جەعفەر ئیبراهیم: ئەمە کۆنگرەیە، نەک دامەزراوە، تا سەرکردایەتی بەردەوامی هەبێت، بەڵکو کۆنگرەیەکە سێ رۆژ دەخایەنێت و کۆتایی دێت، تەنیا سکرتاریەتێکی دەبێت کە بۆ بەرێوەبردنی کاروباری لۆجیستی و کارگێری و پەیوەندییەکان دەبێت، تەئکید لەوە دەکەمەوە کۆنگرە سەرۆک و ئەنجومەنی هەمیشەیی نابێت، گەرچی ئومێدەوارین لەئایندەدا ببێتە شێوازێکی بەردەوام، کۆنگرە تەنیا رەنگە بۆ سێ رۆژی بەستنی دیوانێک و سەرۆکێکی هەبێت ئەوەش شتێکی ئاسایە هەردەبێت هەی بێت.

*نیقاش: بەڵام تورکیا داوای کردووە بارزانی سەرۆکی کۆنگرەکە بێت؟*

جەعفەر ئیبراهیم: من ئاگاداری شتێکی لەوشێوەیە نیم و باوەڕناکەم تورکیا داوای شتی وای کردبێت.

نیقاش: پاش سەردانەکەی بۆ تورکیا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی ئێرانیشی کرد، ئایا ئێران هیچ مەرجێکی بۆ کۆنگرەکە هەبوو؟

جەعفەر ئیبراهیم: دیارە ئێرانیش وەک تورکیا چاودێری کۆنگرەکە دەکاتو دەیەوێت کۆنگرەکە نەبێتە هۆی دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی ئێران، بەدڵنیاییەوەش کۆنگرە مەبەستی ئەمە نییە، بەڵام ئێران دەزانێت هێزە سیاسییەکانی کورد پاڵپشتی پرۆسەی ئاشتیو دیموکراسی دەکەن لەئێران، ئێمە دەمانەوێت ئەو دیموکراسیەتەی لەئێران هەیە گەشە بکاتو کورد مافی سیاسی زیاتر بەدەستەوە بهێنێت، رەنگە ئێران مەترسی هەبێت لەکۆنگرە، بەڵام تائێستا ئەو مەترسیانەیان زۆر زەق دیاری نەکردووە.

نیقاش: واتە ئێران مەرجی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نەبووە؟

جەعفەر ئیبراهیم: تائێستا ئێران باسی مەرجی نەکردووە، بەڵام بەراستی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئەگەر مەرجدار بێت باشتر وایە هەر نەبەسترێت.

نیقاش: ئێران مەترسی زیاتری لەکۆنگرەو دەرئەنجامەکانی هەیە یان تورکیا؟

جەعفەر ئیبراهیم: رەنگە هەردووکیان مەترسیان هەبێت، بەڵام ئێران زیاتری هەیە.

نیقاش: دەگوترێت لەدوایین کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی، پەیەدە لەسوریا مەرجی ئەوەی داناوە تەواوی خاڵی سنووری پیشخابوو لەنێوان هەرێمو سوریا بکرێتەوە؟

جەعفەر ئیبراهیم: ئەم دەروازەیە هی حکومەتی هەرێمەو ئیشی ئەویشە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەمە نەئیشی پارتییە نە هی یەکێتیو نە هی هیچ حزبێکی تر، چونکە ئەمە دەروازەیەکە لەسەر فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تازە بۆ هاوکاری مرۆییو لۆجستی بۆ برایانی کوردمان لەرۆژئاوا کراوەتەوە، نەک بۆ ئەوەی پەنابەر لەرۆژئاواوە بێتە باشوور، ئێمە وەک پارتی چاوەڕوانی ئەوەبووین پەیەدە لەرۆژئاوای کوردستان لەگەڵ هێزەکانی تری سیاسی لەرووی سیاسییەوە کراوەتربێتو ئێستاش چاوەڕوانی ئەوەین دیموکراسی گەشە بکاتو تاکڕەوی نەمێنێت، چونکە ئەو تاکڕەوییەی لەوێ هەیە بەرژەوەندی رۆژئاوای کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، پێشموانییە پەیەدە بەزمانی مەرج لەگەڵ حکومەتی هەرێمو لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە قسەی کردبێت.

نیقاش: کەواتە کێشەی پارتی و پەیەدە لەسەر چییە؟

جەعفەر ئیبراهیم: ئێمەو پەیەدە لەسەر یەک خاڵ رێککەوتبووین کە بەداخەوە پەیەدە ئەو خاڵەی پێشێلکرد، خاڵەکەش ئەوەبوو کە کوردستانی رۆژئاوا چۆڵ نەبێت لەهاوڵاتیانی کوردو بۆ عەرەبی جێنەهێڵین، کەچی رۆژی ١٥ی ئەم مانگە ئەم خاڵەی پێشێلکرد، ئەمەش مەترسی لەسەر ئایندەی کورد لەم رۆژئاوا دروست دەکات.

نیقاش: کەواتە هۆکار چییە کە پەیەدە داوای هاوکاری لۆجیستی دەکات لەهەمان کاتدا پەنابەرەکانی کوردیش رەوانەی باشوور دەکات؟

جەعفەر ئیبراهیم: دڵنیام لەوەی پەیەدە پێیخۆش نەبووە هاوڵاتیانی کورد رۆژئاوا جێبهێڵن، چونکە پەیەدە کە داوای دەکرد سنوور زیاتر کراوەبێت بۆ ئەوەی نەبوو، بەڵکو بۆ بازرگانی بوو کە سوودی زۆریان لێدەبینی.

نیقاش: لەئێستادا دۆخێکی ناجێگیر لەپەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەحزبە حکومڕانەکانو ئۆپۆزسیۆنەوە لەئارادایە، ئایا پارتی نیازی هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان هەیە؟

جەعفەر ئیبراهیم: پەیوەندی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدان، گەر گرژی تێبکەوێت هەر لەپێناوی دیموکراسیدایە، ئەوەی رووشدەدات پەیوەستە بەتێگەیشتنی جیاوازەوە بۆ گرفتەکانو چۆنیەتی چارەسەری، ئێمە تێگەیشتنی خۆمان لەمەر دەستوورو سیستەمی سیاسیو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانو خزمەتگوزارییو چاکسازییەکان هەیە، ئێستا پەیوەندییەکانی ئێمەو یەکێتی گۆڕانکاری بەخۆییەوە بینیوە، بەڵام لەپرسە ستراتیژییەکان هاورایەکی هەیە، دڵنیام پەیوەندییەکانی پارتیو یەکێتی بەرەو خراپی ناچێت، بۆ پەیوەندی پارتیو ئۆپۆزسیۆن ئێمە حەزدەکەین بۆ یەک کاتژمێریش گرژی نەکەوێتە پەیوەندییەکانمانەوە، هەڵوێستێکی پێشوەختمان نییە بۆ ناشیرینکردنی ئۆپۆزسیۆن، بەداخەوە ئەوان هەیانە، ئێمە لەزمانی ئۆپۆزسیۆن بێزارینو نیگەرانین لەو زمانەی کە رەخنەی پێ لەئێمە دەگرن.

**نیقاش: وەک دەبینرێت پەیوەندی ئێستا پارتی‌و یەکێتیش وەک جاران نییە، نزیکترین نموونەش بێبەشکردنی یەکێتییە لە پۆستەکانی ئیدارەی موسڵ لەلایەن پارتییەوە، ئەمەش نیگەرانی سەرکردایەتی یەکێتی لێکەوتووە، ئایا ئێوە بۆ یەکێتیتان لە پۆستەکان بێبەشکرد؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: برادەرانی یەکێتی خۆیان بەرپرسیارن لەوەی خۆیان لەئیدارەی موسڵ بێبەشکردووە، چونکە پارتی ئەوانی بێبەش نەکردووە، ئەگینا پارتی بەپێی ئیستیحقاقی ئینتیخابی پۆستی بەیەکێتی داوە، بەڵام ئەوان داوای پۆستی زیاتریان کردووە، ئەمەش بێبەشکردن نییە، چونکە بێبەشکردن ئەوەیە کە تۆ بڕیارێک بدەی کە یەکێتی بێبەش بکەی کە شتی واش نەبووە.**

**نیقاش: بەڵام یەکێتی دەڵێت رێککەوتننامەی نێوانتان بۆ موسڵ لەلایەن پارتییەوە پێشێلکراوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: ئاگاداری هیچ رێککەوتننامەیەک نیم لەنێوان پارتی و یەکێتی کرابێت تا پێشێل بکرێت، رەنگە یەکێتی ئەو پۆستانەی کە بەر پارتی کەوتوون بەزیاد بزانێت، بەڵام ئێمە بەکەمی دەزانین، وەک سەرکردایەتی پارتی حەزماندەکرد یەکێتی رازیبوایەو پێویستیش بوو یەکێتی بەو پۆستانەی پێیدرابوو رازی بوایە.**

**نیقاش: چەند جارێک باسی پێداچوونەوەتان کردووە بەرێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی‌و پارتی، گرنگترین ئەو خاڵانە چین کە وەک پارتی بەنیازن لەرێککەتننامەکەدا هەمواری بکەنەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: دوو خاڵ لای پارتی گرنگە، یەکەم: لای پارتی مەرج نییە لەهەموو هەڵبژاردنەکان بەیەک لیستی هاوبەش بەشداری بکەین، کە ئەوەش چارەسەر کرا، دووەم: هاوسەنگی لەدابەشکردنی پۆستەکان، کە بەبۆچوونی پارتی دەبوایە ئەوە سنووردا بکرێت‌و مەرج نییە لەهەموو پۆستێک هاوسەنگی هەبێت لەوانەش لەبەغداد کە ناکرێت لەهەموو پۆستەکان هاوسەنگی هەبێت، چونکە پارتی ئیستیحقاقی ئینتیخابی دوو بەرامبەری یەکێتییە، بەڵام لەپۆستەکانی حکومەتی هەرێم پێویستە تا ١٠ بۆ ١٥ ساڵی تر هاوسەنگی هەبێت، گەر واقعی هەرێمی کوردستانیش بەخێرایی بەرەو باشتر گۆڕا ئەوسا دەتوانین قسەی تر بکەین.**

**نیقاش: لەئێستادا هاوشانی ئۆپۆزسیۆن، یەکێتی هاوپەیمانیشتان پێیوایە بەبێ گەڕانەوەی رەشنووسی دەستوور بۆ پەرلەمان‌و سازانی نیشتمانی لەسەری‌و خستنە ریفراندۆمیەوە کۆدەتایە بەسەر دیموکراسی، ئایا بۆچوونی ئێوە ئێستا لەسەر دەستوور چییە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: مەسەلەی دەستوور یەکلابووتەوەو تێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لەنێوان سەرکردایەتی پارتی‌و یەکێتی کە نامەوێت بچمە ناوەڕۆکیەوە.**

**نیقاش: واتە بەچ ئاراستەیەک یەکلابووتەوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: بەو ئاراستەی هەردوو لامان خزمەت بەپرۆسەی دیموکراسی بکەین‌و پارتی‌و یەکێتی لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە دەستوور هەموار بکرێتەوە دواتر بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام بەسازانێکی نیشتمانی.**

**نیقاش: تەنانەت لەسەر ئەوەش رێککەوتوون کە وەک یەکێتی‌و ئۆپۆزسیۆن دەڵێن سیستەمی سیاسیش لەسەرۆکایەتییەوە بگۆڕن بۆ پەرلەمانی؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: نەخێر، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، چونکە سیستەمی سەرۆکایەتی لەهەرێم بوونی نییە تا بیگۆڕین، ئەوەش خاڵێکی ترە کە لەکاتی پرۆسەی هەمووارکردنەوەی رەشنووسی دەستوور دێتە ئاراوە.**

**نیقاش: لەوتارەکەیدا بارزانی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە بەنیاز نییە خۆی کاندیدبکاتەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئایا پارتی جێگرەوەی بۆ سەرۆکی هەرێم دەبێت یاخود ئەو پۆستە دەدەنە یەکێتی؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: ئەوەی جەنابی سەرۆک فەرموویەتی کە بووە واقع ئەوسا باسی ئەوەش دەکەین.**

**نیقاش: واتە لەنێوان پارتی‌و یەکێتی باس لەئاڵوگۆڕی پۆستی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم نەکراوە؟**

**جەعفەر ئیبراهیم: نەخێر، چونکە لای ئێمە پۆست مەبەست نییە، ئەوە پۆستی میللەتەو لای ئێمە شتێک نییە بەناوی پاوانکردنی پۆستەکان.**

نیقاش: بەڵام ماوەیەکە میدیا ناوخۆییو بیانییەکان باس لەئەگەری وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار لەخولی داهاتوو لەلایەن بارزانییەوە دەکەن، ئایا ئەمە لەناو پارتی باسکراوەو تاچەند ئەگەرێکە ڕێی تێدەچێت؟

جەعفەر ئیبراهیم: بەهیچ شێوەیەک ئەوە لەسەرکردایەتی پارتی باس نەکراوە، لەگەڵ یەکێتیش بەهەمان شێوە.

نیقاش: تائێستا ڕەوشی تەندروستی سەرۆک کۆمار تاڵەبانی ناجێگیرە، ئایا ئێوە تاچەند ئاگاداری دۆخی تەندروستی ناوبراون؟ ئایا پێتوایە ئەوەی یەکێتی لەبارەی تەندروستی تاڵەبانییەوە بڵاویدەکاتەوە دەقیقە؟

جەعفەر ئیبراهیم: ئاگاداری ئەوەین کە دۆخی بەرەو باشتر دەچێت، ئاگاداری ئێمەش لەو لێدوانانەوەیە کە پزیشکە تایبەتەکەی باسی لێوە دەکات، پێمانوایە قسەکانی پزیشکەکەی دەقیقو ڕاستگۆیانەن چونکە پیشەی ئەو ئەوەیە کە سوێندی خواردووە وەک دکتۆرێک پیشەکەی بەسیاسی نەکات.

نیقاش: لەئێستادا دەنگۆی ئەوە هەیە کە پارتیو یەکێتی نیازی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان هەیە کە وابڕیارە ٢١ی ئەیلول ئەنجامبدرێت، ئایا وایە؟

جەعفەر ئیبراهیم: ئەوە هیچ ڕاست نییە، ناهەقییە بەرامبەر پارتی دەکرێت، چونکە پارتی سوورە لەسەر ئەوەی ٢١ی ئەیلول هەڵبژاردن بکرێت.

نیقاش: بەڵام ئێستا کۆمسیۆنیش ئەو داوایەی هەیە؟

جەعفەر ئیبراهیم: ئێمە دژی ئەو داوایەی کۆمسیۆنینو شەرمەزاری بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەین، چونکە ناکرێت دوابکەوێتو کۆمسیۆنیش ئیشەکانی خۆی کردووە.

نیقاش: لەمانگی حوزەیراندا ڕێککەوتنێکی ٧ خاڵی لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمو بەغداد واژووکرا، ئایا ئەمجارە کورد چ گرنتییەکی وەرگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە؟ ئەگەر جێبەجێنەکرێت هەڵوێستان چی دەبێت؟

جەعفەر ئیبراهیم: پەیوەندییەکان بەرەو باشی دەچێو ئێمە پابەندین بەو ڕێککەوتنە تائێستاش بەغداد پابەندە، هاوکات لیژنەکانی هاوبەش کاری خۆیان کردووەو بەردەوامن، ئێستا چاوەڕوانی ئەوەین یاسای نەوتو غاز لەپەرلەمانی عێراق پەسند بکرێتو حکومەتی بەغداد پاڵپشتی زیاتر لەکاری لیژنەی ماددەی ١٤٠ بکات تا ماددەکە جێبەجێبکرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ٢٥ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەییو پەیامی ئاشتی



ڕەحمان پیرۆتی

لە دانیشتنی سەرەتایی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئاشتی وەکوو پەیامی سەرەکی ئەو کۆنگرەیە ڕاگەیەندرا. پەیامێک کە جەخت لەسەر گوتاری ئاشتیخوازانەی بزوتنەوەی کوردو هەروەها پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ نەتەوەو دەوڵەتە هاوسنوورەکانی کوردستان دەکاتەوە.

ئەو پەیامە لە ئێستادا بۆ سێ بەشی کوردستان بایەخی تایبەتی هەیە. لە باکوور، پەیامی ئاشتیو دەرهاویشتەکانی کار لەسەر سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سیاسییە دەکا کە لەو چەند ساڵەی دواییدا لە ژێر کاریگەری هاوئاهەنگی خەباتی شاخو شار توانیویەتی چەند قۆناغێکی سەرەتایی بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی شەڕ بپێوێ. لە بەرامبەردا، دەوڵەتی تورکیەش بۆ ڕازی کردنی ڕای گشتی وڵاتەکەیو کەمڕەنگ کردنەوەی بانگەشە شەڕخوازانەکانی پێشووی، پشتی پێ ببەستێ. بە تایبەت ئەوەیکە، تورکیە پشتیوانی لەهەر هەنگاوێک دەکا کە داماڵینی چەک لە شانی گریلای پەکەکەی لێبکەوێتەوە یان هێزەکانی ئەو حیزبە لە یەک یان چەند بنکەی دیاریکراو لە دەرەوەی سنوورە جوغرافیاییەکانی ئەو وڵاتە کۆبکاتەوە.

پەیامی ئاشتی لە هەرێمی کوردستانیش، بە تایبەت دوای زەقتر بوونەوەی کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان کاریگەری زۆری لەسەر ڕای گشتیو هەڵسوکەوتی لایەنەکان

دەبێ. لە دنیای دەرەوەشدا، دڵنیایی تەواوی داوەتەوە وڵاتانی پەیوەندیدار بە پرسی کورد کە ئەو کۆنگرەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە نابێ. بەستنی ئەو کۆنگرە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە ئەو پەیامەش بە سێ وڵاتی ئێران، تورکیە و سووریەو هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەدا کە هەولێر توانای کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی هێزی کوردی لە هەموو بەشەکان هەیە. عێراقیش روانگەی خۆی ئاشکرا کردووەو تەنیا مەرجی ئەوەیە کە باسی سەربەخۆیی تێدا زەق نەکرێتەوە.

پەیامی ئاشتی لە ئێستادا دەتوانێ دۆخی کورد لە رۆژئاوا بگۆڕێ. لە قۆناغێکدا کە بزوتنەوەی کورد لەو پارچەیە دەیتوانی بە هاوئاهەنگیو هاوکاری نێومالی خۆی رێک بخاو خەڵکی کوردستان لە ئاگری شەڕ لە سووریا بپارێزێ، تا ململانێی هێزە سیاسییەکان لە رۆژئاوای کوردستان درێژەی هەبێ، رەوشی سیاسی لە رۆژئاوا جێگیر نابێو لە قۆناغی گەیشتن بە خۆبەڕێوەبەری دوور دەکەونەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ کۆنگرەی ئاشتیو تەبایی کورد بێ، چونکە گەورەترین دەرفەت دەخوڵقێنێ لەبەردەم هەموو ئەو هێزو لایەنانە کە چیدیکە بە هۆی بەرژەوەندی خۆیان شەڕی یەکتر نەکەن و لەسەر نەهێشتنی ناکۆکییەکان بەشداری هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی خەبات بۆ رزگاری، هەڵسوکەوتی رەوا و رێز لە یەکتر گرتن رێککەون.

ئەوەی کە تا ئێستا دیارە، لە بەرنامەی کار و بڕیارەکانی کۆنگرەی نەتەوەییدا، پرسی پشتیوانی لە پێشوەچوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێ. ئەوەش دەتوانێ چەند هۆکاری سەرەکی هەبێ. یەکەم، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە ئێستادا بە هۆی ناکۆکی و بڵاوی هێزو لایەنەکان هێزو وزەی دابەش بووە هەر بۆیە بە شێوەی پێویست ناتوانێ کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکانی کوردستان یان ئێران هەبێ. دووەم، ئەو کۆنگرە لە قۆناغێکدا نەگیراوە کە پرسی کورد لە رۆژهەڵات گۆرانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێ. سێیەم، حیزبو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵات پێش دانیشتنی سەرەتاییو لە قۆناغی وتووێژی لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی کۆنگرە پرس و رایان پێنەکراوە و پەراوێز خراون.

بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە کاتێکدا خەریکە پەیامی ئاشتی بۆ دەخوێندرێتەوە کە بەردەوام جەوهەری پەیامەکەی ئاشتیخوازی بووە. نەک هەر بۆ رۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر لە بەشی خۆی هەزینەی داوە. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە پەیامی کۆنگرە رەنگدانەوەی خواستو ئیرادەی ئەندامانی کۆنگرەیەو هەروەها گەورەترین کاریگەریش لەسەر بڕیاردان دادەنێ، پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە پەیامی ئاشتی چ کاریگەرییەکی لەسەر پێشوەچوونی پرسی کورد لە رۆژهەڵات دەبێ. بۆ بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز کە خاوەنی هێزی چەکداریش بێ، هیچ حاڵەتێک لەوە ئاشتیخوازتر بەدی ناکرێ کە بیهەوێ لە رێگەی خەباتی سیاسی، پشتیوانی لە رەوتی مەدەنیو چالاکی میدیایی بە ئامانجەکانی بگات. هەر وەکوو ئەوەی کە ئێستا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە کەمو زۆر پێیەوە خەریکن. لە بەرامبەریشدا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە بنەڕەتدا خاوەن ئەو ئیستعداد و توانایە نییە کە مل بۆ رێگەچارەی ئاشتییانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد راکێشێ.

وێڕای ئەوەی کە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بە بەشداری نوێنەرانی لایەنە سیاسیو مەدەنییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان گرینگ و پێویستە، بەڵام پەراوێز خستنی ئیرادەی سیاسی پارچەیەکی کوردستان لە پەیامی سەرەکی کۆنگرەدا ئیرادێکی گەورەیە. بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات دەبێ خاوەن گوتاری سیاسی خۆی بێو داهاتوو و ئەگەری هاتنەپێشی قۆناغە جیاوازەکانی لەبەر چاو بێت. هیچ شێوازێکی خەباتی بەسەردا فەرز یان لێی قەدەغە نەکرێ. هەروەها ئەو پەیامەی پێ بێ کە هاوپێوەندی نەتەوەیی و پاراستنی دەسکەوتەکان لەسەر شانی بزوتنەوەی پارچەیەک قورس دەکەوێ و بۆ هەمیشە خۆی پێڕاناگیرێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێ کوردستان (کەجەکە): پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە بەدەوری و هاوسەرۆکی بێت



سازدانی: هەستیار قادر

فازڵ هۆرامی، دانا رەزگەیی

* تیبینی : من تەنیا ئەو بەشەی پێوەندی بە کۆنگرەی نەتەوەیەوە هەبوو دام ناوە

هاوڵاتی: دواخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر پێشنیاری پەکەکە بوە؟

جەمیل بایک : رێکەوتی بەڕێوەچونی کۆنگرە هیچ پەیوەندییەکی بە پەکەکەوە نیە. پەکەکە خواستویەتی کۆنگرە بەڕێوەبچێت لە چ رێکەوتێکدا بەڕێوەدەچێت ئەوە پەکەکە نەیوتوە با لەفڵان رێکەوتدا بێتو ئەو بابەتە هیچ پەیوەندیەکی بە پەکەکەوە نیە، سەرۆک ئاپۆ چوار کۆنفرانسی پێشنیارکردبوو، لە ئامەدو ئەنکەرە و بروکسلو هەولێر، هەر یەک لەو کۆنفرانسانە تایبەتمەندییان جیاوازە، بەڵام تەواوکاری یەکترن. کۆنفرانسەکەی هەولێر بەهۆی تەواوبونی کۆنفرانسەکانی دیکەوە دەبێتە کۆنفرانسی لوتکە. سەرۆک ئاپۆ خواستی لەو کۆنگرەیەدا ئەوەیە خەیاڵ و داواو خەونی کورد پێکبێنێت، چونکە کورد

دەیەوێت یەکێتی کورد دابمەزرێت و کێشە لە نێوان کوردەکاندا نەمێنێت و دەستی دوژمن لەناو کوردەکاندا نەهێڵرێت، نابێت هیچ هێزێک کورد بکاتە یاری خۆی و کێشەی نێوان کورد و دراوسێکانی چارەسەر ببێت.

بۆ ئەوەی کورد بتوانێت لە رەشەکوژی خۆیان رزگار بکەن و بتوانن بژین، پێویستە کۆنگرە لەسەر بنەمای داخوازی کوردەکان بەڕێوەبچێت نەک لەسەر بنەمای داخوازی دەوڵەتەکانو بەڵکو دەوڵەتەکان نایانەوێت ئەوە کۆنگرە بەڕێوە بچێت، بەڵکو دەیانەوێت بەپێی داخوازیەکانی ئەوان بەڕێوەبچێت، بەلام کورد ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات. ئێستا کورد گەیشتۆتە چ ئاستێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەش لەبەرچاو بگرێت لەو کاتەدایە مرۆڤ دەزانێت کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد پێویستە، چونکە کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوە بە هێزی یەکەم و ئێستا دەتوانن لێبراوانە هەموو سیاسەتەکانیان دەستنیشان بکەن، پێویستە کورد هەنگاوێکی مێژویی بنێت بۆ خۆی و بۆ گەلانی ناوچەکە ئەویش کۆنگرەی نەتەوەییە. کێشەی گەورەو بڕیاری یەکلاکەرەوە کێشەی کوردە. ئەو کێشەیە چارەسەر نەبێت هیچ کێشەیەکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر نابێت، پێویستە ئەو کۆنگرەیە تەنها لەخزمەتی بەشێکدا نەبێت. پێویستە تەنها لە خزمەتی حزبێکدا، یان هەندێک حزب نەکات. کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوە قبوڵ ناکات و ئەوەش راست نیە. پێویستە کۆنگرە خزمەت بەهەمو بەشەکانی کوردستانو حزبەکانی بکات و بڕیارەکان تیایدا نەک بە زۆرینە، بەڵکو پێکەوە و بەهاوبەشی دەربکرێت، نابێت بڕیارەکان بۆ بەشێک، یان هەندێک حزب بێت. بڕیارێک، کە نەتوانرێت حزبێکی پێ قایل بکرێت ئەوا پێویستە نەبێت بەبڕیاری کۆنگرە، ئەگەر کورد ئەوە نەکات ئەو هیوایەی کە هەموو کەس لە کوردی هەیە هێندی هێندی بەرەو لاوازبون دەڕوات و تێکدەچێت. پێویستە کەس ئەو کۆنگرەیە نەخاتە خزمەتی خۆی.

**هاوڵاتی: بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە کێتان دەوێت؟**

**جەمیل بایک :** پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە وەک سەرۆکایەتی حزبێک نەبێت. پێویستە سەرۆکایەتیەکەی دیموکراتی بێت و دەستاودەست بکرێت، دەمانەوێت لەکۆنگرەدا کێشەی کورد لەگەڵ دراوسێکاندا چارسەربکرێت نەک بەهۆی کۆنگرەوە کێشەی نوێ بۆ کورد دروستبکرێت. ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوا پێویستە کۆنگرە نەگیرێت.

**هاوڵاتی: ئێوە پێشنیارتان کردوە سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە دەوری بێت هۆکاری ئەو داوایە چی بوو؟**

**جەمیل بایک :** با ئێستا بڵێین سەرۆکی حزبێک یان سەرۆکی بەشێک بوو بەسەرۆکی کۆنگرە ئەو ئەگەرە هەیە، ئەوە ناکۆکی لێبکەوێتەوە، بۆ ئێمە کێشە نیە، کێ دەبێت با ببێت، چونکە ئێمە بڕیارەکانی کۆنگرە بۆ خۆمان دەکەینە بنەماو ئامانجیشمان ئەوەیە. ئێمە کەسەکان ناکەینە بنەما. هەر کەسێکیش ببێتە سەرۆکی کۆنگرە، ئەوە پێویستە ئەو کەسەش بەپێی ئامانجو بڕیارەکانی کۆنگرە بجوڵێتەوە. ئەوەش بەدروست دەزانین، بەلام ئەگەری ئەوە هەیە، کە حەساسیەت هەبێتو کێشە دروستبکات، بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی ئێمە ئەوەمان دەوێت، کەسەرۆکایەتی هاوبەش یان هاوسەرۆکی بێت نەک تەنها یەک کەس ببێتە سەرۆکی کۆنگرە (ژن و پیاوێک لەیەک کاتدا سەرۆک بن)، ئەو کاتە دەبێتە سەرۆکایەتی دیموکراتی، مافەکانی کورد بەهۆی نەبونی دادپەروەریەوە زیانی زۆریان بەرکەوتوە، بۆیە پێویستە کورد نوێنەرایەتی دادپەروەری بکات و دادپەروەری پێشبخات. هەم بۆ ناوخۆی و هەم بۆ دەرەوەی، دەبێت ناهەقی لەناوخۆیدا بسڕێتەوە تاوەکو بتوانێت ناهەقی لە شوێنەکانی دیکەشدا نەهێڵێت.

**هاوڵاتی: ئامادەن دەستبەرداری یەکەم خولی سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرەبن گەر بەدەوری بێت؟**

جەمیل بایک: ئەوەی سەرەتا یەکەکە ببێت یان نەبێت ئەوە جێگای باس نیە و نابێت کێشە و هۆکاری مشتومڕ، لەلایەن یەکەکەوە شتی لەوشێوەیە لەکۆنگرەی نەتەوەییدا روناداتا بەدوای شتی ئاوادا ناڕوات. گرنگ سیستمی کۆنگرەیە. پێویستە سیستم دروست بکرێت. بۆ نمونە ئەنجومەنەکەی چۆن بێت، بەڕێوەبەرایەتیەکەی چۆن بێت، کۆمیتەی دیبلۆماسی و سیاسی چۆن بن، ستراتیژی کورد چی و چۆن بێت گرنگە.

**هاوڵاتی: زۆرینەو کەمینە رۆڵ دەبینێت لە کۆنگرەدا ؟**

**جەمیل بایک :** ئێمە دەمانەوێت کۆنگرە دیموکراتیزە بێت و هەر کەسێک بەشداری کۆنگرە دەکات بۆچونو پێشنیارەکانی بخاتەڕوو، ئێمە نامانەوێت کۆنگرە لەسەر بنەمای داخوازیەکانی یەکەکە بێت. ئەگەر ئێمە ئەوەمان بوێت ئەوە کۆنگرەی یەکەکە هەیە و تیایدا داخوازیەکانی خۆی دەخاتەڕوو، بەلام لەوەی بەشێک، یان هەندێک حزب بیانەوێت کۆنگرە بەپێی ئەوان بێت ئەوە بەدروست نازانین .

**هاوڵاتی: بانگهێشتی تورکیاو ئێران دەکرێت بۆ کرنگرە ئێوە رێگر نین؟**

**جەمیل بایک** : کۆنگرەی نەتەوەیی لەدژی هیچ دەوڵەت و حزبێکیش نیە. کۆنگرەی لەو شێوەیە بەڕێوەناچێت و بڕیاری دژایەتیکردنیشی تێدا دەرناکرێت، پێویستە هەموو کەس و لایەنێک ئەوە بزانن. کۆنگرە دەیەوێت کێشەی کورد لەگەڵ دراوسێکانی لەگەڵ دەوڵەتەکاندا چارەسەر بکات. تاوەکو کێشەکە چارەسەر نەبێت ئارامیش لەو دەوڵەتانەدا نابێت، چونکە هەمیشە جەنگ لەدژی کورد دەکەن. ئێمە دەمانەوێت کۆتایی بەو دۆخە بێت و پێویستە ئەو دەوڵەتانە لە کۆنگرەی نەتەوەیی نەترسن، بە پێچەوانەوە بیانەوێت کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد دابمەزرێت، چونکە کاتێک کێشەی کورد چارەسەر بێت، ئەوە کێشەی ئەو دەوڵەتانەش چارەسەر دەبێت، هەر لە بەرئەوەش دەڵێین با بێن و بەشداری کۆنگرە بن، چونکە لەلای ئەوان بیرکردنەوەیەک هەیە، کە دەڵێن کورد هەر کارێک بکات بۆ دژایەتیی ئێمە دەیکات. بۆچی وا بیر دەکەنەوە، چونکە سیاسەتی داگیرکاری بەسەر کوردانلدا بەڕێوە دەبەن. دەست لەو سیاسەت و زیهنیەتە بەرنادەن. بۆیە هەمیشە ئەڵێن کورد چی دەکات لە دژی ئێمە دەیکات. هەموو کەس و لایەنێک بانگهێشت دەکەین بێن و بەشداریی تێدا بکەن. لە کۆنگرەدا ئامادەبن و لە کۆنگرەدا باس لەچی دەکرێت و گفتوگۆ لەبارەی چیەوە دەکرێت و بڕیار لەسەر چی دەدرێت با بەچاوی خۆیان ببینن. تاوەکو ئەو ترسە و ئەو زیهنیەتە بشکێت

سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ٢١ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی



**شەهلا دەباغی**

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەردەوام داوا و ئارەزووی هەر تاکێکی کورد ئەوە بووە کە هێزەکانی کورد یەکگرتووبن، توانای خۆیان بۆ نزیک بوونەوە و وەدەست هێنانی ئامانجەکانی گەلی ژێردەستەی کورد، بە ڕووحی هاوکارییەوە وەگەڕ بخەن. ڕەنگە یەک لەو ئامانجانە ئەگەر پەسەندی هەموولایەنەکانیش نەبێ بەڵام ئارەزووی زۆربەمانە، ئەوەیە کە گەلی کورد مافی ڕەوای خۆیەتی کە بۆ وەدەست هێنانی سەروەری سیاسی هەوڵ بدا و ڕۆژێک کوردستانی دابەشکراو وەک چلتیکەیەک لێکبدرۆێتەوە.

لەو سۆنگەوە هەواڵی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرەڕای پرسیارگەلێک کە تا ئێستا بێ وڵامن، جێگای شادی و هومێدە کە بتوانێ چەند هەنگاوێک کورد لە ئامانجەکانی خۆی نزیک کاتەوە. دیارە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیش،هەر نەتەوەیەک بێ، بە بێ بەشداری نیوەی کۆمەڵگاکەی واتە ژنان ناکرێ و نابێ.

کاتێک کۆمیسیێۆن و لێژنەکان دیاری کران هەر بە چاو خشاندنێکی سەرپێی دیترا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان لە حیزبەکانن و زۆربەی نزیک بە سەدی ئەوان پیاوەکانن. گەرچی ئەوە لە خۆیدا هەڵگری زۆر کەم و کوڕییە و بەم جۆرە ژنان ناتوانن کاریگەری خۆیان هەبێ، بەڵام بۆ نزیک بوونەوە لە ئاواتی باڵای نەتەوە، و بۆ پلەی یەکەم دیسان ئەو هەنگاوە پێشوازی لێکراوە، بەو هومێدە کە حیزبەکان بتوانن ڕۆڵی ئەرێنی خۆیان بگێڕن و لە داهاتوودا بیرۆکەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بە بەشداری هەموو لایەنەکان و بەشداری بەرچاوی ژنان و چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کوردانی تاراوگە، ناو ڕۆژهەڵات و تەنانەت کوردانی سەرزەمینەکانی دیکە، وێڕای نوێنەرانی حیزبەکان کە هەر زۆرینە دەبن، پتەوتر کرێ.

گەرچی دەکرا کە هەوڵ هەنگاوەکانی لێژنەکانی ئامادەکاری، تەنیا حیزبییەکان و زۆربەیان پیاوان نەبان (گەرچی بەداخەوە لە ناو حیزبەکانیش دا لە زۆر توانایی و کەسایەتی ناو خۆیان کەڵکیان وەرنەگرتوە) و دەبا لە پسپۆڕانی هێندێک بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو و دەرەوە کەڵک وربگرترێ، بەڵام دیسان سەڕای ئەو کەمایەسییانە، دەبێ بە دڵی فراوان بەرەو ئەو دانیشتنە بڕۆین، ئەویش بە هومێدی دەستکەوتی فراوان و پتەو. ئینسان بە بێ هومێد ناژی و نابێ بێ هومێد بێ.

بە پێی ئەو گریمانەیە کە بەشدارانی ئەو کۆنگرەیە هەوڵیان ئەوە دەبێ کە یەکگرتووی کورد بپارێزن و هێندێک خاڵی بنەڕەتی بۆ داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەستنیشان دەکەن، وەک تاکێکی کورد هەوڵدەدەم ئەو خاڵانە دەست نیشان بکەم کە پێموایە دەبێ بە پەسەندی کۆنگرە بگەن ئەگینا هەر دەستکەوتێک بەبێ ئەو خاڵانە زیاتر لە کارتۆن دەچن تا بناخەیەکی ئینسانی و نیشتمانی. بەبێ ئەوە زیدە لە سەر هێندێک بابەت بڕۆم، ڕاستەوخۆ دەچمە سەر ئەو خاڵانە کە پێموایە گرینگی تایبەتییان هەیە بۆ داهاتووی کورد و ئینسانی کورد.

١- کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ نوێنەرانی فکری گشت پارچەکانی کوردستان، چ حیزبی و چ سەربەخۆ، کوردی تاراوگە و تەنانەت کوردی وڵاتانێک وەک ئەرمەنستان و ئیسرائیل و نوێنەرانی کورد لە ناو ڕۆژهەڵات لەخۆ بگرێ و نزیک بە نیوەی ئەندامانی کۆنگرە لە ژنان پێک بێ و ژنان دەبێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دا بگێڕن.

٢- کۆنگرە دەبێ هەوڵبدا کە دەستورێکی بنچینەیی نەتەوەیی پەسەند بکا و لەودا جیایی دین لە دەوڵەت سەرەڕای ڕێز بۆ هەموو ئایینەکان بەردی بناخەی ئەو بنچینەیە

بێ.

٣- یاسا دەبێ سەروەر بێ و هەموو تاک، لایەن و دام و دەزگایەک بەرامبەرن و دەبێ یاسا بپارێزن.

٤- کۆنگرە دەبێ لە سەر ئالا و سروودی نەتەوەیی، گوتار و هەنگاوی هاوبەش بە ئاکام بگا و هەموو لایەنەکان بەڵێن بدەن کە بەو گوتارە هاوبەشە پابەند بمێنن.

٥- هەموو لایەنەکانی بەشداری کۆنگرەیە دەبێ هاوپەیمانی ئەخلاقی و ئینسانی ببستن کە شەڕی ناوخۆ بە تاوان بناسرێت و بە پێی ئەخلاقی سیاسی ئەو پەیمانە بپارێزن.هەوەها ئەو پەیمانە ببستن کە یەکتر لە بەرامبەر بێگانەدا بپارێزن.

٦- کۆنگرە پێداگری لەسەر رووحی هاوکاری و ئاشتیانەی کورد بۆ چارەکردنی کێشەکانی ناوچە و رۆڵی خۆی وەک نەتەوەیەکی خاوەن سەروەی خۆی ببینێ.

٧- کۆنگرە دەبێ بە پێی پرنسیپەکانی دیمۆکراسی و نەتەوەیی رۆڵی کوردانی هەر چوارپارچە بە گرینگ بنرخێنێ و دەستتێوەردانی دەسەڵاتانی ناوچە لە سەر ژیانی کورد کورت کاتەوە.

٨- کۆنگرە دەبێ تێکۆشان بۆ/ دابینکردنی بەهاگەلی ئازادی، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی جنسییەتی بخاتە سەرووی کاری خۆی. پەیمانی رێز و هاوکاری هەموو لایەنەکان بۆ راگرتنی ئەو بەهاگەلە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی کولتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بە پەسەندی هەموو بەشداران بگەیێنێ.

٩- کۆنگرە دەبێ گرینگێ تایبەت بدا بە بواری دابینکردنی مافی مرۆڤ، ماڤەکانی هاووڵاتی و چالاکییەکانی مەدەنی و سەندیکایی و رۆژنامەنووسی، دەربڕینی ئازادانە و پەرەسەندنی دیمۆکراسی، پەروەدەیەکی یەکسانیخواز، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ئائین، زمان و قەومەکانی ناو کوردستان.

١٠- ژنان دەبێ لە پروسەی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان دا رۆڵی ئەرێنی خۆیان ببینن. ژنانی کورد بە درێژای مێژوو شانیان داوەتە بەر هەموو نەهامەتییەکان و ئەگەر ژنی کورد باوەڕ بە خۆیی نەتەوەیی نەبایە، رەنگە کورد فەوتابا. ژنانی کورد تا ئێستا بۆ پاراستنی زمان، کولتوور، خاک و خۆشەویستی ئینسان و چەسپاندنی رووحی ئازاد لە پێ نەکەوتوون. ژنان داوادەکەن کە هەموو لایەنەکان بەردەوام بن لە پاراستن و پێشخستنی ئەم بەهاگەلە بە پشت ببستن بە پرەنسیپەکانی ئازادی، بەرابەی و دادپەروەری، یەکسانی جنسییەتی و دێمۆکراسی.

١١- ژنان خۆیان بریادەربن لە سەر جەستە و ژیانیان. بە تاوان ناسینی هەموو جۆرە توندوتیژی و هەڵاواردنێک لە ناو خێزان، دام و دەزگاکان و کۆمەڵگادا. پاراستنی مافی بەرامبەری نێوان رەگەزەکان، هەوڵ بۆ یەکسانی رەگەزی و دارشتنی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە بە روانگەی یەکسانیخوازییەوە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان.

١٢- دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و منداڵان، خەباتی بەردەوام لە دژی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە کە لەواندا ژن چ بە جەستە و رووح و چ لە باری ئابووری و کەسایەتییەوە خەسارەت دەبینن، بۆ وێنە دارشتنی بەرنامە و دامەزراوە بۆ نەهێشتنی هەژاری و خۆفرۆشی و هتد. دانانی پلانی تایبەت بۆ سەربەخۆیی ئابووری ژنان و رەخساندنی هەلی یەکسان و دەرفەت بۆ کار و خوێندن بۆ ژنان و هەروەها نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێو منداڵان و ژنانی هەموو توێژەکاندا.

١٣- دەزگاکانی راگەیاندن بە ئازادی بێ قەید و شەرت هاوکات بە پاراستنی رێز و کەرامەتی ئینسانەکان رۆڵی سەرەکی ببینن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی دێمۆکرات و دادپەرور و خۆشەویستی ئینسان، هێنانەدی روانگەی یەکسانی جنسییەتی و نەهێشتنی هەڵاواردن و توند و تیژی لە دژی ژنان و پەرەسەندنی رووحی هاوکاری و دیالۆگ.

١٤- ئازادی هەڵبژاردنی بیرو باوەری ئاینی و سیاسی ، جل و بەرگ، سەفەر، خوێندن و کار، هاوسەر و هتد.

١٥- هێزە سیاسییەکانی ئاپینی رێگە نەدرێن کە مافەکانی ژنان، رۆشنبیران، شاعیران و نووسەران، ئەنجوومەنەکان و نیهادەکانی مەدەنی و تاکەکان بخەنە ژێرپێ و لە ئیمکاناتی کۆمەڵگای مەدەنی کەڵک وربگرن بۆ شێواندنی کەش و هەوای ژیانی کۆمەڵگا.

١٦- بە تاوان ناسینی هەر جۆرە توند و تیژییەک کە دەرحەق بە ژنان ئەنجام دەدرێن. هەروەها هەر جۆرە توند و تیژییەک کە دام و دەزگای دەوڵەتی یان بەرپرسی دەوڵەتی و ئیداری ئەنجامی بدەن، وەک تاوان لە قەڵەم بدرێن و لە دژیان تێکۆشانی هاوبەش بکرێت. بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی "دژە مافی ژن و مافی ئینسان" و ئەوانەی کە پشتگیری لە تاوانبار دەکەن. جا ئەو تاوانبارانە لە ناو حیزبەکان و سەروک عەشیرەتەکان بن و یان تاکی ئاسایی کۆمەڵگا.

١٧- لابردنی حوکمی ئێعدام و کارسازی بۆ پەروردەکردنی کۆمەڵگایەکی شاد و سالم. کار بۆ لە ناوبردنی گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و کەم کردنی تاوان و پەروەردەکردنی تاک.

١٨- هەرەوەزی هەمە لایەنە بۆ نەمانی کولتور و ئاکاری "گەندەڵی" و سرینەوەی کولتووری گەندەڵی وڵاتانی دراوسێ لە ناو کورد و نەمانی گەندەڵی لە هەر شوێنێک و لە لایەن هەر کەسێک.

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک رێز دانان بۆ بیروڕای ئازاد دەیانخاتە بەر

نەزەریخوێنەران.

سەرچاوە : ماڵپەڕی "کوردستان وکورد / ڕێکەوتی : ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## پێویستە بیرو لۆژیکی کۆنگرەی نەتەوەی جیاواز بێت لە هزرو لۆژیکی حیزبی..!!



محەمەد بێبەش

بەرێزان ..برواناکەم لیرەو لەوێ کوردێکی دڵسۆز هەبێ حەز بەیەکگرتوی و یەک گوتاری و یەک هێزی ماڵی کورد نەکات ..بەڵام پێویستە هەر یەکێکمان بۆچونی خۆی واڵا بکات ..بۆ شێوازی باشترین و سەرکەوتووترین کۆنگرە .

خاڵە لاوازەکانی کورد لە مێژوودا ...

لەسەرەتاوە .. پێویستە دەستەی ئامادەکار لیژنەیەکی مێژووناسی سیاسی ئامادەبکات ولە هۆکارە دۆراوەکانی رابردوو بکۆڵێتەوە وپۆلێنیان بکات .
بە بروای من هەتا سەرنجێکی رەخنەیی لە مێژوە دۆراوەکان نەدەین و خاڵە لاوازەکانی رابردوو دەستنیشان نەکەین ..ناتوانین هەنگاوی داهاتوو بەسەر کەوتوی ئەنجام بدەین ..بەلام کاتێک دەستنیشانی ئەو بۆشاییانەمان کرد کە لە گوتارو رەفتاری رابردوماندا هەبون، بەئاسانی دەتوانین ئەو بۆشاییە نادروستانەی رابردوو بەشێوەیەکی گونجاوی هەنوکەی پر بکەینەوە، خاڵێکی تر سرینەوەوی مێژووی خەباتی رابردوی نەوەی پێش خۆمان، کەئەوەش بۆتە میراتی حیزبایەتی و تەنانەت شۆربۆتەوە بۆ ناو تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکردنی کینە و رق، بەو رێژەیەی لە رابردوو بینمان هەردوو حیزبی دەسەڵات پەنایان بۆ دوژمنان وداگیرکەران برد، یەکێک لەخاڵە هەرە لاوازەکانی رابردوو خۆمان داوەتە دەست کەسایەتیەک و پەنامان بۆ سیستەمی تاکە کەسی بردوە هەموو مقەدەسایەتی نەتەوەو نیشتیمانیمان لە بۆچونێکی تاک ورەفتاری تاک و ژیانی تاکێکدا کۆکردۆتەوە، کە ئەمەش وایکردوە بەرژەوەندی تاک زاڵبێ بەسەر بەرژەوەندی باڵاو گشتیدا، زاڵبونی بیروڕای ئایدیۆلۆژی بەسەر خواستە نەتەوەیی ونیشتمانیەکاندا، هەروەک ئیستا هەندێ لە حیزبەکان بە بەژن وباڵای رۆژئاوادا هەڵدەڵێن و هەندێک بەژن و باڵای رۆژهەڵاتیەکان، کەهەردووکیان لە دابەشبوون و لەتکردنی ئەم نەتەوەو نیشتمانە هاوکارو جێبەبەجێ کاربوون، بروا بەخۆنەبون و قبوڵنەکردنی یەکتری بە پاساوی گەورەو بچوک و قەبارە..بۆ مانەوەو زیادەرۆیی لە کایەکانی دەسەڵاتی شەرمەزاریدا ..!
پێویستە ئێستا چی بکەین .ئەوی ئیستا من دەیبیستم لەو لیژنانەی کە دروستکراون ..کورد ووتەنی ( نەرێسراوەو نە تەندراوە ...شەقەی دێ) جارێ ئێمە بە شێوازێکی فەرمی نێودەوڵەتی لە هیچ شوێنێک خاوەنی کیان و دەوڵەت و سنورێکی دیاری کراو نین، شەڕ لەسەر ئیدیای عیلمانی و ئیسلامی دەکەن، بیریان چۆتەوە کە ئەمە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و نیشتمانیە نەک بەستنی کۆنگرە بۆ دروستکردنی حیزبێک ..یان ئاڵۆزی نێوان لیژنەی زمانەوانی لەسەر ئەوەی چ زاراوەو چ رێنوسێک بەکار بهێنن،

من سەرکەوتنی کۆنگرە لەم خاڵە گرنگانەدا دەبینم .

١/ رێکەوتنێکی ستراتیجی لە نێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستان ..بە سیستەمێکی کۆنفیدراڵی ..وەک ئەوەی لە جەنگی جیهانی لە نێوان دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیا بریاری لەسەر درا ..تا نەبن بەژێر پێی دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەکەوە ..واتە یەکگرتنی سەرکردایەتی سیاسی و سەربازی و ئیداری و لۆجستی هاوبەش، چونکە ئیستا حاڵەتی ناوچەکە لە حاڵەتی شەرو ئاژاوەدایە و ئەگەرەکانی ئاڵۆزبون لە زیادبوندایە .خۆ ئەگەرخوێندنەوەیەکمان هەبێ لە روی جوگرافیاو زمان وکلتورەوە بۆ هەرسێ دەوڵەتی سوید و نەرویج و دانیمارک برواناکەم هێندەی ئێمە جیاواز بن .
٢/ دروستکردنی لیژنەی دیبلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە کەسایەتی پسپۆرو خاوەن ئەزمونی نێودەوڵەتی کە تواناى ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیە نیودەوڵەتیەکانی هەبێ ...نەک بە تەسکییەی حیزبی دابنرێن، پێویستە لە زۆرترین کەسایەتی بێلایەن پێکبهێنرین .
٣/ وەلانانی هەموو دەسەلاتە حیزبیەکان لە کۆنگرەدا، ئەوانەی دەسەلاتی لیژنەو سەرۆکایەتی سیاسی کۆنگرەیان پێدەبخشرێ دەبێ لە بەرگی حیزبی و ئایدیلۆژی دابماڵدرێن، تەنها کار بە بەرنامەی کۆنگرە بکەن، تا بتوانرێ دەسەڵات وبریارەکانی کۆنگرە لەسەروی بریاری حیزبییەکان هەژمار بکرێ و پەیوەستبن بە بریاری کۆنگرەوە و سەرپێچی کار سزای نەتەوەیی و نیشتمانی بەسەردا بسەپێ،
٤/ لە هەموو لیژنەکان بەشداری کەمە نەتەوەیی و ئاینزاکانی تێدا بکرێ، واتە نابێ هیچ هاونیشتمانیەک پەراوێز بخرێ .
٥/ پێکهێنانی لۆبێکی کوردستانی دارای بانکی نیودەوڵەتی بۆ ئامادەبکرێ ..تا هەموو کوردستانیەک بتوانێ هاوکاری دارای بکات، تا هیچ لایەنێک لایەنی دارای پاوەن

(استقلال )نەکات بۆ دەسەڵاتەکانی خۆی و ببێتە چەکی خۆسەپاندن .

/٦ پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی دارای بۆ داهات و خەرجی .نەک لیژنەی دارای.

بەهیوای سەرکەوتن بۆ گەل و خاکی کوردستان .

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان نیت / رێکەوتی : ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## پرسی منداڵ لە کۆنگرەی نەتەوەیی دا



خالید محەممەد زادە

ئەم راپۆرتە بخوێننەوە!

بەشێک لەو راپۆرتانەی کە کومیسیۆن و لیژنەکانی ئامادەکاری کونگرەی نەتەوەیی کورد نوسیویانەو بەرزیان کردوتەوە بۆ کونگرەی نەتەوەیی خویندومنەتەوە، پێموایە جگە لەم راپۆرتەی خوارەوە هەندیک لەوانی تر بە نەفەسێکی حیزبی دەمارگرژانەی سەهمدارانە نوسراون کە بە ناوی کوردستانی بوون و نەتەوەیی بوونەوە بە خەلکی دەفرۆشریتەوە. ئەم راپۆرتەتان بۆ دادەنیم کە بە رای من راپۆرتێکی پەیوەندیدارە بە منالان و تیکەل بە شیعارو کۆمەڵێک چەمکێی وەهمی پیناسەنەکراو، نەکراوە بە بەراورد لە گەڵ ئەوانی تر،

لە بیرمان نەچیت کونگرەی نەتەوەیی بریارە وایە ئەم راپۆرتانە پەسند بکاتو کاری لە سەر بکات!

پێمخوشە ئیوەش بیخویننەوەو دەستی ئەو بەریزانەش خۆش بیت:

### پرسی منداڵ لە کۆنگرەی نەتەوەیی دا

منداڵانی کورد بەشی هەرە گرینگو هەستیاری کۆمەڵگای کوردین و داهاتووی نەتەوەو نیشتمانی کوردستان دیاری دەکەن. بەڵام واقعی چەند پارچەبوونی کوردستان و تایبەتمەندیی لێک جیاوازی دۆخە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەی بەشەکانی کوردستان رەنگدانەوەی بووە لەسەر رەوشی منداڵان لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان، بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە. بەڵام سەرەرای ئەو تایبەتمەندییانە چەند پرسێکی هاوبەش منداڵانی کورد کۆ دەکاتەوە کە بریتین لە:

١- منداڵی کورد هەمیشە لە ریزی هەرە پێشەوەی قوربانیانی بارودۆخی سیاسی و ناجێگیری و شەڕو ماڵوێرانیی گەلەکەی بووە، کە جۆری قوربانیێیەکە هێندێک جار لە دەستدانی رۆح و جەستە بووە کە ئەمرۆکە خاوەنی سەدان منداڵی شەهیدین، یا خود بە بێبەریبوون لە کۆمەڵێک مافو خزمەتگوزاری کە منداڵانی جیهان هەیانە وەک وازهێنان لە خوێندن، کارکردن لە تەمەنێکی زوودا، ژیان لە دۆخێکی پڕ لە ترس و هەژاری و ...

٢- بەهۆی ئەو سیستمە پەروەردەیی و رەگەزپەرستانەیەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە، منداڵانی کورد لە سێ بەشی کوردستان لە سەرەکیترین ماف بێبەش کراون وەک، خوێندن بە زمانی زگماک و ئاشنابوون بە فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەکەیەتی. هەموو هەوڵە پەروەردەییەکانی ئەو رێژیمانە بۆ ئەو مەبەستەیە کە هەستو سۆزی کوردایەتی و نیشتمانۆستی و ئینتیمای نەتەوەیی ئەوان لە نێو ببرێ و بەو ریگەیەدا نەتەوەی کورد لە نێو فەرهەنگی باندەستکراوی خۆیاندا بتوێننەوە.

٣- جیا لە بارودۆخی سیاسی، منداڵانی کورد لە لایەکی دیکەشەوە بوونەتە قوربانیی ئەو ژینگەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە باوکسالارییە کۆمەڵگای کوردی هەیەتی. لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا منداڵان بەرەورووی توندوتیژی لە هەموو جۆرەکانی وە لێدان، جیاوازیی رەگەزی، زوو بە شوودان و یان ژنهێنان لە تەمەنی کەمدا دەبنەوە.

### پرەنسیپ و راسپاردەکان بۆ دەستەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بواری مافی منالان دا

لیژنەی مافی منالان پێشنیار دەکا کە دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە ئەم پرەنسیپ و راسپاردانەی خوارەوە لە بواری پارێزگاری لە منالانی کورد وەک بەڵگەنامەیەک بۆ پەسند کردن پێشکەش بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکا.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وێرای باوەڕ و پشتگیری لە نێوەرۆکی "پەیمانی نێونەتەوەیی مافەکانی منالّ"، لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی منالانی کورددا پێداگری لەسەر ئەم پرەنسیپ و پێویستییانەی خوارەوە دەکا :

١. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد داوا لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە دەکا کە چیدیکە منداڵانی کورد لە مافی خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی بێبەش نەکەن و بواری خوێندن بە زمانی دایک بۆ منداڵانی کورد لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا لە خوێندنگە دەوڵەتییەکاندا پیک بێنن. بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرە بە پشت بەستن بە نێوەرۆکی "راگەیاندراوی جیهانیی مافە زمانییەکان" و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی ئەم بوارە، بە شێوەی فەرمی نامەیەک ئاراستەی دەوڵەتانی حاکم بەسەرکوردستاندا دەکا.

٢. کۆنگرە پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی نێوەرۆکی پەیمانی نێونەتەوەیی مافەکانی منالّ لە پێوەندی لەگەڵ منالانی کورددا بەتایبەتی لەبوارەکانی خوارەوەدا دەکا :

- ڕێگە پێدان و فەرمییەت بەخشین بە شوناسی نەتەوەیی منالانی کورددا؛
- دابینکردنی پێویستییەکانی دەستڕاگەیشتن بە پەروەردەی سەردەمیانە؛
- دابینکردنی ئاستێکی گونجاوی ژیان و دەستەبەری کۆمەلایەتی کە دەرەتانی هەڵدان و پێگەیشتنی منالانی کورد پێک بێنێ؛
- دەستڕاگەیشتنی منالان بە پێداویستییەکانی تەندروستی و ئاوڕدانەوە لە منالانی وێلکراو و منالانی خاوەن پێداویستیی تایبەت؛
- کۆتایی هێنان بە ئازاردانی جەستەیی و دەروونیی منالان بەتایبەتی بەهۆی توندوتیژی و کارپێکردن و بەکاربردنی جینسیی ئەوان؛
- جێگیر کردنی چەمکی "بەرژەوەندیی بالای منالّ" لەکاتی بڕیاردان سەبارەت بە هەموو ئەو ڕووداو و ئالوگۆڕانەی لە ژیانی منالدا دێنە پێش؛
- بە هێند وەرگرتن روانگە و بۆچوونی خودی منالان.

٣. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد داوا لە وڵاتانی ئێران، تورکیەو سووریە دەکا بەپلانی وردەوە هەنگاوی جیددیو بە کردەوە هەڵبگرن لە پێناووشیارکردنەوەو پاراستنی منداڵان لە بوارەکانی خوارەوە:

- پاکژکردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان لە مینو وشیارکردنەوەو ڕێنمایی کردنی منداڵان لە پێناو خۆ بەدوورگرتن لە کێڵگەکانی مین، هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەو منداڵانەش کە بوونەتە قوربانیی ڕووداوی تەقینەوەی مینو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و ئایندەیەکی شیاو بۆ ئەوان.
- وشیارکردنەوەو ڕێگریو مەحکوومکردنی بازرگانی کردن بە منداڵان.
- وشیارکردنەوەی منداڵان لە هەمبەر خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانو هەموو ئەو شتانەی ئازار بە جەستەو دەروونی منداڵان دەگەیەنێ.
- هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامو لەسێدارەدانی منداڵانو خۆبواردن لە زیندانی کردنی منداڵانو ئازاردانی ئەو منداڵانەی لە بەندیخانەکان دان.
- قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی بە منداڵی بەر شاڵاوی ئەنفالو کیمیاباران کەوتوونو ئێستا لە ژیاندا ماون.

٤. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد داوا لە هەموو لایەنە سیاسی و ڕووناکبیری و سەرجەم ناوەندە پێوەندیدارەکان بەتایبەتی لە کەرتی میدیا و پەروەردەدا دەکا خۆیان لەبەرامبەر پەروەردەی منداڵانی کورددا بە بەرپرسیار بزانن و مێژوو و ناسنامەی کورد بە نەوەی نوێ بناسێننو خۆشەویستیی خاک و نیشتمانی خۆیان لە دڵدا جێ بخەن.

٥. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە کۆمەڵگای کوردستان لەڕووی ئایین و زاراوە و کولتورەوە کۆمەڵگایەکی فرەچەشنە، کۆنگرە هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان ڕادەسپێرێ

کە وێڕای ڕێگەدان بە خۆدەرخستنی فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان و چاولێکردنی ئەو فرەچەشنییانە وەک خاڵێکی بەهێزی ئەو کۆمەڵگایە، منداڵان بە ڕووحی ئاشتی و نیشتمانپەروەری پەروەردە بکەن.

٦. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە باوەڕ بەوە کە بەرژەوەندیی پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست و بەهێز بە پارێزگاری لە منالان وەک بەشی هەرە هەستیاری کۆمەڵگا لە بەرامبەر هەر جۆرە ئازارێکی دەروونی و فیزیکی بەستراوەتەوە، هەر چەشنە توندوتیژییەکی جەستەیی، ڕووحی و کۆمەلایەتی لەلایەن هەر کەس و لایەنێک دەرهەق بە منداڵانی کورد ڕەت دەکاتەوە و بۆ بنەبڕکردنی ڕەفتارگەلی وەک خەتەنەی کچان، لێدان و ئازاردان، ئیش پێکردن لە خوار تەمەنی یاسایی، زوو بە شوودانی کچان، زوو ژنهێنان بۆ کوڕان، سواڵ پێکردنو... تێدەکۆشێ.

٧. کۆنگرە داوا لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد دەکا کە منالان لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکار نەبەن و داواش لە هەموو لایەنە چەکدارەکانی کورد دەکا کە لە بەکاربردنی منالان لەکاتی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکاندا خۆ ببوێرن و بۆ ئەو مەبەستەش ڕێککەوتنامەی بانگەوازی ژنێڤ بۆ پاراستنی منداڵان لە کاریگەریی ناکۆکییە چەکدارییەکان ئیمزا بکەن و پێی پابەند بن.

٨. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ساڵانە ڕاپۆرتی بارودۆخی منداڵانی کورد بە ڕێکخراوی یوونیسێف و سندووقی گەشەی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ بگەیەنێ و لەڕێگەی بەشداری پێکردنی ڕێکخراوەکانی منداڵپارێزیی کۆمەڵگای مەدەنیی کورد لە "بزوتنەوەی جیهانیی منداڵپارێزی"دا تێبکۆشێ پرسی منداڵی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بێنێتە گۆڕێ.

٩ . کارەساتەکانی کیمیابارانو ئەنفالو ژینۆسایدی کورد کارەساتێکی جەرگبڕ بوو کە بە هەزاران منداڵی کوردی تێدا بۆتە قوربانی، هەر بۆیە زۆر گرینگە چ لە ڕێگەی کاناڵەکانی پەروەردەیی فەرمی لە باشوورو چ لە ڕێگەی کاناڵەکانی دیکەی نافەرمیی وەک پارتە سیاسییەکان، میدیاو ڕێکخراوەکان لە سەرجەم پارچەکان؛ منداڵانی کوردی لە گشت بەشەکان پێ ئاشنا بکرێ.

١٠ . مەحکوومکردن و بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەو کۆمپانیا و لایەنانەی بە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی چەکی کۆمەڵکوژ بوونە هۆی کوژرانی هەزاران منداڵی کورد لە ڕەوتی کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی ئەوان.

11 . کۆنگرە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی گشت ڕێکخراوو پارتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو کار بکەن بۆ سازدانی چالاکیو فستڤاڵی تایبەت بۆ تێکەڵاوکردنو لێکتر نیزیککردنەوەی منداڵانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان.

١٢ . کۆنگرەی نەتەوەیی کورد داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا ئەو منداڵانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لە باشووری کوردستان لە دایک دەبن، یان بە هۆکاری سیاسی بەدەر لە ئیرادەی خۆیان نیشتەجێی باشووری کوردستانن، ناسنامەی ئەم وڵاتەیان بدرێتێ.

١٣ . کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کار بۆ دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت وەک " ڕۆژی منداڵی کوردستان" دەکا.

١۴ . کۆنگرە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زیاتر لە هەمبەر ڕەوشی منداڵانی کوردو ئەو کارەساتو نەهامەتیيانەی بەسەری هاتوون لە ڕێگەی کاناڵەکانی پێوەندیدارەوە.

١۵ . کۆنگرە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا ئاوڕێکی جیددی بداتەوە لە منداڵانی کوردستانی سووریە کە ئێستا بەهۆی قەیرانی سیاسی لەو وڵاتە تووشی ئاوارەیی و بەشمەینی بوون و ئەو بارودۆخە لە کوردستانی سووریە مەحکووم دەکا.

١۶ . کۆنگرەی نەتەوەیی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا چاوەدێری و بەدواداچوونی وردتر بۆ کەرتی تایبەتی بکا لەو بوارانەدا:

- لەو خوێندنگەو زانکۆ ئەهلیيانەی لە هەرێمی کوردستان دان هەستی نیشتمانپەروەری و زمان و شوناسی نەتەوەیی خوێندکاران و قوتابیان بپارێزرێن.
- لە بواری وەبەرهێنان و هاوردەی کەرەسەی پەروەردەیی و یاریی منداڵاندا ڕەچاوی کلتوور و شوناسی نەتەوەیی و ستاندارده تەندروستییەکان بکرێ.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

هاوپێچ: پەیماننامەی جیهانیی منداڵان _ بەڵگەی پابەندبوون بە بانگەوازی ژنێف بۆ پاراستنی لە کاریگەریی ناکۆکییە چەکدارییەکان

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

ئەندامانی کومیتەی منداڵانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵگای ئازاد

- چنار سەعد عەبدوڵڵا
- عەلی بداغی
- فاتیح ساڵحی
- سوعاد ڕەزاق
- ئەمەل جەلال
- ڕەسووڵ ڕەزگەیی

- مریەم کرماشانی
- خونچە محەمەد

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

سەرچاوە : فیس بووک / ڕێکەوتی : ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران: کۆنگرەی نەتەوەیی مەشروعیەتی خۆی لەدەستدەدات ئەگەر پارتی و یەکێتی و PKK خۆیان بەسەریدا زاڵبکەن



بابە شێخ حوسێنی مەلا جەلال، سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پێیوایە کە ڕێگری لەپێدانی کورسی پێشێلکردنی مافی ئەوانەو گلەییش لەکۆمەڵەو دیموکرات دەکات کە ناتوانن نوێنەرایەتی ئەوان بکەن. بەبڕوای ئەو کۆنگرەی نەتەوەیی مەشروعیەتی خۆی لەدەستدەدات ئەگەر پارتیو یەکێتیو PKK خۆیان بەسەریدا زاڵبکەن.

ئا: کەیوان عومەر

※ بۆچی سازمانی خەبات لەو هەڵبژاردنەدا لەنێوان ئەو (٩) هێزەی ڕۆژهەڵات کورسی پێ نەدرا؟

- نەبونی ئەندامەتی یا کورسی بۆ نوێنەری سازمانی خەبات لەهەیئەتی ئامادەکاری، بەزیانی سازمانی خەبات نەبو، بەڵکو زوڵم بو لەکۆنگرەی نەتەوەیی. ئەو ڕێگریە، یا پێشێلکردنی مافەکانی سازمانی خەبات کە خاوەنی بیروبۆچونی جیاوازە، بونی لەکۆمیتەی ئامادەکاریی زۆر کاریگەر دەبو. ئەوەی کرا خاڵێکی سەرەتایە لەپێشێلکردنی ئوسوڵو بەرنامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی، کە هومێدەوارم ئەوە یەکەمین پێشێلکاریەک بێ کە کۆنگرەی نەتەوەیی بەخۆیەوە دەبینێ. دیارە ئەو پێشێلکاریانەو ژێرپێنانی چوارچێوەو بنەمای کۆنگرەی نەتەوەیی، سازمانی خەباتی لەئەندامەتی کۆنگرەی نەتەوەیی بێبەش کرد. سازمانی خەبات لەو پێوەندەدا هەم لەڕێگەی وتووێژی بەرپرسانیەوەو، هەروەها لەڕێگەی لایەنە پێوەندیدارەکان ڕەخنەی لەشێوەی قەوارەو پێکهاتەی کۆمیتەی ئامادەکاری گرتووە، تەنانەت ڕەخنەکانمان بەلایەنەکانی دیکەی کوردستانی ئێران گەیاندوەو ئاگادارمانکردون کە ئەوان ناتوانن‌و مافیان نیە نوێنەرایەتی سازمانی خەبات بکەن.

※ لایەنەکانی ڕۆژهەڵات دەڵێن ئێوە بەهۆی نزیکیتان لەموجاهیدینی خەڵق بۆچونی ترتان هەیە ئایا ئەو پەیوەندیە لەئێستادا چۆنە لەگەڵ موجاهیدین‌و کاریگەری لەسەر کۆنگرە هەیە؟

- نازانم مەبەست لەوەی بەهۆی نزیکیو دۆستایەتی لەسازمانی موجاهیدین بۆچونی ترمان هەیە، چی؟ ئەگەر مەبەست شێلگیربون لەموبارەزەو ڕاوەستان لەسەر هەڵویستی لێبڕاوانەو شۆڕشگێڕانەبێ، دەڵێم بەڵێ بۆچونی دیکەمان هەیە. پێوەندیمان لەگەڵ سازمانی موجاهیدین هیچ کاریگەری نابێ لەسەر بەشداریمان لەکۆنگرەی نەتەوەیی، چونکە سازمانی خەبات وەک هەمیشە پێبەندی ئوسوڵی سیاسیو هەڵوێستەکانی خۆیەتی، کە ئەویش خەبات لەپێناو گەیشتن بەئازادیو تێکۆشان‌و ڕەدکردنەوەی هەر جۆرە وتووێژو دانوستانێک لەگەڵ ئێرانە، سازمانی خەباتو سازمانی موجاهیدین پێوەندی دۆستانەو باشیان هەیە.

※ بەشێک لەپارتەکانی پارچەکانی کوردستان پێیانوایە پارتیو یەکێتیو PKK دەیانەوێت هەیمەنەی خۆیان زاڵبکەن بەسەر کۆنگرەدا، ئەم بۆچونە دروستە یان ناواقعییە؟

- هومێد دەکەم ئەو بەراوردو چاوەڕوانیە هیچ کات نەبێتە حەقیقەت، چونکە ئەگەر کۆنگرە بەو شێوەی بەسەربێ، بێگومان بون‌و مەوجودیەتی کەڵکی نامێنێو مەشروعیەتی خۆی لەدەست دەدا.

※ هێزەکانی PKK و کۆمەڵەو دیموکراتو سازمانی خەبات مەترسیان هەیە لەوەی کۆنگرەکە، لانی کەم داوای چەکدانانیان لێبکات، کۆتایی بەخەباتی چەکداری بهێنن، لەژێر فشاری ئێران‌و تورکیا شتێکی وا دەکرێت ڕوبدات؟

- لەکۆبونەوەی سەرەتای کۆنگرە لە ٢٢ | ٧ لەقسەکانمدا وتم کە پێویستە ڕەچاوی شێوەی خەباتی هەرکام لەجوڵانەوەکانی پارچەکانی کوردستان‌و هەروەها جۆری دەسەڵاتە زاڵەکان بەسەر هەرکام لەوڵاتەکاندا بکرێ.لەپێوەند بەجوڵانەوەی کورد لەکوردستانی ئێران ڕاگرتن‌و پاراستن‌و بەهێزکردنی پێشمەرگە، ئەرکێکی گرینگە، باوەڕناکەم کۆنگرە هیچ کات داوایەکی لەو شێوە بخاتە بەردەم لایەنەکان‌و داوای لەو شێوە بەمەحاڵ دەبینم. هەر لەو پێوەندیەدا باشە ئاڵوزیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی عێراق بیربێنمەوە، کە لەو ئاڵوزیانەداو هێنانی هێزی سەربازی حکومەتی عێراق بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان. ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو

ناوچانە چەندە گرینگ بو؛ بەشێوەیەک حکومەتی مالیکی ناچارکرد لەدەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە پاشەکشە بکات. لەبەر ئەو راستیەی کە بریاری چەکدانان هەم مەحاڵەو هەم زیانبارە. باسکردنەکەشی زیانێک دەدا کە هیچ کات قەرەبو ناکرێتەوە.

※ وا باسدەکرێت کە لەم کۆنگرەیەدا ئێرانو تورکیا دەعوەت بکرێن، مانای ئەمە چییە لەچوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا ؟

- سازمانی خەبات دەعوەتکردنی نوێنەری ئێران بەپێویست نازانێو باوەڕی وایە بونی نوێنەری ئەو، دژی ئازادیو دژی مافی مرۆڤەو زیان بەکۆنگرە دەگەیەنێو سازمانی خەبات لەکاتی بونی نوێنەری ئێران ئامادە نابێ. بونی نوێنەری حکومەتی تورکیە لەکۆنگرەی نەتەوەیی، بەپێی ئەوەی کە لایەنەکانی کودستانی تورکیە راستەوخۆ وتوێژیان لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتە هەیە، رەنگە بەشداری تورکیە ئەوەندە جێگەی پرسیار نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هێزەکانی کورد لەکوردستانی تورکیە لەو پێوەندیەدا بۆچونی خۆیان دەربڕن.

※ خەبات تا چەند پێیوایە کۆمەڵەو دیموکرات دەتوانن نوێنەرایەتی ئێوەشو هەمو کوردەکانی خۆرهەڵات بکەن لەکۆنگرەدا ؟

- کۆمەڵەکانو دیموکراتەکان هەڵویستو بۆچونو سیاسەتیان لەگەڵ سازمانی خەبات جیاوازی هەیەو لەبەر ئەو جیاوازیانە، ناتوانن نوێنەرایەتی سازمانی ئێمە بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەری ئاوینە نیوز / ٢٢ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە غیابی سەرکردە کاندا



هێمن حەسەن/ سوید

هەر هەنگاوێک لەپێناو بەرژەوەندی کورد و سەرزەمینەکەیدا بنرێ جێگەی دەستخۆشی و ستایشە. بەڵام ئەگەر بیرۆکەکان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەت بخرێنە بەرنامەی کارەوە ئەوا لاپەڕەکانی مێژوو سزادەری ئەنجامدەران ئەبن وە گەل و نیشتمانیش لەوانە خۆش نابن.
بەو هیوایەی لەکات و ساتێکی ئاوادا بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هیچ مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی لە پشتەوە نەبێ بێجگە لە تەنها ئامانجێک کە ئەویش لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بێ.
بەڵام ناکرێ نوسەران و ڕوناکبیران و تەنانەت خەڵکی ئاسایش شێوازی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە وە سات و کاتی ئەنجامدانی بەهەند وەرنەگرن و قسەی لەسەر نەکەن. لەهەمان کاتدا ئەگەر خوێندنەوەیەکی ژیرانە بۆ دیاردە سەرەتایەکانی بەستنی کۆنگرە بکەین دور نیە بمانخاتە ئەو شکەوە کە بەستینی ئاوا کۆنگرەیەک ئامانجی شارەوەی لە پشتەوەبێ. ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانە.

کۆنگرە بە ئامادەنەبونی سەرکردەکان ئەبەسترێ!

بەئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژیوی نزیک لە خەباتی سیاسی کوردستان ناتوانین بڵێین بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد خەونی زۆر لە سەرکردە ناودارەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی کورد نەبوە. بەتایبەت هەریەک لە بەڕێزان مام جەلال و عبدوللە ئۆجەلان هەروەها بە شەهیدی سەرکردە دکتۆر قاسملوییشەوە.
نامەوێ بڵێم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەهۆی ئامادەنەبونی ئەم سەرکردانەوە دوابخرێت یاخود نەبەسترێ، بەڵکو ئەوەی کە ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە ئایا نەخشەڕێگاو خواستی ئەم سەرکردانە بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیەک هیچ خوێندنەوەیەکی مەیدانی بۆکراوە؟ ئایا تێڕوانینەکانی ئەوان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد تێکەڵ بە میتودی ئامادەکاریەکانی بەستنی کۆنگرە کراوە؟
وەک پێشتریش ئیشارەم پێدا هیوامان وایە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێ. بەڵام بە سەرنجدان لە شێوازی پراکتیکی بۆ ئامادەکاریەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەمان ئەبات کە بەسەرنجەوە بڕوانینە پێشهاتەکان.
یەکێک لەو شتانەی کە زۆر جێگەی سەرنجە، ئایدیای بەستنی کۆنگرە و دەستنیشانکردنی کاتی بەستنی کۆنگرەیە کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا بڕیاری لێدراوە و ئەبێ

ئەنجامیش بدرێ. ئەمەش ئەتوانرێ ئەو خوێندنەوەیەی بۆ بکرێ کە کۆنگرە پێش هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەبێ ئەنجام بدرێ و نابێ بخرێتە دوای ئەوە پرۆسەیەوە. لەکاتێکدا ئەم جۆرە هەوڵانە دورە لە ئامانجی سەرەکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. وە ئەکرێ وەک بانگەشەی هەڵبژاردن لای خەڵکەوە شرۆڤەی بۆ بکرێ.

ئایا نەئەبو کۆنگرەیەکی ئاوا چارەنوسساز لانی کەم شەش مانگ پێش بەستنی هەموو لایەنەکانی لێ ئاگادار بکرایەتەوە؟ بۆ ئەوەی ڕێکخراوە مەدەنیەکان ولایەنە سیاسیەکان بەبەرنامەو پرۆژەی تۆکمەوە بەشداربونایە و سەرنج و ڕای خەلکیشی لەسەر کۆبکرایەتەوە؟ خۆ لە وولاتانی دنیادا بەستنی کۆنگرەی ڕێکخراوەکان و حیزبیەکانیش پێش ساڵێک هەموو لایەکی لێ ئاگادار ئەکەنەوە. جا تابگات بە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی چارەنوس ساز!

لەهەموو ئەمانەش سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە تا ئەمڕۆش کە تەنها چەندرۆژێکی ماوە بۆ بەستنی کۆنگرە بانگهێشتی فەرمی بۆ هیچ لایەن و ڕێکخراوێکی مەدەنی، سیاسی لەدەرەوەی وولات و تەنانەت ناوەوەش نەکراوە. باشە کۆنگرە باس و خواس لە سەرچ ئەجنداو بەرنامەیکی سیاسی، کۆمەڵاتی، نەتەوەیی ئەکات؟ ئەگەر تا ئەمڕۆ بەشداربوانی کۆنگرە نەزارابێ کێن، کەواتە ئەبێ بەشداربوان بەهەگبەی بەتاڵەوە بەرەو کۆنگرە بەرێ بکەون؟ ئایا مەبەست لە بانگهێشت کرنی خەڵک بۆ کۆنگرە تەنها بۆچەپڵە لێدانە؟

لەلایەکی ترەوە لە ڕۆژنامەو میدیاکاندا باس لەوە ئەکرێت کە گوایە لیژنە بەناوی کۆنگرەوە بەرێ ئەکراوە بۆ پارچەکانی تری کوردستان تا لەگەڵ حیزب ولایەنەکاندا دانوستان بکەن، لەکاتێکدا کە هێشتا کۆنگرە نەبەسترابێ هیچ لیژنەیەک مافی یاسایی نیە تا بتوانی بەناوی کۆنگرەوە قسەو گفتوگۆ و دانوستان بکات، ئەوان تەنها ئەتوانن بەناوی لیژنەی ئامادەکاریەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن ئەگەر چی ئەم لیژنەیە هیچ مەوداو توانایەکی بڕیاردانی یاسایی نیە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بانگهێشتکردنی بەشداربوانی کۆنگرە ئەبێ بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتی و دەستوری وباساییەکان بێت وە مافی هیچ حیزب و لایەن وکەسێک پێشێل نەکرێ. ئەمەش ئەبێ خەڵکانی بێ لایەن و کارامە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن و بەشداربوان دەست نیشان بکەن. چونکە ئەگەر لیژنەی بانگهێشتکردنی بەشداربوانی کۆنگرە لەخودی ئەو حیزبانە پێک هاتبێ کە خۆیان بەخاوەنی کۆنگرە ئەزانن ئەوا بێگومان نارەوایی لە شێوەی بەشداری پێکردن و بانگهێشتکردندا ڕوئەدات.

مەرج نیە هەموو حیزبەکانی کوردستان نوێنەریان هەبێ لە کۆنگرەدا بەڵام زۆر گرنگە نوێنەری خەڵکی کوردستان بەهەموو چینی و توێژەکانیەوە نوێنەرایەتیان هەبێ کەمە ئاینەکان و سەرجەم دیالێکتەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا بێت. نوێنەری ڕێکخراوەمەدەنیە بێلایەنەکان و ڕەوەندی کوردی لەدەرەوەی وولاتی تێدا بەشدار بێ.

لەگەڵ هەموو ئەم سەرنج و بۆچونانەدا هیوامان وایە کۆنگرە نیشانەکانی خۆی بپێکێ و دڵخۆشی بۆ سەرجەم چین وتوێژەکانی خەڵکی کورد دەستەبەر بکات.

سەرچاوە : ماڵپەری پێنوسەکان / ڕێکەوتی : ٢٢ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی هاوشێوەی بەرەی کوردستانییە!. ...



**بەهرۆز جەعفەر**

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەوە، شۆڕشگێرە فەلەستینیەکان لە بیقاع بوون، دواتر دەرکران بۆ قوبرس، لەوێش قبوڵ نەکران، ئینجا چوونە تونس. لەوێ بەرەیەکی یەکگرتووی هاوبەشیان بۆخۆیان دروستکرد، وەک بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی لەهەموو دیدە جیاوازەکان، بۆ بەرەنگاربونەوەی تەحەدیادەکانی بەردەمیان. ئەوکاتە "ئۆجەلان" زۆر سەرسام دەبێ ًت بەم شێوازە لە ئیدارەدان. بەهۆی نزیکیشی لە چەپە فەلەستینیەکانی وەک "جۆرج حەبەش" وە "نایف حەواتمە". لەژێر ئەم کاریگەرییانەدا، هەر سیاسییەکی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستان دەبینێت، ئەم فکرەیەی بۆ باس دەکات. بەهەر شێوەیەک بوو، ئەم کۆنگرەیە لەساڵی (١٩٩٨) دروست بو. ئەندامەکانی بەنزیکی (٢٥٠) کەسایەتی و سیاسەتمەدارەکانی کوردن لەناوەوەو دەرەوە. لەپەیڕەو پرۆگرامی ئەم کۆنگرەیەدا، بڕگەیەک هەیە دەڵێت " ئەم کۆنگرەیە کاردەکات بۆ دروستبونی کۆنگرەی نەتەوەیی لەهەر چوارپارچەی کوردستان، لەکاتی دروستبونیش ئۆتۆماتیکی ئەمەی پێشوو هەڵدەوەشێتەوە، یاخود خەڵکە بەتواناکانی سوودیان لێوەردەگیرێت". ئەم کۆنگرەیە لەکۆتایی (تەممووزی ٢٠١٣) بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم لەباشوری کوردستان دەستی پێکرد، لەڕاستیدا نە ئۆجەلان لە دەرەوەیەو، نە تاڵەبانیش تەندروستی ڕێگەی پێ ئەدات لەم کۆنگرەیەدا بێت. بۆیە ئەم کۆنگرەیە دەکرێت ناو بنەین کۆنگرەیەک کە پێک دێت لەهێڵی ململانێی پەکەکەو پارتی، دوورو نزیک یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن پێی بەبایەخ نین.

هەرچەندە، ڕەنگە باشترین خاڵی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئەوەبێت کە ناوێکی گەورەو پیرۆزە، بۆیەکەمجارە سەرکردەکانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە دائەنیشن، بێ قرەقرِ و ئاژاوە، باس لەتەکبیرێکی حەتمی و مێژوویی، بۆ ئایندە دەکەن. ئەوەشی تائێستا کراوە هی ئەوەنییە، چاوەڕوانی شتێکی گەورەی لێبکەین، یاخود لە باری خۆی زیاتری بەین بە کۆڵدا. واتێبگەین ئیدی ئەم کۆنگرەیە عەسا سیحرییەکەیەو قسەی کۆتایی و خاڵی کۆتایی دوای ئامانجەکانی کورد، دائەنات. !. پتر لەمە ئەم کۆنگرەیە گەورەترین گرفت و ترس لێی ئەوەیە، ئیختراق دەکرێت لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە. بەڵگەنەویستە بۆ ئەوەی لە پارتی تێبگەین، دەبێت لەتورکیا تێگەیشتبین، بۆ ئەوەشی لەیەکێتی بگەین، دەبێت ئێران و نیەتەکانی بخوێنینەوە. هیچ بڕیارێکی ستراتیژیی سەربازیی و ئابوریی لەم ناوچەیە بە بێ

ئاگاداریی ئێران و تورکیا نییە، بەڵکو هەرخۆیان بەگۆشت و ئێسقانەوە لێرەن.
قسەی کۆتایی ئەوەیە، ئەم کۆنگرەیە کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، کە نوێنەری هەقیقی سەرگەورەی هەموو ناوچەو پارچەکانی کوردستانی گەورەی تێدابێت، ئێوە پێتان وایە نەتەوە چۆن دروست دەکرێت؟. چۆن دەبێت حزبێکی زۆر بچوک لەکۆنگرەی نەتەوەیی دا بێت، بەڵام لوڕستان ئاگاداری کۆنگرەکەش نەبن!. ئەی هەمەدان. ؟ ئەی ویلایەتی موسڵ دەخەنە کوێوە؟. ئەم کۆنگرەیە ئەگەر وا ئیشی بکردایە، دەیتوانی لیژنەیەکی نهێنی دروست بکات، هەرکاتێک ئێران و تورکیاو هەرشوێنێک فشاریان خستە سەر ماڵی تاڵەبانی و بارزانی، ئەوسا دەیانگوت شتەکە لەدەستی ئێمەدا نییەو لەپارچەکانی ترە. یان پێکەوە هەڵدەسانەوە. لەپێش چاومە سیاسەت و سیاسییەکانی ئێستامان ئەوانەی بەرەی کوردستانین، بەشداربوەکانیشی وەک سەردەمی ڕاپەڕینی (١٩٩١) دەجوڵێنەوە. هەموو جیهان دەیەوی کورد شتێک بەشتێک بکات، بەڵام کورد خۆی نایکا!.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان نێت / ڕێکەوتی : ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## شاعیران و کۆنگرەی نەتەوەیی



محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵیی

سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبوو دوای ڕاپەرین و سەقامگیریی لە هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان،بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەتیمان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان،هەرزوو بیریان لە کۆکردنەوەو نزیککردنەوەی هەموو لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بکرایەتەوە و ئامادەکاری بۆ سازکردنی وەها کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بکرایەتەوەو لە کۆنگرەکەدا پرۆژەی پەیامی نەتەوەییان دابرێژرایەو وتاری نەتەوەییان یەکخستایە و پەیامەکەیان بەهەموو ولاتانی جیهان و سەرجەم کۆمەڵەو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و پەرلەمانی ولاتان و نەتەوە یەکگرتووەکانیان بگەیاندایە.
لە پەیامەکەدا ئەوەیان پێ بوترایە کە ناکرێت چیتر میللەتێکی (٥٠) ملیونی و خاوەنی نیشتمانێکی بەرینی داگیرو دابەشکراوی دوای مەرگەساتەکانی جینۆساید و قرکردن بە ژێر دەستی و خاک داگیرکراوی بمێنێتەوە و لە سادەترین مافی نەتەوەیی بێبەری بکرێت و لەسەر خاکی نیشتمانەکەی بچەوسێنرێتەوەو ئیتر مافی ڕەوای خۆیەتی داوای مافی چارەنوس و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەهەر چوار پارچە داگیرکراوە کە بکات مایەی دڵخۆشیە کە وا دوای (٢٣) ساڵی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستانێکی ئازادکراو و دوای ئەو هەموو گۆرانکارییانەی لە عیراق و ناوچەکەو دنیادا هاتوونەتە ئاراوەو ئەو بەرەو پێشچوونەی دۆزی گەلەکەمان لەسەر ئاستی دنیاو هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەبینرێت سەرکردایەتی سیاسی کورد گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بە بێ یەکگرتن و یەکریزی لە نێوان سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان مەحاڵە گەلەکەمان بهێلن بە مافە ڕەواکانی بگات و خاکی نیشتمانە داگیرو دابەشکراوەکەی بە ئاسانی ڕزگاری بێت و گەلەکەی لە ژێر دەستی و چەوساندنەوە دەربازبکرێت..خۆشبەختانە وا کورد سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و نوێنەری چەندین ڕێکخراو کەسایەتی سیاسی بەشداری تێدا ئەکەن و چاوەروانی ئەوە ئەکرێت کە کورد وتاری نەتەوەیی یەکخات و لەبەرنامەی کۆنگرەکەدا پەیامی نەتەوەییمان بە هەموو دنیا بگەیەنرێت.
بەداخەوە کە چەند ساڵە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە ترس و دڵە راوکێوە مامەڵە لەگەڵ دۆزی گەلەکەیاندا ئەکەن و ناوێرن ڕاشکاوانە داوای سەربەخۆیی و مافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردی بکەن.لەم کاتەدا دەبینرێت بە پێش چاوی دنیاوە لە کوردستانی ڕۆژئاوا تازە فتوای حەلاڵکردنی سەروماڵ و نامووسی کوردان ئەدرێ و ئەو هەوڵەی چەند ساڵە بۆ هێورکردنەوەی شەرو کوشتار لە نێوانی شۆرشگێرانی کوردی باکورو ڕژێمی داگیرکەری تورکیادا دراوە بۆ ئاشتی و کۆتاییهێنان بە شەرو خوێنرشتن و دوای بریاری ڕێکەوتنی ئاشتی لە نێوانی کوردو ڕژێمی تورکیادا،وا خەریکە پرۆسەکە هەڵدەوەشێنێرتەوە..لە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی کورد پەرلەمان و حکومەت و سوپاو هێزی پێشمەرگەو توانای ئیداری و ئابووری تەواوی هەیە.سەرانی ڕژێمی عیراقی ئێستاو گروپە تیرۆریستەکانی دوژمن بە گەلەکەمان هەرەشەی دەرپەراندن و دەربەدەرکردنی کوردان دەکەن لە ناوچە داگیرکراوەکان چەندین پیلانی جۆراو جۆر ڕێک ئەخرێت بۆ ئەوەی ناوچە داگیرکراوەکان نەگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و ڕازی نابن کورد لەسەر زێدی باوباپیرانی بەئارامی بژی..
ئەم بیرۆکەیەی کەوا ئێستا هێنراوەتە ئاراوەو بریاری بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی دراوە،دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە شاعیرانی کورد لە دێر زەمانەوە بە شیعرەکانیان بانگەشەی یەکریزی و یەکگرتن و وەلانانی ناکۆکییەکانی نێوانی کوردانیانکردووە و ڕاشکاوانە وتویانە و ڕایانگەیاندووە کاتێک کورد دەگاتە ئامانج و مافە نەتەوەییەکانی کە سەرجەمی کوردان یەکریزو یەک دەنگ و یەکگرتووبن..لە ئەحمەدی خانییەوە بۆ حاجی قادری کۆیی و ئەحمەد موختار جاف و زێوەرو بێکەس و بێخود و ئیبراهیم ئەحمەد و قانع و بەدەیان شاعیری ترمان هاوارو داوایان لە کوردان کردووە یەکبن و دەستی برایەتی و تەبایی و خۆشەویستی کوردانە بخەنە ناودەستی یەک و یەکریز بوەستن بۆ ئەوەی لە بەرامبەری داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەماندا بەهێزو بەتوانابن.تا خاکی نیشتمان و گەلەکەیان سەرفراز بکەن نامەوێت لێرەدا باسی شیعری یەکەیەکەی شاعیران بکەم کە لەو بارەوە وتویانە.چونکە ئەوە بابەتێکە لێکۆلینەوەی وردو هەمەلایەنەی ئەوێت ئەوەی لەم وتارەدا دەمەوێت بیلێم و ئاماژەی بۆ بکەم

ئەوەیە کە لەم کۆنگرەیەدا سەرپەرشتیارانی کۆنگرە ڕەچاوی دلسۆزی و خەمخۆری و هەستی نەتەوەیی ئەو شاعیرانە لە پێش چاو بگیرێت کە لەو بارەوە شیعریان نووسیوە پێشنیاز ئەکەم کە سەرپەرشتیارانی کۆنگرە لە کۆنگرەکەدا ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکەن:

١- کردنەوەی کۆنگرە بە سروودی (ئەی کوردینە) ی زێوەر بێت.

٢- کۆتایی کۆنگرە بە سروودی (هەر کورد ئەبین) ی ئیبراهیم ئەحمەد بێت.

٣- وێنەی شاعیران ئەوانەی لەو بارەیەوە شیعریان وتووە لە هۆڵی کۆنگرەدا هەڵبواسرێت.

٤- هەڵبژاردە لە شیعری شاعیران وەکو دروشم لە هۆڵی کۆنگرە هەڵبواسرێت.

٥- لە ڕۆژانی کۆنگرەدا ،ناوەناوە لە شیعری شاعیران بخوێنرێتەوە ، بە لەپێش چاوگرتنی ئەم پێشنیارانە سەرپەرشتیارانی کۆنگرەو ئەندامانی کۆنگرە دەتوانن ڕۆحی زیندووی شاعیرانی نەتەوەکەمان بەرز ڕابگرن و ئەو ئاواتەی لە پێناویدا شیعریان بۆ وتووە ئاسودەیان بکات.

سەرچاوە ماڵپەڕی هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی، چەترێک بۆ لەیەک نزیک بونەوە.



**دڵشاد پاڵانی**

نکۆڵی ناکرێ کە یەکەم: کورد نەتەوەیەکی ستەملێکراوی بە قەبارە گەورەی دنیایە کە بێ دەوڵەت بێ و بێ ئیرادەی خۆی وڵاتەکەی «کوردستان» دابەشکراوە،

هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتی گەلێکی سەردەستی عەرەب و تورک و فارس لکێنراوە. لەناو ئەو دەوڵەتانەدا ستەمی زۆر لە کورد کراوە و لە مافەکانی بێبەشکراوە، بەشێکی کوردستانی باشووری لێ دەرچێ کە جۆرێ لەخۆبەڕێوەبەریی تێدایە. دووەم: هەر پارچەیەکی وڵات هەلومەرجی کۆنکرێتی خۆی هەیە و ئەوەش بە بزاڤەیلی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان و رابەرایەتی و دروشمەکانی ڕۆژ و ئامانجەکانیانەوە دیارە. سێیەم، یەکەتیی نەتەوەیی هۆکارێکی بەهێزی نەتەوەیە بۆ گەیشتن بە مافەکانی و بە پێچەوانەشەوە ناتەبایی و نەسازان و هەر لایە بۆ خۆی، زیانی بە کوردینی گەیاندووەو لە ڕەهەندێکی مەزن کە قووڵایی نەتەوەییە سوودێکی کەم وەرگیراوە. چوارەم، کوردیش وەک هەر گەلێکی دیکەی ئەم دنیایە مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، جا شێوەی پێرەوکردنی ئەم مافە بە گوێرەی هەلومەرجی هەستپێکراوی هەر پارچەیەکی کوردستان، هەر فۆرمۆڵەیەک وەربگرێ و گەل رای لەسەر بێ، دروستە.

لە چەندین وێستگەی دیرۆکیدا، کوردی ئەم پارچە بە هانای ئەو پارچەیە یان ئەوێهێ چووە، یان بەشداری لە خەباتی پارچەیەکی دیدا کردووەو خەمی یەکتریان هەڵگرتووە. هەوڵی یەکخستنی تواناو وزەکان دراوە. لە هەندێ باردا ڕێکخراوی سیاسی یان خوێندکاریی پان ناسیۆناڵیزم، مینا خۆیبوون و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، دروستکراون. سەرەڕای سنووری دەستکرد جۆرێ لە تێکەڵاویی بەتایبەتی لەدوای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە هەموو بوارەکاندا هەبووەو ئەم تێکەڵاوییە لە کوردستانی عێرقدا بەجوانی و لەسەر ئەرزی واقیع ڕەنگی داوەتەوە. هەستی خۆ بە کوردزانین و هاوچارەنووسی بەهێز و گوڕتر بووە. هەندێ سیمبوڵی نەتەوەیی وەک: نەورۆز، ئەی ڕەقیب، هەلەبجە و...دەورێکیان لە نیشاندانی ئەو هاوچارەنووسییە نیشانی دنیا داوەو هۆکاری مۆبالیزەو ڕابوونەوەو جۆشدانەوەی هەستی نەتەوەیین «ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز بەتایبەتی لە کوردستانی باکوور بێننەوە پێشچاوی خۆتان»، ئەوە سەرباری ڕۆڵی دەستاوێژەکانی کۆمیونیکەیشن، بەتایبەتی تی ڤی و ئینتەرنێت و.. لەو خۆناسینە نەتەوەییەدا. «ئاخر ئێستە کورد خاوەنی زێتر لە ٣٠ کەناڵی فەزاییە».

بە کورتی و پوختی، کورد وەکو بوونێکی ئیتنی جیا لەوانی دی لەمێژە هەیە، بەڵام وەکو بوونێک کە خۆی ناسیبێ و لە باری سیاسییەوە لەخۆی گەیشتبێ و کاری بۆ ماف و ئامانجە سیاسییەکانی خۆی کردبێ وەک یەک نەتەوە و گەلێکی بەمانای سیاسی لێکەوتبێتەوە، جێگەی باسە! سەیرکەن تەنانەت هیچ دەوڵەتێکی سەردەستی ناوچەکە کە کوردیان تێدا دەژی، حاشا لە بوونی ئیتنیکیی کورد ناکەن، بەڵام کە قسە دێتە سەر باسی مافەکان، بەتایبەتی مافە سیاسییەکان، گرژ دەبن!

مخابن لەناو کوردانی هەر پارچەیەکی کوردستاندا، ناتەبایی توندو پێکهەڵپژانیش هەبووە، بەڵکە لەنێوان بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەو یان ئەم پارچەیەشدا گرژی و بەگژ یەکداچوونەوەو شەڕوشۆڕیش هەبووە. شوکر ئەم ١٥ ساڵەی دوایی شتێکی لەمبابەتە لەئارادا نەماوە، بەڵام جۆرێ تارمایی و دڕدۆنگی ماوەتەوە!

یەکێتی نەتەوەیی وەک دروشم لەناو بەرنامەو پرۆگرامی زۆرینەی حزبەکاندا هەیە! بەڵام بەکردەوە لە ئاستێکی خوارێ دابووە...ئێستا گرنگ نییە، کێ یەکەمجار باسی یەکێتیی نەتەوەیی کردووە و کەی باسیکردووە، کێ کردوویە بە دروشمی ڕۆژ...چونکە کۆڕ و کۆنفرانس و گردبوونەوەی هەمەجۆری زێتری تایبەت بە «ژنان، لاوان» و کەمتر سیاسی لە ساڵانی ڕابردوودا هەبووە، لە برۆکسل، لە پاریس، لە دیار بەکر، لە ئەنقەرە، لە هەولێر و....بەڵام گردبوونەوە نەتەوەییەکەی ڕۆژی ٧/٢٢ کە (٣٩)

حیزب و لایەنی سیاسی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، بە هەموو حزبە سەرەکییەکانی مەیدانی کوردایەتیشەوە، لە هاوینەهەواری پیرمام لە پارێزگای هەولێر و بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی مەغزایەکی سیاسیی گرنگی دیکەی هەیەو حیسابی زێتری لەسەر دەکرێ، بەتایبەتی کە بەناوی خۆی و مام جەلال و ئۆجالانەوە کۆبوونەوەکەی کردۆتەوە و داوەتنامەی ئاراستەی لایەنەکان کردووە...بەقسەی نوێنەری لایەنێکی سیاسی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە «بیروڕای جیاواز» هەبووە. دیارە بیروڕای جیاواز شتێکی زۆر ئاساییە لەناو ئەو حەمکە حزبەدا هەبێ، نا ئاسایی ئەوەیە کە جیاوازیی بیروبۆچوون لەئارادا نەبێ! ئاخر گرنگیی ئەو کۆبوونەوەیە پێش هەموو شتێ لەوەدایە کە نوێنەری لایەنە سەرەکییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان: PKK و بەدەپە BDP لە کوردستانی بەشی تورکیاو، PYD و ئەلپارتی لە کوردستانی بەشی سوریا، هەردوو حیزبی دیموکرات و پژاک لە بەشی کوردستانی ئێران، پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵ لە کوردستانی بەشی عێراق....بە ئینتیماو ئایدیۆلۆجیای جیا جیاوە لەسەر یەک مێز کۆبینەوە و لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی ئامادەکاری ٢١ کەسی « ٦ نوێنەر بۆ باکوور، ٥ نوێنەر بۆ رۆژهەڵات، ٤ نوێنەر بۆ رۆژئاوا، ٥ نوێنەر بۆ باشوور» رێکبکەون کە ئامادەسازیی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لە مانگی تەباخی ئەمساڵدا بکات...هەڵبەت هەلومەرجی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش هاوکار بووە. تا ئێستا هەڵوێستێکی دژ لەم یان ئەو دەوڵەتی ناوچەکە لەمبارەوە دەرنەبڕاوە.

بێشک، ئەم هەنگاوە یان ئەو چەترە نەتەوەییە، کاریگەریی پۆزەتیڤیشی دەبێ لەسەر لێکنزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەر پارچەیەکیشدا بەتەنیا و دەشێ لە پەراوێزی کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا، لا بە لا کۆببنەوە و گرفتەکانیان خاو بکەنەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن و گەیشتن بە بەرنامەی لانی کەم لەم قۆناخەدا.

### ئەوەی کە گرنگە بگوترێ و پێویستە لە کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا ڕەچاوبکرێ :

یەکەم، هەموو لایەک، بەبێ هەڵاواردن و بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارەو قورساییان، بانگ بکرێن.

دووەم، جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بکرێتەوە وەک مافێکی سروشتیی کوردان. ئەم مافە لەیەک شێوەدا کورت ناکرێتەوەو پێویستە رێگەی گەیشتن بەو مافە بەشێوەیەکی وتووێژ و دیالۆگ و دانوستاندن و خەباتی مەدەنیی ئاشتیخوازانەو بێ دەنگ کردنی چەکەکان بێ.

سێیەم، جەخت لە سەر برایەتی و پێکەوەژیانی بەئاشتیانە و مافەکانی سەرجەم ئەو گەل و ئایین و ئولانەی لە کوردستاندا هەن، بکرێتەوە.

چوارەم، کورد وەک نەتەوە کە بەشداریی لە بنیاتنانی مێژوو و شارستانێتیی ناوچەکەدا کردووە، بڕاردەی بەیەکەوە هەڵکردنی ئاشتی و مەدەنییانە بخاتەوە بەردەست گەلانی عەرەب و تورک و فارسەوە و سەرۆک بارزانی گوتەنی لەو کۆنگرەیەدا «کورد پەیامی ئاشتیخوازانەی خۆی بە گەلانی ناوچەکە بگەیەنێ».

پێنجەم، جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە کۆنگرەی نەتەوەیی دژی هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە نییە و ناچێتە ناو هیچ میحوەر و بەرەیەکی هەرێمایەتییەوە کە دژایەتی بەرەیەکی تر بکات شیعی بێ یان سوننی، بەڵکە دەیەوێ هۆکاری گرنگ بێ بۆ بەڵانس راگرتن لە هەرێمەکەدا و بایی ئەوە سەروەت و سامان لە کوردستاندا هەیە کە خزمەت بە تەناهی و خۆشگوزەرانی ناوچەکە بکات، ئەگەر کێشەکەی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەشێوەیەکی دیموکراتی بێتە چارەسەرکردن.

شەشەم، ئەو کۆنگرە نەتەوەییە دوا کۆنگرەی کوردان نەبێ بۆ یەکخستنی گوتار و ستراتیجیای هاوبەش و دانانی میکانیزمگەلێک بۆ هامشۆ و تەنسیقی خێرا، بەتایبەتی کە ناوچەکە گۆڕانکاری کتوپڕ و پڕ دراماتیکی تێدا روودەدا، ئامانج و دەرەنجامەکان بۆ گەلەکەمان و گەلانی دراوسێ و رای گشتیی دنیا، بەتایبەتی وڵاتانی بڕیار بەدەست روون بکاتەوە.

بەهەرحاڵ، هیچ بەربەستێکی جدی لەبەردەم سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورددا نییەو با ئەم هەنگاوەش هەڵبنرێتەوەو با بزانین بەرەو کوێ دەگات!

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵۆی کوردستان / رێکەوتی : ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: دوور لە سۆز و حزبایەتی



لەم وڵاتەدا هەموو کارێک، چەند بۆ نەتەوە پێویست، گرنگ و ئەرکێکی قۆناغە سیاسیەکە بێت،بەڵام لە لایەن هەندێ کەس بە شێوەیەک لێی دەڕواندرێ و کاری لەگەڵدا دەکرێ تا دەگاتە ئاستی بەتاڵکردنەوەی لە ناوەڕۆکەیدا. ئەم بە سووک سەیرکردنە، سەرەڕای گۆڕانکارییەکان دەردێکە لە مێژە مێشکی بەشێک لە سیاسەتکار و رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانی کوردی داگیرکردووە، کە بە نۆرەی خۆی هەورازێکی رکی بۆ ئەنجامدانی کاری نەتەوەیی بە پێکەوەیی و یەکدەستەیی دروستکردووە.

بە لای خەمخۆرانی هاتنەدی مافەکانی کورد بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، تا بڵێی پێویستیەکی گرنگی نەتەوەییە، بۆیە بڕوا ناکەم کوردێک بدۆزیتەوە بەستنی ئەم کۆنگرەیەی پێ ناخۆش بێت، ئەڵلاهوما ئەگەر خۆی بە هەرزان دۆڕاند بێت یا رقی حزبایەتیەکەی بەرامبەر هێزی دیکەی کورد هێندە ئەستوور بێت، نەیەوێ وەک خۆیان رۆڵ و خەباتی ئەوان ببینێ، ئەگەر نا لەم

بارودۆخەی هەم کورد پێیدا ڕەت دەبێ، هەم لەو گۆڕانکاریانەی ڕووی لە ناوچەکە کردووە، کە حکوومەتەکانی ناوچەکە و جیهانی ناچار کردووە بە تێڕوانینێکی جودا لە سەدەی ڕابردوو مامەڵە لەگەڵ دۆزی کورد بکەن، بۆ تەواوی کورد گرنگە.

بەڵام، بەداخەوە لەگەڵ ئەو ڕاستیانە، لێرە و لەوێ هەندێ کەس بەناوی خستنەڕووی پێشنیاز لە گرنگی ئەو کۆنگرەیە کەم دەکەنەوە، تەنانەت ئی وا هەیە دەنووسێ "نە بەستنی باشترە لە بەستنی" هەندێکی دیکەش "بە پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنی ناو دەبەن" ئەوانەی بەو شێوەیە بیردەکەنەوە و قسە لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن، هەر کێیەک بن و لە چ ئاستێک دا بن، نە ئاگایان لە گۆڕانکاریەکانە، کە کورد بە هەڵنانی چەند هەنگاوێکی ستراتیژی لە ناوچەکەی دروستکردووە، نە لە خەمی کوردیش دانە، کە تاکە گەورە نەتەوەی جیهانە لە مافە نەتەوەیییەکانی بێ بەشکراوە.

ئەوەی بەڕێوەیە، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە و کۆنگرەی حزبە سیاسیەکان نییە، بەڵکو ئەوان وەک نوێنەر و زمانحاڵی نەتەوە بەشداری تێدا دەکەن، بۆیە پێویست بەوە ناکات بە پاساوی ڕێزگرتن لەو نەتەوانەی لە پاڵ کورد لە کوردستان دەژین ناوی دیکەی بۆ داتاشرێ، بڕواش ناکەم نەتەوەکانی دیکە ئەوەیان پێ ناخۆش بێت، کە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بێت، چونکە هیچ کات سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوانی لە دەسکەوتەکان بێ بەش نەکردووە، بگرە لە کاتی پێویست شەڕی مافە نەتەوەیییەکانیشی بۆ کردوون. واتە چەندێ کورد بە مافەکانی شاد بێت ئەو نەتەوانەی لە کوردستانیش دەژین، تێیدا بەهرەمەند دەبن.

وەک ئەوەی ڕاگەیەندراوە، ئامانجێکی دیکەی ئەو کۆنگرەیە ناردنی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانە لەگەڵ هەموو لایەک، کەواتە زەرووره حکوومەتەکان و کەسایەتییە پێشکەوتووخوازەکانی وڵاتانی دراوسێ و دۆستەکانمان لە جیهاندا بانگهێشت بکرێن تا ڕاستەوخۆ گوێیان لە پەیامی ئاشتیخوازانەی کورد بێت.

ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بە پێچەوانەی قسەی ناحەزانی کۆنگرە دڵخۆشی کردم، ئەو پێشنیازە بوو، کە لە لایەن یەکێک لەو لیژنانەی بۆ ئامادەکاری ئەو کۆنگرە نەتەوەییە پێکهێنراوە، داواکردنی پێکهێنانی پەرلەمانێکی نەتەوەیی بوو بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی کۆنگرە و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی نێوان پارچەکان، کە دێتە پێشەوە. بەڵام ئەوانەی لە ڕوانگەیەکی حزبییانەی تەسک و بەرژەوەندی شەخسی و ڕقی ئەستوورییانەوە بەرامبەر ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لەو ڕووداوە گرنگەی مێژووی کورد دەڕوانن، پێشنیازی سەمەرە دەکەن، کە لەگەڵ کاری دادێی نەتەوەیی کۆنگرە و ڕووداوەکاندا نایەتەوە.

هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتی کردنی کۆنگرە بە خول بێت، بەڵام دەبێ لە دەست کەسێک بێت، کە بوونی کردەیی لە مەیدانەکەدا هەبێت. ئەمەش بە هیچ شێوەیەک نا دیدە گرتنی ڕۆڵ و خەباتی هیچ لە سەرکردەکانی دیکەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد نییە، کە بە هۆکاری جوداوە حزوری کردەییان لە مەیدانەکە نییە، چونکە قۆناغ و ئەرکەکانی داهاتوو و ئامانجەکانی کۆنگرە ئەمەی پێویستە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی خەبات / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## میدیای کوردی لە کۆنگرەی نەتەوەییدا



فوئاد ئەحمەد

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی چاکی کرد پێش دەستپێکردنی کۆنگرە بیر لەوە بکاتەوە پرس و بابەتەکان، ئەوانەی لەکۆنگرەی نەتەوەیی جێگای باس دەبن، پێشوەخت خەتیان بەژێر دابێنێ و دواتر لەگەڵ ئەهلی خۆیان گفتوگۆیان لەبارەوە بکات و ڕاپۆرت یان پرۆژەیان لەبارەوە ئامادە بکات، بۆئەم مەبەستەش چەندین کۆمسیۆنی پێکهێناو لە وەرشەیەکی چەند ڕۆژەی کاردا ئەم کۆمسیۆنانە ڕۆژانە چەندین کۆبوونەوەیان دەکرد.

گەڵاڵەنامەی کۆمسیۆنەکان و ئەو ئەنجامەی پێی دەگەن، هەنگاوێکی پێشوەختەو کورتکردنەوەی ڕێگا دەبێ بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، چونکە لەئێستادا لەهەر بوارێک کە کۆنگرە بڕیارە گرنگی پێدات و هەڵوەستەی لەسەر بکات، نەخشەڕێگا یان پرۆژەیەکی ئەوەلی ئامادەیە.

کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن یەکێک بوو لەو کۆمسیۆنە ئاکتیڤ و چالاکانەی کە لەمیانی (٧) کۆبوونەوەدا لەماوەی (٨) ڕۆژدا دوای ئەوەی (٢٠) ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنکارو ئەکادیمیانی کوردی تاووتوێکرد، ئەمە سەرباری سەرنج و تێبینی و پرۆژەکانی ئەندامانی کۆمسیۆن، کە نوێنەری سەرجەم بەشەکانی کوردستانی تێدابوو، سەرنجام ڕاپۆرتی کۆتایی خۆی دایە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی.

هەرچەندە ماوەی (٨) ڕۆژ بۆ دیاریکردنی داهاتووی کاری ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی نەتەوەو دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکان و دیاریکردنی چارەسەر بە وەرگرتنی ڕاو سەرنجی نزیکەی (٤٠) کەس، هێشتا کارێکی تەواو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن کارێکی باشی کردو توانی هێڵە گشتییەکانی داهاتووی کاری ڕاگەیاندنی نەتەوەیی دیاری بکات.

لەداهاتودا لە خوردکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی و کارکردن لەسەر ڕاسپاردەکانی و دروستکردنی ئەو یەکگوتارییەی داوا دەکرێت و کۆنگرە لەپێناویدا دەگیرێ، ڕاگەیاندن و میدیاکارانی کورد ئەرکە قورسەکەیان دەکەوێتە سەرشان، ئەوان دەبێ پەیامی کۆنگرە بگەیەننە کورد لەکوردستان، بگەیەننە نەتەوە جیاوازەکانی کورد

لەگەڵیان گوزەران دەکات، هەریەکەو بەزمانی خۆی.

بۆیە بەگرنگی دەزانم پێشنیار بۆ لیژنەی ئامادەکار بکەم، جگە لەئەندامانی کۆمسیۆنی راگەیاندن کە گەڵاڵەنامەیەکیان ئامادەکرد، بەشێک لە ئەکادیمیستانی کوردو شارەزایانی بواری راگەیاندن و توانای جیاواز، ببەنە ناو کۆنگرە کە وەڵامی ئاستی پێشکەوتنی میدیاو شێوازی ئاراستەکردنی پەیام و مامەڵکردن لەگەڵ گروپ و نەتەوەی جیاوازیان پێ بێت.

فوئاد ئەحمەد/ ئەندامی کۆمسیۆنی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی

سەرچاوە : یەکیەتی / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی پرۆژەیەک بۆ چارەسەر



نەورەس ڕەشید

قسەو لێدوان و شیکردنەوە، دەربارەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، هەمەلایەن و رەهەندە، کە هەر کەس و لایەنێکی سیاسی، ئەکادیمی، رۆشنبیری لە روانگەی تێروانین وبیروڕای تایبەتیانەوە خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکەن، ئەوەش ئاساییە و مافی هەموو لایەن و کەسێکە و بایەخدانیشە بەم پرسە کە پێویستی بە بیروڕاو بۆچونی جیاواز هەیە، تا هەموویان لە چوارچێوەیەکدا یەک بگرنەوە.

لەم هەنگاوەی ئەمرۆدا کە لەسەر ڕێگای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی نراوە، ئەوەی گرنگەو پێویستە ببێتە سەرچاوەی قسەلێکردن و لێدوان و شرۆڤەکردن، بەمەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەی تێڕوانین و ئاراستەکان لەسەر ئەورێگایە، ئەو پەیامەی سەرۆک مەسعود بارزانیە کە لە کۆبونەوەی پارتە سیاسەکانی هەرچوار پارچەی کوردستاندا لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وەک ڕەنگ ڕێژکردنی بناغە، کە ئاکامی گفتوگۆ و تاوتوێکردنی بیرۆکە و ڕاو بۆچونی چەندین ساڵەی نێوان پارتە سیاسەکانی کوردە لە کوردستان بەگشتی و هەر سێ سەرکردەی دیار و ناودارو ناسراوی کورد بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی، عەبدوڵا ئەجەلان، مسعود بارزانی، بەتایبەتی.

شرۆڤەکردنی ئەو پەیامە بە شێوەیەکی بابەتی ڕێگامان بۆ خۆش دەکات، ڕوانگەمان بۆ روون دەکات کە لە ئەرک و ئاراستە سیاسی و ستراتیژیەکانی کۆنگرە و مەنهەجی فیکری و هێڵە سەرەکیەکانی بگەین کە خۆی لە ئامانج و زەرورەت و ئاستەنگەکاندا دەبینێ لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتیدا.

ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چەندین خاڵی سەرەکی لە خۆدەگرێت، کە پوختەکەی بریتیە لە :-

* بەرەوپێشبردنی ڕەوشی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، لە ڕێگەی داڕشتنی سیاسەت و وتارێکی یەکگرتووی کوردی لە ناوچەکەدا.
* جەختکردن لەسەر خەباتی سیاسی و مەدەنی.
* دانانی پەیمانێکی کوردستانی کە سەرجەم پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێوەی پابەند بن.
* دیاریکردنی سیاسەتێکی نەتەوەیی لەسەرجەم دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و کوردستانیدا.
* خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ئەگەر و ڕوداوێکی نوێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا، کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆزی کورد دەبێ.

زەرورەتی کۆنگرەی نەتەوەیی

* ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکان و سەنگی هێزو پێگەو کاریگەری هزری دیموکراسیانەو ئازادیخوازانەو کرانەوەدا لە جیهاندا هاتوون، شۆڕشێکی نوێی لە پەیوەندی و ماف و دەسەڵات و سیستەمی سیاسیدا بەرهەمهێناوە، کە کرانەوەو لێک گەشتن دەخوازێ، لەم فەزایەدا دەبێ کورد لەهەر چوار پارچەکە و جیهاندا هاریکاری یەکتر بکەن، لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕاگەیاندن.
* پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد بە تایبەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیریکردنی بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووری و سیاسی و سروشتیەکانی لە عێراقدا، وەک قوڵایی ستراتیژی نەتەوەیی بۆ پارچەکانی تری کوردستان، هەروەها هاوکاری و پاراستنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی پارچەکانی دیکە، وەک قوڵای ستراتیژی و نەتەوەیی.
* ڕەوای بەخشین بە دۆزی کورد لە بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسیدا لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی پەیوەندیکردن و گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و دەوڵەتانی تردا، وەک کۆمکاری عەرەبی، کۆنگرەی ئیسلامی، ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، نەتەوە یەکگرتوەکان.
* پێویستە کۆنگرە هەوڵبدات نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان نوێنەری بزافی ڕزگاریخوازی کوردستان وەک ئەندامی چاودێر لەو ڕێکخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیانەدا قبول بکرێ بەتایبەتی یوئێن.
* جەختکردن لەسەر پابەند بوون بە پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و ماف و ئازادیەکان، پلۆرالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

* دانانی یان دیاریکردنی مەرجەعێکی سیاسی نەتەوەیی کە لەگەڵ دەسەڵات و ناوەندە سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا پەیوەندی و مامەڵە بکات، هەروەها بتوانێ میکانیزمی یەکخستنی کاروبارو پرسە کوردستانیەکان دیاری بکات.

ئاستەنگەکان:

ئاشکرایە جیاوازی فیکری و ئایدۆلۆژی و ناکۆکی و تا ڕادەی دژایەتیکردن لە نێوان پارتە سیاسیەکانی کورد دا هەیە کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژینەی هەیە، دەبێ کۆنگرە زەمینە سازی بکات، کەشی ئارام و تەبایی برەخسێنێ بۆ دیالۆگ و لێک گەشتن و پێکەوە کارکردن، کۆنگرە لەخۆیدا پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراسی پلۆرالیزمانەیە بۆ ئەو ئەرکە. لەسەریەتی شێوازی ململانێی توند و ناکۆکی و دژایەتی بگۆڕێت بۆ ململانێی ئاشتیانەو کێبرکێی سیاسی.
* جیاوازی و ناکۆکی دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەوانەی کوردستانیان داگیرکردووە، ئەو دۆخەیان بە خراپی ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پارتە سیاسیەکانی کورد، کە جیاوازی و ناکۆکی لێکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ پەیوەندی پارتە سیاسیەکانی کورد لەگەڵ دامەزراوەو دەزگاکانی ئەو دەوڵەتانەدا بەتایبەتی و دەوڵەتانی تر بە گشتی ئاشکراو ڕوون بێ و سنورێکی بۆ دابنرێت، کە لە چوارچێوەی خزمەتکردنی دۆزی کورد دەرنەچێ.
* زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کورد و دامەزراوەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان، کێشەی بە موئەسەسات کردنیان هەیە، کە ئاستەنگن لە ڕێگەی مامەڵەکردن و بەرنامەڕێژی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەدا، کە نیگەرانی و نارەزایی لێکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەو بارەیەوە هەنگاو کاری جدی بنرێ و بکرێ، چونکە هەرێمی کوردستان چەقی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردن و بگرە سەرخستنی کۆنگرەشە، لەبەر ئەوە پێویستی بە زەمینەیەکی لەبارو کەشێکی ئارام لە نێوان پارتە سیاسیەکان و جەماوەردا هەیە.
لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانیدا، ڕەوتی فیکری وستراتیژی کۆنگرەمان بۆ دەردەکەوێت، کە عەقڵی سیاسی کورد، دژی شەڕە، باوەڕی پێی نیە، بەڵکو باوەڕی بە هێزی نەرمە، کە بریتیە لە : هێزی لۆژیک، هێزی ئاشتی، هێزی دیالۆگ، هێزی دیموکراسیەت، ئەمەش گۆڕانێکە کە لە خۆیدا مانای یەکرێزی و بەهێزکردنی فاکتەری خودییە، بە تێگەیشتن و کارکردن لەسەر بناغەی ئەو هێزە نەرمە، بۆ گەشتن بە ئامانجە ستراتیژیەکانی نەتەوەی کورد، گەر بێتو ئەو هێزە نەرمە لە دروشمەوە بگۆڕدرێت بۆ پراکتیک و پیادە بکرێت لە نێوان پارتە سیاسیەکانی کورد دا، ئەوە هێزێکی گەورە و زۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی دەبەخشێ بە کورد، کە یەکبوونی نەتەوەیی لە ئەرک و بەرپرسێتی نیشتمانیدا، هەموان کۆدەکاتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەدا، ڕەنگ ئەداتەوە و بەرجەستە دەبێ، ئەمە لەخۆیدا پرۆژەیەکی سیاسی نیشتیمانی نەتەوەییە، کە بەو دیدگایە چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکان و ئاستەنگەکانی ناوخۆ دەکات.
بەشێکی دەکەی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی، کە پەیامی نەتەوەییە ڕوو لە دەوڵەتانی دەگیرکەری کوردستان دەکات و داوایان لێ دەکات کە بێن بەهەمان دیدگاو بە لەسەر هەمان پرەنسیپ کە لۆژیکی، ئاشتی، دیالۆگ و دیموکراسیەتە، دۆزی کورد چارەسەر بکەین و کورد وەک هەموو نەتەوە و گەلانی ئازادیخواز و سەربەخۆ بە مافی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆی بگات، ئەوەش دەبێتە زەمینە و فاکتەرێکی گەورە و بەهێز، کە سەقامگیری سیاسی، ئابووری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ، کورد لە دۆخی سەربەخۆیدا دەتوانێ وەک هێزێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی ناوەندێکی سوود بەخش بێ، بۆ ئەو دەوڵەتانە لە ڕووی سەقامگیری سیاسی، گەشەسەندنی ئابووری، پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەزموونی هەرێمی کوردستانە کە ئەمڕۆ دەوڵەتان بەتایبەتی تورکیا و ئێران سوود مەندن، کە دەتوانرێ ئەو پرۆسەیە بە دیدگای ئاشتی و دیالۆگ و دیموکراسیەت، بایەخی زیاتری پێ بدرێت و فراوان بکرێت، ئەوەش خزمەتی هەموو لایەک دەکات و بەرژەوەندیان دەپارێزێ بەمانا هەوڵدان بۆ گۆڕینی قەناعەت و عەقڵی سیاسی عەرەب، تورک، فارس، کە کورد مەترسی نیە لەسەریان و دوژمنیان نیە، ئەوان لەستراتیژیەتی خۆیاندا سەیری کورد نەکەن وەک هەڕەشەو مەترسی بەڵکو وەک هاوکار و دۆست.
ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، بیانەوێ نەیانەوێ ئەمڕۆ یا سبەینێ کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و ناوەندێکی بەهێز دەبێ چونکە فاکتەرەکانی ئەو بەهێزبوونەی هەیە و لە دەستیدایە.
کەوابو کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پرۆژەیەکە بۆ چارەسەری کێشەکانی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆی هێزو پارتە سیاسیەکان، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و هێزو بەرژەوەندیە جیاوازە نێودەوڵەتیەکان، دەبا پشتگیری و یارمەتی دەری سەرۆک بارزانی و هاوکارانی دڵسۆزی بین لە سەرخستنی کۆنگرەکە بەشێوەیەکی گشتگیر.

سەرچاوە : ماڵپەری خەبات / ڕێکەوتی : ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. کوردستان بەرەو هەنگاوێکی مەزن لە ئاست ناو خۆ و جیهاندا دەبات.



**عارف باوەجانی**

کورد لە سەردەمی سالانی پێشوو ئیستادا: سەردەمانێک کە گەلی کورد بەو پەری بێبەزەییانە لە لایەن ٤ دەوڵەتی دراوسێ و داگیرکەری ئێراق و ئێران و تورکیا و سوریا بەتووندەی دەکوژراو ماڵوێران دەکرا و بەندی دەکرا، زۆر بێکەس و بێ پشتیوانی جیهانی بوو، دەنگی مەزڵوومیەتی کورد بە هیچ کۆی جیهان نەدەگەیشت.

لەو سەردەمانە بە هۆی زالمی و درندەیی وڵاتانی داگیرکەر هیچ کام لە وڵاتانی جیهانی نەیاند دەویست لە بەر ئەوان خۆیان لە کورد نزیک کەنەوە، و هیچ وەک حکومەت و دەسەڵات هیچ پشتیوانیەکیان لە دۆزی کورد نەدەکرد، کێشەی کوردیان بە کێشەییەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە باسیان لێوەر دەکرد نەک کێشەیەکی نەتەوەیی.

بەڵام بە خۆشییەوە بە هۆی لاوازبوونی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و بەهێز بوونی دەسەڵاتی کوردی لەئاست جیهاندا، دڵخۆشییەکی زۆر لە بەرامبەر دۆزی کورد بە دی دەکرێت. بەردەوام لە ڕۆژنامە و میدیا گرنگەکانی جیهانی باسی هەوڵەکانی کورد بەرەو دیمۆکراسی و بەرە و سەربەخۆیی و بەرەو خۆئیدارەکردن بڵاو دەبێتەوە. لە کۆنگرەو کۆبوونەوە گرنگەکانی جیهانی کورد بە جیا لە دەوڵەتانی داگیرکەر بانگهێشت دەکرێت. هەر نوێنترین نموونەش بانگهیشتکردنی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆربەندی ئابوری بیترۆسبۆرگ، کە هاوشانی دەیان سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی چەندین وڵاتی مەزنی جیهانی بوو.

بە گشتی کورد بەرەو هەنگاوی گرنگی جیهانی دەروات و گۆرانکارییەکانی ناوچەکەش جارێکی دیکە ڕێگەخۆشکەر نابێت بۆ ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان وەک جاران بە ویستی خۆیان کورد بچەوسێنەوە. ئیستا کورد مۆرەی گرنگی یارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە ئەو باس و خواستەبوو کە لە ٣٠ ساڵ پێشەوە کورد و کوردستانیان چاوەڕێیان دەکرد. وێرای ئەوەی لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە چەندین جار باسی لێوەکراوەو دووبارە باسەکە ڕاگیراوە. بەخۆشییەوە واچاوەروان دەرکێت کە لە چەند حەفتەی داهاتوو ئەو ئاواتە لە مێژینەی گەلی کورد بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بێتەدی. نۆێنەرانی گەلی کورد بە میوانداری دۆستانی گەلی کورد لە هەموو قووژبینەکانی جیهانەوە لە هۆڵێک لە پایەتەختی باشوری ڕزگارکراوی کوردستان، بە سەر پەرەستی سەرۆکی هەرێمی ئازادکراوی کوردستاندا لە ژێر ناوی کۆنگرەی کورد کۆدەبنەوە.

ئەو کۆنگرە ماناو تێگەیشتنی خۆی لە زۆر بواری جیاوازی جیهانی و کوردستانی و وڵاتانی داگیرکەریشدا دەبێت. خۆێندنەوەیەکی زۆری جیهانی بە تایبەت سیاسەتوانانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی لە سەر دەکرێت. هەروەها لە ئاست جیهاندا کورد بە چاوێکی یەکگرتووانە و خاوەن نەتەوەی یەکبریار و یەکهەڵویست چاوی لێدەکرێت.

وەک نەتەوەیەکی زیاد لە ٥٠ ملۆینی جیهانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدەکریت. چیدیکە وەک نەتەوەیەکی لەتکراو و جێماوی جیهانی بە چاوی بەزەییەوە نابینرێت.

دیپلوماتیەتی کورد لە پاش ئەم کۆنگرە یەکگرتووتر و بە هێزتر دەبێت و پشتیوانی زیاتری دۆزی کورد لە ڕێکخراوە مەزنەکانی جیهانی بۆ خۆی کۆدەکاتەوە. دەتوانین بە ڕوونتر ئاماژەی پێبکەین کە لە پاش کۆنگرەی نەتەوەییەوە کورد دەتوانێ لە نێو وڵاتانی ئوروپایی و یەکێتی ئوروپاو بەشدارییەکی زۆر باشی هەبێت.

کورتە پێناسەیەکی یەکێتی ئوروپا: یەکێتی ئوروپا ئەو یەکێتییە مەزنەیە کە بووتە چەترو ڕێکخراوی کۆکردنەوەی وڵاتانی ئوروپا لە دەوری یەک لە گشت بوارەکانی ڕامیاری و ئابوری و زانستیدا، کە تا ئیستا ٢٨ وڵاتی ئوروپایی تێیدا ئەندامن بە شێوەی خوارەوە.

ئەڵمانیا، ئوتریش، ئیسپانیا، ئیستوونی، سلوڤاکیا، ئیسلونی، ئیتالیا، بەریتانیا، ئیرلەندا، بەلژیک، بولغارستان، کۆماری پورتوغاڵ، کۆماری چیک، دانیمارک، سوید، ڕۆمانیا، فەرانسە، فینلاند، قیبروس، لاتیڤیا، لۆکزامبۆرگ، پۆڵەندا، لیتوانیا، کۆماری ماڵتا، مەجارستان، هۆڵەندا و یۆنان و کرواتیا. پێشبینی چەند وڵاتێکی دیکە دەکرێت کە لە کۆبوونەوەی داهاتوویان کە لەم ساڵدا دەبێت داواکاریەکانیان بۆ بە ئەندام بوون لە لایەن وڵاتانی ئەندام و شۆرای دەسەڵاتەوە تاوتۆی بکرێت، ئەو وڵاتانەش بریتین لە تورکیە، ئیسلاند، مونتینیگرۆ، سربستان و مەگەدۆنیا.

کە زۆر لەم وڵاتانە لە ئاست سیاسی و ئابوری و زلهێزی جیهانیدا جێگەو پێگەی خۆیان هەیە.

گرنگترین ڕێکخراو یا نیهادەکانی یەکێتی ئوروپا بریتین لە پەرلەمانی ئوروپا، شۆرای یەکێتی ئوروپا، کۆمیسیۆنی یەکێتی ئوروپا، دادی یەکێتی ئوروپا، کۆنگرەی ئوروپا، بانکی مەرکەزی ئوروپا.

کە لە چەند مانگ پێشدا شۆرای یەکێتی ئوروپا وەک نیهادێکی یەکێتی ئوروپا داوای دەرهێنانی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە لیستی تروریستی ئوروپاو ئەمریکا کرد.

**گرنگی لێکنزیکبوونەوەی کورد لە یەکێتی ئوروپا.**

وەک لە ناسینی ئەم یەکێتییە گرنگەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە وڵاتانی دیمۆکرات وئاشتیخوازی جیهانی لەو یەکێتییەدابە دیدەکرێن. هەر کام لەو ٢٨ دەوڵەتە لە ئاست جیهاندا ڕۆڵێکی باشیان لە بوارەکانی دیمۆکراسی، ئابوری، و بووژانەوە و ئاوەدانیدا هەیە. هەروەها بەشێک لەو وڵاتانە بە وڵاتانی زلهێزی جیهانی دەناسرێن کە

نموونەیان وڵاتانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرانسەیە. بۆ كورد خاڵێكی گرنگ دەبێت كە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە خۆی بخزێنێتەوە نێو ئەم یەكێتییەوە. بە تایبەت ئێستای هەرێمی كوردستان زۆر گونجاوە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی یەكێتی ئوروپا بۆ لای دۆزی كورد، كە تا ڕادەیەكی باش حكومەتی هەرێم لەو بوارەوە هەنگاوی ناوە، بەڵام پێویستە هەنگاوی زیاتر بنێت.

## كۆنگرەی نەتەوەیی و بەشداری كورد لە هەڵبژاردنی یەكێتی ئوروپا لە ساڵی ٢٠١٤

وەك ئەركی كۆنگرەی نەتەوەیی كورد بۆ بەهێزكردنی پێوەندییە دیپلوماتیەكانی كورد لە ئاست جیهاندا، كە وەك بڕیارێكی گرنگ لە كۆنگرە باس لە بەشداری بەرچاوی كوردستانیانی نیشتەجێ لەو ٢٨ وڵاتەی یەكێتی ئوروپا لەو هەڵبژاردنەدا بكرێت. بە خۆشییەوە ئێستا لە كوردستان بە گشتی و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە تایبەتی، ئیمكاناتێكی زۆری ڕاگەیاندن و هۆشیار كردنەوەی كوردستانیان لەو ئەركە گرنگەدا لە ئارادایە. پێویستە كاری زۆر بكرێت و بۆ هاندانی كوردستانیانی دانیشتووی ئەو ٢٨ وڵاتە و كاندیدكردنی چەند كوردێكی خاوەن ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانە لە هەڵبژاردنی ساڵی٢٠١٤

بۆ هەڵبژاردنی چەند كوردێكی كاندیدی حیزبە ئوروپییەكان بۆ ئەو یەكێتییە. بە تایبەت لە وڵاتانی وەك ئەڵمان و سوێد و دانیمارك و بەریتانیان كە زۆربەی كوردەكان لەوێ دەژین، شانسی بە دەستهێنانی چەند كورسییەك بۆ كورد مسۆگەرە. بۆ ئەم كارەش من پێموایە حیزبەكانی كوردستانی داوا لە حیزبە دۆستەكانی ئوروپایان بكەن، كە مۆڵەت بۆ كاندیدبوونی چەند كوردێك برەخسێنن. تا لەو ڕێگەوە چەند كوردێك بچنە نێو پەرلەمانەوە.

بوونی ژمارەیەك كورد كە بۆ نموونە ئەگەر لە كۆی ٧٣٦ كورسی پەرلەمانی ئوروپا، لانیەكم ٢٥ كورسی كوردبێت، هەر ئەو ٢٥ كوردە كە نوێنەری چەند حیزبی جیاوازی ئوروپایی دەبن لە یەكێتی ئوروپادا، دەتوانن بە هاوكاری و هاوڕێیەتی لایەنەكانی دیكە گروپی پشتیوانی لە كورد دروستبكەن. كە ئەم ئەزموونەش لە زۆر نەتەوەیی دیكەی جیهانی لە ئارادا بووەو سەركەوتنی زۆرباشی بە دەستهێناوە. نموونەی بە هێزی لۆبی جولەكەكانی جیهانی كە ژمارەی جولەكە لە جیهاندا ناگاتە ئاستی ژمارەی كورد. هەروەها لۆبی چالاكی عەرەبی لە هەڵبژاردنەكان و سیاسەتەكانی ڕوسیا، لۆبی چالاكی هیندیك لە وڵاتانی ئەفریقایی لە هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا و ئوروپا و وڵاتانی ئیسلامی، ئەمانە توانیویانە لە زۆربەی نیهادە مەزنەكانی جیهانی پشتیوانی باش بۆ خۆیان كۆكەنەوە.

ئەگەر كۆنگرەی نەتەوەیی كورد یەكێك لە داواكارییەكانی یا پرۆژەی كاری داهاتووی هاندانی كوردانی ئوروپا ببێت، كە وامەزندە دەكرێت زیاد لە ٣ ملیۆن كورد لە وڵاتانی ئوروپایی دەژین، بەشداری لەو هەڵبژاردنە بكەن، بە دڵنیاییەوە ژمارەی كورسیەكانی كورد لەو نیهادە مەزنەی كە بە ٣٠% مەزنی جیهان ناودەبرێت، كورد دەتوانێت ببێتە خاوەنی زیاد لە ٢٥ كورسی. ئەو ژمارە دەبێتە لانیكەمی ٣٩ ،٣% كورسییەكانی پەرلەمانی ئوروپا، ئەو ٣٩ ،٣% دەتوانن جگە لە سەدێكیش لە پەرلەمانتارانی یەكێتی ئوروپا لەو دەوری خۆیان كۆكەنەوە، گروپی پشتیوانی لە كوردان لە یەكێتی ئوروپا دروستكرێت. ئەو كات بە هۆی كۆكردنەوەی دەنگی فەراكسیۆنەكان بۆ یەكتر پێشنیاری هاوبەشیان لا دروست دەبێت، كوردیش لەو پێشنیارە هاوبەشانە دەتوانێ بەرژەوەندی خۆی هەبێت.

## هەنگاوی گرنگ لە ئاست ناوخۆیی كوردستان و كۆكردنەوەی كورد لە دەوری یەك

ئەركی دیكەو گرنگی كۆنگرە ئەوە دەبێت كە هەموو چین و توێژەكانی ئاینی و ئایدۆلۆژیایی كوردستانی وەك، شیعەكان. یارسانییەكان، زەردەشتییەكان، جوولەكەكان، ئێزیدییەكان، لورەكان، فەیلییەكان، كوردە دوورخراوەكانی سۆڤیەتی پێشوو كە ئێستا لە چەند وڵاتێكی سەربەخۆی پاش تێكچوونی یەكێتی سۆڤیەتدان، كوردەكانی خۆراسان، كوردەكانی، لوبنان و هتد،،،لەم كۆنگرەدا لە دەوری یەكتر كۆدەكاتەوە. لەوەش وشیاریان دەكاتەوە كە نەیارانی كوردستانی لە ڕێگەی ئاینی و زاراوە و ناوچەییەوە كێشە نەخاتە نێو ڕیزەكانی گەلی كوردستانەوە، بگرە كوردستانی بوون دەكرێتە لۆگۆی یەكبوون. كارێكی دیكەی كۆنگرە كە هەموومان چاوەڕێ دەكەین، ئەوەیە كە بڕیاری بنبركردنی شەڕی براكوژی كورد بە كورد و ئاشتەوایی هەمیشەیی لە نێو گەلی كورددا بێتە ئاراوە.

سەرچاوە : ماڵپەری پارتی سەربەستی كوردستان / ڕێكەوتی : ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## برگەی پێشنیاریی ڕۆژهەلات



خالید محەممەد زادە

دوێنی كوبوونەوەی كومیسیونی سیاسی كونگرەی نەتەوەیی بە هوی نارەزایی رۆژهەلاتیەكانەوە سەبارەت بە برگەكانی پەیوندیدار بە رۆژهەلاتەوە راگیرا. لە كوی راپورتە سیاسیەكە لایەنی رۆژهەلات تەنیا رەزامەندیان لە سەر دو خال دەربریوە ئەوانی تریان قبول نەبووە. دیارە رای جیاوازیش لە ناو لایەنی رۆژهەلات هەبووە بەلام

له دواجار ناچارن یەکبگرن!

لێرەدا هەم برگەی جیی نارەزایی رۆژهەلات بخویننەوەو هەم برگەی پیشنیاریی کە داوا دەکەن لە راپۆرتەکە بگونجیندرێت، کوبونەوەکان دریژەی دەبیت.

برگەی جێی نارازی:

"کوردستانی رۆژهەڵاتی بندەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەوەی چەندین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی شارەوانیەکان بە شێوەی دەوری ئەنجام دراوە بەڵام گۆرانێک لە پرسی کورد لەو وەڵاتەدا روینەداوە، فراکسیۆن و نوێنەرایەتی بە ناوی نەتەوەی کوردەوە لە پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانی ناوچە کوردیەکاندا بوونی نیە، و رێگەی چالاکی سیاسی فەرمی و یاسایی بە هیچ پارت و رێکخراوێکی کوردی نەدراوە، کونگرەی نەتەوەیی داواکارە چاکسازی دەستوری و سیاسی و ئابووری پەیوەست بە مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران لە سەر بنەماکانی ئاشتی و عەداڵەت و پێکەوە ژیان ئەنجام بدرێت"

برگەی پیشنیارکراو:

نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی شێلگیر و بەڕابردوویە کە بە شێوازی جۆراوجۆر، چ لە بەستێنی بەرگریی شۆڕشگێڕی و چ لە بەستێنی چالاکیی مەدەنیدا، بەردەوام بۆ وەدیهێنانی مافە ئینسانی و سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خەباتی کردووە و وێڕای تۆمارکردنی شانازیی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئامادە بووە رێگای بەشداری سیاسی و دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندییش تاقی بکاتەوە. بەڵام لە سەرتاسەری مێژووی نوێی ئێراندا، رێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و حاشاکردن لە پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسیدا بوون و نەک تەنیا کوردیان لە پەراوێزی بڕیاری سیاسی خستووە و سیاسەتی هەڵاواردنیان لە هەموو بوارەکانی گەشەسەندنی ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتیدا دەرهەق بەو نەتەوەیە ڕەچاو کردووە، بەڵکوو بەهۆی روانینی ئەمنیەتی بۆ پرسی کورد، هەرچەشنە داواکاری و جووڵەیەکی ئازادیخوازانەشیان بە هێرش و سەرکوت و تیرۆر وڵام داوەتەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی لەو باوەڕەدایە کە پرسی کورد لە ئێران وەک مەسەلەیەکی جیانەکراوە لە پرسی کورد لە پارچەکانی دیکە تەنیا کاتێک دەتوانێ بکەوێتە سەر ڕێڕەوی چارەسەر کە لەسەر ئاستی فەرمی و دەستووری دان بە ناسنامەی نەتەوەیی و ویستی ڕەوای ئەو گەلە بۆ دیاریکردنی چارە نووسی خۆی دابنرێ و بەستێنی دێموکراتیک و ئاشتییانە و مێکانیزمی گونجاو و سە ردەمییانە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەستیی کورد لە ناوچەی خۆی و بەشداریی یەکسان و دادپەرروەرانە لە ناوەندا دابین بکرێ.

سەرچاوە : فیس بووک / رێکەوتی : ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## راپۆرتەکەی کۆمسیۆنی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەوڵێک بۆ خنکاندنی میدیای ئازاد



هیدایەت جان

پاش ئەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کۆمسیۆنی راگەیاندنی لە ئەندامی حزبەکانی کوردستان پێک هێنا و رایسپاردن بۆ نووسینەوەی راپۆرتێک لەسەر ئەرکو مافەکانی میدیا و میدیاکارانی کوردستان، لە ئەنجامدا راپۆرتێک لەلایەن ئەو کۆمسیۆنەوە لە رێکەوتی ٢٠١٣/٨/١٤ رەوانەی کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرایەوە.

ئەم راپۆرتە کە لە ٧ لاپەڕەدا بە سێ برگە و پێشەکییەکی نزیک بە ٢٠٠ وشەیی ئامادە کراوە، تیایدا کۆمەڵێک ئەرک و یاسا بۆ میدیا و میدیاکارانی کورد داندراوە و کۆمیتەی ئامادەکارییان راسپاردووە بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی لە کۆنگرەی نەتەوەییدا.

سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای راپۆرتەکەدا هاتووە "دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و پاش راوێژ و را گۆڕینەوە لەگەڵ میدیاکار و رۆشنبیر و شارەزایانی ئەم بوارە و پوخت کردنی تەواوی پێشنیاز و بیرۆکە و راوبۆچونەکان، گەیشتینە ئەم گەڵاڵە نامەیەی خوارەوە"، بەپێچەوانەوە دەبینین سەرجەمی ئەم راپۆرتە لە چوارچێوەیەکی حزبی و بە لۆژیکێکی حزبی دارێژراوە و هیچ هەناسەیەکی بۆ میدیای ئازاد و سەربەخۆ نەهێشتووەتەوە و دەشێ بڵێین ئەم راپۆرتە شەرعییەتدانە بۆ بە حیزبی کردنی میدیای کوردی بەجۆرێک کە لەکۆی ٢٥ خاڵی هەر سێ برگەکە سەرباری کۆمەڵێک پارادۆکس، تەنانەت بە یەک وشەش ئاماژە بە میدیای دەرەوەی رێکخراوەیی و حزبی نەکراوە.

لە برگەی پێشنیارەکانی ئەم راپۆرتەدا لە خاڵی سێیەمدا هاتووە کە "کۆنگرەی نەتەوەیی پشتگیری لە هەوڵێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات کە چەند ساڵێکە کاری بۆ دەکرێت بە مەبەستی پێکهێنانی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی هەر چوار پارچە". ئەوەی هەوڵێک بدرێت بۆ کۆکردنەوەی رۆژنامەنووسانی کورد لە سەندیکایەکی کوردستانیدا، هەوڵێکی دووربینانە و تا ئاستێک ئەرێنییە بەڵام لێرەدا چەند پرسیارێک درووست دەبێت کە ئایا سەندیکای رۆژنامەنووسانی "باشووری کوردستان توانیوێتی کارنامەیەکی جوان پێشکەش بکات لە ئەزموونی ١٥ ساڵەی خۆیدا؟ ئاخۆ ئەو میکانیزمەی سەندیکای رۆژنامەنووسان کاری پێکردووە، میکانیزمێکی

تەندرووست و پیشەیی بووە؟ ئایا ئەم سەندیکایە توانای پاراستن و ئاسایشی ژیانی میدیاکارانی بووە؟ ئایا سەندیکای رۆژنامەنووسان توانیویەتی بێلایەنی خۆی بۆ میدیاکارانی باشوور بسەلمێنێت؟ ئایا ئەم سەندیکایە توانا و هێزی ئەوەی هەیە کە هەم لەڕووی ئاکادیمی و هەم لەڕووی پیشەییەوە ببێت بە مەرجەعێک بۆ سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان؟....

ئەگەر ئاورێک لە رەوتی رۆژنامەگەری باشووری کوردستان بدەینەوە و ئاماژە بە میدیا سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بدەین وڵامی کۆمەڵێک لەم پرسیارانەمان دەست دەکەوێت.

رۆژنامەی هاوڵاتی وەک یەکەم رۆژنامەی سەربەخۆ لە ٢٠٠/١١/٥ تەنها دوو ساڵ و حەوت مانگ پاش دامەزرانی سەندیکای رۆژنامەنووسان دامەزرا و پاشان لە تشرینی دووهەمی ساڵی ٢٠٠٢ گۆڤاری لڤین و لە رێکەوتی ٢٠٠٦/١/١ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی ئاوێنە لە شاری سلێمانی دەرچوون کە دەکرێ بڵێین شۆڕشێک بوو لە کاری میدیایی و رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان دا کە بەبێ هیچ ئایدیۆلۆژیایەک تەنها ئەرکی گەیاندن و رووماڵکردنی بابەتەکانیان گرتە ئەستۆ. سەرجەمی ئەم میدیایانە هەریەکە و بە شێوەیەک بەردەوام سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان بە سەندیکایەکی ناسەربەخۆ و حزبی تۆمەتبار کردووە و لە زۆربەی کەناڵە میدیایی و رۆژنامەکاندا رۆژانە ئەوەمان بەدی کردووە کە سەندیکای رۆژنامەنووسان نەیتوانیوە لەئاست دەستدرێژیکردن و بێرێزیکردن بە رۆژنامەنووساندا هەڵوێستی جدی هەبێت جگە لە دەرکردنی بەیاننامەیەک ئەویش لەژێر فشاری ئەو میدیا سەربەخۆیانەدا.

هەوڵێکی تری ئەم کۆمیسیۆنە وەک لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە کۆت کردنی میدیای کوردییە بە کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک بەرژەوەندی نەتەوەیی و حەرامی نەتەوەیی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی، کە تا رادەیەک شۆڤێنیستانە دارێژراوەتەوە و لە بەشێکیدا باس لە بەستنی کۆنفرانسێکی میدیایی لە ئاستی نەتەوەییدا دەکرێت و لە خاڵی دوای ئەودا پێشنیارێکی لەم شێوەیە بە کۆنگرە دەکرێت "لەو کۆنفرانسەدا بەڵێننامەیەکی ئیتیکی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی دابرژێت کە تێکرای میدیاکارانی کورد پابەندی بن". ئەمەش سەلمێنەری ئەو هەستە تا رادەیەک دەمارگرژانەیە کە ئەوەی ناسیۆنالیست نەبێ هیچ جێگەیەکی لە میدیای کوردیدا نابێتەوە لە کاتێکدا کوردستان کۆلکەزێرینەیەکە لە ئایدیا و تێروانین و جیهانبینییە جیاوازەکان و بەبێ رێزگرتن لەو جیاوازییانە بەم شێوەیە پێشنیار دەکەن، "پێویستە میدیا بە وریایی و بەرپرسیاریی و پەرۆشی نەتەوەییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە بکات کە دەچنە خانەی ئاسایشی نەتەوەییەوە".

ئایا پێوەرێک بۆ پەرۆشی نەتەوەیی یان سنوورێکی دیاری کراو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بوونی هەیە؟ هەر ئەم خاڵە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی حوکمڕانییەکی دیکتاتۆرانەیان هەیە بووەتە هۆی دروستبوونی کارەساتی گەورە و بەناوی ئاسایشی نەتەوەیی چی لە سەردەمی حکوومەتی بەعسی عێراق و سوریای ئێستا و ئێران و تورکیادا شایەتی ئەوە بووین کە کۆکوژی کوردانی پێکراوە و هاوڵاتیانیان پێ سەرکوت کردووە و بەم پاساوە رق و تۆڵەسەندنەوە و تەسفییەی شەخسی برەوی سەندووە.

سەرجەمی ئەو خاڵانەی لەم راپۆرتەدا هاتووە تەفسیری جیا جیایان لێ دەکرێت و مانایەکی یەکدەستیان نییە و دەشێ بە چەند شێوازی دژبەیەک تەعبیر بکرێت و لە هەموو تەعبیرەکاندا میدیا لێی زەرەرمەند دەبێت، لە یەکێکیتر لە خاڵەکاندا هاتووە "پێویستە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک کە گومان بخاتە سەر رەوایی دۆزی کورد و بزاڤە رزگاریخوازەکەی و بەدگومانی لای نەوەی نوێ بچێنێت، بە حەرامێکی نەتەوەیی بزانرێت". مەترسی ئەم خاڵە لەوەدایە کە بزاڤی رزگاریخوازی "واتە حزبە کوردییەکان" بە پیرۆز دەکرێن و رەخنەگرتن و پەردەلادان لەسەر هەر هەڵەیەکیان بە تاوانی گەورە "حەرام" ژمار دەکرێت و جەولانگەیەک بۆ تاکڕۆیی و سەرەڕۆیی حزب خۆشدەکات کە ئاراستەکەی بەرەو دیکتاتۆریی مل دەنێت.

سەرجەم ٢٥ خاڵەکە بریتییە لە ئەسپاردنی کۆمەڵێک ئەرک بە میدیا کە زۆربەیان لە دەرەوەی کاری میدیایین و زیاتر هەوڵێکە بۆئەوەی میدیاکار لە کاراکتەرێکی بێلایەنەوە بکات بە فەرمانبەر و گوێ ڕایەڵێکی حزبی بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی تری هەبێت جگە لە پابەندبوون بەو بەیاننامەیە کە زیاتر لە رەشنووسێکی شۆڤێنیانە نزیکە و پێیوایە ئەرکی سەرەکی میدیای کوردی ئەوەیە کە کار بکات بۆ ئەوەی "ئینتیمای تاکی کورد بۆ نەتەوە لە هەر جۆرە ئینتیمایەکی دیکە بەهێزتر بێت

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## عومەری ئێلخانیزادە سکرتـــــێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران:
## ئۆپۆزسیۆنی هەرێم بەنێوەندگـــــیری پەکەکە بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی کرد



سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئاشکرایدەکات ئۆپۆزسیۆنی هەرێم بەنێوەندگیری پەکەکە بەشداری لەکۆنگرەی نەتەوەیی کرد، بە ناڕاستەوخۆیش داوا لەحکومەتی هەرێم دەکات لەکۆنگرەی نەتەوەییدا پەیامی ئاشتی بۆ ئێران نەنێرێت و «لەتاریکیدا تیربهاوێژێت».

عومەری ئێلخانیزادە لەچاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتی باس لەئامادەکاریەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکات کە حزبەکەی تیایدا ئەندامە، لەگەڵ ئاماژەدان بەو ناکۆکیانەی لەنێوان حزبەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە لەوبارەیەوە کە لەئێستادا وادەی بەستنی کۆنگرەکە بەناڕونی ماوەتەوە.
گرفتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەکۆنگرەدا لەوەوە سەرچاوەی گرت کە لەکۆی نۆ حزب تەنها پێنج حزبیان بەهەڵبژاردن ئەندامیان بۆ ئامادەکاریەکانی کۆنگرە دیاریکرا ئەوەش ناڕەزایی چەند حزبێکی ڕۆژهەڵاتی لێکەوتەوە.

عومەری ئێلخانیزادە وتی «ئێمە (سێ حزبەکەی کۆمەڵەی ئێران و دوو حزبەکەی دیموکرات) فێڵمان لەپژاک نەکردوە»، رەخنەشی لە پژاک گرت « پەیوەندی لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات کەمو نائاسایی بووە زۆرجاریش قسەی نەشیاوی کردوە لەسەریان».
هەروەها دەڵێت هەموو لایەنێکی سیاسی بەرژەوەندی هەیە لەگرتنو سازدانی کۆنگرەو سازەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردان، بەڵام «رەنگە لایەنی وا هەبێت کە جیا لەبەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەرژەوەندیی حزبیو تایبەتیشی هەبێت».

**هاوڵاتی: تێڕوانینی ئێوە وەکو (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) چیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی لەئێستادا؟**

عومەری ئێلخانیزادە: پرسی بەستنو سازدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەمێژە لەناو حزبو لایەنە سیاسیەکانی کوردستاندا دێتو دەچێت. دەتوانم بڵێم پتر لە ٢٠ ساڵە بیری لێکراوەتەوەو پێویستیەکەی باسی لێوەدەکرێت، بەڵام بەهۆی گرفتی نێوان لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی کوردستانو هەم بەهۆی بەهێزیو دەسەڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەر سەرینەدەگرت. ئێستا لەلایەک بزاوتی رزگاریخوازی کورد پێشوەچونی گەورەی بەخۆوە بینیوەو لەلایەکی دیکەوە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەو روی گۆڕانی گەورەیەو ئەگەر دەرفەت بۆ کورد هەیە، مەترسیش لەسەری کەم نیە.

**هاوڵاتی: پێتوانیە بەرژەوەندی لایەنی سیاسی تایبەت لەمبارەوە دەوری نەبوبێت؟**

عومەری ئێلخانیزادە: بەدڵنیاییەوە هەموو لایەنێکی سیاسی بەرژەوەندی هەیە لەگرتنو سازدانی کۆنگرەو سازەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردان، بەڵام رەنگە لایەنی وا هەبێت کە جیا لەبەرژەوەندی نەتەوەیی، بەرژەوەندی حزبیو تایبەتیشی هەبێ. بەوەشەوە گرتنی کۆنگرەی نەتەوەییو دروستکردنی سازەیەکی گشتی بۆ کوردی هەموو پارچەکان، بەقازانجە. لەجیاتی ئەم چەشنە نیگەرانیە، باشتر ئەوەیە بۆ رونکردنەوەی ئامانجو ئەری وەها پێکهاتەیەک کاربکەینو تێبکۆشین لایەنی پۆزەتیفی بەهێزتر بکەین.

**هاوڵاتی: لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتو باشور، زوو کێشەو گرفت کەوتە نێوانیانەوە، گرفتی ئێوە (پارتەکانی ڕۆژهەڵات) لەگەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)و پارتی ئازادی کوردستان (پاک)، گرفتی یەکێتیو پارتی لەباشور لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، هۆکارەکانی هەردولا چی بون؟**

عومەری ئێلخانیزادە: ئەوەی من بیستومەو زانیومە، ئۆپۆزیسیۆن لەباشور زۆرتر لەسەر ڕێککەوتی سازدانی کۆنگرە ناڕازی بونو پێیانوابوو کە یەکێتیو پارتی لەبەر هەڵبژاردن کۆنگرە دەگرنو پێشنیاریان ئەوە بوو کە دوای هەڵبژاردنەکان، کۆنگرە بگیرێت. دواتریش بەوەساتەتی پ.ک.ک بەشداربون لەکۆمیتەی ئامادەکاردا. ئەوەی کە پاکو پژاک (لەڕۆژهەڵات) دەیڵێن، گێرانەوەیەکی دروست نیە لەدانیشتنی نۆ حزبە کوردیەکەی ڕۆژهەڵات.
ئێمە لەسەرەتاوە باسمان لەمیکانیزمی هەڵبژاردنی نوێنەران کردو دوای قسەوباس هەمومان لەسەر ئەوە ساغبوینەوە کە هەر لەو دانیشتنەدا بەدەنگو هەڵبژاردن ببڕدرێتەوە. هەمومان بەنهێنی دەنگمان داوەو لەئاکامدا پێنج لایەن زۆرترین دەنگیان هێناوە... دوای ئەوەی پژاک رانەوەستاو نوێنەرەکەیان دوای هەڵبژاردن دانیشتنەکەی بەجێهێشت. بەهیچ معیارێک فێڵو فەرەجێک نەبوە، پرۆسەی دیموکراسی ئەوەی لێکەوتەوەو جێگای گلەیی نیە. هەر لەوێ پێشنیارکرا کە دانیشتنی هاوبەشی ئەو ٩ حزبە بەردەوام بێتو پێکەوە بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین تا ئەم پێنج نوێنەرە چۆن هەڵوێست وەربگرن. جیا لەوە تەنانەت پێشنیاری ئەوە کرا کە بیکەینە نۆبەیی‌و زۆر کەس پێیانوابوو ئەوە سەرناگرێتو باش نیە هەرجارە لایەنێک بچێت.

**هاوڵاتی: حزبێکی وەکو پاکو پژاک، گلەیی ئەوە لەو پێنج حزبە دەکەن کە دەنگیان بۆ ئەندامێتی لەئامادەکاری کۆنگرە هێناوە (سێ حزبەکەی کۆمەڵەو دوو دیموکراتەکەی کوردستانی ئێران) کە فێڵیان لێکراوە، بۆیە لەهەڵبژاردنەکاندا دەرنەچونو پێشتر ئێوە ڕێککەوتون بۆ پەراوێزخستنی ئەوان؟**

عومەری ئێلخانیزادە: هەروەک پێشتر گوتم فێڵێک نەبوو، بەئیتیفاق بڕیارماندا بۆ میکانیزمێک. جیا لەوە ئەگەر بەئینسافەوە بڕوانین، چاو لەژمارەی شەهیدو دەنگی خەڵک لەڕابردودا بکەین، چاو لەئێستاو ڕێکخستنو پێشمەرگەو هێزو دەورو کاریگەرییو هتد.. بکەین، ئایا هەموو کەس نالێت کۆمەڵەو دیموکرات بەرچاوترو هێزترن.
زۆرجار قسە لەبەرەی کوردستانی کراوەو هەموان وتویانە گرفتەکە لەناو کۆمەڵەکانو دیموکراتەکانە، قسەکە راستیشە. واتە ئەگەر ئەوان ساغبنەوە گرفتی بەرەی

کوردستانی بەئاسان چارەدەکرێت. پێموایە هەموان لەناخی خۆیاندا ئەو راستیە دەسەلمێنن کە ئەم دوو رەوتە هەتا ئێستا رەوتی سەرەکینو لەناو کوردانیشدا هەر وا دەناسرێن. ئێمە رێککەوتنی پێشومان نەبوە، سەعاتێک پێش دەستپێکردنی دانیشتنی ٣٩ حزبەکە بۆ ئامادەکاری کۆنگرە، ئەم پێنج لایەنەو خەبات کۆبونەوەیەکمان گرت کە ئەسڵەن باس لەهەڵبژاردنی نوێنەر نەکراو هەر لەویش بڕیاردرا لەگەڵ پژاکو پارتی ئازایش دانیشتنمان هەبێت، کەواتە ئەو قسەیە راست نیەو نیازی پەراوێزخستنی لایەنێکمان نەبوە.

**هاوڵاتی: ئێوە پێتانوایە پژاک حزبێکی واقعی رۆژهەڵات نیەو وابەستەی پ.ک.ک یە، یان خۆتان پێ شۆرشگێرترو نەتەوەیی ترە ئەوەش هۆکاری نەبونی پەیوەندیە.**

عومەری ئێلخانیزادە: پژاک بۆ خۆی پەیوەندی لەگەڵ حزبەکانی رۆژهەڵات کەمو نائاسایی بوەو زۆرجاریش قسەی نەشیاوی کردوە لەسەریان. بەپێی ئێمە پژاک بە بەشێک لە پ.ک.ک دەزانینو پێمانوایە سیاسەتەکانی لەبەرژەوەندی پ.ک.ک دیاریدەکات. ئێمە پ.ک.ک وەک حزبێکی گەورەو خەباتکاری کوردستانی باکور دەناسینو هەمیشە خوازیاری دۆستایەتی بوین لەگەڵیانو زۆرجاریش پشتگیری خەباتەکەیانمان کردوە. بەڵام بەشیاوی نازانین دەستوەردەنە پارچەیەکی دیکەی کوردستان.

**هاوڵاتی: قسە لەوە دەکرێت ئێوە هەست بەمەترسیەکی گەورە دەکەن وەکو لایەنەکانی رۆژهەڵات لەم کۆنگرەیەدا، کە داوای کۆتایی هێنان بەخەباتی چەکداری بکرێت لێتان؟**

عومەری ئێلخانیزادە: بەڵێ هەندێک نیگەرانی هەبوو لەوبارەوە، ئێمەش هەموو کۆکبوین کە هەم بەتەوزیحی وەزعی کوردستانی رۆژهەڵاتو هەم بە تایبەتمەندی بونی حکومەتێکی دیکتاتۆر لەئێران، نابێ دودڵی بخرێتەسەر ئەو مافەو مافی پێشمەرگایەتیو بەرگری چەکداری. مافی رەوای خەڵکی کوردستانە. تائێستا وەها داوایەک نەکراوەو پێشموانیە کە داوای ئاوها بکرێت.

**هاوڵاتی: بەڵام دەزانم لەگەڵ ئەوەنیت کە خەباتی چەکداری وازلێبهێنن، بەڵام بەواقعی ئێوە (٢٠) ساڵە ماڵئاوایتان لەخەباتی چەکداری کردوە؟**

عومەری ئێلخانیزادە: ٢٠ ساڵ رەنگە نەبێ، بەڵام راستە لەمێژە ئێمەو دیموکرات جموجوڵی چەکداریمان نیە. بەشێکی لەبەر بەرژەوەندی حکومەتی هەرێم بوە، بەشێکی دیکەش دەگەرێتەوە بۆ نەبونی بەستێنی لەبار بۆ ئەو مەیدانە لەخەبات. بەڵام دەکرا ئێمە هێزی پێشمەرگەمان سەربەستتر بێتو لەنزیک سنورەکان بێت. بەبرِوای من بەجێهێشتنی قەندیلو ناوچە شاخاویەکانو شوێنی پێشمەرگە بەستنەوە بەشوێنی ماڵو منداڵ، هەڵەیەکی گەورەی ئێمە بوو لەرِابردودا. فاکتەرێکی دیکە نەبونی هاوئاهەنگیو چەترێکی هاوکاریە لەنێوانماندا بۆ رەخساندنەوەی وەها بەستێنێک. بەڵام هەوێنی سازدانەوەو رێکخستنی هێزی پێشمەرگەمان هەر هەیە.

**هاوڵاتی: کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی میوانداری دەکرێت بۆ کۆنگرە، هەڵوێستی ئێوە چیە؟ ئەمە چۆن تێدەگەن؟**

عومەری ئێلخانیزادە: بەڵێ حکومەتی هەرێم لە پەیوەندی دیپلۆماتیکی خۆی ئەوانیش وەک میوان بانگهێشت دەکات. ئێمە بونیان بەباش نازانینو پێمانباش نیە، بەڵام ناتوانین لەوبارەوە رێگری بکەین. پێموانیە ئێرانیش خۆی زۆر خۆشحاڵ بێ بەبونی وەک میوان لەم کۆنگرەیەدا کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵات دەوری گرنگیان تێیدا دەبێت.

**هاوڵاتی: بۆچونێک هەبوو کە پێیوابوو سێ کۆمەڵەو دوو دیموکرات لەرِابردودا هێندە کێشەتان هەبوو چاوەڕوان نەدەکرا وا بەئاسانی یەکبگرن، هۆکارەکانی ئەو هاوکاریانە چی بوو؟**

عومەری ئێلخانیزادە: پێموایە کێشەو جیاوازی بیروڕا لەناوماندا هەیەو دەبێ، بەڵام بەوەشەوە نەک هەر سەیرنیە کە ئێستا هەنگاوێکمان بۆ هاوئاهەنگی هەڵگرتوە، سەیر ئەوەیە بۆ وا درەنگ کەوتوینو بۆ زوترو لەهەموو بوارەکاندا لەبەرانبەر دوژمنو بۆ قازانجی خەڵکی کوردستان پێکەوە هاوکارییو هاوئاهەنگیمان نەبوە.

**هاوڵاتی: ئەگەر یەکێک لەپەیامەکانی کۆنگرە داوای ئاشتی بکات لەئێران، ئێوە ئامادەن؟**

عومەری ئێلخانیزادە: کۆنگرە پەیامی ئاشتی بۆ هەموو گەلانی ناوچە دەنێرێتو بزوتنەوەی کورد هەمیشە خوازیاری دیالۆگو چارەسەری ئاشتیانە بوە، ئەوە حکومەتە

داگیرکەرو دیکتاتۆرەکان بون کە دەستیان داوەتە سەرکوتو هێزی نیزامیان بەکارهێناوە. تائێستا ئاماژەیەک لەئێرانەوە نیە تا وەها پەیامێکی بۆ بچێت، کۆنگرە بۆ دەبێت قسەی خۆی خەسار بکاتو لەتاریکی تیر باوێژێ؟ جیا لەوە کۆنگرە لەلایەن کوردی ئێرانەوە پەیام نانێرێت، بەڵکو کارو سیاسەت لەو بەشەی کوردستان دەبێ بەخەڵکی ئەوێ بسپێردرێتو کاری یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی ناردنی پەیام نیە بۆ ئێران. ئەگەر دەوڵەتی ئێران ئامادەبێت لەگەڵ کورد دیالۆگ بکاتو بەکردەوە هەنگاو بنێت، ئێمە هەمیشە ئامادەی دیالۆگینو هەموو کوردو کۆنگرەی نەتەوەیش چۆن پشتی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا دەگرن، بۆ هەر شوێنی دیکەش هەروا دەکەن. بڕواناکەم وەها مەسەلەیەک لەحاڵی حازردا تەرح بکرێت.

**هاوڵاتی: هەستناکەن لەژێر سایەی کۆنگرەیەکدان کە سێ پارچەکەی تری کوردستان (باکور، باشور، ڕۆژئاوا) یەکێتیو پارتیو پ.ک.ک زۆرینەی هێزو ڕەنگە هەیمەنە بکەن بەسەر کۆنگرەدا، بەڵام ئێوە لایەنەکانی ڕۆژهەڵات هێزێکی واتان نیە؟**

عومەری ئێلخانیزادە: ئەم بیرکردنەوە دروست نیە. خەڵکی کوردی هەموو پارچەکان سۆزو هاوپشتیان بۆ یەک هەیەو حزبی سیاسی ناتوانێت خۆی لەو داخوازیەی خەڵک لابدات یان گوێی نەداتێ. کۆنگرە بۆ هاوپشتی بزاوتی کوردی دەگیرێ، نەک بۆ پاوانخوازی و داسەپاندنی ئاجێندای بەشێک بەسەر بەشێکی دیکەدا. جیا لەوە خۆ باشور، ڕۆژئاواو باکور نوێنەرانیان هەر لەو حزبانە نین کە ناوت بردن، نەیاری ئەو حزبانەشی تێدایە. نەخێر من وا هەستناکەمو قورساییو هێزی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا لەحزبەکانیاندا نابینم، لەجەماوەرو خەڵکەکەدا دەبیندرێت.

*سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ١٩ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣*

## ئامانجەکانی پشت "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد!" چین؟



**عەبدوڵا مەحمود**

وا بڕیارە بەم زوانە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد! بەبەشداری ٣٩ حزب و ڕێکخراوی سیاسی هەر چوار بەشی کوردستان لە هەرێم ببەسترێت.
پێشتریش بیرۆکەو هەوڵ بۆ سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی! دراوە، بەڵام ناکام ماوەتەوە. ئەوەی ئەمجارە شانسێک دەدات بە بەستنی کۆنگرەکە تورکیایە، کە پرۆژەی خۆیەتی و پێشنیاری سەرۆکی کۆنگرەکەشی کردووە، کە ئەگەر مەسعود بارزانی بێت لاریان لە بەستنی نییە. لێرەدا چەندین پرسیار خۆیان دەسەپێنن وەکو، ئامانج لە بەستنی ئەم کۆنگرەیە چییە؟ بۆچی تورکیا پشتیوانی لەم کۆنگرەیە دەکات؟ هۆکار چییە تورکیا پارتی و مەسعود بارزانی ڕادەسپێرێ بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە؟
بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بە پێچەوانەی هەوڵەکانی پێشوو، ئەمجارە پرۆژەیەکی تورکییە و سپێردراوەتە پارتی و بارزانی بۆ بەرپاکردن و گەیاندنی بەمەنزڵی خواستی دەوڵەتی تورکیا.
درێژە کێشانی کێبەرکێی ناوخۆی سوریا، ناکام مانەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، لە بانگەشەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەسەدو هێنانەگۆڕی باسی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانە، گۆڕانی بەسەر هاوسەنگی هێزو شانسی قوتبە ناوچەکاندا هێناوە. تورکیا وەکو زلهێزێکی ناوچەکە، بە ناکام مانەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، لە بەرامبەر قوتبی ڕوسیاو چین و سەرسەختی دەسەڵاتی ئەسەددا، گەورە زەرەمەندی هێزی ناوچەکەیە.
لە هەلومەرجێکی ئاوا تایبەتدا جوڵاندن و بەکاربردنی دۆسیەی کێشەی خەڵکی کوردستان، لەلایەن تورکایەوە، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. دەستبردنی تورکیا بۆ پرۆژەی وەرێخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و سپاردنی بە پارتی وەکو هێزیکی هاو بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆی، وە باڵادەست لەکوردستان و نەیاری مالیکی و قوتبی ئیرانی، هەنگاوێکی بەنەخشەی تورکیایە بۆ بەرگرتن بە مەوقعیەتی سیاسی و هێشتنەوەی هەژمونی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و ناوچەیەکانی. لە هەلومەرجێکی ئاوادا تورکیا بەدوای چەند ئامانجێکەوەیە، کە پێویستی بە ئارامی سیاسی، بێدەنگرتنی پەکەکە و لاباڵەکانی پەکەکە لە ناوچەکەدا هەیە.
درێژەدان بە پرۆسەی ئاگربەست و سات و سەودای لەگەڵ پەکەکە، یەکێکە لە ئامانجەکانیەتی. تورکیا دەیەوێت پەکەکە بکاتە دەستەمۆی سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر چەند ئیمتیازێکی نادیاری لەچەشنی ئاڵوگۆرهێنان بەسەر هەندێک بەندی دەستوردا. ئەمە لەکاتێکدایە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە تورکیا تەقینەوەی بەخۆیەوە بینی و دەسەڵاتی ئەردۆغان و حزبەکەی خستە بەردەم نەفرەتێکی جەماوەری لە پای سەندنەوەی ئازادییەکان و پێشێلکردنی ئازادی فەردی و مەدەنیەکان. لە ناودڵی ئەم نارەزایەتیانەدا، بەهۆی کاریگەری زاڵبونی ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی پەکەکە بەسەر بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا، بەشی زۆری خەڵکی کوردستان بەکردەوە خرانە ژێر ئاسۆی سیاسەتی ئەردۆغانیزمی تورکیا و لەدەرەوەی ریزی بزوتنەوەی سەراسەری لەدژی دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیادا، ڕاگیران...

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ دەوڵەتی تورکیا، بۆ راگرتنی پەکەکە و لەو ریگایەشەوە بۆ لێکترازانی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی حەقخوازانەی سەراسەری لە تورکیادا، یەکێک لە ئامانجەکانیەتی.

لاواز و پەراوێز خستنی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD وەکو باڵێکی پەکەکە لە سوریا، کە بەسازان لەگەڵ رژێمی ئەسەد باڵادەستی بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکانی سوریای پێسپێردراوە، یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی تورکیا. تورکیا پشتیوانی لە بەرەی نوسرەو چەکدارەکانی قاعیدە دەکات بۆئەوەی پەیەدە، توشی شکست بکات و رێگەبگرێت لەوەی لە داهاتودا، ببێتە هەرەشە لەسەری. بۆیە لە رێگای کۆنگرەی نەتەوەیەوە، هەوڵدەدات گوشارەکانی بۆسەر ئەو هێزە پەرەپێبدات تا ناچاری بکات مل بە دەسەڵات و دەستێوردانی بە وەکالەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بدات... تورکیا بەپەراوێزخستن و ملکەچ پێکردنی پەیەدە بە دەسەڵاتی پارتی، نەیارێکی تری سەرسەختی خۆی لە سوریادا، و هاوسنور لەگەڵ تورکیادا، بێدەنگ دەکات و هاوسەنگی هێزی خۆی لە سنورەکان و لەناو سوریاشدا بە قازانجی خۆی، دەشکێنێتەوە... پژاک کە پەکەکەی کوردستانی ئێرانە، و لاباڵێکی پەکەکەیە... لەگەڵ یان لە پرۆسەی درێژەماوەی گفتوگۆ و سازانی پەکەکە لەگەڵ تورکیادا، و لە رێگای پەکەکەوە، تورکیا دەیەوێت دەستی بەسەر بزواندن و جوڵاندنیدا، لە کاتی پێویستدا هەبێت و وەکو هێزێک لە ململانێی خۆی لەگەڵ ئێران بەکاری بهێنێت.

مەسەلەیەکی تر ململانێی نێوان دەوڵەتی تورکیا و حکومەتەکەی مالکییە کە لە پشتیوانی ئێران بەهرەمەندە. تورکیا بە هەڵبژاردنی پارتی بۆ سازدانی کۆنگرەی نیشتمانی، پارتی دەکاتە کارتی دەستی خۆی بۆ کێبەرکێی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتەکەی مالکیدا، کە هاوکات پشتیوانی لە مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەکات...

پارتی بەو پێگەیەی لەعێراقدا هەیەتی کە نەیاری مالکی و هاوکات هێزی سەرەکی و بڕیاربەدەستی دەسەڵاتدارێتییە لە کوردستاندا، بەو پشتیوانییە جیهانی و رێکەوتنامە ئابوری و سیاسی و هاوبەرژەوندیەی لەگەڵ تورکیا هەیەتی، جغرافیایەک کە پارتی تیادا باڵادەستە، جغرافیا و ناوەند و پشتی بەرەی جەنگی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و تورکیایەو ئۆپۆزیسیۆنە ئۆردوگا نشینەکانی ئەو وڵاتانەیە، کە هەمیشە لە ژێر گوشاری پارتیدان. پارتی هەرکاتێک بخوازێت هەموو هەوڵێک دەدات ئەو هێزانە وەکو کارتی مامەڵە و ئامرازی جێمەبەستی خۆی کەڵک لێوەر بگرێت... هەر ئەو پێگەیەی پارتیشە وای کردوە بتوانێت زوربەی زۆری حزبەکانی ناو بازنەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەشەکانی تری کوردستان و حزبەکانی کوردستانی عێراق بە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەسەڵاتەکەی خۆیشی بکێشێتە ژێر ئەو چەترەی کە کۆنگرەی نەتەوەیی، تیا سازدەکات و کۆنترۆڵی دەکات. پارتی ئامادەکاری و سازدان و بەرێوەچونی ئەم کۆنگرەیە، بە وەکالەت بۆیە بۆ تورکیا دەکات تا لەو رێگایەوە، خۆی وەکو حزبی دایک و سەرچاوەی سەرەکی بزوتنەوەی کوردایەتی نەک هەر لە کوردستانی عێراقدا بەڵکو لە ئاستی کوردستانی گەورە!! و وەکو حزبی رەسەنی هەموو کوردانی پارچەکان، نیشان بدات. هەروەها بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو حزب و لایەنانە، نەیارەکانی خۆشی کێشی ناو گەمەیەک دەکات، کەبەرژەوەندی خۆی تیا، باڵادەست دەکات. بارزانی دەیەوێت لەرێگای ئەم کۆنگرەیەوە خۆی وەکو سەرۆکی نەتەوەیی، نیشان بدات و ببێتە مەرجەعێک کە هەموو حزبەکان بۆی بگەرێنەوە. وەکو رەمزێکی نەتەوەیی! و کاریزمایەک دەربکەوێت.

ئەوەی کەنارەوایە، ئەم کۆنگرەیە، لەسەر پایەی بوونی ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بۆ خزمەتی دەوڵەتێکی قەومی فاشستی تورکیا و بۆ جێ پێقایمکردنی کۆمەڵێک حزب و لایەنی سیاسی بۆرژوا- قەومی کورد، کە دوورو نزیک هەڵگری چارەسەری ستەمی سەر خەڵکی کوردستان نین. ئەم کۆنگرەیە، کە لە دژی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان و هاوپشتی و هاوخەباتی و هاوچارەنوسی کرێکاران و زەحمەتکێشانی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەراسەری ئەو وڵاتانەیە... دیارە هاوکات دژی هەموو خەبات و تێکۆشان و بزوتنەوەیەکی سەراسەری و ئازادیخوازانە و کۆمۆنیستیشە. بۆیە ئەرکی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستە کە هەوڵەکان و پەیامی ئەو هێزانەو کۆنگرەکەیان، بە خەباتی لێبراوانە و کردەنی، وەڵام بدەنەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / رێکەوتی : ١٨ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## ئەو مەترسییانەی هەرەشە لەئیعتباری کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن



ئیبراهیم عەلیزادە

مەترسییەک کە بۆ سەر کۆنگرەی نەتەوەیی لەرێدایە بریتی نییە لەبەرێوەنەچوونی کۆنگرە لەرۆژی دیاریکراوی 24ی مانگدا، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم کۆنگرەیە نەتوانێت ببێت بەدامەزراوێکی جێگەی متمانە بۆ وەڵامدانەوە بەم ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەر شانی.

کۆنگرە دەتوانێت لەرۆژی دیاریکراودا بەپێی پلانێک کە بۆی دانراوە بەرێوەبچێتو تەنانەت دامەزراوێکیش لەدوای خۆی بەجێبهێڵێت، بەڵام لەباشترین حاڵەتدا هەر ئەوەندە کاریگەری لەسەر ژیانو خەباتی گەلی کورد لەهەر چوارپارچەکەی کوردستان دەبێت کە «ک. ن. ک»ی پێشوو هەیبوو.

مەترسی ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیە ئەمرۆ وەکو ئامرازێکی کاتی بۆ چەند مەبەستێکی کورتبینانە بەکاربێتو سبەی لەبیربچێتەوە.

ئەو مەترسییە هەر لەسەرەتای هەوڵەکانی ئاشکرا بۆ پێکهێنانی کۆنگرە دەستپێیکرد، سێ لایەن، پارتی دیموکراتی کوردستان، «پ, ک، ک»و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەناو خۆیاندا لەسەر هەموو وردو درشتی کارەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرە ساغدەبنەوە، ئەو جار دوو سێ ڕۆژ پێش بەڕێوەچوونی یەکەم کۆبوونەوە، نامەی بانگهێشت بۆ لایەنەکان دەنێرن بەبێئەوەی پرسیان پێبکرێت، لەجیاتی هەموان کاتو شوێنی یەکەم کۆبوونەوە دیاریدەکەن، تەنانەت ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە کێ بانگهێشت بکرێتو کێ نەکرێتو ژمارەی نوێنەرانی هەر لایەنەش بۆ ئەو کۆبوونەوەیە چەند کەس بن.

لەکاتێکدا کە پێوەندی هیچ دوو حیزبێک لەسەر بنەمای باوەڕ بەیەکترکردن دانەمەزراوە، لەوەها بارودۆخێکدا کارێکی لەم چەشنە هەر لەسەرەتاوە تۆوی دردۆنگی دەچێنێت.

هەڵەی دووەم کە مەترسی دەخاتە سەر ئیعتباری کۆنگرە لەبانگهێشتی میوانانی کۆنگرەدا دەردەکەوێت، بڕیاردراوە نوێنەرانی دەوڵەتانی سەرکوتگەری گەلی کوردو لەوانە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بۆ کۆنگرە بانگهێشت بکرێن، بەدڵنیاییەوە ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی کورد لەکوردستانی ئێران ئاگاداری دەرچوونی ئەو بڕیارە دەبن، هەر ئەو ڕۆژە کۆنگرە قورساییەکی ئەوتۆی بەلایانەوە نامێنێت، لەڕوانگەی دەوڵەتانی داگیرکەر گەریلا داگیرکەرەو دەبێت خاکی کوردستان بەجێبهێڵێتو لەئەوپەڕی سنوورەکانیش جێگەی نەبێتەوە، هێزی داگیرکەر خۆماڵییەو جێگەو پێگەی خۆی پتەوتربکاتو پێویستە قوربانیان پەیامی ئاشتی بۆ بکوژەکانیان بنێرن!

ئەو دەوڵەتانە لەحاڵێکدا کە خۆیان تاوانباری کوشتنی بە کۆمەڵو سەرکوتی خوێناوی گەلی کوردن، چاوەڕێی ئەوەن قوربانییەکانی ئەو جینایەتانە، کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان دەستیان بۆ چەک بردووە پەیامی ئاشتییان بۆ بنێرن، چاوەڕێی ئەوەن گەلی کورد یەک لایەنە لەستراتیژی سیاسی خۆیدا، خۆی لەئامڕازەکانی خۆڕاگری بێبەش بکات. بوونی نوێنەری ئەو دەوڵەتانە، ناتوانێت مانۆڕێکی دیپلۆماتیک بێت کە حکومەتی هەرێم لەپێناوی ئاساییکردنەوەی پێوەندی خۆی لەگەڵ دراوسێکانیدا بەڕێوەی دەبات، بەڵکو زەربەیەکی کوشندەیە لەمتمانەی خەڵکی کوردو بۆ وەها کۆنگرەیەکو ڕوشاندنی هەستی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردە. ئەو هەستەی کە زامنی بەدەستهێنانی ئازادیو مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

ئەگەر بانگهێشتنەکردنی ئەو دەوڵەتانە بۆ کۆنگرەیەک کە لەپایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، کێشەیەک بۆ پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێم دەڕەخسێنێت، بۆچی ئەو کۆنگرەیە لەدەرەوەی وڵات بەڕێوە نەچێتو هەندێک ئاستەنگی تەکنیکی لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی خۆیدا تەحەمول بکات، لەجیاتی ئەوەی کە باجێکی وەها قورسی بۆ بدات. بانگهێشتکردنی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانە تەنانەت ئەگەر وڵامی ئیجابی بە بانگهێشتەکەش نەدەنەوە، تەنانەت ئەگەر تەنها لەڕۆژی یەکەمو بۆ کۆبوونەوەی کردنەوەی کۆنگرەش بێت، زەربە لەبڕوابەخۆو لەحورمەتی کۆنگرە دەدا.

بێگومان ئەو بۆچوونەی کە ئەو دەوڵەتانە دێنێتە ناو کۆنگرەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک دەچێتە ناو ناخی هەموو وتارو بڕیارەکانی کۆنگرەو کۆنگرە ناچار دەکات بە پارێزەوە دەست بۆ مەسەلەکان بەرێت.

پرسی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ساڵانێکی دوورو درێژە کە لەئارادایە. بەڵام هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی سەقامگیرو بەردەوام کە بتوانێت بۆچوونو مەیلە جۆراوجۆرەکان لەسەر کێشەی نەتەوەییو مافی دیاریکردنی چارەنووس لەدەوری یەک کۆبکاتەوە، هەر جارەو بە هۆی پاوانخوازی ئەم یان ئەو هێزی سیاسی یان بەهۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتانی سەرکوتگەری خەڵکی کورد، شکستی خواردووەو ئەوە ڕێک ئەو ئەزموونەیە کە دووپات دەبێتەوە. هەر چەند ماوەیەکی کورت لەبەردەستدایە، بەڵام هەڵەکان دەتوانن چارەسەر بکرێن، بەو مەرجەی کە ئیرادەیەکی پتەوو بەرپرسیارانە دەور ببینێت.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند تێبینییەک



ئەحمەد عەلیپوور

ڕەوشی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین خۆی لە قەیرانێکی قووڵدا دەدۆزێتەوە. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، لەناوچوونی سیستمی دووجەمسەریی جیهانی بە قازانجی ڕۆژئاوا و پارادایمی لیبرالیزمی نوێ، لەناوچوونی ئێراق، دوای شەری ئێراق و ئێران، هەروەها شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان و ئێراقدا و شکستهینانی ڕۆژئاوا لەو شەڕانەدا، ئەو ناوچەیە تووشی ئاڵۆزییەک (Chaos) هاتووە کە لە زۆر بارەوە کار دەکاتە سەر ڕەوشی گەلی کوردیش. سەرهەڵدانی تەڤگەرِی ئازادیخوازانەی گەلانی ناوچە، خەباتی پێ پسانەوەی گەلی ئێمە و بوونی بە ئالتێرناتیڤێکی حاشاهەڵنەگر . بە تایبەتی ئەو تەڤگەرەی کە بەناوی هێڵی سێیەم ناسراوە ـ پرۆژەی نەتەوە ـ دەوڵەتی دەستکردی ڕۆژئاوای تووشی هەرەسهێنان کردووە. ئەورۆ ئەو دەوڵەتانە لە هەموو کاتێک لاوازترن و بە تەکانێکی هاووڵاتیانیان تێک دەرووخێن.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی دیکتاتۆریی چەندینهەزار ساڵەی دەوڵەت و دین و تاقی نەکرانەوەی ئەزموونی دێموکراسیانە، هەروەها ڕەواکردنی دەستەڵات و دەوڵەت،

کۆمەڵگەی مەدەنی نەیتوانیوە گوزارە لە خۆی بکا و بەو شێوە ڕێوەبەریی خۆی لە دەست داوە. ئەوە بۆتە هۆکاری بە هێزبوونی لایەنە توندڕەوە ئیسلامیستەکان، کە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لە لایەن دەوڵەتانی هەرێمی و ناونەتەوەییەوە بۆ بە لاڕێدابردنی ئاراستەی شۆڕشی گەلان دنە دەدرێن، لە ژێر ناوی ئیسلامدا دەست بۆ جینایەتگەلی لەباوەڕپەدەر دەبەن و دیکتاتۆریەتی داپۆشراو بە دین بەسەر گەلاندا دەسەپێنن. ئێران، ئەفغانستان، تونس و میسر تەنیا چەند نموونەیەکن. دارودەستەی تیرۆریست و مرۆڤکوژی ئەلقاعیدە، کە کاتی خۆی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ شەڕ لە دژی کۆمۆنیزم سازدرابوو، ئێستا لە هیچ جینایەتێک لە دژی گەلانی ئازادیخواز خۆی ناپارێزی. لە بەرامبەر ئەوەشدا گەلی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، وەک ئاکتۆرێکی سەربەخۆ دەستی داوەتە پێکهێنانی ناوەندەکانی سەربەخۆی ڕێوەبەریی خۆی. لە وەها کاتێکدا هەوڵ و چالاکییەکانی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وەگەڕ کەوتوون و لەوپەڕی برەوی خۆیان دان، مشتومڕ و قرە لەسەر بەشداریکردن و نەکردنی هەندێ حیزب و تاقم دەستی پێکردووە و کوردی دیاسپۆڕاش لە دەرەوەی بازنەی بەشدارانی داهاتووی ئەو کۆنگرەیە بەتەواوی دەرهاوێژراون.

## بۆچی کۆنگرەی نەتەوەیی؟

بیرۆکەی بنەڕەتیی پێکهێنانی وەها کۆنگرەیەک، سەرەڕای ئەوەی کە دۆزینەوەی هەندێ میکانیزم بۆ هاوکاریی هێزەکانی چالاکی مەیدانی تێکۆشانی کورد و ڕەچاوکردنی ستراتێژییەکی نەتەوەیی بۆ کێشەی کورد بوو، لایەنێکی دیکەشی ئەوە بوو کە ئەو کۆنگرەیە ببێتە هێمایەک بۆ یەکنەتەوە بوونی گەلی کورد کە سنوورە دەستکردەکانی کاپیتالیزمی جیهانی و پرۆژەی دەوڵەت نەتەوەی داگیرکەری کوردستان پەسند ناکا و بە ڕەسمییەتی ناناسێ.
ڕەهەندێکی دیکەی بیرۆکەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی، کە لە سەردەمی نوێدا بۆ یەکەمجار لەلایەن بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالانەوە ئاراستە کراوە، دیتنەوەی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ پێناسەکردن و ئاراستەکردنی کێشەی کوردە وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، کە خوازیاری سازدانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتە، کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بنەمای کۆنفێدرالیزم ڕۆنرابێ و تێیدا هەموو چین و توێژ، بیر و باوەڕ و ئایین و کولتوورەکان، وێڕای سەربەخۆیی و خۆڕێوەبەری، خاوەنی جێگە و پێگەی خۆیان و لە ژیانی ئازادی کۆمەڵگەدا بەشدار دەبن.
بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاوا پێویستە تێگەیشتن و خوێندنەوەی هاوبەش لە چەمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی گرێدراو بە کێشەی کوردەوە هەبێ و ئەو چەمکانە پێناسەیەکی هاوبەشیان لێ بکرێ؛ بەڵام کار بەوە کۆتایی پێنایە، چوونکا تەنیا پێناسەی هاوبەش لە چەمکەکان ناتوانێ ببێتە هۆی هارمۆنی لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەو مەبەستە زمانێکی هاوبەش پێویستە. بەکارهێنانی چەمک دەبێ لەسەر بەستێنی تێگەیشتن و لێکدانەوەی هاوبەش و هەروەها بەکارهێنانی وەکیەکیی ئەو چەمکانەش بێ. هەبوونی زمانی هاوبەش دەبێتە هۆی شێوەی ژینی هاوبەشیش، بە واتایەکی دیکە، خوێندنەوە و تێگەیشتنی هاوبەش لە کێشەی گەلی کورد، دەبێ ببێتە هۆی سیاسەت، هەڵوێست و سیراتێژیی هاوبەش . یان لانیکەم هەوڵدانی هاوبەش بۆ گەیشتن بە مافە گشتییەکانی گەلی کورد وەک نەتەوەیەک، نەک وەک چەند بەشی لێک جیاواز.
لێرەدا ئەوە گرینگە کە هەم بەکردەوە و هەم لە گوتمانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بە شێوەکی یەکسان ئاراستە بکرێن و هەوڵی هاوبەش بۆ بەدیهاتنیان بدرێ. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە تاکی کورد ئێراقی، ئێرانی، تورکیایی یان سوریایی نییە، بەڵکو لە هەر شوێنێکی ئەو کوردستانە بێ، دەبێ وەک شارۆمەندی کورد بناسرێ و مافی تەواوی شارۆمەندییەتیی هەبێ. لێرەدا دەبێ هەموو کوردان لەسەر یەکنەتەوە بوونی گەلی کورد یەک بیر بن، خۆ بە ئێرانی یان ئێراقی پێناسە کردن لە دژی ئەو بیرۆکەیە دایە. ئێمە وێنەی هەڵوێستی نەتەوەیی لە هاووڵاتیانی باکوورمان بە ڕوونی دەبینین.
باسکردنی ئێرانیبوون و ئەوەی کە حیزبێک، کە بۆ وێنە دەگوترێ لە باکووری کوردستان سەری هەڵداوە و بۆی نییە لە ڕۆژهەڵات چالاکی بنوێنێ، ملکەچکردن و مەشروعییەتدان و هەروەها دووپات کردنەوەی ڕۆژانەی دابەشکردنی کوردستانە، کە بەداخەوە ئەمە لەلایەن حیزبە سوننەتییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە بەردەوام دەگوترێتەوە، بێئاگا لەوەی کە ئەوانە بەو جۆرە لە کردەوەدا سنوورە دەستکردەکان دەپارێزن. ئەو شێوە تێڕوانینە، کە لە لایەن هەندێ حیزبەوە پەیڕەو دەکرێ و ئاکامەکەی ئەو پاوانخوازییە دواکەوتوانەیە کە بەشێک لە کوردستان بە ملکی خۆی دەزانێ، لە شێوە بیرکردنەوەی عەشیرەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. هەڵگری ئەو باوەڕە تەنیا گەیشتنی خۆی بەدەستەڵات بە ڕزگاریی گەلی کورد دەزانێ. ئەوەش لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی لێگەڕینەکان بە ئاقاری دەستەڵاتخوازیدا، ئەوەش لە خۆیدا حیزب و دەستەڵات بەرەو گەندەڵی دەئاژوێ هیچ، بە جێگەی ئەوەش کە پۆتانسییەلی حیزب و ڕێکخراوەکان لە دژی ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان تەرخان بکرێ، حیزب و ڕێکخراوەی ڕەقیبی دەکاتە ئامانجی قین و تووڕەیی خۆی. شەڕ و پێکدانەدان و لێکدابڕان و لێکجیابوونەوەی ئەو حیزبانە لە ماوەی سی (٣٠) ساڵی رابردوودا، دەبێ لەو ڕوانگەیەوە لێی بڕوانرێ. لەو بوارەدا هەندێک لەو حیزبانە بۆ لەناو بردنی ڕەقیبەکانی خۆیان، تەنانەت ئامادەن لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستانیش مامەڵە بکەن و تەنانەت کردووشیانە.
ئەو کۆنگریە لە لایەکی دیکەوە دەبوو بووبایە بە مەکۆیەک بۆ کۆکردنەوە و یەکانگیر کردنی تواناکانی گەلی کورد لە دەوری هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی و نوختەی کۆتایی دانان لەسەر ئەو ئالۆزی، بێنەزمی و پرش و بڵاوییەی کە هێزی سیاسیی کورد پێکی هێناوە، ئاڵۆزییەک کە بەڕای من لە داگیرکەرانی کوردستانی کەمتر زیانی لە گەلی ئێمە نەداوە.

## ئایا ئەو گۆنگرەیە سەرکەوتوو دەبێ؟

کورد دەڵێ "ساڵی خۆش لە بەهارەکەیەوە دیارە" . سەرەتای دەستپێکی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە هەندێ سیگناڵی نیگەرانی دەنێرێ، ئەوەی کە کەسانێک یان هەندێ هێزی تایبەتی دەیانەوێ بۆ خۆ شیرینکردن و مانەوە لەدەسەڵاتدا وەک کەرەسەیەک لە کۆنگرەی نەتەوەیی کەڵک وەرگرن، روون و ئاشکرایە؛ هەندێ حیزب و تاقم ئەوەیان بەروونی نیشان دا. لە لایەکی دیکەشەوە بەڕێوەبەران و بڕیاردەرانی ئەسڵیی کۆنگرە، رێبەران و سەرۆکانی ئەوە حیزب و تاقمانەن کە لە ماوەی سی (٣٠) ساڵی رابردوودا، جگە لە دروستکردنی کاوس و ئانارشی لە ناو حیزبەکانیان . تەنانەت لەناو خەڵکی کوردیشدا ـ و خۆهەڵاوەسین بە داگیرکەرێکی بەشێکی دیکەی کوردستان و دژایەتی و شەڕی دژی کوردی بەشەکانی دیکە، چی دیکەیان نەکردووە.

بیری زاڵ بەسەر ئەو رێبەرایەتییانەدا بیرێکی عەشیرەیی لە فۆرمێکی مەیلەو مۆدێرن دایە؛ ئەوە لە گوتە و کردەوەکانی بەشێکیاندا بە روونی دیارە. بە کورتی هەموو رێبەرایەتیی حیزبە سوننەتییەکان لە سەر سنوورە دەستکردەکانی پێداگری دەکەن و دەیانەوێ هەرێم بچکۆڵە بچکۆڵە لە وڵاتێکی گریمانەکراودا کە ئێران بێ بۆخۆیان قۆرخ بکەن. وێنەیەکی هەرە زەقی ئەو کردەوەیە داخستنی سنووری باشووری کوردستان بەسەر رۆژئاوای کوردستان دایە، کە لە لایەن تەنیا یەک حیزبەوە ئەنجام دراوە. ئەو هەڵوێستە هاوبەرژەوەندە دەگەڵ ویستی تورکیا و رەزایەتی ئەمریکایشی کە پشتە و شتێک نییە جگە لە پشتیوانی کردنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کوردکوژە تێرۆریستەکانی ئەلقاعیدە.

هەندێ لەوانە ئەوەندە لە ئێرانچییەتی و ئێراقچییەتی خۆیاندا زیادەڕەویی دەکەن، کە چارەوسەریی کێشەی کورد دەبەنە مەشهەدی ئێران و لەسەر دەستی خەڵکی مەشهەد بڕیاری لەسەر دەدەن. ئەوانە هەر ئەو کەسانەن لە ماوەی سێ دەیەی رابردوو دا لە شەڕی دژی کورددا چالاکانە بەشدار بوون و لەناو کۆمەڵگەی کوردیشدا بوونەتە هۆی لێکدابڕان و ئاڵۆزی.

کاتێک باسی ئاڵۆزی یان (Chaos) دەکەم، مەبەستم رەوشێکە کە نەزم و رەوشی ئاسایی کۆمەڵگە وا دەشێوێ کە هیچ یاسایەکی گشتگیر، یان نۆرم و ئەخلاقێکی سیاسی کۆمەڵایەتیی کۆپەسەند پەیڕەو ناکرێ. کاوس کاتێک لە ئارا دایە کە ڕایەڵەی کۆمەڵگە بە تەواوی شێواوە و ئانارشی جێگای هێمنایەتی و ئاسایش دەگرێتەوە. لەو کاتەدایە کە ئەخلاق بە گشتی بێ ناوەرۆک دەبێ.

لەماوەی ئەو سێ دەیەی تێپەڕیودا، ئێمە کە لە مەیدانی سیاسیدا چالاکیمان نواندووە، تەنیا شایەدی ئانارشی و بێنەزمی بووین لە سیاسەتی کوردیدا. ئەوە لە حاڵێک دایە کە گەلانی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بەرەو ئاراستەیەکی دیار دەڕۆن، ئاراستەیەک کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەی گەلان. زۆربەی هەرە زۆری جیهان لەسەر هەوڵی هاوبەش بۆ چارەسەری گرفتە هاوبەشە نەتەوەیی، ناوچەیی، هەرێمی و جیهانییەکان سوورن. ئێمە ئەو رێک نەکەوتنە تەنیا لەناو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردیدا دەبینین.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ ئەو هێزانە دەتوانن گەلی کورد یەک بخەن و بەرەو رزگاری رێبەریی بکەن؟ بەداخەوە وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارە نەرێنییە. زاڵبوونی ئەو بیرەی لەسەرەوەدا ئاماژەم پێکرد، ناتوانێ رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی بە گەلی کورد نیشان بدا. کێشەی کورد نە لە تاران و نە لە ئەنقەرە چارەسەر دەبێ و نە بە ئیمتیازدان بە ئەردۆغان و ڕوحانیش جێبەجێ دەبێ. کێشەی کورد تەنیا بە دەستی گەلی کورد خۆی، لە کرماشان، ئامەد، هەولێر، سلێمانی، مەهاباد و سنە چارەسەر دەکرێ. بۆ ئەو مەستەش دەبێ رێژەی ئەو توێژە لە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کە باوەڕی قووڵ و جدییان بە رەوابوونی مافی گەلی کورد هەیە و دڵسۆزانە هەوڵی بۆ دەدەن، لەو کۆنگرەیەدا زیاتر بێ. ئەوەی راستی بێ هیچ کەسێک ناتوانێ نوێنەرایەتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو کنگرەیەدا بکات. تەنیا نوێنەرانی راستەقینەی گەل لە رۆژئاوا و باکوورەوەن کە دەنگی گەلی ئێمەیان بۆ نوێنەرایەتی پارلمان پێدراوە.

تەنیا رەهەندێکی ئەرێنی کە لە کۆنگرەدا هەبوونی هەیە، نوێنەرایەتیی ئەو بیرۆکەیە کە لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان پەیڕەویی لێدەکرێ و خوێندنەوەیەکی تایبەتیی لە کێشەی کورد هەیە وەک کێشەی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت. نەتەوەیەک کە بوتە گەورەترین قوربانیی پرۆژەی دەستکردی نەتەوە ـ دەوڵەتی بە ناوەندیکراوی یەکدەستسازی داگیرکەر لە مێژوودا. بەمەرجێک ئەو بیرۆکەیە بتوانێ هێژمونیی خۆی لە کۆنگرەدا مسۆگەر بکا، دەتوانین بەو کۆنگرەیە و ئاکامەکانی گەشبین بین. دەنا ئەوەش دەبێتە بازاڕێک بۆ مامەڵەکردن و خۆنواندن بە قازانجی هەندێ تاقم و بنەماڵە کە لە خزمەتی ئێران و تورکیا دان.

*سەرچاوە : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / رێکەوتی : ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣*

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و چەند سەرنجێک



*خەلیل غەزەلی*

مانگی ڕابردوو بە ئامادەیی ژمارێک حیزبی کوردستانی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و بە سەرپەرستیی مەسعوود بارزانی کۆبوونەوەیەک بۆ ئامادەکردنی بواری پێکهێنانی ناوەندێک بەناوی "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" پێک هات. لەو کۆبوونەوەدا بۆ هەرپارچەیەکی کوردستان رێژەیەک بۆ بەشداریکردن لەو کونگرەیە دیاریکرا و هەروەها دەستەیەک بەناوی "دەستەی ئامادەکاری کونگرە"

هەڵبژێردرا و ئەگەری ئەوە هەیە لە دوا رۆژەکانی مانگی ئاگوست کۆبوونەوەی فەرمی دەست پێبکات. وەک چاوەڕوانیش دەکرا، مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی کاتیی ئەو ناوەندە دیاریکرا.

هەر لە پاش ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی سەرەتایی ئەو ناوەندە هەتا ئێستا، ئێمە زۆر هەڵوێست و ڕاگەیاندن و بیرو رامان لەو بارەوە دیتوە. کە بەشێکی زۆری وەک پێشوازیکردن و ئیجابی نیشاندانی ئەو هەنگاوە بوە. هاوکات بەشێکی کەمیش بەچاوێکی رەخنەگرانەوە لەئاست ئەو ناوەندە هەڵوێستیان گرتوە . منیش هەوڵدەدەم را بۆچوونی خۆم لەسەر کونگرەی نەتەوەیی کورد بەکورتی بنووسم.

منیش وەک زۆربەی هاونیشتمانیان هەبوونی ناوەندێکی یەکگرتووی پێکهاتوو لە نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان ( برینی لە هیزە سیاسی‌یەکان، ناوەندەکانی مەدەنی و کەسانی پسپۆڕ و رووناکبیر و بیرمەند)بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ پرسی کورد و "یەکدەنگیی نەتەوەیی" نەک هەر بە پێویست دەزانم بەڵکە لە هەلومەرجی ئیستادا بە گرینگترین و هەنووکەیی ترین ئەرک دەزانم. بۆیە هەر لە روانگەی ئەو پێویستی و زەروورەتەوە دەڕوانمە کونگرەی نەتەوەیی و را و بۆچوونم دەردەبڕم.

وەک باسکرا هەبوونی کونگرەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە نوێنەرانی گەلی کورد بە تێکرایی(هەر چوارپارچە) پێویستیەکە و پێموانی‌یە تاقە کوردێکیش هەبێت نکۆڵی لەو هەقیێقەتە بکات. بەڵام کاتێک باسی کونگرەی نەتەوەیی دەکرێ، هێندێک فاکتور و بنەما هەن کە بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو ناوەندەی کە بەناوی "کونگرەی نەتەوەیی کورد" ڕاگەیەندراوە، خۆی لێیان نزیک نەکردوەتەوە.

لە روانگەی منەوە هەر ناوەندێک کە ناوی "کونگرەی نەتەوەیی کورد" لەسەر خۆی دادەنێ یا هەر ناوەندێک بەهەر ناوێکەوە ئامانجی خۆی وەک قسەبێژی نەتەوەی کورد و پارێزەر و داکۆکیکاری بەرژەوەندیی و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد ڕابگەیەنێت، دەبێت خاوەنی هێندێک خاڵ و پرەنسیپ و مەرج و بنەما بێت کە بەڕاستی و لە واقع دا شیاوی ئەو ناوە و ئامانجە بێت کە لە سەر خۆی دایناوە. بێگومان تەنیا لەو کاتەشدایە کە ئەو ناوەندە لە لایەن جەرماوەری خەڵکەوە پشتیوانیی لێدەکرێ و خەڵک بە ناوەندی پارێزەری بەرژەوەندیەکانی خۆیانی دەزانن.

بەمەبەستی درێژنەبوونەوری باسەکە ، بە کورتی ئەو ئامانج و پرەنسیپ و بنەمایانە دەنووسم پاشان لەگەڵ ئەو ناوەندی کە خۆی وەک "کونگرەی نەتەوەیی کورد" ناساندوە هەڵیان دەسەنگێنم و ئەوسا چاوەڕوانیەکانم لەو ناوەندە ڕادەگەیەنم.

رەنگە کەس یا حیزب و ناوەندێک هەبن کە بڵێن تۆ وەک تاقە کەسێک مافی ئەوەت نی‌یە لە زمانی خەڵکەوە قسەبکەی و رێگەو شوێن بۆ خەڵک یا ناوەندێکی گەورەی وەک "کونگرەی نەوەتەوەیی کورد" دیاری بکەی. هەر لێرەدا بۆ رەوینەوەی هەرچەشنە بیرکردنەوەی ئەوتۆ، ڕادەگەیەنم کە : جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتوە و ئیتر حیزبێک یا چەند حیزبی سیاسی ناتوانن ئیدیعا بکەن کە "نوێنەری بێ ئەملاو و ئەولای" خەڵکی کوردن و بەخۆیان نازناوی "حیزبی کرێکاران و جووتیاران و جەماوەری کوردستان" یا "حیزبی خوشەویستی گەلی کورد" بدەن. لەم چەرخەدا منی تاک خاوەن مافی خۆمم و بۆم هەیە لە دیارکردنی چارەنووسی خۆمدا وشیارانە بەشدار بم. بۆیە هەر کەس و ناوەندێک بە چەشنێک وەک نوێنەری گەلی کورد (کە لە تاکەکان پێک هاتوە)خۆی بناسێنی،بەمافی خۆمی دەزانم را و بۆچوونی خۆمی لەسەر دەربڕم . بەتایبەت لەم هەلومەرجەدا کە شۆڕشی ڕاگەیەنەریی ئەو دەرەتانەی بۆ منی تاک رەخساندوە و تاپۆگەریی حیزبەکانی کاڵ کردوەتەوە، لەمەیداندا بوون و چاودێریی کردنی رووداوەکان بە ئەرکی هەر تاکێک و لەوانە خۆم دەزانم .

بە باوەڕی من لە هەلومەرجی ئێستادا کونگرەی نەتەوەیی کورد دەبێ پێش هەر شتێک، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کوردی لەپێش چاو بێت و ئەو بەرژەوەندیشە بێگومان تەنیا لەلایەن حیزبەکانەوە دەستەبەر نابێت یا ناپارێزرێت. چوونکە لە کۆمەڵگەی فرەچەشنی ئەمڕۆدا ئیتر ئەوە تەنیا حیزبی سیاسی نی‌یە کە نوێنەراتی خەڵک دەکات یا هەوڵ بۆ مافی خەڵک دەدات. بەڵکوو دەیان ناوەندی مەدەنی دیکە لە ئاستی کۆمەڵگەدا هەن کە زۆرجار (بە پێی هەلومەرج)دەوریان لە حیزبی سیاسی زۆرترە. بۆ نموونە دەتوانم لە ناوەندی چاک (داکۆکیکاری مافی مرۆڤی کورد) یا دەیان ناوەندی دیکەی لەو چەشنە لە هەر پارچەیەکی کوردستان ناو بەرم. دیارە ئەمڕۆکە ناوەندە مەدەنی‌یە نا حکوومەتیەکان لە هەر کۆمەڵگەیەدا بوونیان هەیە و دەبێ لەسەریان حیساب بکرێت. جیا لەوانەش هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی دەیان و سەدان و هەزاران پسپۆڕ بوارە جیاوازەکانە لە رووناکبیر، تێکنوکرات و رۆژنامەوان و ... کە بە زۆری لە حیزبی سیاسیدا بەشدار نین و وەک خۆیان چالاکن. گەر ناوەندێک کە بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد پێک دێت، لەو هەموو ئیمکانە ئینسانی‌یە کەڵک وەرنەگرێت، ئیتر چۆن دەتوانێت ئیدیعای"نەتەوەیی" بوون بکات؟

جیا لەوانەی کە بۆ پێکهاتنی ناوەندێکی داکۆکیکاری نەتەوەیی پێویستن، سەربەخۆ بوونی ئەو ناوەندە و بەتایبەت سەربەخۆ بوون لە دەسەڵاتە داگیرکەراکانی کوردستان و حکوومەتە ناوچەیی و جیهانی‌یەکان خاڵێکی دیکەیە کە دەبێ وەک بنەما لەبەر چاو بگیردرێت. لەبەر ئەوە گەر ئەو ناوەندە بەهەر هۆیەک سەربەخۆیی خۆی لەدەسبدات، ئیتر بەپێی بەرژەوەندیی لایەنی دەرەکی (دەوڵەتێکی داگیرکەر، دەسەڵاتێکی ناوچەیی یا جیهانی) خەت و رێبازی دەچێتە پێش و گەرچی بە رواڵەت بۆ بەرژەوەندیی کورد پێکهاتوە، لە کردەوەدا پاراستنی بەرژەوەندیی لایەنی دەرکی دەبێتە ئامانجی.

خاڵێکی دیکەی گرینگ بۆ کونگرەی نەتەوەیی کورد، تەبا بوونی کوردە لە ناو خۆیدا. بێگومان هەتا کورد لەناو خۆیدا یەکدست و یەک دڵ هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی(لەوانە کونگرەی نەتەوەیی) نەدات، هەرچەشنە هەوڵێکی دەبێتە شانۆگەریی و لە ئەگەری پیکهاتنی ناوەندێکی وەهاش، ئەو ناوەندە فرەتر دەبێتە ناوەندێکی بوروکراتیک بۆ ساخت و پاختەکان لە سەرەوە و قەت تواناى پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی نابێت. چوونکە ئەندامانی پێکهێنەری ناوەندێکی ئەوتۆ، نەک لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەڵکە لەسەر بەرژەوەندیی شەخسی یا رێکخراوەیی (سەرەڕای ئەوە کە چاوی دیتنی یەکتریان نابیت) یەکیان گرتوە و تەنیا ئیمتیازە حیزبی و شەخسی‌یەکانە کە یەکگرتوویی ئەوناوەندە دەپارێزێت.

بە چاولێکردن لەو خاڵانەی باسم کرد گەر چاوێک لە "کونگرەی نەتەوەیی کورد" و چۆنیەتی پێکهاتن و ئەندامانی پێکهێنەری بکەین، تەنانەت گەر وای دابنێین کە هەموو پێکهێنەرانی هیچ بەرژەوەندیەکی شەخسی ڕەچاو ناکەن، بەڵام زۆر بەداخەوە دیسان ناتوانین هیوایەکی ڕاستەقینەمان بەو کونگرە هەبێت کە بەهەقیقەت بتوانێ پارێزەری بەرژەوەندیە بەرزەکانی نەتەوەی کورد بێت.

بزانین بۆ:

یەکەم ئەوەی کە پێکهێنەرانی تەنیا حیزبی سیاسین و کۆمەلانی خەڵک و نوێنگەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەورێکیان تێدا نییە. ئەویش حێزب گەلێک کە زۆربەی زۆریان بەچەشنێک تاقیکاریی خۆیان داوەتەوە و لە پرۆسەی چالاکیی تا ئێستایان نیشانیان داوە کە لە خۆدەقدان لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا کلۆڵن. جیا لەوەش بە زۆری لەجیاتی باوەڕ بە جەماوەر و دەسەڵاتی جەماوەر، هەوڵیان دەسەڵاتداریی خۆیان و پاراستنی دەسەڵاتی ڕێبەری "مادام ئەل‌عومر"ی حیزبەکەیانە و هەموو بەرژەوەندیەکان و لەوانە بەرژەوەندیی نەتەوەیی قوربانی بەرژەوەندیی حیزبی و سەرۆک یا ڕێبەری حێزبەکەیان دەکەن.

بۆ ڕاستی ئەو ئیدیعایە گەر چاو لە پێکهاتی حیزبەکان(لانی کەم باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بکەین دەبینن کە چەشنێک "سازان سەرەڕای ناکۆکیەکانیان" بۆ لە چنگ گرتنی ناوەندەکە و پەراوێز خستنی خەلک و ناوەندە مەدەنییەکان زەق و بەرچاوە. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان بارزانی و حیزبەکەی بەهۆی ئەو ئیمکان و توانـاوە کە ئەمڕۆ هەیانە، بەشێوەی ئۆتوماتیک(بە هۆی لاوازیی حیزبەکانی دیکە و لەوانە یەکێتی نیشتمانی) بوونەتەو بکوژ و ببڕی ناوەندەکە و هێژمۆنی خۆی بەسەر ناوەندەکەدا سەپاندوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەزموونی تا ئێستای بارزانی و حیزبەکەی ئەوەمان پێ دەڵێ کە لانی کەم لەباری باوەڕ بە دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی ژنەوە کارنامەیەکی باشیان نییە. هەروەها لەباری سیاسی و پێوەندیەکانەوە دەستی باڵای تورکیە لە کردەوەدا بە روونی دەبینرێ. ئەگەرچی بۆ یەکێتی نیشتمانی ئەوە دەستی ئێرانە کە لەپشت سیاسەتەکانییەوە دەشەکێتەوە !!

لەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەردەکە بەشێوەیەک دیکە دەبینرێت. ئەم حێزبانە لە کاتێکدا هەرکام سێرەی لە سێبەری ئەوەی دیکە گرتوە و وەک دژبەری یەک لە مەیدان دان، لە حەرەکەتێکی دژی دیموکراتیکدا، دێن و شکستی ئینشعاب و دابرانی خۆیان بەسەر حیزبی دیکەدا ساق دەکەنەوە و بۆ بەرژەوەندیی شەخسی، بەشێوەی کاتی یەکدەگرن تا یەک دوو حیزبی دیکە بخەنە پەراوێزەوە. باشە ناوەندێک بە بوونی ئەندامانی لەو چەشنە کەی دەتوانێ باوەڕ و متمانەی خەڵک( کە پێویستی سەرەکیە بۆ ئیعتبار و مانەوەی هەر ناوەندێک) بەدەست بێنێ.

لەوەش خراپتر ئەوەیە کە قسەبێژانی کونگرەی نەتەوەیی ڕایانگەیاندوە کە دەوڵەتانی ئێران، تورکیە، عەرەبستان سعوودی و...یان ئاگادار کردوەتەوە کە ئەم ناوەندە(کونگرەی نەتەوەیی کورد) هیچ هەڕەشەیەک لە بەرژەوەندیی ئەوان ناکات و لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە هەرکام لەو دەوڵەتانە بۆ دانیشتنەکانی ئایەندەی کونگرە بانگهێشت کراون!! باشە مەگەر چکۆلەترین بەرژەوەندیی کورد، دژ بە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان نییە؟ ئەگەر بێت و کونگرەی نەتەوەیی کورد ئیزن نەدات بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە بکەونە مەترسییەوە، ئیتر بۆچی پێکهاتوە؟ ئایا پێکهێنەرانی ئەو کونگرەیە نازانن کە نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی (تا پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ) خەبات دەکات؟ ئیتر چۆن بەخۆیان ئیجازە دەدەن کە ئەوەندە لە ئاست داگیرکەران دابەزن کە چاوپۆشی سەرەتائیترین داخوازی نەتەوەکەمان، واتا مافی دیاریکردنی چارەنووس بکەن. لەکاتێکدا بەپێی پەسنکراوەکانی ڕێکخرای نەتەوەکانی یەکگرتوو(UN) دیاریکردنی مافی چارەنووس، مافی بێ‌ئەملاو و ئەولای هەر مرۆڤ و نەتەوەیەکە.

بەباوەڕی من کونگرەی نەتەوەیی کورد گەر بەو شێوەی کە تا ئیستا خۆی نیشانداوە بڕواتە پێش، نەک هەر ناتوانێ داخوازە مێژوویەکانی نەتەوەی کورد نوێنەراتی بکات، بەڵکوو زۆر بەداخەوە دەبێتە ناوەندێکی بوروکراتیک بۆ چەواشە کردنی داخوازە نەتەوەییەکانی کورد بەدەستی کورد ، کە داگیرکەران زۆرتر قازانجی لێدەکەن تا کورد.

هیوادارم ئەم کونگرەیە لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا لەسەر بەرژەندیەکانی گەلی کورد و سەربەخۆ بوونی لە سیاسەتە ناوچەیی و جیهانییەکان پێداگری بکات و هەموو هەنگاوێکی بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد بەدەستی خۆی بێت.

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست / ڕێکەوتی : ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و "تەلەفزیونی ڕووداو"



ئارێس زارعی

تکایە ئۆرگانی لیژنەی ئامادەکاری "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" مەکەنە دەستە چیلەی ئاگری تەماع و بەرژەوەندی خۆتان!

یەکەم: کاناڵی تەلەفزیونی و ڕۆژنامەوانی "روداو"کە کۆمپانیایەکی شەخسی نێچیروان بارزانیە بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆی و چین و بنەماڵە و حیزبەکەی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، لەو ڕۆژوە کە دەست بە کار بوە نیشانی داوە نە سادق، نە ڕاستگۆ و خزمەتگوزاری کۆمەڵگای کوردستانە و، نە لە سەر هێڵە گشتیەکانی ئوسڵی

ڕۆژنامەوانی هەنگاو دەنێت. ئەو خەتە مێدیایە ئیدئۆلۆژیکە دەیهەوێت بە چەند وتوویژ و کاری روتینی جەوسازی و فیل هەوا کردن، سەرنج و سۆزی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت تاکو بەو ئاراستەیەی کە مەبەستی ساحێبان و بەرێوەبەرانیەتی بیرو و ڕا و کولتوری کۆمەڵگەی کوردستان گۆش و پەروەردە بکات و بیخاتە خزمەت ئامانج و ویستەکانی خۆیەوە. "رووداو" دەیهەوێت خۆی وەکو ئاڵترناتیوی مێدیاکانی موخالیفی خۆی دەربخات و هەر چی بە قازانجی بێت، وەکو "ڕاستی و باشە" دەرخواردی خەڵکی بدات.

مێدیا کە دیارترین پێک هێنەرەکانی بریتین لە، تەلەویزیون، ڕۆژنامە، سینەما، ڕادیو، فیلم، وێنە و کاریکاتور و لەم سەردەمەشدا ئینتێرنێت و ڕاگەیەنەریی مەجازیشی پێ زیاد بوە؛ بە یەکێک لە هێزە زاڵ و کاریگەرەکانی یەکلای کەرەوەی بڕیار و دەسەڵاتی بەرێوەبەر و کولتوری کۆمەڵگا لە کایە سیاسی و حوکومداریەکاندا ناسراوە، نەخشی بەرچاوی هەیە لە موهەندیسی کردنی ئەفکاری کۆمەڵانی خەلک(بیروڕای گشتی)دا. هەر بۆیە دەسەڵاتداران و خاوەن سەرمایە و هێزە مادی و مەعنەویەکان هەمو هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ دەست بە سەر داگرتن و مۆنۆپۆل کردنی (ئینحیساری) ئەو بەشە کە دەستیان دەڕوات. ئەوان کاری ترسناک و خەرجێکی زۆر دەکەن بۆ دەستەمۆ کردنی ئەو بەشەش لە مێدیا و ڕاگەیاندنی سادق و ڕستگۆ و بەرپرس کە موخالیف و یاخین لەوان، کە هەوڵدان بۆ کرێنی نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕاگەیەنەریی سەربەخۆ دیارترین هەنگاوە لەو بوارەدا. مەبەستیان لەو کارە ئەوەیە تا لە گەڵ ئەوەدا کە کۆنترۆلیان دەکەن و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا لە کۆمەڵگا بەکاریان دێنن و بە گژ نەیارانی خۆیانیاندا دەکەن. هاوکات وەکو شێری بێ ددانیشیان لێدەکەن تا لە ئاست خۆیان و مودیریەتی لێورێژ لە فەساد(گەندەڵێ) و ستەم و جینایەیاندا توانای هەڵوێست گرتنیان نەبێت. ئەوە کارێکە کە گشت دەسەڵاتداران، لەوانەش ئەوانەی کوردستان دەیکەن، کە خاوەنی " رووداو" دیارترین و ترسناکترینیانە.

دووهەم: دێمەوە ناو باسە ئەسڵیەکەمەوە. گۆیا لیژنەی ئامادەکاری بۆ بەستن و بونیات نانی "کۆنگرەی میلی کورد" "لیژنەیەکی" ئامادە کردوە تاکو بینێرێت بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا،سوریە، بۆ لێکۆڵینەوە و دیتنی "ڕاستیەکان" لە رووداوەکانی ئەوێ! لەو پێوەندیەدا پێویستە ئیشارە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەم:

ئا: خۆ ئێستا ئورگانێکی ڕەسمی و خاوەن سەلاحیەت بە ناوی "کۆنگرەی نەتەوەیی" دروست نەبوە تا خۆی لەم کارانە هەڵقوتێنێت..

ب: بۆ مەگەر کۆنگرە قەرارە ببێتە دیوەخانی خان و حیزبەکان کاری ببێتە لیژنە و کۆموسیون سازی بۆم کار و بۆم باس، پێش ئەوەی سەلاحیەت بە دەست بێنێت و هەمو قەزیە و مسئەلەکە موتالعە و بدۆزێت؟ ئاخر ئەوەنیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراق ئابلۆقە و حەساری هەر چەشنە یارمەتی و فریا کەوتنێکی لە سەر خەڵکی بەش مەینەت و لێقەوماوی ئەو وەڵاتە داناوە. تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێی تەرانتەرێن و خۆ داسەپاندنی و پاوانی نیە؟! ئەی کۆنگرە بۆ لە پێشدا ئەوە رون ناکاتەوە و هەڵوێستی لەسەر ناگرێت؟

س: گۆایە پارتی یەکێتی دێموکراتیک (پێ یە دێ)، ئیزنی چونی ئەو "لیژنەی" نەداوە بۆ ناو وەڵات. ئەو لیژنە کێن و کەی دەچن و ئاگادری چین و قەرارە لە کام رووداو و کێشە ڕا دەست پێبکات لە پەیوەندی لە گەڵ کوردستانی سوریە و کوشتاری ئەو خەڵکە بێ تاوان و ماڤخوازە بە دەستی پاسدارانی ئیسلام و خوا و سەرمایە و دەسەڵادارانی ئەرز و ئاسمان؟ جینایەتی بەشار ئەسەد، جینایەتی تورکیە، جینایەتی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستانی ئیراق یان بێ رحمی و جینایەتی ڕۆژئاوایەکان و ئیسلامیە کورد و هاو باوەرەکانیان، لە کام رووداو و جینایەت دەکۆڵێتەوە ئەم "لیژنە" بێ ناسنامە و نادیارە؟

د. باشە مەگەر کۆنگرە کۆمسیونی "ڕاگەیاندنی دانەمەزراندوە، ئەی بۆ ئەو ئیخبار و باسانە لە کاناڵی ئەو کۆموسیونە و خودی کۆنگرەوە بڵاو نابنەوە و یان بۆ "پێ یە دە" و هیچ کاناڵ و ڕێکخراوێکی تر بە غەیری "دەزگای رووداو" نەبێت باسێکی وا نازانن و باسی ناکەن؟ باشە "رووداو" بۆ ئاشکرا ناکات لیژنەکە کێن و کەی دەچن و بۆ دەچن و میکانیزمەکانی کار و لێکۆڵینەوەکانیان کامانەن، تا لای گشت خەڵکی کوردستان چاک و خراپ ئاشکرا و ناسراو بێت؟ کۆنگرە ئەگەر نایهەوێت بێ ئیعتیبار و بێ کەڵک بێت و ئامانجی خزمەت کردن بە پێشەوە بردنی خەبات و شۆڕشی عادڵانەی کوردستانە لە پێناو بەدەست هێنانی مافە ئینسانیەکانیدا بێت، دەبێت مەتین، ڕاستگۆ، نەترس و لە ئاست هەمواندا عادڵ و بێ پەردە بێت و پڕاوپڕ بەرپرسانە عەمەل کات. دەبێت ئەوەی دەیکات و ئەوەی نایکات لە ڕێگای موعتەبەرترین کاناڵی راگەیاندنی سەربەخۆ و مسئول بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستانی باسی بکات و هیچ شتێکی شاراوە و لە بەرژەوەندی ئەم و ئەوی لە باخڵدا نەبێت و نەیشێرێتەوە.

کۆنگرە نابیت تا نەبۆتە دامەزراوەیەکی خاوەن سەڵاحیەت، بەبڕیاری فەرمی هیچ دەوڵەت و ڕێکخراوەیەکی حوکمی دەوڵەتانی جیهان دعوەت بۆ بەشداری لە کۆبونەوەکانی دروست بونیدا، بکات. دەبێت نوێنەرانی ڕاستەوخۆ و مسئول و موعتەبەر و سادقی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردستان بەرێوەبەر و بەشدار و خاوەن دەسەڵات و بڕیاری "کونگرەی نەتەوەیی کورد"بن. دەبێ هەر بەشداربویەکی ئەو کونگرەیە خاوەن ویژدان بێت و خۆی بە هەڵگری بەرپرسایەتی و نوێنەرایەتی بەشێک لە جەماوەری کوردستان بزانێت، نابێت ناسادق و دووڕو بێت لە گەڵ خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان. دەبێ شێلگیر و لێبراوانە ڕێگری بکات لە سەرەڕۆیی و خراپ بەکار هێنانی ئەو تریبون و ئورگانە و نەهێڵێ بکرێتە دەستە چیلەی ئاگری بەرژەوەندی کەس و لایەنێک و بکرێتە زنجیر و پێوەند لە دەست پێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا و قفڵ و کلیلەکەشی بدرێتە دەستی دەسەڵاتدارانی چەوسێنەر و ستەمگەری ژور و دەری کوردستان. دەبێت دەمی درۆ و شایعە سازی هەر ڕۆژنامە و کاناڵ و ئورگانێکی راگەیاندن و پاوانخوازێک بە سەند و بەڵگەی ئاشکرا و موعتەبەر پەرژین بکرێت و هیچ ڕاستی و رووداو و واقیییەتێکیش نابێت سانسۆڕ و ژێر خاک بکرێت لە پێناو بەرژەوەندی کەس و لایەنێکی تایبەتدا. کونگرە دەبێ بەشێوەی یەکسان بۆ بەرژەوەندیی تێکرای گەلی کورد گشت دانیشتوانی کوردستان بێت .

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست / ڕێکەوتی : ١٤ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی لە نێوان هەڵوێستی نەتەوەیی و دێموکراسیدا



عامر گوڵی

هەرچەند دێموکراسی لە تیۆریدا بە چەندەها جۆر تەعریف دەکرێت، بەڵام لە کردەوەدا تا چ رادیەک جێبەجێ دەکرێ، جێی پرسیارە؛ بەتایبەت ئەگەر پەنجە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوین بێت. دێموکراسی ئەو وشەیەیە کە هەموو حیزبیە کوردیەکان و هەموو تاکەکانیش لە چەند ساڵی رابردوودا بەگوێرەی پێویستییان بەکاری دێنن و لە رووبەڕووبوونەوە حیزبی و سیاسییەکاندا، یەکدی بەوە تاوانبار دەکەن کە شێوازەکانیان دێموکراتیک نیە و دیکتاتۆرن. ئەگەر هەڵبژاردن، بنچینەی دێموکراسی بێت، ئەوا هەموو حیزبیەکان لە نێو خۆیاندا هەڵبژاردنیان هەیە و خۆشیان بە لایەنێکی دێموکرات دادەنێن.

پرسی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا تا ئێستا مەجالێکی هاوبەش هاتووەتە ئاراوە کە کوردان بتوانن هەموو پێکەوە دێموکراسی تاقی بکەنەوە؟ ئایا پێوانەیەکی هاوبەش هەیە کە بە پێی شوێن و جێگەوپێگە، پێمان بڵێت دێموکراسی چییە و چی نییە؟ وڵامەکە بە دڵنیاییەوە "نا"یە. کە واتا ئەو پێوەرانە کە لە کردەوە دا باس لە دێموکراسی دەکەن (لە حیزبیە کوردیەکاندا) هەموویان لە بازنەیەکی بچووکدا قەتیس ماون و دێموکراسیش تەنها لە هەڵبژاردندا کۆدەکریتەوە و ئەمەش وای کردووە کە هەمووان دێموکرات بن!

کۆنگرەی نەتەوەیی ئەو مەجالە هاوبەشەیە کە دەتوانێت پێوانەیەکی هاوبەش بۆ دێموکراسی، بەپێی ویست و خواستی هەموو لایەنەکان بخولقێنێت. بەڵام کێشە ئەوەیە کە ئەم مەجالە هاوبەشە هێشتا پێکنەهاتووە، هێشتا پێوەرەکان دیار نین و هەر لایەنێک بەپێی بیروباوەڕ و تێگەییشتنی خۆی(کە گەورەترین ئەزموونی دێموکراسییان تەنها هەڵبژاردنە) دێموکراسی پێناسە دەکات. ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی ئەو مەجالە هاوبەشە بێت، لە ئێستادا پێوەرەکان بۆ لێکدانەوەی رەفتاری لایەن و کەسایەتیەکان، پێش کۆنگرەی نەتەوەیی، تەنها کارکردێکی ئیدۆلۆژیکی حیزبییان هەیە و نە زیاتر. وەک نموونە حکوومەتەکەی مورسی بۆیە تووشی ئەو وەزعەی ئەمڕۆ بوو کە نەیتوانی پێوانەیەکی هاوبەش، بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی میسر درووست بکات. هەر لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی هاوبەش کە بە دێموکراسی ناوزەد دەکرێت، بەردەوام باری سیاسی هەرێمی کوردستانی تێک دەدرێت و دێموکراسی دژی خۆی دەوەستێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەڵوێستی نەتەوەیی وەک کۆمەڵە رەفتارێک کە هەموو قازانجەکانی نەتەوەیەک بپارێزێت هێشتا چوارچێوەکەی دیار نیە و هەر لایەنێک دیسان بەپێی ویست و خواستی خۆی قازانجی نەتەوەیی دیاری دەکات. لێرەش ئەو مەجالە گشتییە کە پێوەرەکان بۆ هەڵوێستی نەتەوەیی دیاری دەکات، کۆنگرەی نەتەوەییە. ئەگەر هەڵوێستی نەتەوەیی پەیرەوکردنی قازانجی هەموو لایەن و تاکی نەتەوەیە، کە واتا تا ئێستا پێوانەیەکی گشتگیرمان بۆی نییە، چوونکە لایەنەکان، وەکوو پێکهێنەری نەتەوە، تا ئێستا پێکەوە دانەنیشتوون تاکوو باس لە قازانجی گشتیی نەتەوە بکەن. بۆیە بانگەشەی هەڵوێستی نەتەوەیی لە سۆنگەی هەر لایەنێکەوە بێت، تەنها کارکردێکی ئیدۆلۆژی حیزبی هەیە.

پرسیاری دوایی کە لێرەدا جێی باسە ئەوەیە کە ئایا "هەڵوێستی دێموکراتیک" و "هەڵوێستی نەتەوەیی" پێکەوە دەگونجێن یان نا؟

ئەگەر پێوەرە حیزبییەکان بۆ دێموکراسی و نەتەوەیی بوون قبوول بکەین، دەگەینە خاڵێکی زەقی ناکۆک لە نێوان دێموکراسی و نەتەوەیی بوون. ئەو خاڵە زەقە لە هەڵبژاردنی کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ بەشی رۆژهەڵات، بە ئاشکرا خۆی نواند.

هەڵبژاردنێک بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کومیتەی ئامادەکار ئەنجام درا و بە دێموکراتیک بوون وەسف کرا. پێنج ئەندامی ئەم کومیتەیە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی "پێنج" حیزب، کە لەرووی بیروباوەڕەوە هەر "دوو" حیزبین. لێرەدا خاڵێکی ناکۆک دیتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە دێموکراسی بەتەنها ناتوانێت لە قازانجی هەڵوێستی نەتەوەییدا بێت، چوونکە کەمترین نوێنەری لایەنەکان بۆ کومیتەیەک هەڵبژێردراوە. هاوکات ئەگەر دێموکراسی، بەشداری کردنی هەمەلایەنە بێت، تەنانەت لێرەدا دێموکراسی دژی خۆی وەستاوەتەوە. هاوکات لەولاشەوە زیادکردنی ئەندامێک بۆ کومیتەکە، بۆ حیزبێکی دی لە پێناو هەڵویستێکی نەتەوەیی، دژی هەڵبژاردنێک دەوەستێتەوە کە بە بناغەی دێموکراسی هەژمار دەکرێت.

لەم روانگەوە ئەگەر دێموکراسی و نەتەوەیی بوون وەکوو ئایدۆلۆژی، خاڵی ناکۆک لە نێوانیاندا هەبێت بەڵام دەکرێت پێکەوە رێکبخرێن. ئەوەی کە گونجاو نیە رێکخستنی پێش مەرجی ئەم دووانەیە، واتا رێکخستنی تاکرەوانە و فەرزکردنی بەسەر هەموو لایەنەکانە پێش کۆنگرەی نەتەوەیی، کە خۆی ئەرکی ئەوەیە ئەم دوو خاڵە رێکبخات.

هەرچەند ئەو ئامادەکاریانەی پێش کۆنگرە، هاوکات دێموکراتیک و نەتەوەیی نین بەڵام، ئەوە ناگەینێت کە مەشرووعیەتیان نییە، ئەوە وەکوو هەڵەیەکی بنچینەییەیە کە "دەتوانێت" ببێتە سەرەتایەک بۆ درووستکردنی پێکهاتەیەک، تا هاوسەنگی نێوان دێموکراسی و نەتەوەیی بوون بپارێزێت.

سەرچاوە : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / رێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## سەلاحەددین مەجیدپوور: گۆنگرە دەتوانێت دەزگایەکی سیاسی و ڕێکخەری تواناکانی کورد بێت .



سەلاحەددین مەجیدپوور، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی "هەولێر"دا ڕایدەگەیەنێت کە گۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئێستادا زەرووەرەتێکی حەتمییە بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان و ئەو کۆنگرەیەش تەنیا سوودی بۆ کوردان نییە، بەڵکو وڵاتانی جیهان و دەوروبەریش سوودی لێ وەردەگرن.

دیمانە: سەعد هەورامی

※ تا چەند بە کۆنگرەی نەتەوەیی گەشبینن کە بڕیارە لەم مانگەدا ببەسترێت؟

- بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، وەڵامێکی نوێیە بۆ پرسێکی لەمێژینەی کورد، ئەوەش بەو مانایەی کە کورد لەمێژە بە دوای یەکگرتن و یەکدەنگییەوەیە لە گوتاری سیاسی و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ جیهان و دەوروبەردا، هەوڵەکانی پێشووش بە هۆی نەبوونی چەند هۆیەکەوە وەک نەبوونی باڵانسێکی ناوخۆیی جێگر لە قورسایی هێزە سیاسییەکانی کورددا، زاڵبوون و باڵادەستبوونی ئایدۆلۆژی و فەلسەفە فیکرییەکانی غەیری کوردی و نەبوونی توانا و قورسایی پێویست لە پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، لە هۆکارە بەرچاوەکانی بێئاکام مانەوەی هەوڵەکانی پێشووە، بە بڕوای من ئێستا لایەنی ناوخۆیی کوردی و ئۆپۆزیسیۆن لە موعادەلاتی ناوچەکەدا وەک فاکتەرێکی جێگیر و هەروەها هەلومەرجی ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەو نیشانانەن بۆ بەئەرێنی هەڵسەنگاندنی هەنگاوی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی.

### گۆنگرە وەک پێویستییەکی ستراتیژیک

※ بەستنی کۆنگرەکە چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی کوردی دەبێت؟

- گۆنگرە دەتوانێت دەزگایەکی سیاسی و ڕێکخەری تواناکانی کورد بێت لە پێکهێنان و داڕشتنی بەرژەوەندیی هاوبەش و لە خوڵقاندنی ڕوانگەی هاوبەش و لە هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەکردەوەیی هاوبەش، هەر یەک لەمانە یاریدەدەر دەبن لە خوڵقاندنی کولتووری پێکەوەسازان، هاوبەش و یەکبوون لە کۆمەڵگای کوردی و سیاسەتی کوردیدا، هەر بەو هۆیانەی کە باس کرا گۆنگرە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە سێگۆشەی گۆڕانسازی لە داڕشتەی سیاسی، کولتووری و ستراتیژیدا لە کۆمەڵگای کوردیدا ببینێت، بە پێچەوانەی زۆر کەس و لایەن کە لە ڕوانگەیەکی کورتخایەن و تاکتیکیڕا، دەڕواننە پێکهێنانی وەها دەزگایەک، من لەو باوەڕەدام کە گۆنگرە پێویستییەکی ستراتیژیکە بۆ چێکردنی داهاتووی وڵاتەکەمان.

※ لێکەوتەکانی کۆنگرەکە لە چیی تردا دەبینیتەوە؟

- دەکرێ لێکەوتەکانی کۆنگرە لەسەر پێوەندیی نێوان ڕێکخستنە سیاسییەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان ببینینەوە، زۆر ڕێکخستنی سیاسیی کوردی کە تەنیا لە ڕێگای بڵاوکراوە و راگەیەنراوە گشتییەکانڕا یەکترییان دەدواند و بگرە دەناسی، لە ژێر ساباتی کۆنگرەدا لە نزیکەوە و زیاتر لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەدوێن و ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی رۆحیی لەسەر لێکنزیکبوونەوەی قاعیدەی ئەو ڕێکخستنانە لە درێژخایندا دەبێت، لە ئاکامیشدا هەموو ئەوانە ڕاستەوخۆ لە چوونەسەری رادەی هێمنایەتیی کۆمەڵایەتی و هەست و باوەڕی متمانە بە یەکتری لە کۆمەڵگای کوردستاندا برەو پێدەدا و بەهێزی دەکا، هەروەها زۆر ڕێکخستنی سیاسیی کوردی کە بە هۆی جیاوازەوە تووشی قەیرانی ڕێکخستن بوون و لە ئاکامدا دابڕانیان تێدا پێکهاتووە، لە ژێر چەتری کۆنگرەی نەتەوەییدا دەرفەتی خۆپێناسەکردنەوەی هاوبەش و تێکەڵبوونەوەیان بۆ دەخوڵقێنێت، هەموو ئەوانەش لە پێناو بەهێزترکردنی ریزەکانی کورد و دامەزراندنی وڵاتێکی ئاوەدان و میللەتێکی ئاسوودەیە.

### پێویستیی یەکهەڵوێستی و هاوکرداری

※ پێویستیی دامەزراندنی وەها دەزگایەک بۆ کورد، چییە؟

- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەردەمێکی پڕ گرێوگۆڵدا تێبپەڕ دەبێت، ئەو شەپۆلە لە گۆڕانگاری بە پێچەوانەی ڕابردوو، تێیدا بیرۆکە و هێزی بزوێنەری ناوخۆیی زۆر

باڵادەستە، پێناسەی نەتەوەیی و دینی دوو ئەکتەری بەهێز و بنەڕەتیی فیکری و ڕۆحین لەم وەرچەرخانانەدا، یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەو هەژانە پرسی لەسەرڕا خۆپێناسەکردنی ناوچەکە بە گشتییە، ئەو ڕەوتە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێکردووە و هێشتاش هەر درێژەی هەیە، لەم خەباتەدا ڕۆڵ و پێگەی کوردان گەیشتووەتە قۆناغێک کە هەم کورد بۆخۆی پێویستە تەکلیفی خۆی دیاری بکات و هەم وڵاتانی دەوروبەریش پێویستیان بەوەیە کە بزانن کورد بەرەو کوێ دەڕوات، بە کورتی کوردیش دەبێ لەو ڕەوتەدا بەرەی هەڵسووڕانی خۆی، بەرژەوەندییەکانی، دۆست و دوژمن، شەریک و ڕەقیبەکانی دیاری بکات، بۆ ئێمەی کورد وەک بەشێک لە توانا و میکانیزمی ئەو ڕەوتە ناوچەییە، پێویستیمان بە یەکهەڵوێستی و هاوکرداری هەیە، لە هەمان کاتیشدا هەبوونی سەرۆکایەتییەکی شارەزا و دووربین پێویستە بۆ پارێزگاری لە مانمان لە ئێستادا و مەرجی سەرەکییە بۆ وەدستهێنانی دەسکەوت و داڕشتنی بناغەیەکی قایم بۆ داهاتوو.

**※ ئەو دەزگایە تەنیا بۆ نەتەوەی کورد سوودی هەیە؟**

- پێکهاتنی دەزگایەکی بەرفرەوانی نەتەوەیی بۆ کورد تەنیا لە بەرژەوەندیی کورداندا نییە، بەڵکو وڵاتانی دراوسێ، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی دووریش پێویستیی حەیاتییان بە کوردستان هەیە، باشتر دەتوانن لە ڕێگای کۆنگرەوە پێوندییەکانیان لەگەڵ کوردان باشتر بکەن، بە هۆی هاتنەخواری ڕادەی بەرهەمی نەوت و گاز لە ڕۆژئاوادا، دابینکردنی وزە بە هۆی تەوابوونی بیرە نەوت و گازییەکانی ڕۆژئاوا لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا بە هۆی چوونەسەری ڕادەی کەڵکوەرگرتن لە سوتەمەنی، پێویستیی زیاتری بە گاز و نەوت لە داهاتوودا دەبێت کە هاوبەشە نەوتییەکانی ئێستای ناتوانن دابینکەری پێداویستیی وزەی ئەو وڵاتە بن، لە لایەکی ترەوە هەناردەکردەنی گازی ئێران لە ڕێگای تورکیاوە بۆ بازاڕی ئەورووپایش پێویستی بە دابینکردنی ئەمنییەت لە ناوچەکدا هەیە، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە کورد لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە لایەنێکی دیار و گرنگ لە دابینکردەنی پێداویستییەکانی وزەی جیهانی و هەروەها لایەنێکی بەهێز لە ئەمنییەت و پاراستنی هەناردەکردەنی نەوت و گاز، کە وا بوو ئەوە هەر کورد نییە کە قازانج لە هێمنایەتیی ناوچەیی دەکات، بەڵکو هەموو لایەنە ناوچەیی و جیهانییەکانن کە ئەمنییەتی دابینکردنی وزە بۆیان گرینگە و سوود لەو هێمنایەتییە وەردەگرن،
ئەو ڕەوتە بەهێزە ئابووری و سیاسییەی کورد پێویستی بە دیاریکردن و بەڕێوەبەردنی سیاسەتی پرۆفیشناڵە بۆ پاراستن و بەرفرەوانکردنی بەرژەوەندییەکانی، کۆنگرەی نەتەوەییش دەتوانێت ببێتە دەزگایەک کە لە هەر هەلومەرجێکدا کورد نوێنەرایەتی بکات، هەموو ئەوانە هاندەرن بۆ دامەزراندەنی دەزگا و ئەنستتیوتییەکان کە بتوانن بەرژەندیمان بپارێزن و کورد ببێت بە هێزێکی جێگای متمانە و بەهێز لە مامەڵە و دانوستان لەگەڵ هێزە ناوچەیی و جیهانییەکاندا.

**بەهێزیی پێگەی کورد و مامەڵەی دراوسێکانی**

**※ پێتوایە دراوسێکانی کوردستان بەرانبەر بەو کۆنگرەیە چ هەڵوێستێک وەردەگرن؟**

هەروەک لە وڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، پێگەی کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی لە ئاستێکی بەرزی وەهادایە کە هیچ لایەنێکی ناوچەیی و جیهانی، ناتوانێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی تواناکانی کورد لە ناوچەکەدا کارێک بکات، ئەوە لە سیاسەتدا بە مانای ئەوەیە کە تۆ خاوەنی قورساییەکی باشی، بۆ خوێندنەوەی باشتری ئەو ڕەوتە باشترە یەک بە یەکی وڵاتەکان کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە باس بکەین، دەوڵەتی ئێستای تورکیا بە گشتی سیاسەتی نکۆڵی و لەناوبردنی کوردانی بە شێوازی ٩٠ ساڵی رابردوو ڕاگرتووە و دەستی داوەتە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو وڵاتەدا،

ئاخر ئاڵقەی ئەو گۆڕانکارییانە داڕشتنی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا و دەستپێکردەنی دانوسان لە نێوان سەرۆکی پەکەکە و حکوومەتی تورکیایە، لە هەمان کاتدا بایەخی پوتانسێلی ئابووریی باشووری کوردستان بە ڕادەی وڵاتێکی بە هێز شیمانە دەکرێت و لایەنێکی بەهێزە لە داڕشتنی سیاسەت لە عێراقدا، وڵاتی سووریا ئەگەرچی ئێستا بووەتە مەیدانی شەڕی نێوان زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان، بەڵام لە داهاتوودا کوردان خاوەنی پێگە و توانای تایبەت بە خۆیان دەبن، ئێرانیش هەتا ئێستا قەناعەتی بەوە نەهێناوە کە کێشەی کورد وەک خاڵێکی نەگۆڕ بخاتە ڕۆژەڤی سیاسیی خۆیەوە،
سیاسەتی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە کوردان بەرنامەی مەهاری ئەمنییەتی ـ سیاسی و بەربەستکردنی کێشەکە بووە، لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئەو بەرنامەیەشدا هەموو توانا و میکانیزمەکانی بۆ بەڕێوەبردەنی ئەو سیاسەتە خستووەتە گەڕ و تارادەیەکی زۆریش تێیدا سەرکەتوو بووە، ئەو تابلۆیەی سەرەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کوردان بە گشتی لە بەهێزبووندان و دراوسێکانی کەوتوونەتە خۆکۆکردنەوە و خۆپاراستن، بە بڕوای من هەموو دراوسێیەکان، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان لە هەنگاوی یەکەمدا دژایەتیی ڕاستەوخۆی پێکهاتنی کۆنگرە ناکەن، بەڵکوو تێدەکۆشن لە ڕێگای جیاوازەوە کاریگەرییان هەبێت لەسەر بڕیاردان و هەڵسوکەوتی کۆنگرەدا، ئێستا پێگەی کوردان لەوە بەهێزترە کە دراوسێکانمان زۆر بە توندی بەرەنگارمان ببنەوە، هەڵوێستی داود ئۆغلو نموونەیەکی بەرچاوە لەم چەشنە سیاسەتەی کە لە سەرەوە باسم کرد.

سەرۆک بارزانی و بەرپرسیارێتیی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم کوردان لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا

* ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم لە کۆکردنەوەی لایەنەکاندا چۆن دەبینیت؟

- هەڵبەت ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنیا بە کۆکردنەوەی هێزەکانەوە نەبەستراوەتەوە، سەرۆکی هەرێم لە شوباتی ساڵی ٢٠١٢ موژدەی پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیەی داوە، ئەو دەستپێشخەرییە هەنگاوێکی مێژوویی لە جێگای خۆیدایە کە هیچ کوردێک ناتوانێت دژایەتی بکات، ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم وەک سەرۆکی دەزگایەکی دەستووری کە لە ناو دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا خاوەنی شەرعییەتی تەواوی ناوچەیی و نێونەتەوەییە، دەرگایەکی مەزنە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ناوەندە جیهانییەکان، لە ڕادەی ناوخۆیی کوردستانیشدا دەتوانێ ناوەندێکی کۆکەرەوە و پێشەنگ بێت لە لێکنزیککردنەوەی کورداندا،
بە دوای دامەزرانی کۆنگرەیی نەتەوەییدا ئەرکی سەرۆکی هەرێم لە پێشتر قورستر دەبێت کە بریتییە لە ڕاگرتنی یەکڕیزیی و یەکگرتوویی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا، سەرۆکی هەرێم لە ڕادەی سیاسەتی ناوچەیی خاوەنی ڕۆڵێکی گرینگە لە پێوەندی لەگەڵ کورد لە بەشەکانی تر و دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا، هەروەها بەرپرسیارێتیی نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم کوردان لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا لایەنێکی تری ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمە لە بەهێزکردنی کۆنگرەی نەتەوەییدا.

هەنگاوی کردەیی

* کورد ئامادەیی بۆ سازدانی کۆنگرەیی نەتەوەیی هەیە؟

- وڵاتێک بە ناوی کوردستان و میللەتێک بە ناوی کوردەوە هەیە، خواست و نیازی سیاسیی ئەو میللەتە زۆر ئاشکرا و ڕوونە، دەزگای ڕێکخستن یانی پارتی سیاسی بۆ وەدیهێنانی ئەو نیازە سیاسیانە دەیان ساڵە هەن و ئیرادەیەکی بەهێزیش هەیە بۆ لێکنزیک بوونەوەی ڕیزەکانی کورد کە وا بوو هەلومەرجی ئێستای ناوخۆی کوردان و حەز و ئاواتەکانمان بۆ داهاتووی وڵاتەکەمان و هەروەها ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، فرسەت و ئیزنی خۆمەحتەڵکردن بە کوردان نادات، ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە داخوازییەکانمان بگەین، پێویستە یەکدەنگ و هاودەنگ بین بۆ بردنەسەری زێدەبایی تواناکانمان، ئەگینا چارەنووسی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بگرە لەویش خراپتر چاوەڕوانمانە، پێگەی بەرزی ئابووری و سیاسیی کورد لە جیهاندا، فاکتەرێکی گرینگە کە پێویستە کورد زۆر بە جیدی کەڵکی پێویستی خۆی لێ وەربگرێت. ئەگەر بمانەوێ یەکدەنگیی کورد ببەستینەوە بە کاری فیکری، دیسان خۆدووپاتکردنەوە و خولانەوە لە بازنەی فەلسەفە نامۆکانی ڕابردوودایە، کە پێداویستییەکانی ئەمڕۆمان دابین ناکات هەر بۆیە دەبێ هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵگرین.

کۆنگرە وەک یەکەم هەنگاو سەرکەوتووە

* تا چەند باوەڕتان بە سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە هەیە؟

- بە بڕوای من سازدانی کۆنگرە وەک یەکەم هەنگاو سەرکەوتووە، داهاتووی سەرکەوتنی کۆنگرە لە هەوڵەکانی گرێدراوی چەند فاکتەری وەک واقعبینیی هەدەفەکانی کۆنگرە کە پێویستە بە تایبەتی لەگەڵ ڕاستیی توانایە ئابووری و سیاسییەکانی کورددا هاوتەریب بێت، دەرئەنجام و کاریگەریی ئەو ئامانجانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بە باشی ببیندرێن و فۆرمولە بکرێن، یەکرۆژەڤی لایەنێکی تری گرینگە بۆ درێژەدان بە هاوەدەنگی و مانەوەی کۆنگرە لە داهاتوودا، پێویستە هەموو لایەنەکان بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و داهاتووی وڵاتەکەمان بکەن بە مایە بۆ ڕۆژەڤێکی هاوبەش و کەلتوور و ستراکتۆری ڕێکخستنی کۆنگرە دوو فاکتەری گرینگی ناوخۆیین کە لە بەرپرشتبوون و سەرکەوتنیدا کاریگەرییان هەیە، هەر ئێستاش بەشێکی زۆر لە فەرهەنگی سیاسی-ڕێکخستنی ئێمە لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی ئیدئۆلۆژیک، ناوچەیی و عەسکەریدایە، ئەوانە بەشێک لە میراتی ڕابردوویەکن کە کورد لە بازنەیەکی زۆر بەرتەسکی ناوچەییدا دەجولایەوە، بەڵام ئومێد زۆرە بەرەو کرانەوەی زیاتر بڕۆین، بۆیە کۆنگرە دەتوانێت ڕۆڵێکی بناخەیی لەو گۆڕانە ناخۆییەدا هەبێت.

* بە ڕای ئێوە لەو کۆنگرەیەدا دەبێ گرینگی بە چی بدرێت؟

بە بڕوای من کۆنگرە لە دەستپێکدا لەسەر دوو هێڵ کار بکات، یەکەم ڕێکخستنی دەزگاکانی بەڕێوەبەری کۆنگرە، دووەم دامەزراندنی بنەماکانی پێوندییە نێونەتەوەییەکان، ئەو دوو ئەولەوییەتە پێویستی بە کەڵکوەرگرتنە لە توانا بەرفروانەکانی کورد لە دەرەوە و ناوخۆی وڵات، سەرۆکایەتیی کۆنگرە هەرچی کراوەتر لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی و هەروەها پسپۆڕ و لێزانانی بوارە جیاوازەکانی کورد هەڵسوکەوت بکات، بەو ڕادەیەش سەرکەوتوو دەبێت، ئەوە گرینگە کە کۆنگرەی نەتەوەیی، تەنیا لۆبی حیزبەکان نەبێت، دەزگایەکی کراوە بێت کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان هەموو تواناکانی کورد کۆ بکاتەوە، موبیلیزەیان بکات و کەڵکی پێویستی خۆیان لێ وەربگرێت.

**تێبینی**

**دۆستانی هێژا،**

**لە ژمارەی ئەمڕۆی( ١٦٧٣) رۆژنامەی هەولێر کە لە باشووری کورستان دەردەچێت. وتوێژێکی لە گەڵ من تێدایە. لەو دیمانەیەدا بە هەڵە لەقەبی زانستی منێیان(موهەندیس) بە دۆکتور شوپهاندووە. کە لە رێگای ئەو تێبینێیە ڕا ڕاستی دەکەمەوە. هەر بۆچوون و پرسیارێکتان لە سەر ناوەرۆکی دیمانەکەش هەبێت، دەنێمە سەرچاوەم.**

**سەلاحەددین مەجیدپوور**

**سەرچاوە : رۆژنامەی "هەولێر" / رێکەوتی : ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣**

## کۆنگرەی نەتەویی کورد، پشتگیری و چاوەڕوانییەکان



**ئەحمەدی قەسیمی**

کۆبوونەوەکەی ڕۆژی ٢٠١٣ / ٠٧ / ٢٢ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەولێر و دانانی لێژنەیەکی ئامادەکار بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. ئەم هەوڵە، لە لایەکەوە بە ئەرێنی و بە هەنگاوێکی پۆزیتیڤ بەرەو یەکگرتنی کوردان دائەنرێت، لە لایەکیترەوە، لەلایەن کەسایەتی و جەماوەرێکی زۆری دەرەوەی پارتە سیاسییەکان و هەر وەها لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی باشووری کوردستانەوە، بە گومانەوە سەیری کاتی بەستنی کۆنگرەکە و چۆنیەتی دەسنیشانکردنی سەرۆکایەتیەکەی ئەکرێت.

هەموو لایەک، لە سەر ئەوە هاودەنگن کە گەلی کورد، لەم قۆناغە هەستیار و پڕ لە گۆڕانکارییەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا دەرباز ئەبێت، پێویستیییەکی مێژوویی بە یەکگرتن هەیە. یەکگرتنی نەتەوەیی، ویست و ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری نزیک بە زیاتر لە ٤٠ میلیۆنەوە، وەک مەزنترین گەلی ناسەربەخۆی جیهان، لە نیشتمانی خۆیدا، بندەستە. ئەویش لە کاتێکدایە کە گەلانێکی بە ژمارە کەم، سەربەخۆیی تەواویان هەیە و ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن. بۆ نموونە وڵاتی ئاندۆڕرا لە نێوان سپانیا و فرانسا، ژمارەی دانیشتوانەکەی ٧٢ هەزارکەسە، یان دورگەی نایورو، ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٣ هەزار کەسە. ژمارەی دانیشتوانی واتیکانیش کە وەک وڵاتێکی سەربەخۆ ناسراوە ناگاتە ١٠٠٠ کەس، بەڵام واتیکان ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە.

گەلی کورد دەرفەتە مێژووییەکان بۆ سەربەخۆبۆنی لە کیسچووە و هەتا ئەمڕۆ نەیتوانیوە خۆی لە بندەستی ڕزگار بکات. ڕۆژنامەنووسێکی بە ناوبانگی سویدی بە ناوی ستێفان یەرتێن نووسیویەتی: "ئەوەی کە کوردەکان وەک یەکێک لە گەلانی شارستانیەتی مێزۆپۆتامیا نەیانتوانیوە دەوڵەتێکی گەورە بۆ خۆیان پێک بێنن، لە شتە سەیر و سەمەرەکانی مێژووە". بەردەوامبوونی بندەستی، لە بەرژەوەندی هیچ چین و توێژێکی گەلەکەماندا نییە و ئیتر ناکرێت و نابێت کە داگیرکەرانی کوردستان چارەنووسی ئێمە دیاری بکەن. گەلی کورد ئەتوانێ بە دڵنیاییەوە خۆی ڕێگای چارەسەی بۆ دۆزە ڕەواکەی دیاری بکات و خۆی بڕیاردەر بێت. گەلی کورد توانایی ئەوەی هەیە کە کۆتایی بە نەهامەتییەکانی بندەستی بێنێت و بۆ ئەوەش پێویستی بە یەکگرتنێکی هەمە لایەنە هەیە.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئەو یەکگرتنەیە کە گەلی کورد، نەک هەر ئەمڕۆ بەڵکوو زۆر پێشتریش پێویستی پێی هەبووە. ئەو کۆنفراسەی کە بڕیارە لەم مانگەدا لە هەولێر بگیرێت، چوارچێوەی کۆنگرەی نەتەویی دائەڕێژێت و بۆیە زۆر گرینگە کە لە سەربناغەیەکی دێمۆکراتیک دابمەزرێت و هەر بۆیەشە کە هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان، بەو پەڕی هەستیارییەوە چاویان لە چۆنیەتی ئامادەکارییەکان بۆ کۆنفرانسەکەیە و بۆ ئاکامەکانی.

بۆ ئەوەی خەبات بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەرکەوتوو بێت، پێویستە گوێ بگیرێت بۆ ئەو لایەنانەی کە ڕەخنەیان هەیە. گەلی کوردی ئەمڕۆ هەمان گەلی دوو سێ دەیەی لەمەوپێش نییە و زۆر وشیارترە لە جاران و لە هەموو بوارێکدا خاوەنی کەسانی پسپۆڕ و لێزانە. کۆنگرەی نەتەویی کورد، پێویستە نەک هەر دەنگی گەلی کورد ڕەوە دەرەوە بێت، بەڵکوو مەرجەعێک بێت بۆ دیاری کردنی ستراتێژیای خەباتی گەلەکەمان. کۆنگرەی نەتەویی کورد، پێویستە نەک هەر شەڕی خۆبەخۆی نێوان پارتە سیاسییەکان حەرام کات، بەڵکۆ هێزی چەکداری هەموو حیزبەکان لە ژێرِ یەک ئاڵادا کۆبکاتەوە.

پێویستە هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکان بەو پەڕی بەرپرسایەتییەوە هەڵسوکەوت بکەن و پێویستە بەرژەوندی نەتەویی و نیشتمانی کورد لە سەرووی هەموو بەرژەوندییەکی بنەماڵەیی و حیزبییەوە بێت. کۆنگرەی نەتەویی کورد پێویستی بە بەشداری چالاکانەی هەموو لایەنەسیاسیەکان، هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵاتی و

فەرهەنگییەکان و هەموو کەسایەتییە لێزان و دڵسۆزەکانی کوردستان هەیە. هەر وەک ساڵێک لە مەوبەر لە نەورۆزتیڤیدا ئاماژەم پێکرد، بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی و گۆمانەکان، بە ڕای من پێویستە بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەورەیی بێت و لەم بوارەدا، لە ئەزموونی بەڕێوە بردنی یەکیەتی ئەورووپا، کەڵک وەرگرێت. لە یەکیەتی ئەورووپادا، هەر شەش مانگ جارێک، وڵاتێکی بچووک یان مەزنی ئەندام، سەرۆکایەتی یەکیتییەکەیان ئەکات و هەموو ئەندامان لە بڕیار دانا مافی ڤیتۆیان هەیە، واتە پەسند کردنی هەر بڕیارێک، پێویستی بە دەنگی هەموو ئەندامان هەیە.

کۆنگرەی نەتەویی کورد، کاتێک سەرکوتوو ئەبێت کە خەڵکی لە پشت بێت. خەڵک پشتگیری ئەو کۆنگرەیە ئەکەن، ئەگەر کۆنگرەکە لە پێناوی بەرژەوندی نەتەویی و نیشتمانی و لە پێناوی چارەسەی دۆزە ڕەواکەیدا، دابمەزرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست / ڕێکەوتی : ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: مێتافۆر و سیمبۆلیزمی بارزانیی



**کامیار سابیر**

وتارێک لەسەر ڕەهەندی کولتووریی، زمانیی و سیاسیی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

بۆ هەر چالاکییەکی سیاسیی و کولتووریی، میتۆدی فیکریی و زمانیی، بەراورد، بە سەردەم و هەلومەرجە نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکان، زۆر گرینگن لەبەرچاو بگیردرێن. بەهۆی زەبروزەنگی جیهانیی و باڵادەستیی هێزە کۆڵۆنیالیستەکان، لە چەرخی رابردوودا، وڵاتانی عەرەبیی و دەوڵەتی عوسمانییەکان، بەگوێرەی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیی، دروستکران و زوڵمێکی زۆریش لە کەمینە جۆراوجۆرەکان کرا( کردرا). کوردیش یەکێکە لەو قوربانییانەی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، بەردەوام بۆ ئازادیی و مافی چارەی خۆ-نووس ( self-determination) خەباتی جۆراوجۆری کردووە.

بەهۆی ئاڵوگۆڕە تیژتێپەڕەکانی دنیاوە، هەنووکە میشیل عەفلەق، لە ژیاندا بمایە، کە خاوەنی دیدێکی شۆڤینیستییانە بوو، بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ئێسنکیی و مەزهەبیی ...ەکان، کە لە سەر خاکی وڵاتانی زۆرینە عەرەب دەژیان، ئەستەمە لە رووی بهاتایە، بیگوتایە" بژیی عەرەب". ئێستا ناسیۆنالیستە هەرە سەرسەخت و شۆڤینیستەکانی دنیای عەرەبیی، وازیان لەو یارییە نەتەوەییە عاتیفییە، کە بەکارهێنانی چەمکی "عروبە" یە هێناوە. جێگەی ناسۆرییە، تا هەنووکەش ئێنتێڵەجێنسیای کورد و ناسیۆنالیزمی کوردیی و ئەو وردەواڵەیەی ناویان رۆشنبیری سیاسییە، زۆر بەشەوقەوە " بژیی کورد و بژی کوردایەتیی" دەچرن، لەکاتێکدا دەبووایە، بژیی ئازادیی و نیشتمانی کوردان"کوردستان" جێگەی ئەو گەوجێتییە سیاسییەی بگرتایەتەوە. ئەم داوای ژیانە، بەتەنیا بۆ ئێسنیکی کورد ، پێچەوانەی ئەو میتۆدە سیاسییەشە، کە بەخۆیان دەڵێن حیزبە کوردستانییەکان( بۆ سەرجەم هاوڵاتییانی کوردستان)، هەموو ئەم پڕوپاگەندە ئێسنیکییانەش، لەسەر حیسابی ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و خودی ئازادیی تاکی کورد، لەلایەن بەشێکی زۆری حیزبە کوردستانییەکانەوە! درێژەی هەیە.

فێردیناند دێساوسوور Ferdinand de Saussure، لینگویستێکی سویسرایی، بە ماوەیەک پێش جەنگی جیهانی دووەم، مردووە. بۆچوونی لەسەر گەشەی زمان و گۆڕینی زمان بە پێی هەلومەرج و کات، بەمشێوەیەیە" زمان چوارچێوەیەکی داخراو نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەر و سەردەمەکەماندا بژین، بەڵکو سەنتەری بەیەگگەیاندن و گەشەکردنی فیکریی و کولتوورییمانە. لە ژیاندا، کات هەموو شتێک دەگۆڕێ، زۆر ناعەقڵانییە، زمان لەم رێسا یونیڤێرساڵییە بەدەر بێت". سیاسییە فاشیلەکان و ناسیۆنالیستە رەجاڵەکانی کورد، پاش دنیایەک ئاڵوگۆڕی سیاسیی و فیکریی و زمانیی و کولتووریی و جیۆگرافیی...تاد، هێشتا بە مێنتاڵیتیی سەردەمی ئەی رەقیب بیر دەکەنەوە و هێشتا بۆ گێلکردنی تاکی کورد، باکیان لەهیچ درۆیەک نییە و لە دوای راگەیاندنی کلێشەکانیانەوە، بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی عەوام، زۆر دیماگۆجییانە، " بژیی کورد" دەنووسن. نووسینی"بژیی"، وێڕای ئەوەی شیعارێکی راسیستانە ئایدیۆلۆژیستیانەیەو لەسەردەمی بەڵشەفیکەکان و دواتریش لای ستالین و نازییەکان و فاشیستەکان و ناسیۆنالیستە شۆڤێنییەکانی دنیاوە، برەوی ئایدیۆلۆژیی پەیدا کردووە، هیچ پێوەندییەکی بە ئیرادە و ئاگایی و توانستی نەتەوەیی و خەباتی رزگارییخوازییەوە نییە. ئەمە خاکەساریی ناسیۆنالیزمی کوردیی و ئێنتێڵەجێنسیا Intelligentsia بێفکرەکەی،دەگەیەنێت.

ئێستا ئەگەر واز لەو ریتۆریکە rhetoric ( زمان قەڵەوییە!) بهێنین و بە زمانێکی پاراو(oratory ) ی خاکیی، لەسەر فیکری ناسیۆنالیزمی کوردیی و راگەیاندنەکانی ئەو کۆنگرەیە و میتۆدی ئامادەکارییەکان و ئەجێندا کولتووریی و فیکرییەکانی قسە بکەین، پێموایە، جگە لە کراندنەوەی ئێسقانی کوردایەتیی و بژیی و نامرێ و حەماسی کاتیی و هەناسە ساردیی و ئۆخژنی عاتیفییانە، شتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە، شایانی باسکردن بێت. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ناوێکە لە دەیەکانی کۆتایی چەرخی رابردوودا، هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردەوە. ئەو تێگەیشتنە جیاوازانەی لە نەتەوەییبووندا کۆدەبێتەوە، لە زمانەکانی تردا، تەنانەت لە زمانی عەرەبییشدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە ئەوەندەی ناسیۆنال( بە فڕانسیی) و ناشناڵ بەئینگلیزیی بۆ رەهەندە کۆمەڵایەتیی و نیشتمانیی و سیاسیی و جڤاکیی و

چەمکی ماڵەوە"home " و هاوڵاتیی بەکار دەهێنرێت، ئەوەندە بۆ چەمکی نەتەوە" nation" بەکار ناهێنرێت، کە خۆی لە مەملەکەت realm و دەوڵەت state و دانیشتوان population وسوڵتانییەت dominion ...تاد دەبینێتەوە. تەنانەت بە عەرەبییش، چەمکی القومیة ئاڵوگۆڕی فیکریی و زمانیی و سیاسیی بەسەردا هاتووە و الوطنیة خەریکی برەو پەیداکردنە، بەڵام کوردی داماو، هێشتا لە نەخۆشیی و شێرپەنجەی "زمانی پەتیی کوردیی" دا تەپاوتلیەتی.

لەو پێودانگانەی سەرەوە، دەچمە سەر لایەنە سیاسییەکانی کۆنگرەکە و ئەو ئەجێندایانەی پارتیی دیموکراتی کوردستان، دەیەوێ ئەم کۆنگرەیەی پێ جڵەو بکات. کۆنگرەیەک، کاتی بەستنەکەی، کە پارتیی و ماڵی بارزانیی، داینەمۆ و رێکخەرو عەقڵی بونیادە سیاسیی و فیکرییەکەین، ئەوەندەی بە شوێن، باڵاکردنی هەژموونی سیاسیی و ئابووریی و کولتووریی خۆیانەوەن، لە ئاست پارچەکانی کوردستان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، "یەک لەسەر دە"ی ئەوەش بە شوێن، دەستکەوتی نەتەوەیی یان نیشتمانییەوە نەبوون و نیین. ئەگەر هەموو مێژووی ئەو حیزبە و بنەماڵەکەیان لەسەرەنگ بدرێ و پاک و پیسی کارەکانیان( زیان و قازانجەکانیان) جودا بکرێنەوە، پێموانییە، شتێکی پۆزەتیڤیان بمێێتەوە، تا کوردێک( وەک تاک و وەک رەهەندی نەتەوەییش) شانازیی پێوە بکات، جگە لەوانەی ویژدان و مۆراڵی کوردبوونیشیان بە بەرژەوەندیی ماددییەوە بەستراوەتەوە.

ئەمجۆرە سیاسەتەی پارتیی و هەندێ حیزبی کوردیی گرتوویانەتە بەر، ناسیۆنالیزمی "کوردیی"ان، زۆر بەرەزیلیی بۆ دواوە گەڕاندووەتەوە و هێناویانەتەوە بۆ ژێر دەوار و رەشماڵ و خێڵ و عێڵ و تیرە و بەرەباب و ...تاد، لە کۆنتراکتە گەورەکانی خەیاڵدانی دەوڵەتی نەتەوەییەوە nation-state، هێناویانەتەوە و بۆ ساباتی بەرژەوەندیی چەند حیزب و بنەماڵەیەک و چەند بیلیۆنێرێکی کورد و بە "شوانکارە" یان داوەتەوە. بەدڵنیاییەوە، ئەمجۆرە ریتۆریکە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییانەی ناسیۆنالیزم، کارەساتی نەتەوەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. کورد بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسی هەبێ، بۆ ئەوەی ئیرادەی سیاسیی هەبێ، پێویستی بە ناسیۆنالیزمێکی" بە ڤێرژنە نیشتمانییەکەی" مکوڕ و چەلەنگ و بە فیکر و بەرچاوڕۆشن و خاوەن ئیرادە هەیە، ئەم ناسیۆنالیزمە، پێویستی بەوەیە، بەرژەوەندیی گشتیی کورد و هاووڵاتییانی کوردستان" بەپێی پارچە جیاوازەکان" ، لەناو هاوکێشەی قووڵ و ئاڵۆزی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمییەکاندا بخوێنێتەوە و مانیفێستۆی رۆشن و هەنگاوی عەمەلیی بهاوێ و لە قسەی زل و گەزاف-گۆیی magniloquence کوردایەتیی( قۆڕترین و سەقەتترین ڤێرژنی ناسیۆنالیزمی کوردیی) دوور بکەوێتەوە.

٢١ ئەندامی ئامادەکاریی کۆنگرە، نوێنەری حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانن. حیزبە سیاسییەکان، ناتوانن نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەن. تەنانەت ناتوانن نوێنەرایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردییش بکەن. دەکرێ حیزبەکان، نوێنەرایەتیی خراپترین ڤێرژنی ناسیۆنالیزمی حیزبیی و ئایدیۆلۆژیی و ئێسنیکیی و کوردایەتیی خێڵەکیی و ناوچەیی(territorial nationalism ) بکەن، بەڵام نوێنەرایەتیی ئیرادەی سیاسیی ناسیۆنالیزمی کوردییان پێناکرێت. کەم تاکی کورد هەیە، دڵی بە کۆنگرەیەک خۆش نەبێ، کە قسە لەسەر ئاستەنگە سیاسییەکانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکات و دەرچەیەک بدۆزێتەوە بۆ بردنە پێشەوەی سەقفی داواکارییە نەتەوەییەکان و تەکانێکی باش بە خەباتە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکانی کورد بدات! بەڵام کەم کەسیش هەیە بە دنیایەک سڵەمینەوە و تەحەفوزی سیاسیی و کولتووریی و تەنانەت ئەخلاقییشەوە لەم کۆنگرەیە نەڕوانێت.

پارتیی دیموکراتی کوردستان، کەس غەدری لێنەکردووە و کەس دەستی نەگرتووە، تا لەماوەی پتر لە شەست ساڵی رابردوودا، خزمەت بە گەلی کورد بکات. بەتایبەتیی لە دوای ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ ەوە. ئەوە پارتیی بووە، هەمیشە لەگەڵ رژێمە داگیرکارەکانی کوردستاندا هاوپەیمان بووە. ئەم خۆشخزمەتییەی پارتیی بۆ داگیرکارانی کوردستان، لە ئێرانی سەڵتەنەتیی و ئیسلامییەوە بگرە، بۆ کەمالیستەکانی تورکیا و ئیسلامییە سوڵتانییەکانی ئیستا و سەرەنجامیش تا رژێمەکەی سەدام و هاوکارییکردنی باڵە شۆفینیزمە عەرەبییەکەی ئێستای عێراق، کە لە ئەوروپاش، داوای مافی کورد بکرێ، ئەم پانعەرەبیستانە، دژی دەوەستنەوە، درێژەی هەیە. ئێستا پارتیی دێت، زۆر چاوقاییمانە، بەبەرچاوی ئەو هەموو رۆشنبیرە بێفیکرە ناسیۆنالیستەی کوردەوە، بەبەرچاوی ئەو هەموو ئینێتێلەجێنسیا ! نەتەوەییانەی کوردەوە، نەخشەرێگەی کۆنگرەی نەتەوەیی دادەڕێژێ! ئایا ئەمە سکانداڵی فیکریی و سیاسیی و مۆراڵیی هەموو کورد ناگەیەنێت، پارتیی بەو مێژووە پڕ لە شکۆمەندییە نەتەوەییەوە، باسی کۆنگرەی نەتەوەیی بکات؟

بەڕاستیی، سیاسەتەکانی پەکەکە ( وردەواڵەکانی سەر بە پەکەکە) و گۆڕان و کۆمەڵە"باڵی ئیبراهیم عەلی زادە" و تەنانەت ئیسلامییەکانیش، لە چێکردنی ئەم کۆنگرەیەدا، لەئاست ویستی خۆداسەپاندنی پارتیی و ماڵباتی بارزانییدا، زۆر هەلپەرستانە و شەرمنۆکانە و داوەشاوانەیە. تەنیا ناوی ئەو هێزانەم هێنا، ئەگینا، بەشێکی زۆر لە حیزبە ئۆردوگانشینەکانی کوردستانی ئێران( بەتایبەت دێمۆکراتەکان وگرووپی موهتەدیی و ئیلیخانزادە......تاد)، ئەوەندەی پرۆکسی( - proxy وەکیل )ی پارتیی و یەکێتیین، ئەەندە نوێنەرایەتیی خۆیشیان ناکەن. یەکێتییش، پارتیی چۆنی بوێت، وەک قوڕ دەیشێلێت و دەیچەرخێنێت. پارتیی لەرێی پەکەکەو گۆڕان و کۆمەڵە و ئیسلامییەکانەوە، دەیەوێ کڵاو لەسەر تاکی هەموو کوردێک بنێت و بە ئەجێندا موخابەراتیی و پرۆژە زەبەلاحە ئابوورییە بنەماڵەییەکانی خۆی بگات. ئەوەی جێگەی ناسۆرییە، ئەو هەموو رۆشنبیرە سەربەخۆیانەی ، کە ناوی خۆیان ناوە قەڵەمی ئازاد و کەسانی سەربەخۆ، لەدەوری ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەکانی پەکەکە و گۆڕان، کۆبوونەتەوە، کەسیان متەقیان لێوە نەهاتووە! ئەمە بە حیزبییکردن و بە ئایدیۆلۆژیاکردنی هەموو کایە کولتوورییەکانە، بێدەنگیی لێرەدا، تەنیا بۆ رازییکردن و دڵ-نەئێشانی ئەو هێزانەیە.

کام حیزبی کوردیی دەتوانێ گەرەنتیی ئەوە بە گەلی کورد، بدات، کە پارتیی، ناوەڕۆکی هەموو کۆبوونەوە کانی کۆنگرە، بە میتی تورکیا و نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان ناگەیەنێت ؟ کێ دەتوانێ ئەو گەرەنتییە نەتەوەییە بدات، کە پارتیی بۆ ئەجێنداکانی تورکیە و ئەجێندا تەسکە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکانی خۆی، ئەم کۆنگرەیەی بەپەلەکرۆزێ رێک نەخستووە؟ کۆنگرەیەک بەم شێپڕەویی و هەڵەشەییە، ئەوەندەی ئامانجەکانی پارتیی بۆ موزایەدە و کرێدتی هەڵبژاردن و شاردنەوەی ملهوڕییەکانی خۆی

و حیزبە هاوپەیمانەکەیەتی "یەکێتیی" لە سەپاندنەوەی سەرۆکی هەرێمدا بۆ دوو ساڵیتر، ئەوەندەی بۆ شاردنەوەی سکانداڵی سیاسیی و عەسکەریی ٣١ ی ئابە بە ماکیاژێکی نەتەوەیی، ئەوەندە، بۆ بەدەستهێنانی بچووکترین ئامانجی نەتەوەیی( لە ڕووی سیاسیی و کولتوورییەوە) نییە.

کۆنگرەی نەتەوەیی، پێویستە بۆ کۆکردنەوەی یەک دەنگیی و یەک گوتاریی بێت، لای کەم لەئاست تورکیە و ئێران و عێراق و سوریەدا، کەچیی بۆ خزمەتکردنی ئەجێنداکانی تورکیە و دڵدانەوەی تورکیە بەڕێوە دەچێ. کۆنگرەیەک لەسەروبەندی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ( کورد بە کورد بەکوشتدان) ی کوردستانی سوریەدا، نەتوانێ قسەیەکی راشکاوانەو جەریئانە بکات، وەک ئەوەی دەوڵەتی تیمۆری رۆژهەڵات، گەمارۆی ئابووریی و سیاسیی خستبێتە سەر کوردستانی رۆژئاوا، نەک حکومەتەکەی پارتیی ( هەرێم)، لە هەمووی کۆمیدییتر، هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسیی، بەڕاستەوخۆیی یەخەی پارتیی و ماڵی بارزانیی نەگرن، لەسەر ئەم هەموو تراژیدیا سیاسییانەی بەسەر گەلی کوردیدا دەهێنن.

پارتیی بە کردەوە، لەگەڵ تورکیەدا، ئامادەیە، ئەگەر ئەزموونی کوردستانی رۆژئاوایشی( بەهەموو کێماسییەکانییەوە) پێ تێک نەدرێ، بەدڵنیاییەوە ئامادەیە، هەموو موجازەفەیەکی سیاسیی بکات و ئەو پارچەیەش ، وەک هەرێمی کوردستان، بکات بە دوو ئیدارەیی و لای کەم بەشێکی لەرێی مورتەزیقەکانی خۆیەوە، واتە ( البارتي-ئەلپارتیی) بیخاتە ژێر هەژموونی تورکیەوە. پارتیی بەناوی کۆنگرەی نەتەوەییەوە، گاڵتە بە هەموو ئەو شتانە دەکات، کە موقەدەساتی نەتەوەیی!!! پێدەگوترێ. هیچ حیزبێکی سیاسیی ( جگە لە پەکەکە، ئەویش سیاسەتی خۆی دەکات و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەلاوە گرینگترە)، جورئەتی ئەوەی تێدا نییە، بە پارتیی بڵێ، ئەم تراژیدیا نەتەوەییانە، رابگرە. لە کاتێکدا، پارتیی ئامادە نییە، هیچ هەنگاوێک بهاوێ، ئەگەر بەرژەوەندیی حیزبیی و بنەماڵەیی خۆی تێیدا رەنگ نەداتەوە و کێرڤی دەستکەوتەکانی نەچێتە سەرەوە.

هەموو ئەم یارییە سیاسییانەی پارتیی، لە یەک کۆنتێکستێکدا، میتافۆری سیاسیی ( بەکۆ) political metaphors پێدەگوترێ. ئەم میتافۆرە سیاسییانەش لەگەڵ وروژاندنی عاتیفەدا stirring emotions تێکەڵ دەکات و خەڵکی پێ چەواشە دەکات و لێکدانەوە عەقڵانییەکان، ژێرئاو دەکەون و لێکدانەوە سۆزدارییەکان، سەرئاو دەکەون. خۆهەڵکێشانەکانی پارتیی لەهەمبەر ئۆپەراسیۆنی دیجلەی مالیکییدا، منەتکردنی پارتیی بەسەر کوردانی پارچەکانی تردا و بەمەرجەعکردنی بارزانیی ، سەپاندنی سیمبۆلیزمی بارزانیی " مەلا مەستەفا" لە پارلەمانێکی ئەتککراوی ٣١ی ئابەوە بەسەر یەکێتیی و گۆڕان و ئیسلامییەکان و هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا، بەشێکی کەمن لەو کەڵەگایە میتافۆرییە سیاسییە عاتیفییانەیەی پارتیی و بارزانیی، کە ئامادەن چەندین بیلیۆن دۆلاری سامانی نیشتمانیی گەلی کوردی بۆ هەڕاج بکەن. لەهەلومەرجێکدا، درێژەدان بە ئابلۆقەی کوردستانی رۆژئاوا و هاوکارییکردنی تورکیە بۆ گوشارخستنە سەر پەیەدە و دروستکردنی مورتەزیقەی کورد بۆ شەڕی ناوخۆ، لەژێر ناوی فرە حیزبیی و دەنگی جیاوازدا، سیاسەتی رەسمیی پارتییە، بەشدارییکردن لەو کۆنگرە نەتەوەییەدا، گەورەترین سووکایەتییە بە خەبات و قوربانیی گەلی کورد بەگشتیی و ئەوپەڕی بێئەخلاقیی سیاسییشە immoral politics بۆ هەموو هێزەکان، لەپێش هەموویشیانەوە بۆ ( پەکەکە و گۆڕان و ئیسلامییەکان ) لەژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەییدا، سیمبۆلیزمی بارزانیی بگەشێننەوە و درێژە بەم هەلپەرستیی و دوالیزمە سیاسییە بدەن.

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست / رێکەوتی : ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی مۆکەری سیاسەتی سەقەتی دەسڵاتی باشوری کوردستانە. یان خەمی ڕزگاری کوردە لە داوو تەڵەی دوژمنان




باوان بریزی ..

کورد، لە هەموو نەتەوەیەکی دیکەی سەر ڕووی هەسارەی زەوی پتر پەرتەوازەو بێ بەرنامەو بێ ئەجێندای نەتەوەیی و پاشکۆو دەرباری عەرەب و عەجەم بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەهایە ، ئەم تاس و حەمامە هەمان تاس و حەمامەکەی جارانێتی و هەردەم و هەمیشە کورد بە مەن و مکیالی نەتەوە سەردەست و داگیرکارو دەسترۆکانی ناوچەکە بەهاو بایەخ و گرنگی شتەکان و پێشهاتەکان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەی پێواوە و دەپێوێت و هیچ کات و هیچ دەمێک نەمان دیتووە لە مێژووی ئەوانەی پێیان دەوترێت ڕابەران و سەرکردەکانی کورد لە ڕابردوودا، هیچ کامیان دەربازی ئەم چوارچێوە نەگریسەیان کردبێت و خاوەنی ڕوانگەو ستراتیژیەت و سیاسەتی تایبەت بە خۆیان بن و لە گۆشە نیگایەکی فراوانی کوردانەوە بۆ پێشهات و گۆڕانکارییەکان بڕوانن و بتوانن ڕۆڵگێڕو یاریکارێکی هێند باش بن کە کورد وەک نەتەوەیەکی زیندووی خاوەن ئیرادەو هەڵوێست و سەربەخۆ نیشان بدەن، بەڵکو هەردەم و هەموو کات کورد کارتێکراوو پاشکۆ کراوو بووە ! هەندێک جار بە زۆرو زۆر جارانیش بە ویستی خۆی ! بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایەشم ناگەڕێمەوە بۆ هێنانەوەی نمونە لە ڕابردوودا کە ڕابردوومان تەژین بە نموونەی زۆر ، خوێ لە برینی هەڵەی دێرین ناکەمەوە، بەڵام نمونەی ئەمێستا لە پێش دەستمانە ، ئەو هێزانەی ئەمڕۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەبەستن هەر یەکێکیان بە جۆرێک لە جۆرەکان پاشکۆو دەرباری داگیرکارانی کوردستان و دەوڵەت و هێزە هەرێمییەکانی ناوچەکەن ، لە ئیسلامی سیاسی یەو بیگرە تا دێتە سەر بە ناو دیموکرات و بە ناو نیشتیمانی و بە ناو نەتەوەیەکانی بەشدار

بووی کۆنگرەی نەتەوەیی ، هەرکات و هەر ساتێک ئەمانە توانییان و هەوڵیاندا کوردستان لە کایەکانی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیدا سەربەخۆ بکەن و دەربازی ئەجێندای دەرەکی ببن و لە ڕوانگەیەکی کوردانەوە بۆ دنیا بڕوانن و تەقلی سیاسەت و ئەجێنداو کۆمپلۆی دوژمنان نەبن و کوڕی کورد بە قوربانی کچی تورک و عەرەب و فارس نەکەن و نەچنە ناو بازنەی دژایەتی گەلی خۆیانەوە ، ئەو دەم دەتوانین کۆنگرەکەیان و ئیدیعاکەیان و بانگەشەکانیان بەڕاستی بزانین ، وەکتر هەموو هاش و هوشێک هەموو خۆ بەدێوکردن و خۆ میکیاژ کردنێک کاتییەو خەڵکی زیرەک و وشیار ڕووی پاک و بێگەردو ناسک و ڕووی کرێت و چرچ و قرچۆڵ وێڕای ماکیاژی سیاسی دەناسێ.

لەڕۆژئاوا کۆمپلۆیەکی هەرێمی بەڕێوەیە ئەنفالێکی نوێ بۆ گەلەکەمان رێکدەخرێت کوردان ئاوارەو پەڕاگەندە دەکرێن ، کورد تکفیر دەکرێن ، کورد و شەرەف و دەسڵات و چارەنوسی لەو پارچەیەدا لە بەردەم هەڕەشەدایە، لێرە لە باشور هێزێک بە تاک لایەنە سنوری داخستووە بە ڕووی گەلەکەیدا، لە پێناوی بەرژەوەندییەکی تەسکی حزبایەتی ، بە هێنانەوەی بیانووی لاوازی بێ بنەما ، لێگەڕاوە گورگ گەلی قاعیدەو تورک و تێرۆریستان لوتیان لە خوێنی کورد بنێن و کوردانی رۆژئاوا ئەنفال بکەن ، لێرەش جاڕی یەکرێزی کوردو کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەدەن ، کە بە بڕوای من جگە لە نمایشێکی سیاسی و پێناوێک بۆ دێواندن و پەردەیەک بۆ داپۆشینی نەنگییەکانی ڕابردوو هیچی دیکە نییەو بێ بایەخ و کەم ئەرزشە ، چونکە لە زەمینەی کرداریدا دەرهاویشتەکانی نابینرێن و ئامانجەکانی ڕوون نییەو بە مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوەو ناڕواتە بواری پراکتیزە کردنەوە.

سەچاوە : ماڵپەری پێنوسەکان / رێکەوتی : ١٤ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## پێشنیارێک بۆ بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی ...



سوورە مەرگەیی

بۆ ئەوەی ئێمەی کوردیش وەک نەتەوەکانی تر ببینە خاوەن رۆژی نەتەوەو لەو فرە دەنگی و فرە رەنگییە دەرچین، بۆ ئەوەی ئەو رۆژەش وەک رۆژی شەهید و رۆژی پێشمەرگە لە بێشکەی مەرامە حزبییەکاندا لایەلایەی سیاسی بۆ نەکرێ، پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی رۆژی ٢٤ ـ ٨ ـ ٢٠١٣ کە یەکەم رۆژی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییە وەک رۆژی نەتەوە بناسێنێ، هەر چەندە زۆر رۆژی مێژوویی هەن و دەبوایە یەکێک لەو رۆژانە وەک رۆژی نەتەوە دیاریکرابا، لەوانەش رۆژی چوونی بارزانی نەمر بۆ پشتیوانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکوور، یان چوونی بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵات، یان رۆژی پەڕینەوەی لە چۆمی (ئاراز) و لەباربردنی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەی لە دۆزی کورد کراو، سەرکەوتنی بەسەر ئەو هاوپەیمانییە سەربازییە سێقۆڵیەی نێوان دەوڵەتانی داگیرکاری تورک و فارس و عەرەب دژ بە ئامانجە نەتەوەییەکان، لەو هەڵوێستە سنوور شکێنانەن کە مێژووی خەباتی رزگاری نیشتیمانی و سەربەخۆیی نەتەوەیی شانازیان پێوە دەکات، چونکە ئەگەر ئەوکات ئەوە کرابا ئێستا لە سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی وڵاتەکەمان زۆر نزیک دەبووینەوە.

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی. ئێوە لەبەردەم ئەرکێکی مێژوویی دان، مێژوو بانگتان دەکاو داهاتوو چاوی لە دەستی ئێوەیە، چیتر ستراتیجی نەتەوەیی بە بێژینگی تاکتیکی حزبیدا مەکەن، چەند شەرمە کورد تا ئێستا خاوەنی رۆژی شەهید و رۆژی پێشمەرگە نییە!تا ئێستا شەهیدەکانمان رۆژێکیان نییە تیایدا پیرۆزبایی گیان بەخشین لە یەکتری بکەن و چەپکە گوڵی سەرکەوتن لە یەخەی ئامانجە نەتەوەییەکان بدەن، لە کاتێکدا هەزاران شەهیدمان هەیە کە هەر یەکێکیان خاوەنی چیرۆکێکە لە گیانبازی و فیداکاریدا، ئەو گیانبازی و فیداکاریەش بوو لە باشووری کوردستان ژینگەیەکی وایان درووست کردووە کە دوور لە چاودێری داگیرکارانی کوردستان، کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەولێر کۆدەکاتەوەو زامی بە ژواری لێکدابڕانی نەتەوەیی سارێژ دەکات، دەزانن بۆچی نەمانتوانیوە بە دیاریکردنی رۆژێکیش بۆیان رێز لە چیرۆکی گیانبازی و فیداکاریان بگرین؟!

مەرامە حزبییەکە بە شێوەیەک زاڵبووە هەموو دەستکەوتە نەتەوەییەکان لە دەستکەوتی سیاسی خۆیدا دەبینێ، ئەوتا حزب هەیە دە تا دوازدە شەهیدێکی هەیە، پێیوایە ئەگەر رۆژی شەهید بە حزبی نەکات غەدری لێدەکرێت، حزبیش هەیە تا ئێستا شەهیدی نییە، پێیوایە دەبێ رۆژی شەهید دوا بخرێ تا ئەو بە قەزاوقەدەر شەهیدێک دەداو ئەوکات ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی شەهید، حزبیش هەیە تا خۆی نەگاتە دەسەڵات دنیا لای ئەو هەر شەوە، چۆن دەچێتە ژێر یاری دیاریکردنی رۆژی شەهید!

دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگەش وەک رۆژی شەهید باجی زاڵی و برەو سەندنی سیاسەتی حزبسالاری دەدات، گوومان لەوەدا نییە کە پێشمەرگە بوون یەکەم هەنگاوی شەهید بوونە، هیچ کەسێک ناتوانێ بە پلەی بەرزی شەهید بوون بگات تا پیشەی پێشمەرگە بوون هەڵنەبژێرێ و ئەرکی پێشمەرگایەتی ئەنجام نەدات، حزبگەلێک بەو شێوەیە دیاریکردنی رۆژێک بۆ شەهید بە قەیران بکەن، چۆن دیاریکردنی رۆژ بۆ هەنگاوی یەکەمی شەهید بوون کە پێشمەرگە بوونە بە قەیران ناکەن! حزبگەلێک هێنانەدی ئەمرۆژە بە دەستکەوت و بەری رەنجی خوێنی شەهید نەزانن و رۆژێک بۆ رێز لێگرتنیان دیاری نەکەن، لە خەمی پاراستنی دەستکەوتەکاندا نابن و لەگەڵ ئەوەشدا نابن

رۆژێک بۆ پارێزەرانی دەستکەوتەکان دیاری بکرێت.

بەرێزان ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی. سالْ (٣٦٥) رۆژە، سیاسەتی حزبسالاری دوو رۆژ بە شەهید و پێشمەرگە رەوا نابینێ، کاتی ئەوە هاتووە بە نواندنی هەڵوێستی نەتەوەیی سحر و جادووی حزبسالاری بەتاڵ بکەنەوەو رۆژی٢٤ ـ ٨ ـ٢٠١٣ بکەنە رۆژی نەتەوەو دوو رۆژیش بۆ شەهید و پێشمەرگە بەجێبێلن و (٣٦٢) رۆژەکەی تر با بۆ حزب پەرستان بێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان نێت / رێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## پرسی جینۆسایدی کورد لە کۆنگرەی نەتەوەییدا



ئارام ئەحمەد

پەیام و پشینار بۆ رای گشتی و لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی

هەرەشە و تاوانەکانی لە ناوبردن، کۆمەڵ کوژی، دژی مرۆڤایەتی و تاوانە جۆراوجۆرەکانی جەنگ دژبە گەلی کورد یەکێکە لە کێشە و ئازار و
دیاردە هاوبەشەکانی نەتەوەیی و کوردستانی، لە مێژووی کون و نوێ و، لە گشت بەشەکانی کوردستان و، بە ئەندازەی جیاواز.
بۆیە لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی و دەسەڵاتداری و لە قۆناغی بونیاتنانی دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسسی و ریکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیشدا، پرسی جینۆساید و تاوانە دژ بە مرۆفایەتیەکان لە کوشتن و وێرانکردن و ئاوارەکردن و راگواستن دژ بە کورد و پێکهاتەکانی ترلە کوردستاندا، خەمێکی هاوبەش و پرسی کۆکەرەوەو هاندەرێکی گرنگ و بزوێنەری نەتەوەیی و نیشتیمانی بوە و، کاریگەرییەکی بەرفراوانی کوردستانی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەبووە.
گشت حزب و رێکخراوە نەتەوەیی و کوردستانییەکان، بە بیرورا و ئایدۆلۆجیەتی جیاشیانەوە، پرسی جینۆساید و تاوانەکانی تری دژ بە گەلی کوردستانیان وەکو بابەت و ئەرک و خەمێکی گرنگ، کەم و زۆر، بایەخ پێداوە و بگرە زوربەیان، هەر بەشێک بوونە لە پرۆسە ی قوربانی و رووداوە پەیوەندیدارەکان وەهەم کارتێکەر و هەمیش کارتێکرابوون. لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر باس وخواسی نەتەوەیی و نیشتیمانی هاتبێتە پێشەوە لە مەڕ ئەو تاوانانە و ئەگەر و دوورنماکانی، ئەوا پرسی جینۆسایدی کورد، یان ئەو تاوانانە بە مان و واژەکانی تری، لە ئەجینداى باس و گفتوکۆکان بووە. جارهەبووە گەیشتۆتە پلانی کار و کاردانەوەش، بەڵام هەروەک پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی تر نەگەیشتۆتە ئەندازەی دانانی ستراتیجی و کارنامەیەکی هاوبەش ویەکگرتوو بۆ بەرەورووبونەوەی رووادنی ئەو جۆرە تاوانانە، یان هەڵوێست و کاری پێویستی نەتەوە ئامێز لە کات لە دوای رووادنی تاوانەکان.
چەند تاوانێکی جینۆسایدی کورد، ماوەیەکە خۆیان دوورنمای نەتەوەییان وەرگرتوە. بە تایبەت کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال، زیاتر شۆربوونەتەوە ناو هەستی نەتەوەیی. ساڵانە لە کاتی یادەکان و چەندین بۆنەی تر و وەکو بابەتێکی بەردەوام و زیندوش، ئاستی نەتەوەیی ونیشتیمانی وەرئەگرن. لە گشت بەشەکانی کوردستان، لە ناوەوە و لە دەرەوە، کۆبەندییەکی نەتەوەیی بەدی ئەکرێ و لە چالاکی هاوبەش و بەشداریکردنیان و وەکو هاوخەمیەکی هەمەلایەنە بەرجەستە ئەبنەوە. هەڵبەتە، پێویستە گشت تاوانەکانی تری جینۆساید و دژ بە مرۆفایەتی بەرامبەر گەلی کوردستان بگەینرێنە ئاستی وشیاری و خەمی هاوبەشی نەتەوەیی و پێکەوەش لە ستراتیجێکدا گەڵالە بکرێن.
تاوانی جینۆساید، لای چەندین میللەتی تر بۆتە پرسێکی نەتەوەیی گرنگ. میللەتی وا هەیە، جینۆسایدی کردوە بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی و مایەی جوڵاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەست و وشیاری هاوبەشی هاووڵاتیان و، پێدانی جۆرە پیرۆزییەک پێی کە وەکو هێلی سوور بێت و، بکرێتە پێوانەی پێناسە و ئینتیمای نەتەوەیی و ئەرکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە سەر بینادبنرێت. جینۆسایدی کوردیش، خەریکە دوورنماییەکی ستراتیجی و گشتگیر پەیدا بکات کە جێی خۆیەتی نەخشە رێگەیەکی نەتەوەیی وای بۆ دابنرێت کە مافی خۆی بدرێتێ و لانی کەم بکرێتە کۆڵەکەیەکی ستراتیجی نەتەوەیی کورد و کوردستان.

جینۆسایدی کورد، هەر تەنیا پرسێکی مێژوویی نەتەوەیی و نیشتیمانی نیە، بەڵکو پرسێکی ئێستایی و ئایندەییشە.

لە ئێستادا، جینۆسایدی کورد پرسێکی گەرمە و هەر لە ساڵای رابردووەوە ئاستێکی ناوچەیی و نێونەتەوەی لە ناساندنی جینۆساید برەوی سەندوە و هاوشان لە گەڵ پرسە سیاسی وئابوورییەکانی تایبەت بە کوردستان بایەخی پەیداکردوە. بۆ نمونە لە چەندین پەرلەمانی ناسراودی دنیادا گفتوگۆری قووڵی لە سەرکرا و ناسێنرا و لە ئاستی دامودەزگاکانی حکومەتەکانیشدا باسی چۆتە پێشەوە و گرنگی پێ ئەدرێت. هەروەها تاوانەکانی دژ بە کورد لە رۆژئاوای کوردستان، بۆتە خەم و ئەرکێکی نەتەوەیی هەنووکەیی و پانتایەکی سیاسی وەرگرتوە.

بۆ ئایندەش، ئەگەری ڕوودان و دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانە وهەڕەشە چاوەڕوانکراوەکان لە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی پڕ لە ململانێی توند و گەرم کە کوردستاندا لە چەقیاندایە، ئەرکی ناساندنی نێونەتەوەی زیاتری سیاسی و یاسایی تاوانەکانی جینۆسایدی کورد و پەیوەندییان بە ئامانج و ستراتیج و مافە نەتەوەییەکانەوە، ئەمان خەنە بەردەم ئەو ئەرکەی کە پرسی جینۆسایدی کورد وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی گرنگتر و بابەتێک پێکەوەبەستن تەماشا بکەین. جێی خۆیەتی لەم قۆناغە و لەم دەرفەتەی گۆنگرە نەتەوەییدا، پرسی جینۆسایدی کورد:

بخرێتە بەرنامەی سەرەکی گۆنگرەکەوە -

لە ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکاندا جێی تایبەتی پێ بدرێت -

ئالییەتێکی کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئەرکەکانی دیاری بکرێت -

بڕگەیەکی سەرەکی گفتوگۆکان بێت-

- لیژنەیەکی تایبەت بۆ باسکردن و گەڵاڵەکردنی وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی بۆ تەرخان بکرێت

- لایەنە پەیوەندیدارەکان، ڕێکخراو و شارەزاو چالاکوانی ئەو بوارە و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیان بەشداربکرێن لە گۆنگرەکە و بەتایبەت لە بڕگەی جینۆسای و، بکرێنە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرنامە و راوێژ و گفتوگۆو چالاکیەکان و بڕیارەکانی تایبەت بەم پرسە.

- هەر هەنگاوو ڕێوشوێنکی تر کە لە ئەنجامی گفتوگۆو و پێشنیاری تر بە پێویست وبەکەڵک بزانرێن.

سەرچاوە : ماڵپەری خەندان / ڕێکەوتی : ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و دەرفەتی بەردەم کوردی ڕۆژهەڵات



ڕەفیق حوسێن پەناهی

### پێشەکی

سەدەی بیست و یەک سەدەی گۆڕانکارییەکانە، زۆربەی نەتەوە بندەستو زۆرلێکراوەکان قازانجیان لەم گۆڕانکاریانە بینیوەو تا رادەیەکی بەرچاو بە ویستو داخوازی نەتەوەییان گەیشتوونو دەرفەتی نوێو تازەش دەڕەخسێنێ بۆ هێندێک نەتەوەیتر، بۆیەکورد وەک یەکێک لەو نەتەوە بە ئاوات نەگیشتووانە، دەبێت هەڵەکە بقۆزێتەوە و سوود لەو گۆڕانکاریانە وەربگرێت، بە تایبەت لەوەها دۆخێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لە ڕەوشێکی زۆر هەستیارو ناسک دایەو لە ئەگەری هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێک بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەییمان بکەینەوەو خۆمانی بۆ تەیار بکەین. هەر بۆیەو بە لەبەرچاوگرتی ئەم ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەدەبێت هەوڵ بدەین بۆیەکریزی و یەکگرتوویی گەلی کورد، بەم شێوەیە هاوسەنگی و قورسایی خۆمان لە ناوچەکەدا بسەلمێنینء بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو بنێین بۆ گەیشتن بە سەرجەم مافەکانمان، بۆ نەتەوەی ئێمە یەکگرتوویی یەکێک لەم فاکتەرە گرینگانەیە بۆ دیاری کردنی دوارۆژێکی گەش.

بێگۆمان ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی رزگاری و ئازادی نەتەوە چەوساوەکانە لە ژێر دەستی ودیکتاتۆریەت، لەسەدەی ڕابردوودا هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو هەلی بۆ گەلێک نەتەوەی چەوساوە و ژێر دەست ڕەخساند کە بە مافەکانیان بگەن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیێنن و ببن بە خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆیان، لەم سەدەیەشدا شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دژی زوڵم و نایەکسانی و دیکتاتۆرییەت کە لە ئافریقاوە دەستی پێکرد و خۆی لە ئێمەش نیزیک کردۆتەوە و هەنووکەش هەر بەردەوامەو بێگومان کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر کاروانی خەباتی نەتەوە ژێر دەستەکان. بزووتنەوەی رزگاریخوازیخوازی کورد لەم هەلومەرجەدا دەتوانێت بە باشترین شێوە بۆ قازانجی نەتەوەکەی کەڵکی لێ وەر بگرێت، هەر بۆیە کورد زیاتر لە هەر کاتێکی تر لەم سەردەمەدا پێویستی بە چەترێکی نەتەوەیی هاوبەش هەیە، کە دیارە ئەم چەترەش لەکۆنگرەی نەتەوەیی کورددا دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت. لێرەدایە بەم ئاماژە کورتە گرینگی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەر دەکەوێت و بەستنی وەها کۆنگرەیەک دەتوانێت دەستپێکی باش بێت لەم کاتە هەستیارەدا بۆ گەلی کورد لە هەر چوار پارچە. هەر وەکوو دەبینین هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بارودۆخ و تایبەتمەندی خۆی هەییە، بە چاوخشانێکی خێرا بە سەر هەر کام لەم بەشانەدا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کورد لە ئێستادا چەندە پێویستی بەم کۆنگرەیە هەییە.

## پرۆسەی ئاشتی لەتۆرکیا

دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی لە توورکیە و کرانەوەی دەرگا داخراوەکانی دام و دەزگاکانی حکوومەتی تورکییەو توانەوەی وردە وردەی بەستەڵەکی سیاسی بە رووی کوردەکانی باکوور دەستپێکی قۆناغێکی باشەو بە قازانجی کوردە، بە فەرمی ناسینی کێشەی کورد و هەوڵ دان بۆ چارەسەری لە لایەن کاربەدەستانی وڵاتی تورکییەوە خۆی لە خۆیدا ئەگەرچی تا بە ئێستا کێشەی کورد چارەسەر نەبووە هێشتا هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش، بەڵام بە هەموو ئەوانەوە پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتدا خاڵێکی پۆزیتیڤەو دەبێت کورد بەباشی تەعامولی لەگەڵ بکات.
لە هەر وڵاتێکدا کە دەرەتانێک بۆ دەربرین و قەبووڵ کردنی مافی کوردەکان لە ئارادا بێت، ویست و داخوازییەکان لە رێگای وتووێژەوە داوا دەکرێت، بەڵام لە هەر وڵاتێک کە ماف و داخوازییەکانی کورد ئینکار بکاتو پشتگوێ بخرێن بە پێچەوانەی ویستی کورد لە شێوەکانی دیکە ی خەبات وەک خەباتی چەکداری کە بە سەریاندا دەسەپێت کەڵک وەر دەگرن.

## گۆڕانکارییەکانی سوریە

لە سوورییە ئەگەرچی هێشتا دیکتاتۆری لەو وڵاتەدا نەرووخاوە و شەڕ و ململانێ هەر ئێستاکەش بەردەوامەو رۆژانە بە دەیانء سەدان کەس دەبن بە قوربانی، بەڵام کورد لەم هەل و مەرجەی لە سوریە لەئارادایە بێ دەستکەوت نەبووەو بەڵکوو قازانجێکی یەکجار زۆری کردووە تا ئەو رادەیەکە کورد بۆ خۆی دەسەڵاتی ناوچەکانی خۆی بەدەستەوە گرتووە. سەرەرای کەم و کورییەکان بەڵام چارەنووسێکی باش چاوەرێیان دەکات.

## کوردستانی عێراق

هەرێمی کوردستان کە زیاتر و زووتر لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە مافەکانی گەیشتووە و ئەم بەشەش بە هەموو کەم و کوری و رەخنەیەک کە لە سەری بێت، بەڵام چ بۆ کوردی باشوور و چ بۆ کورد بە گشتی دەستکەوتێکی گەورەیە کە دەسەڵاتی خۆماڵی ئێستای هەییە لەم بەشەدا و ئەگەریش بە وریایەوە تەعامول لە گەڵ بارودۆخی ئێستای جیهانی و ناوچەی بکەن بێ گۆمان دەستکەوتی زیاتر دەستەبەر دەکەن. حکوومەت و پارلەمان و سەرۆکایەتی کردنی خۆماڵی یەکێک لە دەستکەوتە گرنگ و بە نرخەکانی کوردستانی عیراقە. لێرە کورد سەربەستەو ئازاد و ئاسایش و خۆشگوزەرانی و ژیانی باش سەرەرای کەم و کورتییەکان دەبێت هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەم وکوریانەش، بەڵام وەک باسم کرد قەڵایەکی باشە بۆ پاڵ پێوەدانی پارچەکانیو دەرفەتێکی شیاویشە بۆ خۆ تەیارکردنی باقی کوردی ناوچەکانی دیکە لە زۆر بواری دیاریکراودا. گرتنی کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە پایتەختی هەرێمی کوردستانی عیراقیش دەچێتە چوارچێوەی ئەو دەستکەوتانە کە سەرکردایەتی ئەم بەشەی کوردستان بۆ خۆیان دەستپێشخەریش بوون لەم بارەوە.

## کوردستانی ئێران

تەنیا بەشێک لە کوردستان واتە کوردستانی رۆژهەڵاتە کە ئێستاشی لە گەڵ بێت بە هیچ مافێکی نەگەیشتووەو رەشە کوژی، زەوت کردن، سێدارە، گرتن و زیندانی کردن رۆژانە تێکەڵاو بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکە لەم پارچەیە و هێشتا هیچ هیوایەک بۆ روونـاکی و گەیشتن بە مافی نەتەوەی لەم بەشەی کوردستاندا دەر نەکەوتـووە ودیار نییە. کێشەو گرفتی بارودۆخی ئێستای کوردستانی رۆژهەڵات رەنگ بێت لەهەموو بەشەکانی دیکە خراپتر بێت هیچ کەشێکی ئارام و ئازاد بۆ چالاکانی مەدەنی و سیاسی و هتد... لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا نییە و نابیندرێ ، کوردستانی رۆژهەڵات ئەگەرچی بە درێژایی ٣٥ ساڵی دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆی بێبەش کراوە، حیزبە سیاسییەکانی ناچار کراون تا خەڵک و وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن، هەنووکەش هیچ دەرەتانێک لە و بەشەدا بەدی ناکرێت تا خەڵک بە شێوەی پێویست و سەردەمیانە لە رێگای مەدەنی و ئاشتیانە یان خەباتی سیاسی و پارلەمانییەوە بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانیان خەبات بکەن.
کوردستانی رۆژهەڵات لە هەمانکاتدا خاوەنی بزووتنەوەیەکی رەواو رەسەنە کە بەردەوام لە چوار چێوەی خواستەکانیداو لە قاڵبی ئەساسنامەی حیزبەکانیدا هەوڵی داوە بۆ چارەسەری پرسی کورد و بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەی و لە هەر سەردەمێکدا بە پێی پێویست و دەرەتان لە هەموو شێوازەکانی رەوای خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە و بەشەدا کەڵکی وەر گرتووە.

## ئەرکەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی

هەر وەکوو لە کۆبوونەوەی لایەنە کوردیەکاندا باس کراوە، کوردەکان ئاشتیخوازن و ڕێز بۆ مافی سەرجەم نەتەوەکانی ناوچەکە و جیهان بە گشتی دادەنێن و بە پێی جیاوازیەک کە هەر کامە لە پارچەکانی کوردستان هەیانە و لە ئاستی چارەسەری کێشەکانیاندا دەردەکەوێت، داخوازییەکانی خۆیان لە چوار چێوەی ئەو حکوومەتانەی کە کوردی تێیدا دەژیت داوا دەکەن. لە هەر وڵاتێکدا کە دەرەتانێک بۆ دەربڕین و قەبووڵ کردنی مافی کوردەکان لە ئارادا بێت، ویست و داخوازییەکان لە ڕێگای وتووێژەوە داوا دەکرێت، بەڵام لە هەر وڵاتێک کە ماف و داخوازییەکانی کورد ئینکار بکاتء پشتگوێ بخرێن بە پێچەوانەی ویستی کورد لە شێوەکانی دیکە ی خەبات وەک خەباتی چەکداری کە بە سەریاندا دەسەپێت کەڵک وەر دەگرن.

هەر بۆیە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی دەبێت لە کونگرەی نەتەوەیی کورددا پاڵپشتی زیاتری بۆ درووست ببێتء بایەخی بەرچاوی پێ بدرێت، ئەمەش بۆ خۆێ گرێدراوی دوو لایەنە: یەکەمیان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنانەی کە نوێنەرایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە دەبێت زۆر یەکگرتوو و هاو هەڵویست بن و دەنگی کپ کراوی کوردی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی ڕەسا بە گوێی جیهان بگەیەنن و گرینگی ئەو بارودۆخە هەستیارەی ئێران و کوردەکانی ئەو پارچەیە بخەنە بەر چاو و سرنجی کۆنگرەی بۆڕاکێشن. لایەنی دووهەمیش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دەستپێشخەری ئەو کۆنگرەیە بوون ئەوانیش دەبێت قورسایی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەر چاو بگرن و زۆر بە جیددیەوە تەعامول بکەن لە گەڵ ئەم بەشەی کوردستان.

سەرەڕای ئەوانەش کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی منەوە دەبێت چەند خاڵی گرنگ بکات بە بڕیار یان لانیکەم لەباسەکانیدا بیهێنێتەگۆڕێ. یەک لەوانە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی پارچەیەک لە پارچەیەکی تری کوردستاندا بە ناڕەوا بزانێت (ئەگەر چی هاوکاری و هاوپشتی کردن شتێکی جیاوازە) مەبەست ئەوەیە کە ڕێزی تەواو و حورمەت و کەرامەتی خەبات و نوێنەرانی هەر کامە لە بەشەکانی کوردستان دەبێت پارێزراوبێت و ئاڵتێرناتیڤ سازی لە لایەن هیچ بەشێکی کوردستانەوە بۆ بەشێکی دیکەنابێت بکرێت و دەبێت زۆر بە جیددیەتەوە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بەو کارە کە بە داخەوە لە ڕابردوودا تا ڕادەیەک کراوە. بێگۆمان ئەم باسە جێگای مشت و مڕێکی تایبەت بە خۆیەو لێردا و لەم باسەدا جێگای وردەکاریەکانی نابێتەوە. خاڵێکی دیکە کە لە پەیامە سەرەتایەکانی ئەم کونگرەیە وەدەر دەکەوێت ئەوەیە کە پەیامی ئاشتی دەنێرێت چ بۆ هەموو جیهان و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێیدا دەژی وەک توورکییە و سووریە و عێراق و ئێران، ئەمە بۆ خۆی کارێکی باشەو دەبێت هەر واش بێت لە بەر ئەوەی کورد لە مێژوودا هەمیشە نەتەوەیەکی ئاشتی خواز بووەو دەبێت لە یەکەمین کونگرەی نەتەوەیی کوردیشدا هەر ئەم پەیامەی هەبێت، بەڵام کۆنگرە دەبێت بە ڕۆشنی و بەئاشکرا ئەم مێژووە باس بکات و لایەنی بەرانبەری کورد واتا ئەو وڵاتانەی کە مافی کوردیان زەوت کردووە بە شەڕ خواز و تاوانباری بزانێت لە ئاستی چارەسەر نەبوونی کێشەی کورددا. مەبەست لێرەدا روونە کە نابێت کۆنگرەی نەتەوەی کورد، کورد بە لایەنی تاوانباری چارەسەری کێشەی کورد بزانێت، بە تایبەتی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هیچ مافێکی بۆ کورد بە ڕەسمی نەناسیوەو هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە هێرش کردن و پەلاماردانی کوردستان تا بە ئێستا شەڕی بە کورد فرۆشتووە و بە چەک وڵامی بزووتنەوەی کوردی داوەتەوە. لەم بارییەوە کۆنگرە دەبێت بە وریایەوە تەعامول لە گەڵ ئەمە بکات.

### ئەنجام

قسەی کۆتایی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وەک یەکەمین کۆنگرە کە بیرۆکەکەی دیارە مێژوویەکیشی لە پشتە و کارێکی گەلێک باشەو یەکێک لە ئاواتەکانی هەر تاکێکی کوردە، و دەبێت هەموو ئەو لایەنانەش کە نوێنەرایەتی کورد دەکەن چ وەک تاک و چ وەک حیزب و لایەن دەبێت بە چاوێکی باشەوە بڕوانە ئەم کۆنگرە و هەموو هەوڵی خۆشیان بخەنەگڕ بۆ سەر خستنی ئەم کۆنگرەیە، هەر تاکێکی کوردیش دەزانێت کە گرنگی بەستنی وەها کۆنگرەیەک بۆ کورد لە ئێستادا لە هەموو کاتێک زیاترە بە لە بەر چاو گرتنی ئەو بارودۆخەی کە بەشێکی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا. کە وا بوو دەبێت هەموو لایەک هەوڵ بدەن کەم و کورتیەکانی کەم بکەنەوەو بە پێشنیار و بەشداری کردنییان لەم کۆنگرەیە، پڕ ناوەڕۆک و پڕ دەستکەوتی بکەن. ئەگەرچی ئەم کۆنگرەیە سەرەتای ڕێگایە و ڕەنگە هەموو ئامانجەکانی نەپێکێت بەڵام دەتوانێت ببێت بە سەرەتای کارێکی گەورە بۆ داهاتووی کورد بە گشتی و لە یەک نزیک بوونێکی زیاتری هەموو لایەنەکان لە هەر چوار بەشەکەی کوردستاندا. داهاتووی کورد بەشێکی گرنگی، گرێدراوی ئەم یەکڕیزی و تەباییەیە کە دەبێت کورد لە نێو خۆێدا هەیبێت. بە هیوای سەر کەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## پێویستی بوونی ستراتیژی راگەیاندنی نەتەوەیی.!



مەجید حەقی

لە پێناو گەشەکردن، پێشڤەچوون و سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی و ئامانجەکانیدا، راگەیاندنی کۆنگرە دەبێ پلان دانراو و بە شێوەی سیستماتیک بەرنامەکانی جێبەجێ بکرێن. لەو سەردەمەدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەندامانی کۆنگرە دەبێ رێگا چارەسەریەکی کاریگەری راگەیاندن لە هەموو بەشەکانی دا بدۆزنەوە. لە پێوەندی لە گەل راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەییدا پێویستە هاودەنگی لە نێوان ئەندامانی کۆنگرە بۆ کەم کردنەوەی دوپلیکاسیۆن و دووپات بوونەوە و هاوتەریبی پێک بێت و بەوە پێشی کێشەکانی پێوەندیدار بە راگەیاندن و جۆری دەرکی هاوبەش لە پێوەندی لە گەڵ ئامانجەکانی کۆنگرە بگیرێت. رەوشی تایبەتی کوردستان، کە جگەلە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەشەکانی دیکە خاوەنی میدیای "نەتەوایەتی" یان گشتی نین، ئەوە دەخوازێ کە پلان و ستراتیژی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتی، باڵانسی هێز و بەرژەوەندیەکان و دیپلۆماسی ناوچەیی و ناونەتەوەیی دابرێژرێت. ستراتیژی راگەیاندنی نەتەوایەتی دەبێ بەشێوەیەک دابرێژرێت کە وەڵامی هەموو پێویستیەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری کوردستان بداتەوە و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەهاکانی سەوز و ژینگە خۆشەویستی، گەشەکردنی ئابووری و بازرگانی بەرهەمهێنەرانە، یەکسانی کۆمەڵایەتی، گەشەکردنی وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی (توسعه تفاهم اجتماعی)، تەندوروستی، زانست و پەروەردە، پەرەپێدانی پەروەردەی سەردەمیانەی مناڵان و سەر ئەنجام زمانی هاوبەش یان یەکگرتووی کوردی بکاتە ئامانجی خۆی و پلان و بەرنامەی بۆ دابرێژێت.

پرسی گرنگ لەو پێوەندیەدا ئەوەیە کە چۆن ستراتیژی و سیاسەتەکانی کۆنگرەی نەتەوایەتی لە رێگای راگەیاندنەوە بە باشترین شێوە خزمەت بکات بە گەشەکردن وپێشڤەچوونی گشتی کوردستان و بەشداری خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، دابەشکردنی زانیاری و توانابییەکان لە هەموو ئاستەکاندا و کۆئۆردیناسیۆن و بەرێوەبەری بەشداری ئەندامانی کۆنگرە و خوازیارانی خزمەتگوزاری لە هەموو رەوتەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە گەڕان بە دوای دامەزراندنی سیستەمێکی گونجاو و گەشەی بەردەوام گرنگیەکی تایبەت هەیە لە دانانی ستراتیژی راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەییدا. لەو پێوەندیەدا پرسی خاوەنداریتی لە راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوایەتی و ئاستی بەشداری ئابووری، سیاسی، مرۆڤی و شارەزایی لایەنەکان و بەشداری کردنی پسپۆران و شارەزایان خاوەنی گرنگیەکی تایبەت و چارەنووس سازن. سروشتیە بەلەبەرچاو گرتنی دابەشبوونی کوردستان، هەرکام لە بەشەکان سیاسەت و ستراتیژی راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان دابرێژن بەڵام گرنگە ئەو ستراتیژیە لە چوارچێوەی ستراتیژیە گشتیەکانی کۆنگرەی نەتەوایەتی دا بێت و سیاسەتی گشتی راگەیاندنی هەرکام لە بەشەکان خزمەت بکات بە بەرەوپێشچوونی ساسی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوە دێموکراتیکەکان، کولتووری، ژینگە پارێزی و هاوکاری و گەشەپێدانی هەستی یەکگرتووی نەتەوایەتی کورد لە هەموو بەشەکان و هاوکات هاوسازی و گەشەپێدانی هاوکاری لە گەڵ نەتەوەکانی هاوسێ و هاوبەش لە جوغرافی سیاسیی بەشەکانی نشتیماندا.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / رێکەوتی : ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی: ئەو منداڵەی بە مردوویی لەدایک دەبێت..!



دارا مەحمود:

هەروەک راگەیەنراوە، بریارە رۆژی ٢٤ی ئەم مانگە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بەرێوەوبچێت. و ئەم هەواڵەش هەر لە گەڵ دەستپێکردنی هەنگاوەکانی ئامادەکارییدا، هیواو گەشبینییەکی لەرادەبەدەری لای خەڵکی کوردستان درووست کردووە.

گەشبینییەکەش لەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە بۆیەکەمینجار لەدیرۆکی خەڵکی کوردستاندا نزیک بەتەواوی پارتەسیاسییەکانی گشت بەشەکانی کوردستان لە بنمیچی یەک تەلارداو پێکەوە کۆدەبنەوە. و دیسانیش بۆیەکەمینجار کۆبوونەوەیەکی لەم ئاستەدا دەبەسترێت و وڵاتانی دەوروبەریش جارز ناکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەئەمە بۆخۆی پێشکەوتنێکی گەورەیە، ئایا ئامانجی کۆنگرە هەرئەمەیەو بەس. یان چاوەروانییەکانی خەڵک شتێکی ترن..؟ و کوردستان پێویستی بە شتێکی ترە..؟

بەرلەهەرشت دەبێ ئەمە بسەلمێنین کە گردبوونەوەیەکی لەمجۆرە، تەنیا لەبەرئەوەی جاری یەکەمەو بەواتای لابردنی کۆسپێکە بەگرنگییەوە هەڵدەسەنگێنرێت. دەنا ئەگەر ئەم گردبوونەوانە بۆچەندجار بەردەوام بن و هەنگاوی بەهەندی تریان بەدوادا نەیەت، لەبری هیوا، رەشبینی دەخوڵقێنن. و لەکارێکی گەورەی دیرۆکییەوە دەبن

بەڕۆتینێک کەسەرنجی کەس بۆلای خۆی ڕاناکێشێت و شتێکی وای لێ درووست دەبێت کەوەک کۆمکاری عەرەبی لێبێت. کەکۆبوونەوە لەپێناوی کۆبوونەوەدا ببەسترێت و تەواوی بڕیارو ڕێنوێنییەکان لە چوارچێوەی دەستەواژەو ڕستەدا قەتیس بمێنن و دیواری تەلاری کۆبوونەوەکان دەربازی دەرەوە نەکات.

بەداخێکی زۆرەوە، هەر لە ئێستاشەوە سیمای داهاتووی ئەم کۆنگرەیە لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ڕەش خۆی دەنوێنێت و هەرکەس بەووردی بەدیرۆکی دوورو نزیکی ئەم پارتەدا بچێتەوە بەئاسانی بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو کۆنگرەیەی خەڵکی کوردستان بەگشتی چاوەڕوانی دەکەن، لەژێر دەسەڵات و کاریگەریی پارتیدا کەهێزێکی خاوەن توانایە، بەدیناییەت و ئەوەی ئەم پارتە لەکۆنگرەی نەتەوەیی دەخوازێت تەواو شتێکی ترو پێچەوانەی بانگاشەو درووشمەکانە.

هەموو نیشانەکان ئەمەدەردەخەن کە پارتیی دەخوازێت کۆنگرەی نەتەوەیی بکاتە ئەو ئامرازەی لەمیانییەوە باڵادەستیی خۆی و بچوککردنەوەی تەواوی لایەنەکانی تر بەسێپێنێت. گەرچی ئەگەر ئەم ڕەفتارە سیاسییە لەچوارچێوەیەکی ئەخلاقیدا بێت تائاستێکی زۆر ڕەوایە، کە ڕەنگە هەر پارتێکی سیاسیی تریش هەوڵی بۆبدات بەڵام ئەوەی پارتیی، هەموو سنوورە سوورەکان و بنەمائەخلاقیەکانی دەربازکردووە.

لەمڕەووە، ڕەنگە کێشەی ڕۆژئاوای کوردستان، باشترین نموونە بێت.

هەموو دەزانین کە ئەم بەشەی کوردستان، بەتایبەتی لەم چەند هەفتانەی دوواییدا ڕووبەڕووی چ هێرش و پەلامارێکی چەتە ئیسلامییە توندڕەوەکان بۆتەوە. و چۆن خەڵکی سڤیلی کورد ڕەشەکوژدەکرێت. کەچی بابەتێکی ئاواگەورە، جارێکی تر دەبێتەوە بابەتی بازاڕ و کێشمەکێشی پارتایەتی. و دەبینین لەبەرئەوەی لەم بەشەی کوردستاندا (پەیەدە)، سەردەست و زاڵەو ئەم پارتەش نزیک بەپارتی کرێکارانی کوردستان و خۆی لەژێر ڕێبەرایەتی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالاندا دەبینێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، دەرگای سنووری نێوان باشوورو ڕۆژئاوا دادەخات. و یانیش بەجۆرێک و لەشوێنێکدا دەیکاتەوە کە یارمەتییەکان بە لایەنگرانی خۆی و بەتایبەتیش (ئەلپارتی)، کە لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نزیکەو خۆی لەژێر ڕێبەرایەتی مەسعود بارزانیدا دەبینێتەوە بگات. و تەنانەت مامەڵەیەکی وا لەگەڵ ئەم هەموو قوربانیانەدا دەکات کە خەڵکی ڕۆژئاوا ڕۆژانە پێشکەشی دەکات. کە گوایا ئەمانە هەموو دروستکراون و لەبناغەوە جێگای گومانن.

هەربۆیەش ڕۆژی ١٠/ ی حوزەیران، مەسعود بارزانی بەخەمساری و شەرمەوە زۆری لەخۆی دەکات و بەدەنگدێت. بەڵام چ بەدەنگهاتنێک..؟ دوای ئەوەی دامودەزگاکانی جیهان و نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرانبەر دڕندەیی ئەو هێرش و پالامارانەدا بەدەنگهاتن و دیمەنەکان لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێنتەرنێتەوە پەخش کرانەوە، ئەمجار بەڕێزیان هێشتا بەگومانەو دەخوازن لێکۆڵینەوە بکرێت داخوا شتێکی لەمجۆرە ڕوویانداوە یان نا.. و ئەمەش لەواتایەک بەملاوە شتێکی تری نییە. کە بریتییە لە خۆدەربازکردن لەبەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی و هەڵمژینی نارەزایی پرس و گومانەکانی ڕای گشتی.

پارتیی، کە بەلێدوانی هەڵخەڵەتێنەرانە، دەخوازێت وای نیشان بدات کە دەرگای سنووری نێوان باشوورو ڕۆژئاوا هیچکات دانەخراوە، ئاگایان لە لێدوانی بەرپرسانی (ئەلپارتی) نییە کە لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی ڕووداوو زاگرۆسی خۆیانەوە، دەستخۆشی لەپارتیی و سەرۆکایەتی هەرێم لەداخستنی ئەو دەروازەیە دەکەن. چونکە گوایە ئەمە کارێکی ڕەوایەو ڕێگا لە بازرگانیکردنی (پەیەدە) دەگرێت. لێدوانێکی وەهاش لەهەر کەسایەتییەکی سەربەپارتی و پەروەردەی ئەو قوتابخانەیە ئاسایی و چاوەڕوانکراوە. چونکە سیاسەت لای خۆیان بەواتای هەڵلوشینی تەواوی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی کوردستان و پێیانوایە کەپارتەکانی تریش هەردەبێ واب‌ن..!

پارتیی بەهیچ جۆرێک ناتوانێت ماهیەتی خۆی لەوەی سەرکردایەتیەکەی پتر لەگرۆپێکی مافیایی دەچێت تا دەزگایەکی سیاسیی بشارێتەوە. و ئەمە ڕاستییەکە گەرچی بەرژەوەندییە سیاسیی و ماڵیەکان، ڕێگا نادەن هەمووان بەڕاشکاویەوە بیڵێن، بەڵام ڕاستییەکە لای لایەنگرانی خودی ئەم پارتەش شاراوە نییە.

سیاسەتی ڕکێفکردنی تەواوی لایەنەکان و قۆرغکردنی گۆڕەپانی سیاسیی تا ئەو جێگایە ڕۆیشتووە، کە لایەنێکی گەورەی وەک یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، لەپاشکۆیەکی بێدەسەڵات بەولاوە هیچی تری لێ نەماوەتەوەو ئەگەر هەرچی زووە فریای خۆی نەکەوێت، ئەوەندەشی لێ نامێنێتەوە.

پارتیی، تەواوی ئەو ڕەفتارە ناشایستانەی خۆی بەناو یەکیەتیشەوە دەکات کە هاوبەشی دەسەلاتەو لە ڕووی سیاسیشەوە هەر وایە. چونکە یەکیەتی یان دەبێ بەکردەوە نیوەی ئەو دەسەڵاتەی لەدەستدا بێت و لانیکەم ئەگەر پێویست بوو بتوانێ بڵێ: نا. یانیش گەلێک شەرافەتمەندانەترە کەلەو دەسەڵاتە بێتە دەرەوەو هێزو توانای هەرچەندێک بێت لە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزدا ، کە چەندان جار کاریگەرتر دەبێت، بخاتە گەڕ.

پارتی دیوکراتی کوردستان سیستەمێکی پارتایەتی وای لەباشووری کوردستاندا ئاوا کردووە، کە تەنیا لە میرنشینەکانی کەنداودا هاوشێوەی هەیەو دەشخوازێت ئەم مۆدێلە فاشل و کۆنەپەرستانەیە بە تۆبزی ئاودیوی سنوور بکات و بەشەکانی تری کوردستانیش تووشی ڤیرۆسی دەسەڵاتی مافیاو شەڕی ناوخۆ بکات.

کۆنگرەی نەتەوەیی لەژێر چەتری ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کودستان و کەسایەتی مەسعودا، هیچکات بەوجۆرەی پێویستە بەدینایەت. و ڕاشکاوانەو بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەڵێم کە نەبوونی باشترە. و هێندە نابات کە دیبینیتن چۆن هیواکانی خەڵک لەمڕووەوە دەبنە بڵقی سەرئاو.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان پۆست / ڕێکەوتی : ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ٢٠١٣



**جەماڵ عەڵیاڵی**

سەرەرای کەندوکۆسپ و دڕدۆنگی داگیرکەران و ناحەزان، سەرەرای ناتەبایی لایەنەکانی کوردی، ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد بەدی هات! کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەرەو ئامادەکاری بۆ خۆ ڕێکخستن وەڕێ کەوت. زۆر تاکی ناسراو، دەیان و سەدان هەزار تاکی نەناسراو بەو ئاواتەوە سەریان نایەوە. بەڵام ئەرکی کۆنگرەی نەتەوەیی چییە؟ پرسیارێکی مەنتیقی، لە هەمان کاتدا شاراوە. فرەچەشنی لە پێداویستییەکانی هەنووکەیی نەتەوەی کورد مەنتیقییە بەڵام فرەچەشنی لە تایبەتمەندییەکانی دۆخی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستان پرسیارەکە شاراوە دەکات بە هۆی ئەوە کە مرۆڤ دەستەوەستان دەوەستێ و نازانێ لە چ لایەکەوە دەست پێ بکات. مەبەستی ئەو کورتە بابەتە چارە دۆزینەوە نیە بەڵکو وەبەرچاو خستنی دوو فاکتەرە کە لە پێ نەگەیشتنی یێکێتی نەتەوەییدا دەوری گێڕاوە و سەرەڕای دەسپێکی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، دووبارە هەر دەور دەگێڕێ و دەتوانێ بە هاسانی کۆسپ و تەگەرەی گران بخاتە سەر ڕێگەی کونگرەی نەتەوەیی.

یەکەم ئەوە کە تا ئێستا هەر کات لایەنەکانی کوردی بە تەوژمی مێژوو هاتوونەتە سەر دانوستان هەردەم مشت و مڕیان لە سەر خاڵە ناکۆکییەکان بووە، واتە بە دەگمەن باس و خواس هاتۆتە سەر خاڵی هاوبەش. بە زمانێکیتر هەر پرسیارێک دەتوانی لە ڕوانگەی لایەنەکانی دانوستان لە دوو خانە جێ بگرێ، پۆزیتیڤ یان نێگاتیڤ. هەر لایەنێک سەربەستە لە ڕوانگەی خۆیەوە خاڵێک بخاتە ناو خانەی پۆزیتیڤ یان نێگاتیڤ. بە شایەتی مێژوو ئەو لایەنانەی کە لە هەر خاڵێکدا تۆسقاڵێک ڕووناکایی دەبینن و بە پۆزیتیڤ هەڵیدەسەنگێنن کەمتر داکەوتوون، زیاتر براوە بوونە. بیرمەندی و پێگەیشتوویی سیاسی لەو لایەنانەدا بەدی دەکرێ کە داهاتوو لە سەر خاڵی پۆزیتیڤ دادەمەزرێنن، ئەوان براوەن!

دووهەم ئەوە کە تا ئێستا بە زۆر هۆکاران زۆربەی هەرە زۆری هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەی کورد بە ئاکامێکی لە بڕ خۆبەخشینەکاندا نەگەیشتووە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەش دووپات و سەدپات دەبنەوە بێ ئەوەی کە بە ئاکامێک بگەن. ئێستا ئێتر کاتی ئەوەیە کە بە تێروانینێکی قووڵ لە سەر مێژووی ڕابووردوو، ئامراز و کەرەستە، تەنانەت شێوازی نوێ بێتە ئاراوە. ئەو سیاسەتەی تا دوێنی هەبوو و بە ئاکام نەگەیشت، دەگمەنە ئەمڕۆ با ئاکام بگات.

لە سەردەمی نوێدا تاکەکان، سازەکان و بە گشتی کۆمەڵگە خۆی بۆ شێوازی نوێ ئامادە دەکات. نەتەوەی کورد لەوە جیاواز نیە. داگیرکەران تا ئێستا کوردیان بە خودموختاری ... و یاری مناڵانەی لەو چەشنە سەرقاڵ کردووە. هەمووکەس ئاگادارە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاڵ و گۆڕی سیاسی بێ بەشداری کورد سەرناکەوێ، کەواتە پێویستە نەتەوەی کورد داخوازی سەروەری خۆی بکات. ئەگەر داگیرانی کوردستان لە هەمبەر سەروەری نەتەوەی کورد وەکوو هاوتای خۆیان سەر دانەنوێنن ئەوکات پێویستە سیاسەتێکیتر بگرێتە بەر. پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی ڕێگە دزە بە خاڵی نێگاتیڤ بۆ نێو کۆنگرەکە نەدات و بە گرتنە بەری شێوازی نوێ پێگەیشتوویی سیاسی خۆی بنوێنێ و سەروەری خۆی بە داگیرکەراندا بسەپێنێ.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا



**نوید کرمی**

پێکهێنان و ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرسی کورد لە چوارپارچەی کوردستان، دروستکردنی یەکرێزیو هاودەنگی لە چارەسەری پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد، کە پاش پارچەپارچە بوونی لە ژێر زەبرو زەنگو سەرکوتی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستان داوێنگیری نەتەوەکەمان بووە، هەردەم یەکێک لە مەشغەڵەکانی ڕێبەران، رووناکبیران و حیزبە سیاسییەکانی گەلەکەمان بووەو هەردەم بیر لە وەها کۆدەنگییەک کراوەتەوەو لەهەر سەردەمێکدا بە پێی ئیمکان لەو پێناوەدا هەوڵ دراوە.

ئەو بیرۆکەیە بۆ یەکەمجار لە هەشتاکانی زایینیدا لە لایەن بەرێزان شەهید دوکتور قاسملوو (سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران)، مام جەلال تالەبانی (کەسایەتی یەکەمی یەکیەتی نیشتمانی و سەرکۆماری ئێستای عێراقی فیدراڵ) لە دوو کۆبوونەوەی خۆیاندا لە عێراق و دواتریش لە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بە نیسبەت پێکهێنانی وەها کۆنگرەیەکی نەتەوەیی و چۆنییەتی پێکهێنانی، هاتۆتە بەر باس.

لەو بارەوە شەهیدی مەزن بەڕێز دۆکتور قاسملو باوەڕی ئەوە بوو کە ئەو کۆنگرەیە لە لایەن کەسایەتی، رووناکبیران و سیاسەتوانانی سەربەخۆی نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و رێکخراوو کەسایەتییەکانی بێلایەن و مرۆڤدۆستی جیهانی دەرەوە پێکبێت و حیزبەکان تەنیا رێکخەرو پشتیوانی سیاسی و ماددی ئەو رێکخراوە بن. بۆ ئەوەی نە هێژمونی حیزبێک باندۆڕ بخاتە سەر بڕیارەکان و کاروبارەکانی کۆنگرەو نە پێوەندی و دۆستایەتی حیزبێکی کوردی لەگەڵ حکومەتێکی زاڵ بەسەر پارچەیەک لە کوردستان ببێتە رێگر لە باس کردنی مافە رەواکانی گەلی کورد و بڕیاری پێویست بۆ چارەسەری ئەو پرسە هەستیارە.

کۆنگرەی نەتەوەیی وەک زەروورەتێک بە نیسبەت پرسی گشتی کورد لە چوار پارچەی کوردستان، بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە ئامستردامی هۆڵەند بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (knk) دەرەتانی بەستنی رەخسا تا پرسی کورد لە چوار پارچەدا بخاتە بەر باس و هەوڵی چارەسەری لایەنە ئاڵۆزەکانی ئەو پرسە بدات، قەرار وابوو ئەو گردبوونەوەیە لە پەرلەمانی دەرەوەی وڵات، روشنبیران، کەسایەتی و سیاسەتوانانی سەربەخۆ و حیزبەکانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکبێت، بەڵام بە یەکەم هەوڵەکان دەرکەوت کە هیژمونی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە ( P.K.K ) روون و ئاشکرایەو زیاتر مەبەست سەپاندنی هێژمونی ئەو پارتەو بێدەنگ کردن و پەراوێز خستنی حیزبەکانی دیکەیە، نەک پێکهێنانی هاودەنگی و گوتارێکی یەکگرتوو بۆ بەرەوپێشچوون و چارەسەری پرسی نەتەوەیی. بۆیە زۆر لە حیزبەکان وەک دێمۆکرات و کۆمەڵە لە رۆژهەڵات بە ئاشکرابوونی ئەو نیازەی P.K.K بەشداری ئەو کۆنگرەیەیان نەکرد.

ئێستاش پاش چەندین دانیشتن و بیروڕاگۆڕینەوەی سەرکردەکانی کورد، بۆ جارێکی دیکە رێکەوتی ٢٠ / ٧ / ٢٠١٣ لە لایەن بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ناوی خۆی و بەڕێزان مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فێدراڵ و عبداللە ئۆجەلان کەسایەتی یەکەمی P.K.K (هەنووکە لە زیندانی ئێمرالیدا دەستبەسەر کراوە)، حیزبە سیاسیەکانی چوار پارچەی کوردستان کە 39 حیزب دەبوون بانگهێشت کران بۆ بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ پێتەختی هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوەی یەکەمدا کە رێکەوتی ٢٢ / ٠٧ / ٢٠١٣ لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان پێکهات تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرە خرانە بەر باس و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا تا لێژنەیەکی ٢١کەسی بۆ ئامادەکردنی کارەکانی کۆنگرە پێک بێت، بە پێی حەشیمەت کورسییەکانی ئەو لێژنەیە دابەشکران بەسەر حیزبەکانی چوار پارچەدا، واتە ٧ بۆ باکوور، ٥ بۆ باشوور، ٥ بۆ رۆژهەڵات و ٤ بۆ رۆژئاوا. بەو پێیە لە نێوان ٩ حیزبی رۆژهەڵاتی کە بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کرابوون دەبوو پێنج وەک نوێنەر بۆ لێژنەی ئامادەکاری دیاری کرابان.

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە بانگهێشت کرابوون، بریتی بوون لە: حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران شاخەی کوردستانی، پارتی ئازادی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

ئەم 9 حیزبە رۆژهەڵاتییە بە مەبەستی دیاری کردن و دابەشکردنی کورسییەکانی لێژنەی ئامادەکاری بە دەوری یەک کۆ بوونەوەو بە شێوەی هەڵبژاردنی و دێمۆکراتیانە کەوتنە ململانەوە بۆ دابەشبوونی پێنج کۆرسییەکە، لە ئاکامدا دوو دێمۆکرات و سێ کۆمەڵە بوون بە خاوەنی پێنج کورسی لێژنەی ئامادەکاری و پارتی ئازادی کوردستان و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) کە وایان لێکدابوویەوە دێمۆکراتەکان و کۆمەڵەکان بەهۆی ئینشیعابات و دابڕانەکانیان دەنگ بە یەک نادەن و ئەوان لەو نێوانەدا سەرکەوتوو دەبن، دەنگی نارەزایەتییان بە نیسبەت ئاکامی دابەشبوونی کورسییەکانی رۆژهەڵاتی بەرز کردەوەو کەوتنە شکایەت و گلایە لای پارتی و یەکیەتی و P.K.K.

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) کە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی لە درێژەی سیاسەتەکانی P.K.K بە نیسبەت دروست کردنی باڵی چەکداری لە سێ پارچەی دیکەی کوردستان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراو لە ژێر مودیرییەت و هێژموونی ئەو حیزبە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی دایە چالاکی و قۆرخ کردنی شاخەکانی کوردستانی ئێران و هێرش و هەڕەشە بۆ سەر حیزبە رەسەن و لە مێژینەکانی کوردستانی ئێران و رەخنە و توانج گرتن لێیان کە گوایە توانای خەباتیان نەماوەو دوور کەوتونەتەوە لە خەڵک و مەیدانی خەبات و تەنیا ئەوە لە مەیدانی خەباتدا زیندووەو بۆ وەدەستهێنانی مافی خەڵک خەبات دەکات.

ئەو پارتە ئاکامی دابەشکردنی کۆرسییەکەی قەبووڵ نەکرد و لە رێگای P.K.K وە کەوتە هەڕەشە و خۆسەپاندن، دواجار کۆڵی نەداو کۆرسییەکی پێ درا. بەڵام نەک وەک پارتێکی سەربەخۆی رۆژهەڵاتی، بەڵکوو وەک باڵێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە ئەو کۆرسییەی پێدراوەو لە لایەن لێژنەی رۆژهەڵاتەوە قەبووڵ نەکراوە.

لە پێکهێنان و گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بە مەبەستی چارەسەری پرسی کورد لە رێگای ئاشتیانەو لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، پرس بە حکوومەتەکانی عێراق، تورکیەو سووریەو ئێران کراوە، ئێران تاکو ئێستا بە فەرمی هیچی رانەگەیاندووە، بەڵام بە بەڕێوەبەرانی کۆنگرەیان گوتووە کە نابێت ئەم هەنگاوەیان بەزیانی سەروەری و بڕیاری سیاسیی ئێران بێت، ئەوەشی وتووە کە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە نابێت لەسەر کۆردەکانی ئێران رەخنە لە حکوومەتی ئێران بگیردرێت، ئەوان وتوویانە کە پەیامی کۆنگرە دەتوانێت چاوەڕوانی خۆی لە حەسەن رووحانی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو بخاتە روو بۆ کوردەکان.

بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی کەسایەتی دووهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی لە وتووێژ لە گەڵ رادیۆ فەردا باس لەوە دەکات کە ئەو کۆنبوونەی رۆژی ٣١ / ٤ / ١٣٩٢ کە بە بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرس و هاوکێشەکانی گەلی کورد بووە کە بە هۆی دابڕان و دابەشکردنەکانی کوردستان بۆ ئەو نەتەوە هاتوونەتە ئاراوەو هەروەها رێگاچارەی کەڵک وەرگرتن لە هێزو تواناکانیان

بە نیسبەت چارەسەری کێشەو گرفتەکانی بەردەم کورد لە هەر پارچەیەک بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانج و ئاواتەکانی. هەروەها ناوبراو بە نیسبەت گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەو شێوە باس دەکات: کوردەکان خوازیاری ئەوەن تا ڕێزیان لێ بگیردرێت و لە ڕێگای ئاشتیانەو بە شێوەی دیمۆکراتیک ماف و خواستەکانیان بەرچاو بگیردرێت و دابین ببێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی بە درێژایی ٣٥ ساڵی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆی بێبەش کراوە، حیزبە سیاسییەکانی ناچار کراون تا خەڵک و وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن، هەنوکەش هیچ دەرەتانێک لەو بەشەدا بەدی ناکرێت تا خەڵک بە شێوەی پێویست و سەردەمیانە لە ڕێگای مەدەنی و ئاشتیانە یان خەباتی سیاسی و پارلەمانییەوە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان خەبات بکەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن جووڵانەوەیەکی ڕەواو ڕەسەنە کە بەردەوام لە قاڵبی پرۆگرامی حیزبەکانی ئەو پارچەی کوردستان هەوڵی داوە بۆ چارەسەری پرسی کورد و بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەی و لە هەر سەردەمێکدا بە پێی پێویست و دەرەتان لە هەموو شێوازەکانی ڕەوای خەبات بۆ بە ئامانج گەیشتن کەڵک وەرگیراوە.

هەروەک لە یەکەم کۆبوونەوەی لایەنە کوردییەکان باس کراوە کوردەکان ئاشتیخوازن و بۆ مافی هەموو نەتەوەکانی ناوچەو جیهان ڕێزدادەنێن و بە پێی جیاوازییەک کە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان لە ئێران، عێراق، سووریەو تورکیەدا لە ئاست چارەسەری پرسی کورد بەرچاو دەکەوێ، داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا داوا دەکەن، لەهەر وڵاتێکدا کە دەرەتانێک بۆ دەربڕین و قەبووڵ کردنی مافی کوردەکان لە ئارادا بێت، ویست و داخوازەکان لە ڕێگای وتووێژەوە داوا دەکرێن، بەڵام لە هەر وڵاتێک کە ماف و داخوازەکانی کورد ئینکارو پشتگوێ بخرێن بە پێچەوانەی ویستی کورد لە شێوەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی چەکداری کە بە سەریاندا دەسە پێت کەڵک وەردەگرن.

خەڵکی کوردستانی ئێران ئەو چاوەڕوانییەی لە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ تا هاودەنگ و پشتیوانیان بێت لە ئازادبوونی ئەو پارچەیەی کوردستان و جێگیر بوونی دیمۆکراسی و سەروەری دەسەڵاتی خۆجێیی کورد و ڕێگر بێت لە بەردەم ئینکاری نەتەوەیی، سەرکوت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی حاکم و هەروەها خۆسەپاندن و خۆفەرزکردنی لایەنێک بەسەر خەڵک و نادیدە گرتنی دەسکەوتە دیمۆکراتییەکان.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: گەڕان بەدوای یەکریزی لەنێو جیاوازییەکاندا



کەمال چۆمانی/ ئەلمۆنیتۆر*

وەرگێرانی: کارزان ڕەسول

لەگەل ئەوەدا کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ڕەنگە خەونێک بێت بۆ یەکێتیی و یەکریزیی کورد و هەبوونی ستراتیجیەتێکی نوێی هاوبەش لە خەباتکردن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێدا، هەبوونی جیاوازی و ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکان لە هەریەک لە پارچەکانی کوردستان، ڕەنگە ئەم خەونە بکەنە مەحاڵ.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، لە ٢٢ی تەمموز، نوێنەری سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هە رچوار پارچەکانی کوردستان لە هەولێر، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بنیادنانی "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"، کە خەونێکی لەمێژینەی خەلکی کوردستانە بوو لە سێ دەیەی ڕابردوودا، کۆبوونەوە. کۆمیتەی ئامادەکاریی بڕیاریدا کە کۆنگرە لە بەرواری ٢٤ی ئابدا لە هەولێر، بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ و بە بەشداری ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ کەس ببەسترێت.

کۆنگرە لەکاتێکدا دەبەسترێت کە جیاوازییەکی قووڵی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە نێوان تەواوی حیزبە سیاسییەکاندا هەیە، جگە ئەو جیاوازییە سیاسییە قووڵەی کە لە نێوان مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و "عەبدوڵا ئۆجالان"، سەرۆکی زیندانیکراوی پارتیی کرێکارانی کوردستان، لەسەر پرسی باڵادەستی بەسەر کوردستانی ڕۆژئاوادا هەیە.

### دابەشبوون لەسەر هەبوونی نوێنەر

بەسەرساممییەوە هەر لە سەرەتاوە جیاوازییەکان دەرکەوتن، کاتێک کە بڕیاردرا کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە ٢١ ئەندام هەبێت: ٦ ئەندام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیا، ٥ ئەندام لە حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ٤ ئەندام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی سووریا، ٥ ئەندام لە حیزبە سیاسییەکانی

کوردستانی ئێران و ئەندامێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی کوردانی ئەورووپا.
گرژییەکان بەرەو قووڵبوونەوە چون کاتێک حیزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێنج نوێنەرەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بایکۆتیان راگەیاند بەهۆی باڵادەستی و قۆرخکاری لەلایەن هەردوو حیزبی حوکمڕان. پارتیی دیموکراتی کوردستان، مەسعوود بارزانی رابەرایەتی دەکات و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، جەلال تاڵەبانی رابەرایەتی دەکات. پارتی و یەکێتی هەریەکەیان نوێنەرایەتییەکیان وەرگرت، لەکاتێکدا کە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان (گۆران، کۆمەڵ، یەکگرتوو) تەنها دوو نوینەرایەتییان وەرگرت و کۆمەڵی ئیسلامی بێبەشکرا. دوای ئەوە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بایکۆتیان راگەیاند، پاشان بەوە رازیکران کە بەشداری لە کۆبونەوەکانی داهاتوو دا بکەن لەگەڵ دوو حیزبی حوکمڕاندا.
لە کوردستانی ئێران، هەردوو حیزبی دیموکرات[حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران] و هەرسێ کۆمەڵەکە[کۆمەلە بەسەر سێ باڵدا دابەشبووە]، حیزبە رکابەرەکەیان کە پارتیی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک)ەیان، کە بە باڵی پەکەکە لە ئێران دادەنرێت، پشتگوێ خست. حیزبە کۆنە کوردییەکانی ئێران بەتەواوی لە دژی هەبونی پژاکن، بەهۆی ئەوەی کە بەڕەسمی و لەڕووی ئایدۆلۆژیشەوە سەر بە کۆما جڤاکێن کوردستانە (کەجەکە) کە ئایدۆلۆژیای ئۆجالان پەیڕەودەکات.

## سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە

لەدوای کۆبوونەوەی نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە هەولێر و بەشداریکردنی نوێنەری پەکەکە، تورکیا ترسەکانی خۆی لەبارەی کۆنگرەوە دەربری.
"بولەنت ئارنج"، جێگری ئەردۆغان، لە لێدوانێکدا بۆ تۆڕی میدیای "روداوو"ی نزیک لە پارتیی دیموکراتیی کوردستان، رایگەیاندبو کە ئەنکەرە پێی باشە مەسعود بەرزانی سەرۆکایەتیی کۆنگرە بکات.
لە سەردانێکی چاوەڕواننەکراودا، نێچیرڤان بەرزانی سەرۆکی حکوەتی هەرێمی کوردستان، لە ٣٠ تەموزدا بەپەلە گەیشتە ئەنکەرە "بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا لە بارەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردەوە"بە پێی راپۆرتی میدیاکانی تورکیا. لە هەمان کاتدا ئەوەش بڵاوکرایەوە کە تورکیا رەزامەندی لەسەر بەستنی کۆنگرە دەربڕیوە بە مەرجێک کە مەسعود بەرزانی سەرۆکی کۆنگرەبێت.
حیزبە سیاسییە کوردییەکان بە گومان کەوتن لە پەیوەندییەکانی بەرزانی لەگەل تورکیا کە کۆنگرەشی قۆرخ کردوە.
"جەمیل بایک"، هاوسەرۆکی کەجەکە، لە دیمانەی یەکەمیدا لەگەڵ "کەی ئێن ئێن"، تەلەفزیۆنی بزوتنەوەی گۆران، بەڕوونی رایگەیاند کە پەکەکە بەهیچ شێوەیەک رێگە نادات هیچ حیزبێک سیاسەتەکانی خۆی بەسەر کۆنگرە دا بسەپێنێت. پێشنیاری ئەوەشی کرد کە سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە دەبێت بەشێوەیەکی دیموکراتی بێت، هاوشێوەی سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەوروپا کە هەر شەش مانگ جارێک کەسایەتییەک سەرۆک بێت.
حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی لەدژی ئەوەن کە مەسعود بەرزانی سەرۆکی کۆنگرە بێت.
حەمە تۆفیق رەحیم، یەکێک لە سەررکردەکانی بزوتنەوەی گۆران، ترسەکانی خۆی راگەیاند لە سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە لە مانگی ئابدا، و لە لێدوانێکیدا بۆ ئەلمۆنیتۆر، رایگەیاند کە مەسعوود بارزانی تەنها دەتوانێت وەک سەرۆکی پارتیی دیموکراتیی کوردستان بەشداری کۆنگرە بێت، نەک وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان. لە هەمان کاتدا وتیشی کەسەرۆکایەتیکردنی کۆنگرە نابێت لە دەست یەک کەس دا بمێنێتەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ پشتگیریی لە قسەکانی جەمیل بایک.

## ڕۆژئاوا: پ.د.ک دژ بە پ.ک.ک

لەوکاتەوەی کە ڕاپەرینی ناوچە کوردنشینەکانی سووریا سەریهەڵداوە، پارتی و پەکەکە هەوڵیان داوە رۆژئاوا کۆنترۆڵ بکەن. پارتی یەکیەتی دیموکرات(پەیەدە)، کە سەر بە پەکەکەیە، زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە، واقیعێک کە پارتی پێی قبووڵ ناکرێت. لە بەرامبەر ئەوەدا پارتی هەوڵی لاوازکردنی بالادەستیی پەیەدە لەڕێگەی گروپەکانی سەربە خۆیەوە دەدات.
کامپەینی ئیمزاکۆکردنەوەی ١٠٠ چالاکوانی کورد، ئەوە دەردەخات کە کۆنگرە، کارێکی زۆر بێ ئەنجام دەبێت ئەگەر پارتی سنورەکانی بەڕوی رۆژئاوادا نەکاتەوە.
لە هەمان کاتدا، "جەمیل بایک"، هاوسەرۆکی کەجەکە لە وتارێکدا کە لە ٥ ئابدا نووسیبوی و لە میدیای کوردیدا زۆر بڵاوبویەوە، داوای لە پارتی کرد کە "واز لە پلانگێری لە دژی رۆژئاوا بهێنێت". بایک لە وێبسایتی فیرات نیوز ی سەر بە پەکەکە، لە ٥ی ئابدا نووسیبوی کە "پارتی بەشێکە لە پلانگێری لەدژی خەڵکی کورد لە رۆژئاوا".
بایک بەشێوەیەکی توند رەخنەی لە پارتی گرت بۆ بەشداریکردن لە جەنگ دژی کورد و وتی" لەم جەنگە پیسەدا لە دژی کوردانی رۆژئاوا، پارتی لە تورکیا و دوژمنانی کورد تاوانبارترە. لەو بارودۆخە نالەبارەدا پارتی، لە رێگەی داخستنی سنوورەکانەوە، ئابلوقەی خستۆتە سەر رۆژئاوا".
لەدوای وتارەکەی جەمیل بایک، "جەعفەر ئیمنکی"، وتەبێژی پارتی رەخنەی لێگرت و وتەکانی بە "بێ بەها' ناوبرد. ئیمنکی بە وێبسایتی فەرمی حزبەکەی راگەیاندبوو

کە وتەکانی جەمیل بایک "خزمەت بە قەزیەی ئێستای کورد لە ڕۆژئاوا ناکات" و ڕەخنەی ئەوەشی لە جەمیل بایک گرت کە "لە پێناو یەکێتیی نەتەوەییدا کار ناکات".

### جیاوازیی ئایدیۆلۆژی

حیزبە سیاسییە کوردییەکان خاوەنی ئایدۆلۆژیای جیاوازن. ئایدۆلۆژیای ئۆجالان، ئایدۆلۆژیای سەرەکی زۆرێک لەو حیزبانەیە کە بەشداری لە کۆنگرە دا دەکەن، چونکە "کەجەکە"، پارتی لایەنگری لە سووریا و تورکیا و عێراق و ئێراندا هەیە. لەهەمان کاتدا چەند حیزبێکی ئیسلامییش هەیە کە دەیانەوێت ئیسلام لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردییدا یەکانگیر بکەن.

مستەفا هیجری سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە کوردستان تیڤی، تەلەفزیۆنی ڕەسمی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند کە "هیچ حیزبێکی سیاسی نابێت بۆچوونی سیاسیی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت".

ئەبوبەکر کاروانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ڕایگەیاند کە یەکگرتووی ئیسلامی، تەرکیز دەکاتە سەر یەکانگیرکردن و تێکەڵاوکردنی ئیسلام لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردییدا و ئەوە ئامانجی ئەوانە لە کۆنگرە. کاروانی بە ئەلمۆنیتەری ڕاگەیاند کە کۆنگرە دەبێت هەمو ئایدۆلۆژیاکان لەخۆبگرێت و خەباتی هیچ لایەک لە پێناو ئازادییدا فەرامۆش نەکرێت.

کۆنگرە سەربارى ناکۆکییە سیاسیەکان، کە ڕەنگە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆنگرە، دەبەسترێت. هەموو جیاوازییەکان و گرژییە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی خۆیان لەسەر کۆنگرە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نزیکدەبێتەوە کە وادانراوە لە ٢١ ئەیلول بکرێت، بەدڵنیاییەوە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕێگە نادەن دوو حیزبە حوکمڕانەکەی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کۆنگرەی نەتەوەیی لە کامپەینی هەڵبژاردندا بەکاربێنن.

لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران، ترسی ئەوەیان هەیە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کاریگەریی لەسەر کوردانی وڵاتەکانیان هەبێت، هاووڵاتییانی کوردیش ترسی ئەوەیان هەیە کە کۆنگرە کۆتایی بە خەونی یەکێتیی و یەکریزیی کورد بێنێت.

...

کەمال چۆمانی. ڕۆژنامەنوسێکی کوردە لەسەر بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی کوردی لە عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا بۆ دەزگا بەناوبانگەکانی میدیای کوردیی دەنوسێت. چۆمانی لە سالی ٢٠١٠وە بەردەوام وتاری بۆ کوردستان تریبیون نوسیوە.

سەرچاوە : ناوەندی نووچە و شرۆقەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## چۆن کۆنگرەی نەتەوەیی ئاوا سەردەکەوێت



مەجید مام برایم / بەریتانیا

هەمووتاکێکی کورد بەئاواتی ئەوەن لەهەر شوێنێکی دونیادابن خەونی گەورەیان ئەوەیە کورد یەکگرتووبێت وکوردستان بەدەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیی بگات.

کوردستان کە داگیرکراو و دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێ لەزۆر لایەنەوە ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە ،لەشەڕی ساردان لەگەڵ یەکتریدا ،وە بۆ ماوەی هەشت ساڵیش عێراق وئێران شەڕێکی ماڵ وێرانیان بەرپاکرد ،هەرگیز پەیوەندیەکانیان سروشتی نەبووە؟ سەرباری ئەوەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەبات وشۆڕشیان درێژە پێداوە هەر پارچەوبەپێی هەلومەرجی وڵاتەکانیان وخەبات درێژەی هەیە ،لەباشوری کوردستان لەدوای شەڕی کەنداو کە ڕژێمی عێراق پەلاماری وڵاتی کوێتی دا. حیزب ورێکخراوەکانی باشوری کوردستان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا خۆیان ڕێکخستبوو ،توانیان بەرنامەیەکی هەمەلایەن دابنێن وسەرپەرشتی ڕاپەڕینێکی جەماوەری سەرتاسەری کوردستان بکەن و توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و کۆتایی بەحکومی بەعس بێنن لەشارەکانی (هەولێرودهۆک وسلێمانی)دا وە لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەئازادی و بە بەشداری هەموو سیاسیەکان لەساڵی ١٩٩٢ توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن .

بەڵام کەمترلە ساڵێک حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ،شەڕی براکوژی بەدەستی دەوڵەتانی ناوچەکە هەڵگیرسا کەهەزاران کەس تێیدا بووە قوربانی ئەم شەڕە خۆکوژیەوە . سەرەنجام هەرێمی کوردستانی کرد بەدوو بەشەوە دوو ئیدارەیی جیاواز کەتا ئێستاش بەشێوەیەکی یاسایی یەکیان نەگرتۆتەوە ، وەکو هێزی پێشمەرگە و دارایی و وەزارەتی ناوخۆ دادگا ، هتد....

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش (٧) حەوت کابینە نەیتوانیبێت یەکبگرێتەوە وئەم دەزگایانە بەنیشتمانی بکات و لەچوار چێوەیەکەک ڕێکیان بخات ؟! چۆن

دەتوانێت کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان لەکۆبکاتەوە کە حاڵیان لە حاڵی کوردانی باشوور گەلێک خراپترە بەدەست ناکۆکی و لێکترازانەوە ، یان بەشداری پێنەکردنی بەشێکی حیزبەکان وپەراوێزخستنیان ؟ ئایا کۆنگرە چ مانایەکی دەبێت وچ پەیامیکی پێیە ؟!

ئێمەی کورد کە حکومەت وسەرۆکایەتی هەرێمی هەبێت ونەمانتوانی وە ناوماڵی خۆمان ڕێک بخەین وە نەبینە چەتر بۆ کوردانی پارچەکانی تربەبێ جیاوازی ؟

نازانم بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردان کە تاکوئێستاش سەدان کۆماندۆی دەوڵەتی تورکیا بەخۆیان وجبەخانەکانیانەوە لە ناوچەکانی بادینان بارەگایان هەیەو چاودێری ڕەوشی ناوچەکە دەکەن.کۆنگرە بەشێوەیەکی ئاشکراو لەبەرچاوی هەموو میدیاکانی دونیا وبەپرسی حکومەتەکانی ناوچەکە، کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوەو کە مافی کورد ناسەلمێنن چ ئەرزشێکی دەمێنێت ، ڕۆژانە بەشدار بوانی مەکتەبی سیاسیەکان، ئەجندای کۆبوونەوەکان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکەن ، چۆن دەبێت قسەلەسەر جارەنووسی گەلێک بکرێت وبەرنامە بۆ مافەکانی دابنرێت و ناوەرۆکە کەی بۆ هەموو دونیا ئاشکرابکەی !؟ کوردانی ڕۆژئاوی خراپترین ژیان دەگوزەرێنن و سنوورەکانیان لێداخراوە ئەوە وخزمەت بەکێ دەکات ؟ لەم کاتەدا کۆنگرە درێژە بەکارەکانی دەدات و دەوڵەتی تورکیا داوادەکات سەرۆکی ئەم کۆنگرەیە (بارزانی) بێت بۆیە ئەوە دەست وەردانە لەکاروباری کۆنگرە وجێگای قبوڵی بەشێکی گرنگی لایەنەکان نابێت وزۆر پێویستە لەم کاتوساتەدا کۆنگرە دوابخرێت بۆ کاتێکی گونجاو کە ئاسایشی ناوچەکە و ڕەوشی تەشەنوجی لایەنەکانیش ئاساریی بکرێتەوە و کۆنگرە لەسەر ئەساسی هەموو چین وتوێژەکان و مامۆستایانی زانکۆ و مێژوونووسان وئەدیبانی کوردوشارەزایان لەسەرانسەری دونیا بەشداریان پێبکرێت وڕایان وەربیگرێت ،

بۆئەوەی بەکاملێ کۆنگرە سەرکەوتوویێت .

سەرچاوە : ماڵپەری پێنوسەکان / ڕێکەوتی : ٨ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کورت وکورمانجی



جەعفەری کەریمی

لە ڕێویان پرسی ؟ ئەتۆ هێلکە دەکەی یان بێچوت دەبێ .

گوتی : هەردووکیان !

پاشی ساڵانێکی دوورو درێژ لە تێپەڕ بونی ڕێگوزەری مێژووی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری دەتوانین بڵێن ئەوە یەکەم جارە باس لە بستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەکرێ .دەریایەک دڵم خۆشە کە ئەو جار بەرەو قۆناخێک هەنگاو دەنێین کە بە هەموو جیهان ڕابگەیەنین ئێمەش ، زمانمان دەوڵەمەندە ، خاکمان پڕ پیت و بەرەکەتە ، کولتۆرمان هەیە مێژوومان تژی لە شەرەف و سەربڵیندیە . بۆ چی پێمان ڕەوا نابینن وەکی مرۆو لە سەر خاکی باب وکاڵان بە نان ودوی خۆمان شەوانمان بکەینە ڕۆژ ؟

لە پێک هێنانی ئەو کۆنفرانسەدا داگیر کار چۆن بیر دەکاتەوە لە کام ئاستدا پیلانی بۆ دادەرێژێ کە نیوە ڕێی بکا پێویستی بۆ هوشیاری نەتەوەیی هەیە . هەمووماندەزانین ئاستی ئەو وشیاریە زۆر لاوازە وبەڵگەشم لەبۆ ئەو قسەیە مێژووی سەت ساڵی ڕابوردوومانە کە بە تەوری دەستی خۆمان بن بڕمان کردووە . هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە سەرۆککۆماری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی وڵات دەبێ دەرسی گەورەو بە نرخی بۆ بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسی نەتەوەیی تێدا بێ .قزڵباش ئاخوندی سەردەست لە ئێران زۆربەیان بە خوێنی سەری یەک تینون ویەکتریان قەبوڵ نییە .بەڵام کە کار دەگاتە ئاستی پاراستنی دەسەڵات وبەرژەوەندی خۆیان بە ڕواڵەت وڵاتی ئێران چاو پۆشی لە زۆر بابەت دەکەن یەکرێزی خۆیان ڕادەگرن ئەو پاپۆڕەی کە تێیدا بەرەو ئامانج هان دەدەن .ئەوەخاڵی لاوازی مێژوویی کوردە لە بەرانبەر دوژمندا کە ئێمە قەت هەستمان پێ نەکردووە .

بازاڕی گەرمی چەند ڕۆژی ڕابوردووبۆ بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی گەرمە ،لە هەمان حاڵدا بەشێک لە نیشتمانی بریندارمان لە ڕۆژئاوای وڵات بە بیانوی جۆراوجۆر توشی دڕندانەتەر هێرش لەسەر حیسابی ئایین و شەرع بۆتەوە کە خوێن و خاک و ناموسی کورد حەڵاڵ کراوە .

یەکێتی نیشتمانی دوای جەلال خۆ بە ئاوو ئاور دادەدا تا لە ژێر ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتوە ڕزگار ببێ بۆیەهۆی کوشتاری کورد لە ڕۆژئاوا دەخاتە سەر ملی پارتی و داخستنی سنورەکان و مەسعود .

داستانی حیزبەکان ڕۆژهەڵاتیش داستانی ، من ئەو کەسەم کە ڕۆستەم پاڵەوانە .پاشی نزیک بە ٣٤ ساڵ لە قالبی خۆیان هاتونە دەرێ و بەشداری ئەو کۆنفرانسە دەبن .

بۆ داهاتوی ڕۆژهەڵاتی وڵات مەگەر خودا بۆ خۆی چارەیەکمان بۆ بکاتەوە .

دوکترینی دەوروبەری کاک مەسعود دەڵین : بۆ ئەوەی سەروەت و سامانی ژێر خانی ئەو وڵاتە مل بە کۆتە بە باشی هەڵلوشین دەبێ دەسەڵاتی کورد کوژی تورانی ڕازی

ڕابگرین تا لولە نەفتیەکەما ن هاسانتر بچێتە دەرەوە . خاڵی هەرە لاوازی ئەو کۆنفرانسە ئەوەیە کە هێشتا بە ئەنجام نەگەیشتوە خەریکن لە سەر میزی کارەکەیان یەخەی یەکتر دادەدڕن .هەڵوێستی بەشدار بوانی باشورو ڕۆژهەڵاتم وەکی چێشتی مجێور دێتە بەر چاو کە کەتێک سارد بۆوە کەس تواناى نیە پەنجەی بۆ بەرێ . فارسەکان بە گشتی وکۆماری کەمتیارەکان بە تایبەتی فێرن بە لۆکە گوێچکەمان ببڕن و زۆر زیرەکانە ڕوودەستمان لێدەن چون دەزانن نابێ لە دەسەڵاتی باشور دڵ نیگەران بن بۆیە پادارەکان دەگرن ودەڵین بێ پایەکان هی خۆمانن ، ئەوەیە ئەو ئاوە کە لە ماوەی دەسەڵاتی کورد لە باشور دارژاوە .

شەڕی گران لە ڕۆژئاوا قارەمانی کورد دەیکا ، شەیتانە بازاڕ لە هەولێر وسولێمانی بەردەوامە .کێ دیتویە بازەرگانی بە دۆزی کورد لەو کاتەدا ئاوا بگاتە ئاستێکی بڵیند کە لە کۆنفرانسێکی ئاوا هەستیاردا چاو لێک مۆڕ کەنەوە وبەرەو لاڕێی بەرن .سەرکەو تنی ئەو کۆنفرانسە ئاواتی من و هەموو کوردێکە بەڵام هەتا ئێرە بۆتە داستانی مام ڕێوی.کە هەم هێلکەی دەکا وهەمێش بێچوو ی دەبێ !؟

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان پۆست / ڕێکەوتی : ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## دەوڵەتی یاسا مەرجی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هەیە



سەرکردەیەکی دەوڵەتی یاسا ڕایگەیاند ئەوان بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردیان لەهەولێر پێ ئاساییە، بەو مەرجەی هیچ بڕیار و ئاماژەیەک بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی پارچەکانی کوردستان لەخۆ نەگرێ و هەڕەشە لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ نەکات .

بە پێچەوانەی هەڵوێستەکانی پێشتری، بەتایبەت پێش سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەولێر و سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا کە هەمووی ڕەخنەئامێزبوون لەهەر هەڵوێست و بڕیارێک لەلایەن هەولێرەوە درابا، دەوڵەتی یاسا تاوەکو ئێستا لەهەمبەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بێدەنگی هەڵبژاردووە.

دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی، پارتەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان گەیشتنە کۆدەنگییەک بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و وا بڕیارە لە 24ی ئەم مانگە کۆنگرەکە لەشاری هەولێر ببەسترێ.

عەلی شەللا، گوتەبێژی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر بەستنی کونگرەی نەتەوەیی کورد لەهەرێمی کوردستان لەپێناو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ گەلی کوردە لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ، ئەوا هیچ تێبینیەکمان لەسەری نابێ، چونکە دیکتاتۆریەتی زۆرینە و پەراوێزخستنی لایەنەکان و پێکهاتەکانی دیکە باوی نەماوەو نابێ دەست بەسەر بیرکردنەوەمان بگرێ". بەڵام گوتی "ئەگەر ئامانج لەو کۆنگرەیە جیابوونەوەو دابەشکردنی عێراق و وڵاتانی دراوسێ بێت، ئەوا بێگومان بەغدا ئەوکات هەڵوێستی دەبێ."

ئەو بەرپرسەی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا خۆزگەی خواست کە لەکاتی بەستنی کۆنگرەکە پەرلەمانتارانی عێراق لەبیر نەکرێن "هیوادارین چەند پەرلەمانتارێکی عێراق بەتایبەتی ئەو پەرلەمانتارانەی بە دۆستی کورد ناسراون، بانگهێشتی کۆنگرەکە بکرێن بۆ ئەوەی بەغداش ئاگاداری ئەو بڕیار و هەڵوێستانە بێ کە لە کۆنگرەکەدا رادەگەیێندرێ و گومانی لا دروست نەبێ."

غەفور مەخمووری، گوتەبێژی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەهەرێمی کوردستان بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە ٣٠٠ کەسایەتی بیانی داوەتی کۆنگرە بکرێن". مەخمووری گوتیشی "بۆ عێراق بەدڵنیاییەوە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانتارانی عێراق داوەت دەکرێن، هەروەها کۆمەڵێک کەسایەتی عەرەب کە ڕۆڵیان لە دۆزی کورددا گێڕاوە و لە سەریان نووسیوە."

هەرچەندە کۆنگرەی نەتەوەیی هێشتا لە قۆناغی ئامادەکاریدایە و نەبەستراوە، بەڵام چاودێران هاوڕان لەسەر ئەوەی کۆنگرەکە جێی سەرنجی حکومەتی عێراق و وڵاتانی دراوسێ دەبێ، بۆیە بێدەنگی بەغدا لەو ڕووەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ.

هاشم ئەلحەبوبی، شرۆڤەکاری سیاسی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هۆکاری بێدەنگی حکومەتی عێراق لە ئاست بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێر زۆرن و دیارترینیان سەرقاڵبوونی حکومەتی مالیکییە بە ڕەوشی ئەمنی عێراق، کە لەبارێکی خراپدایەو شڵەژانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوە جگە لە قەیرانی سیاسی و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە سەرەتای ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێ، هەموو ئەم هۆکارانەو هەستیاری باری ئێستای پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر کە ماوەی چەند ساڵێکە بەقەیراندا تێدەپەڕێ، حکومەتی عێراقیان بێدەنگ کردووە."

ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە هەروەها گوتی "لە عێراقدا ڕانەهاتووین پێشوەخت ڕاوبۆچوونی خۆمان لەبارەی ڕووداوێک یاخود هەڵوێستی لایەنێک دەربڕین، چاوەڕێ دەبین هەتا ئەوکاتەی ئەو هەڵوێستە ڕوون دەبێتەوە و دەبێتە بڕیار."

حەبوبی کە هاوکات ئەمینداری گشتی گردبوونەوەی کۆماری عێراقییە، پێیوایە "دەبێ کورد سنووری شەرم بشکێنێ و بە ئاشکرا و پێشوەخت بانگەشە بۆ هەر کۆنگرەیەکی هاوشێوە بکات و هەموو لایەکی بۆ داوەت بکات."

هەرچەندە هێشتا دیار نییە ئەنجامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی چی دەبن، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ کۆنگرەکە گۆڕانکارییەک لە ئاستی پەیوەندیی نێوان هێزەکانی پارچەکانی کوردستان بەدی بێنێ، هاوکات مەترسی ئەوەشی لێدەکرێ گۆڕان بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بێنێ.
هاشم ئەلحەبوبی پێیوایە دوای ئەو کۆنگرەیە گۆڕانکاری گەورە بەسەر رەوشی کورد دێت لە ناوچەکەدا و دەڵێت "گەلی کورد ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە یەکدەنگی و بڕیاردان هەیە بەهۆی ئەو رەوشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەی کە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی لە سووریا و تورکیا، پێشبینی دەکەم کۆنگرەکە کاریگەری گەورەی بەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە هەبێ لە ناوچەکەدا."

سەرچاوە: ماڵپەری رووداو نێت / ڕێکەوتی : ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## محەمەدئەمین پێنجوێنی: نۆچ ئالان زیاتر لە (٣٠) ساڵە کار بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات



پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

محەمەد ئەمین پێنجوێنی سیاسەتمەدار و ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە دیدارێکیدا لەگەڵ (چەترپرێس) کورتەمێژووی هەوڵدانەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە بڕیارە لە ڕێکەوتی (٢٠١٣ / ٨ / ٢٤) لە شاری هەولێر ببەسترێ، دەگێڕێتەوە و تیشک دەخاتە سەر بارۆدۆخی ئاڵەباری رۆژئاوای کوردستان. پێنجوێنی رایدەگەیەنێت کە نابێ کۆنگرەی نەتەوەیی بێتە مادەیەک بۆ هەڵبژاردن و راکێشانی خەڵک، بە پێچەوانەوە دەبێ ببێتە کۆنگرەی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان. پێنجوێنی هەروەها پێ وایە کە پێویست ناکات سەرۆکی هیچ حزبێک ببێتە سەرۆکی ئەم کۆنگرەیە.

### بیرۆکەی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی هی ئۆچ ئالانە

محەمەد ئەمین پێنجوێنی مێژووی دەستپێکردنی هەوڵدانەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "بیرۆکەی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی یان نیشتمانی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٨٠ لە لایەن ئۆچ ئالان لەو کاتەدا لە دەرەی بیقاع بووە، سەری هەڵداوە. من ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆمەڵێک رۆشنبیر و سیاسەتمەدار وەکوو یەکەمین شاندی باشور چووینە دەرەی بیقاع. یەکێک لەو خاڵانەی کە ئۆچ ئالان گفتوگۆیەکی دور و درێژی لەگەڵدا کردین و داوای دەکرد کە بیرۆکەی دۆزی کۆنگرەی نەتەوەیی لەناو کورددا و لەناو رۆشنبیرانی کورددا بڵاو بکەینەوە. هەروەها دەیوت پێویستە کورد لەو قۆناخەدا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گرێ بدات بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد لەو کۆنگرەیەدا بەرەو چارەسەری برۆن و ئەو کۆنگرە ببێتە چەترێک بۆ هەموو کوردان.
بیری کۆنگرەی نەتەوەیی لای بەڕێز ئۆچ ئالانیشەوە وەکوو خۆی باسی دەکرد لەوە هاتبوو کە فەلەستینییەکان لە ١٩٨٠کاندا لە دەرەی بیقاع لە باشوری لوبنان دەریانکردن و رۆیشتنە قبرس و لەوێش چوونە تونس. یەکەم کارێک بۆ ئەوەی مەعنەویاتی هێزە سیاسی و رێکخراوە چەکدارە فەلەستینییەکان بەرز بکەنەوە کۆنگرەی نیشتمانی فەلەستینیان دروست کرد. ئەم فکرە لە لای ئاپۆ زۆر شتێکی باش بوو. هەموو جارێک باسی دەکرد و ئەوانیشی بۆ نمونە دەهێنایەوە کە فەلەستینییەکان ئەو هەموو جیاوازییە فکری و ئایدۆلۆژی، سیاسی و سەربازییەی کە لە بەینیاندا هەیە، بەڵام چەترێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە و لە ژێریدا کۆ دەبنەوە و کێشەکانیان چارەسەر دەکەن. بۆیە پێویستە لە ناو کوردیشدا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەبێت. ئێمە کە پرسیارمان دەکرد کە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی چی پێویستە، باسی لەوە دەکرد کە پێویستە پەیمانێکی نیشتمانی (میساقی نیشتمانی یان شەرەف) لەو کۆنگرەیەدا ئامادە و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بەڵێنی شەرەفی لەسەر بدرێت کە هەموو پابەند بن پێیەوە. ئەو هێزانەی کە تێیدا بەشدار دەبن یان ئەو کەسایەتە سیاسی و رۆشنبیرانەی کە بەشدارن پێویستە ئەوە واژۆ بکەن و پێوە پابەند بن. ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکە یان دۆزی نەتەوەیی کوردستانە. بیروباوەڕی ئاپۆ ئەوە بووە کە لە کوردستاندا نەتەوەی تریش دەژین و بە درێژایی مێژوو بە هەزاران ساڵە ئەو نەتەوانەش وەکو؛ ئاسووری، کەلدانی، ئەرمەن، تورکمان و ژمارەیەک عەرەب هاتوونەتە کوردستان و ئەو نەتەوانەی تر کە لە کوردستان ژیان بەسەر دەبەن؛ تەنانەت دین و مەزهەبەکان بە درێژایی مێژوو لە کوردستان پێکەوە ژیانیان کردووە. بۆیە پێویستە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بێت بۆ ئەوانەش هەموو هەست بکەن کە ئەم کۆنگرەیە نوێنەرایەتی ئەوانیش دەکات.
خاڵێک لە خاڵەکانی خەباتی تەڤگەری **PKK** بە درێژایی ئەو ساڵانە لە ١٩٩٠کانەوە تا ئێستا مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووە. ئەوە بوو کە من خۆم بەشدار بووم لە دروستبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی و پەرلەمانی کوردستانی دەرەوەی وڵات کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر بووم و ئەندامی دانانی پەیڕەوی ناوخۆ و سیستەمی ئەو پەرلەمانە بووم. دواتر کۆنگرەی نەتەوەییش دامەزرا تا ١٩٩٨ لە بروکسل پایتەختی بەلژیکا یەکەم کۆبوونەوە لە هوڵەندا کرا و خەڵکێکی زۆری سیاسی،

ڕۆشنبیری گەورەی کورد و کەسایەتی باشور، ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا و باکور تیایدا بەشدار بوون. ئەوە نزیکەی ١۴ ساڵە کۆنگرەی نەتەوەیی هەیە کە بیرۆکەکەی و بنکەکەی لە برۆکسلە.

کۆنگرەی نەتەوەیی کە ئێستاش ئێمە بە شەرەفەوە ئەندامین تێیدا توانی مەسەلەی کورد بکاتە ناونیشان و ئادرەسێکی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ کورد لە ئەوروپا لە گروپە سیاسیەکانی جیهانی و هەوڵدان بۆ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گەورە، لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بنکەکەی لە برۆکسلە خاڵێک هەیە کە دەڵێت: "ئەو کۆنگرەیە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گەورە ببەسترێت کە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردی تێدا بەشدار بێت لە کوردستانی ئازاد یان هەر بەشێکی کوردستان بێت کە شەرت و مەرج ڕێگا بدات ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت." ئەوە بوو لە مانگی ڕابردوو لە سەلاحەدین ئەو کۆنگرەیە کەوتە بەر باسەوە. سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئازاد لە هەولێر بە ڕای من هەنگاوێکی گەورە و پیرۆزە. بەری ڕەنجی ئەو خەباتەیە کە ئۆج ئالان و PKK و کۆنگرەی نەتەوەیی و پەرلەمانی کوردستانی دەرەوەی وڵات، هەموو کەسێکی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری نیشتمانپەروەر نزیکەی (١۵ ـ ١٦) ساڵە هەوڵی بۆ دەدات، بەرەی ڕەنجەکەی ئەوە بوو کە ئەم کۆنگرەیە هاتە ئاراوە.

## پێشتر قەت بڕوایان بە کۆبونەوەی کوردان لە ژێر چەترێکدا نەبوو

دەمەوێت حەقیقەتێکیش لەم منبەرەوە کەسایەتی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر بزانێت کاتێک ئێمە باسی کۆنگرەی نەتەوەییمان دەکرد، زۆر لەو پارتی، هێز و کەسایەت و خەڵکانەی کە ئێستا لە مەیداندان و باسی کۆنگرە دەکەن، دەیانوت ئەمە شتێکی ئالواوە و قەت هێزی سیاسی کورد لە ژێر چەترێکدا کۆ نابێتەوە و کۆنگرە نابەستێت. هەندێکیشیان لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە مەسەلەی نەتەوەیی و یەکگرتنی کوردستان و باوەڕیان بەوە نەبوو کە کوردستان وڵاتێکە و دابەش کراوە و سروەت و سامانی لە لایەن هەر داگیرکەرێکەوە دەبردرێت، بەڵام ئێستا هەلومەرج و سیاسەت گۆڕانی بە سەردا هاتووە. هەرچەند مەسەلەیەک هەیە کە دەڵێت: "لە سیاسەتدا هەموو شتێک ئالواو نیە، هەموو شتێک لواوە". بۆیە ئێستا (٣٩) پارتی کوردی لە پیرمامی سەلاحەدین کۆ بوونەوە. هیوادارم کۆمیتەی ئامادەکار بە بیرو باوەڕێکی حزبایەتی تەسک کار نەکەن. بە بیر و باوەڕێکی نیشتمانی گەورە و پێشکەوتنخوازی پێشڤەڕۆی کوردستانی نەتەوەیی کار بکەن بۆ ئەوەی کۆنگرەکە بە باشی بڕوات بەڕێوەو سەرکەوتوو بێت و بتوانن بڕیاری چارەنووسساز لە بەرژەوەندی دۆزی گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدات.

## نابێ کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە مادەیەک بۆ هەڵبژاردن و ڕاکێشانی خەڵک

ئەم کۆنگرەیە کە دەبێ ببەسترێت من هیوادارم تەنیا ئەوە نەبێت، کۆبوونەوەیەک بێت و ببێتە ڕیکلام لە تەلەڤیزیۆنەکاندا و هەر پارتێک بیکاتە مەکزەبی سیاسی و ماددەیەک بۆ هەڵبژاردن و ڕاکێشانی خەڵک. پێویستە خەلکی کوردستانی و سیاسەتمەداری کورد بزانن کە یەکەم؛ ئەمە ڕەنجی (٢٠) ساڵ لەمەو پێشە. دووەم؛ کۆمیتەی ئامادەکار بەو ڕۆحەوە کار بکات و هەوڵ بدات و خەڵکی سیاسەتمەدار و نەتەوەیی ڕاست بەشداری پێ بکەن لەم کۆنگرەیەدا و پێویستە بڕیارەکان لە بەرژەوەندی گەلی کورددا بێت نە لە بەرژەوەندی حزبێک و لایەنێک و سیاسەتێک بێت.

من لە ڕۆژنامەیەکدا بیرۆکەیەکم پێشنیار کرد کە لەگەڵ هەڤاڵانی KCK شدا باسم کردووە. ئەویش ئەوەیە کە هیوادارم ئەو کۆنگرەیە لە هەڵەبجەی شەهید بکرێت بۆ ئەوەی هیچ لایەنێکی سیاسی نەڵێت لە ژێر سایەی ئێمەدا بوو. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی. ڕەنگە بڵێن (٣٠٠ ـ ۴٠٠) کەس لە شارێکی بچکۆڵەی وەک هەڵەبجە ناتوانن ئیدارە بکەن، بەڵام پێویستە مانگێک بۆ دوو مانگ ئامادەکاری بۆ بکرێت. بەڕای من پێویستە وەکو ڕەمزێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەوێ بگیرێت. لەهەر شارێکی تری کوردستانیش ساز بکرێت، پێویستە ڕێڕەوێکی وای پێ بدرێت کە ئەمە کۆنگرەی نەتەوەییە نە کۆنگرەی حزبێکی تایبەت.

## پێویستە دوور لەکاریگەری حزبی بێت

ڕاستی کوردستان وەهایە کە هەموو حزبێک هەوڵ دەدات کە بڵێت ئێمە بووینە هۆی گرێدان و پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیە. هەموو حزبەکان زۆربەیان تەلەڤیزیۆن و سەتەلایت، ڕۆژنامەو ماڵپەڕ، ڕادیۆ و ڕێکخراویان هەیە، هەموو ئەمانە دەخەنە کار بۆ ئەوەی بڵێن ئەم کۆنگرەیە ئێمە دەستپێشخەریمان کردووە بۆ بەستنی. بە باوەڕی من ئەمانە لەم قۆناخەدا خزمەت بەوە ناکات کە ببێتە مەکزەبی پارتێک. من ڕامگەیاند و شایەتم کە لە ساڵی ١٩٩١ ئۆج ئالان لەگەڵ ئێمە قسەی کردووە و ڕاوبۆچوونی ئێمەی تەنانەت بە نووسینیش گرتووە و پرسیاری کردووە پێشنیارەکانتان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی چییە؟ من خۆم (١٠) لاپەڕەم نووسیوە و پێشکەشم کردووە. باوەڕی (٢٠) ساڵ لەمەوپێشی من ئەوە بووە کە پێویستە ئەم کۆنگرە هین نەتەوە بێت. من ئەو قسەیەم لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کردووە کە پێویستە کۆمیتەی ئامادەکار کە زۆربەی هەرەزۆری حزبەکانی کوردستانی تێدایە، لەهەر چوار بەشی کوردستان بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەی نەتەوەیی نەک ببێتە کۆنگرەی پارچەیەک یان پارت و لایەنێک؛ بۆ ئەوەی ببێتە کۆنگرەی نەتەوەیی و ببێتە کۆنگرەی هەموو ئەو گەلانەی لە کوردستاندا دەژین و بۆ ئەوەی ببێتە

بەدیهێنانی ئاوات و خەونی ئەو کەسانەی کە (٢٠ . ٣٠) ساڵە خەوی پێوە دەبینن و هەوڵی بۆ دەدەن. پێویستە ئەم کۆنگرەیە کۆمیتەی ئامادەکار هەر یەکەیان بیر لەوە بکاتەوە کە بانگێشتیان بۆ کۆنگرە دەکەن. کەسانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و خاوەن فیکر کە بتوانن لە کۆنگرەکەدا رۆڵ ببین و کاریگەری لەسەر هەوای کۆنگرەکە دروست بکەن و بە بارێکدا ببیەن کە لە خزمەت نەتەوە و نیشتماندا بێت. دووەم؛ ئەو ئەجێندایەی کە بۆ کۆنگرە ئامادە و لەسەر گفتوگۆ دەکرێت و دەبێتە هاوپەیمانی نیشتمانی یان پەیمانی نەتەوەیی (میساقی وەتەنی) ئەوە بە رۆحێکی وەها ئامادە بکرێت کە دور لە کاریگەری حزبێکی دیاریکراو یان حزبایەتی و هەر حزبێکی تر بێت.

## دەبێت سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی لە کەسانی بێلایەن بن

پێویستە کۆنگرە وا سەرۆکایەتییەکەی هەڵبژێرێ کە لەسیاسەت بێلایەن بن. بە رای من پێویست ناکات سەرۆکی هیچ پارتێک ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی. کەسانێک بن کە خزمەتی ئەم نیشتمانەیان کردبێت، خزمەتی فکری ئەم خەڵکەیان کردبێت، خزمەتی ئەدەبیاتی کوردیان کردبێت، خزمەتی مێژووی کوردیان کردبێت. کەسانێک بن کاریگەریان لەناو گەلانی دەوروبەرو جیهاندا هەبێت، بۆ ئەوەی بە دەوڵەتانی دونیا نیشانی بدەین بە ئەمریکا و بە رۆژهەڵاتی ناوین بە عەرەب، بە تورک و بە فارس کە لەگەڵیاندا دەژین. پێیان بسەلمێنین کە ئێمە نەتەوەیەکی مەدەنی و خاوەن کلتور و مێژووین. ئێمە نەتەوەیەکین نیشتمانێکمان هەیە کە پارچە کراوە و هەوڵ دەدەین بۆ یەکگرتن و نزیکبوونەوەی ئەم هێزە سیاسی و نیشتمانییە کە لەت لەت کراوە. دەبێ ئەجێنداکە یان پەیمانە نیشتمانی و نەتەوەییەکە لەم چوارچێوەیەدا بسورێتەوە. بە باوەڕی من دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان پێیان ناخۆشە ئەو کۆبونەوەیە گیراوە یان ئەم کۆنگرەیە دەبەسترێت. ژمارەیەکیان لە ناچاریدا پیرۆزبایی لێ دەکەن، ژمارەیەکیان هەوڵ دەدەن کاریگەری خۆیانی هەرێمی لەسەر کۆنگرەکە هەبێت.

## کۆنگرە پەیامێکی زۆر گەورەیە بۆ داگیرکەرانی کوردستان

ئەگەر ئەو کۆنگرەیە سەربکەوێت و ببێتە کۆنگرەیەکی نیشتمانی و ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستاندا دەژین، و سەرۆکایەتی و کۆمیتەکانی ناو کۆنگرە هەڵبژێردرێت، پەیامێکی زۆر گەورەیە بۆ داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەت تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریا کە ئەم نەتەوە، نەتەوەیەکی زیندووە و دەیەوێ خۆی، خۆی بەرێوە ببات و ئەم نەتەوەیە دەیەوێ خۆی هەڵسوکەوتی وڵاتی خۆی بکات. پەیامێکی گەورەیە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا بۆ وڵاتانی عەرەبی و بۆ ئەو وڵاتانەی کە ناوەندی بڕیاری جیهانن و لەوێ بڕیارەکان وەردەگیردرێ و جێبەجێ دەکرێت. هەروەها پەیامێکی گەورەیە بۆ ناوخۆی گەلی کورد لە بەشەکانی کوردستان، بۆ ئەو بەشانەی هێشتا رزگار نەبوون، بۆ ئەو بەشانەی خەباتی سیاسی دەکەن لە پێناو هێنانەدی مافی نەتەوەیی و رۆحی بەرخۆدانیان بەهێز دەکات. ئەمانە هەموو لە ئەنجامی کۆنگرەکە دێتە دی. ئەگەر کۆنگرەکە بەو شێوەیە بەرێوە بڕوات وەکو وتمان کۆنگرەیی نەتەوەیی بێت، نەک کۆنگرەی حزب یان دوو حزب و چەند حزبێک بێت. لە کوردستاندا حزبەکان هەن راستە، پێشەنگی خەڵکەکەن راستە، خەباتیان هەیە و تێکۆشانیان هەیە و قوربانییان هەیە و بە ساڵانە خەبات دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا گەلەکەش هەیە و قوربانی داوە. خەڵکێکی زۆر هەیە کە حزبی نییەو بە هۆی خەباتی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری تووشی ئەنواع ئازار و ئەشکەنجە و نارەحەتی و دەربەدەری و ماڵوێرانی و کوشتن و برین بووەتەوە. ئەوا ئێستا دەبیینین لە رۆژئاوای کوردستان ژن و منداڵ سەردەبڕن و لاشەکانیان فڕێ دەدەن. ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئازادی و ئازادکردنی نیشتمان و خاکی گەلی کوردستانە کە وا بوو، ئەگەر ئەم کۆنگرەیە گوزارشت لەمانە بکات ئەو کاتە دەبێتە کۆنگرەی نەتەوەیی. هەر چەند زۆر هەوڵ درا لە ٢٠٠٢ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دروست بێت و هەندێک لایەنی سیاسی کاریشیان بۆ کرد بە مەرجێک هەندێک هێزی سیاسی گەورە بەشداری نەکەن وەکوو **PKK** و تەڤگەری **PKK**ی لێ دوور بخەن و بیکەنە کۆنگرەی نەتەوەیی و بیدەنە گژ هێزی سیاسی دیکەدا، بەڵام ئەوە سەری نەگرت. چونکە سیاسەتمەداری کورد هۆشیار بووە، خەڵکی کورد هۆشیار بووە، رۆشنبیری کورد هۆشیار بووە، زۆربەی هەر زۆری ناڵێم هەمووی بە رۆحێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و پێشکەوتنخواز کار دەکات و دەیانەوێ نیشتمانەکەمان و خەڵکەکەمان ئازاد بێت و بە خۆشی بژیت.

هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە مانگی تەموز کۆ بوونەوە. ئەو کۆبوونەوە، کۆبوونەوەی هێزی سیاسی بوو؛ یەکەم جاریشە هەموو حزب و لایەنی سیاسی کوردی لە ژێر چەترێکدا کۆ ببنەوە و گوێ لە یەکتری بگرن و قسە و پێشنیار بۆ یەکتری بکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنێکی گەورەیە لە مێژووی سیاسی بزاڤی کوردستاندا. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەوڵدانێکە بۆ بەرەو پێشچوونی تەڤگەری سیاسی گەلی کورد. باوەڕی من گۆنگرەکە بەو شێوەیە بڕوات، پێویستە ژنان بەشداری کارایان هەبێت و پێویستە گەنجان چالاکانە بەشداری لەو کۆنگرەدا بکەن.

## دەبێ ژن چالاکانە بەشداری بکەن

پێویستە ژن چالاکانە بەشدار بێت لەبەر ئەوەی خۆمان دەزانین رۆڵی ژن لە تەڤگەری سیاسی و نیشتمانی کوردستاندا رۆڵێکی شەریف و بەهێز و بەکاریگەر بووە، پێویستە ئەو رۆڵە زیاتر پێش بخرێت. پێویستە گەنجان چالاکانە بەشدار بن. هەروەها نزیکەی دوو ملیۆن کوردی دیاسپۆرامان هەیە لە دەرەوەی وڵات. ئەی ئەوانە چۆن بەشداری لە

کۆنگرەدا بکەن؛ پێویستە نوێنەریان هەبێت و خەڵکیان بێت و گوێ لە را و بۆچوونەکانیان بگیردرێت. ئەوانە لە وڵاتەکانی ئەوروپا زۆربەیان پەیوەندیان لەگەڵ دامودەزگا ئەوروپییەکان هەیە، ئاگایان لە گۆڕانکارییە جیهانیەکان هەیە و توێژێک لە ئارادایە کە ئەفکاری نوێیان پێیە کە کۆنگرەکە دەتوانێ ئیستفادەی لێ بکات. خەڵکی کوردستان ئیستفادەی لێ دەکات و کەڵکی لێ وەردەگرێت. پێویستە هەمووی ئەوانە کۆ بکرێتەوە لە ژێر ئەم چەترەدا. نەکرێت بە حزبایەتی و حزب حزبانەو ئەوەش خزمەتی ناکات و ئەو رەنجەشمان بە با دەڕوات کە (٢٠) ساڵە خەباتی بۆ دەکەین.

## عەقڵی حزبایەتی تەسک زەرەرێکی زۆری لە گەلی کورد لە باشوری کوردستان داوە

گۆڕانکاری رووی داوە لە عەقڵی سیاسی کورددا، لە بیرۆکەی لای سیاسەتمەداری کورد کە بیرۆکەیەک قەبول بکات. هەر چەند لە لای حزبی کوردی هەتا ئێستا حزبایەتی لە پێش نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری بووە. ئەمە جێگای داخە و ئێمە لە کوردستانی باشور قوربانیەکی زۆرمان لەو پێناوەدا و ململانێکی زۆر کرا کە هەموو دەزانن و پێویستی بە باسکردن نابینم و ئەو عەقلیەتە حزبایەتییە تەسکە زەرەرێکی زۆری لە گەلی کورد داوە لە باشوری کوردستان. هیوادارم ئەوە لە بەشەکانی تری کوردستان دووپات نەبێتەوە. چونکە ئەوە تاعوونە، تاعوونێکی کوشەندەیە. نەتەوەکەمان دەکوژێت، هیوادارم مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەیی لەپێش عەقڵیەت و حزبایەتیەوە بێت بەو شێوەیە دەگەیەنە ئامانجەکانمان.

## پێویستە کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی دەنگ بەرز بکاتەوە و بڵێت ئەو رێگەیە بکەنەوە

دەڵێم بەداخەوە و لێرەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بە زووترین کات ئەو دەروازەیە بکەنەوە. چونکە بەرەی نەسرا بە فتوا خوێنی کوردی حەلال کردووە، بیانکوژن و سەرو ماڵیان ببەن، تالانیان بکەن و ژن و کچەکانیان بۆ خۆتان حەلال بکەن. ئەمە لەم سەدەی گلۆبالیزمدا، لەم سەدەی پێشکەوتنی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا گرووپێک بێت ئەو فتوایە بدات و جێبەجێشی بکات. بۆ نموونە لە سەرێکانی بە دەیان کەسیان کوشتووە و سەریان بڕیون و لاشەکانیان لە باخچەکاندا فڕێ داوە. لەم دۆخەدا ئێمەش رێگایان لێ بگرین، پێویستە کۆمیتەی ئامادەکاری کە ئێستا لە کۆبوونەوەدان وەک کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی هاوار بکەن، ئەو رێگەیە بکەنەوە. خەڵک پەرێشانە لەوێ، ئێمەی باشوری کوردستان چەند پەرێشان بووین کاتێک سنوورەکانیان لێ دەبەستین، لە ئێران و تورکیا لە رۆژهەڵات و لە باکورەوە، ئێستا ئەوان پەرێشانترن و داوا دەکەم و هیوادارم مەسەلەی کوردی رۆژئاوا بخەنە دەستی کوردی رۆژئاوا خۆیان. کوردی رۆژئاوا خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی و ئیدارەی زاتی خۆی خۆسەری خۆی و چی دەکەن با خۆیان بڕیار بدەن. دەستەی باڵای کورد هەیە، کۆمیتەی کۆنگرەی گەل هەیە، کۆنگرەی نیشتمانی هەیە، ئەوانە کۆ ببنەوە و خۆیان بڕیار بدەن و خۆیان چارەسەری خۆیان بکەن. ئەوەی کە لەسەر ئێمە پێویستە پێمان دەکرێت یارمەتییەکی مرۆیی سیاسی و پێشنیاریان بۆ بکەین. هیوادارم دەستێوەردانی کوردی رۆژئاوا نەکرێت، خۆیان بڕیار بدەن، حزبن، تێکۆشانیان هەیە، هەزاران شەهیدیان هەیە، چەند حزب و هێزێک لەوێیە کۆ ببنەوە و خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن، ئێمە لێرەوە یارمەتیان بدەین.

## ئەو بابەتانەی کە دەبێ لە کۆنگرەدا لەسەری قسە بکرێت

بە رای من پێویستە کۆنگرە ببەسترێت، ئەو خالانەی کە پێویستە لەکۆنگرەدا هەموو کۆنگرە لەسەری رێکبکەون و بە رای من پێویستە لەسەر رێکبکەون، یەکەم ئەو دەستکەوتەی کە لەباشوری کوردستان هەیە بپارێزرێت، چونکە ئەمە دەستکەوتێکە بووەتە دەستکەوتی هەموو نەتەوەی کوردستان تەنیا هین کوردی باشور نییە. دووەم ئەو دەستکەوتەی کە دەستی رۆژئاوای کوردستان کەوتووە کە خەونێک بوو هاتە دی پێویستە بە هەر شێوەیەک سیاسی، ئابووری، مرۆیی و سەربازی و بە هەر شێوەیەک بێت یارمەتیان بدرێت بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی ئەوێش پێش بکەوێت و ببێتە ئەزموونێکی وەکوو باشوری کوردستان. پێویستە خالێک هەبێت پشتگیری لەتێکۆشانی خەلکی کوردستانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات، بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو هێزەکان و پێویستە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دابنیشن و بەرنامەیەک بۆ خۆیان دابنێن و ئەوەتا دونیا سەرقاڵی ئێرانە کە چی بەسەردا بێت. شەیٚ دەبێت، ئەمریکا و ئیسرائیل لێیدەخات و لێی نادات و بەرخۆدان دەکات و نازانم هێزی ناوەکی ئێران چی بە سەر دێت و هەر کەس سەرقالی ئێرانە. بەڵام هێزە سیاسیەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان قسە لەگەڵ یەکتری ناکەن و تا ئێستا بەرەیەکیان دروست نەکردووە و تا ئێستا کۆبوونەوەیەکی هێزەکانیان نەکردووە تا بەرنامەیەک دابنێن ئەگەر گۆڕانکارییە بە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بێت چی بکەن و چی نەکەن. ئەمانە پێویستە لە کۆنگرە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پێویستە لەکۆنگرە هەوڵ بدرێت وەکو وتم پەیمانێکی نیشتمانی و پەیمانێکی نەتەوەیی پێشنیار بکرێت بۆ کۆنگرە و مۆناقشەی لەسەر بکرێت کە هەموو رێ بکەون لەسەری، واژۆ بکرێت و پێی بڵێن واژۆی شەرەف هەموو پابەند بن بەو واژۆیەی کردوویانە. شەڕی ناو هێزی کوردی و ناو حزبی کوردی و ناو پارچەی کوردی ئەو شەڕانە تەحریب و تەجریم بکرێن، بە جەریمە حساب بکرێن. ئامانە ئەو خاڵانەن کە لەکۆنگرەی نەتەوەییدا پێویستە باس بکرێن و هەموو پابەند بن پێی. نە تەنیا کۆنگرەیەک بێت و سبەینێ کۆبوونەوەیەک بێت، پێویستە هێزەکان کۆببنەوەو قسە لەگەڵ یەک بکەن و هەر کەس بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و

باروودۆخەکە هەر وەک خۆی بێت. ئەگەر ئەم کۆنگرەیە نەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی تەواوی لەهزری سیاسەتمەداری کورد و لەعەقلی سیاسی کوردیدا نەکات ئەنجامێکی نابێت.

## لایەنەکانی تری رۆژهەڵاتی وا دەزانن ئەگەر پەژاک بێتە پێشەوە بەشی ئەوان دەخوات

ئەو لایەنانە دوو خاڵ هەیە: یەکەمیان؛ ئەو لایەنانە وەها دەزانن ئەگەر **PJAK** هاتە پێشەوە بەشی ئەوان دەخوات، **PJAK** لە ماوەیەکی کەمدا توانی وەکوو هێزێکی سیاسی و وەکو حزبێکی کوردی نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری، پێشکەوتنخواز لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بسەلمێنێت. لە بواری سەربازی و سیاسی و رێکخستنی جەماوەری و ئابووری و لە هەموو بوارێکەوە هەندێک هێز پێیان ناخۆشەو وەها دەزانن کە ئەگەر **PJAK** هاتە پێشەوە ئەوان نامێنن، هەر حزبێک بەشی خۆی هەیە کەم تا زۆر. سبەینێ گۆڕانکارییەک بێت وەکوو باشوری کوردستان هەڵبژاردن دەبێت کێ زۆرینەی هێنا با ئەوە حوکمی رۆژهەڵاتی کوردستان بکات. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریش مۆمکینەو ئەمەش قەناعەتی خۆمە حکومەتی ئێرانی دەستێکی هەبووە لەوەی کە بە هەر شێوەیەک **PJAK** دوور بخەنەوە نەچێتە ناو ئەو کۆنگرە و ناو ئەو هێزە سیاسیانەی کوردستان نەیبیننەوە و دانی پێدا نەنێن و وەکوو مەشروعیەت و یاسایبوونی تەعامولی لەگەڵدا نەکەن. مومکینە ئەوانیش دەستیان لە ناودا هەبووبێت.

## مەسەلەی رۆژئاوا هی هەموو خەڵکی کوردستانە

پێویستە لەسەر هەموو هێزی کوردی بە هەموو ئایدئۆلۆژیەکانیەوە، لەعلمانییەوە تا ئیسلام و لەقەومیەوە تا نیشتمانی و لیبرال ئەمڕۆ پشتگیری هێزی سیاسی و بزاڤی رزگاریخوازی لەرۆژئاوای کوردستان بکەن. پێویستە بە رەنگاری ئەو هێزە کۆنەپەرستە کە بە ناوی ئیسلامەوە کە ئەوانە دوورن لەئیسلام و بە شێوەیەکی رەها پەیوەندیان بە ئیسیلامەوە نییە. چونکە ئیسلام قەت حەڵاڵی نەکردووە ژن و منداڵی خەلکی بێ تاوان و بێ ئاگا لەدونیا سەرببڕێ لەبەر ئەوەی کوردە. ئەمە بەرامبەر ئەو گروپەی بەرەی نەسراو ئەلقاعیدە و فلان فیسارەوە بوەستنەوە و پشتگیری ئەو بزاڤە بکەین. چونکە رۆژئاوا نە تەنیا هین رۆژئاوای کوردستانە، هین هەموو نەتەوەی کوردە کە کوردستانی رۆژئاوا ئازاد بوو، کەوتە دەست هێزی **PYD** و هێزی کورد، تورکیا هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەری مەسەلەی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان بکاتەوە، وای لێ هات هەندێک لە سەرانی کۆماری ئیسلامی باسی ئەوە بکەن کە پێویستە کورد بە کوردی قسە بکات و نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەکانی تری موسڵمان مافی خۆیان هەبێ. وای لەوە بکەن کە لە دونیا و لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە یەکێتی ئەورووپا مەسەلەی کورد جارێکی تر هاتە پێشەوە واتا مەسەلەی رۆژئاوا هەر هین رۆژئاوا عەفرین، قامیشلۆ و کۆبانێ نییە، هین هەموو خەڵکی کوردستانە و حەقیقەتێکیش هەیە پێویستە هەموو هێزی سیاسی و خەڵکی کوردستان بزانن کە کوردستانی رۆژئاوا پردێک بوو بۆ یارمەتی دانی هەموو تەڤگەری سیاسی کورد، چ لەرۆژهەڵات، چ لە باکور و چ لە باشور. ئەم هێزە سیاسیانەی ئێستا حوکمی باشور دەکەن هەموو لا لە سوریا و رۆژئاوا خۆیان گرتەوە، هێزی گەورەی **PKK** کە گەورەتری هێزی کوردستانە ئەمڕۆ لە رۆژئاوای کوردستان و لەوێوە دیسان پەلی هاوێشتەوە بۆ باکوری کوردستان. هێزی باشوری و هێزی رۆژهەڵات کێمان لەو سیاسەتمەدارانە بە کوردستانی رۆژئاوا تێنەپەڕیبێت و خەڵکی کوردستان و جوتیاری کوردستانی رۆژئاوا یارمەتی نەدابین و هەوڵی لەگەڵ نەدابین و نەیپەڕاندبینەوە لە ئاوەکە بۆ ئەم بەرەو بۆ ئەو بەرەوە بۆ ناو باکور و بۆ ناو رۆژئاوا. ئەمە هەموو سیاسەتمەدارانی کورد هەر هەموویان بە بێ ئیستسنا ئەوەیان بە چاوی خۆیان بینیوە کە وا بوو. پێویستە ئەمڕۆ هەموو کورد بە تایبەتی باشوری کوردستان یارمەتی کوردستانی رۆژئاوا بدەین بەرامبەر بەو هێزەی رەشەی کە دەیەوێت کشت و کوشتاریان لێبکەوێتەوە.

## پەیامی کۆتایی

پەیامی ئێمە بۆ خەلکی کوردستان ئەوەیە هەوڵ بدەن بیر لەمەسەلەو چارەنووسی نیشتمانێکی بەش بەش کراوێکی کوردستان بکەنەوە، بیر لەچارەنووسی مەسیری ( ٤٥ ) ملیۆن مرۆڤی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەینەوە کە ئەم (٤٥ ) ملیۆن مرۆڤە مافی هەیە لە ژێر ئاسماندا لە ژێر رۆژدا مافی هەیە وەکو هەموو گەلانی جیهان بژی و کیانی هەبێت و ستاتۆی هەبێت و دەوڵەتی هەبێت و ئاڵای هەبێت و سکەی هەبێت، پاسپۆرتی خۆی هەبێت، بیر لەمە بکەینەوە هێزی سیاسی بیرلەمە بکاتەوە. من نالێم ئەمڕۆ کوردستان یەکدەگرێت و نەتەوەی کورد یەک دەگرێت و ئەو سنوورانە نامێنێت، نا. ئەمە بەشێکە لە مێژوو هێشتا ماویەتی، بەڵام ئێمە لە ئێستاوە بەم بیرە بیر بکەینەوە زوو دەگەینە ئامانج، ئێمە وەکوو وتم لە ٩١ لەبقاع هاتینەوە بۆ سلێمانی باسی کۆنگرەی نەتەوەیمان بۆ خەڵکی سلێمانی و هەولێر دەکرد، بە لایانەوە سەیر و سەمەر بوو، ئێستا ئەوان هاتوون کۆنگرەی نەتەوەیی دروست دەکەن. ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە بیر لەوە بکەینەوە کە چارەنووسی (٤٥ ـ ٥٠) ملیۆن مرۆڤ کە نیشتمانەکەی دابەش کراوەو خاکی، سرووشتی و نەوتی، کلتوری و مێژووی و ئارکۆلۆجیای، مۆسیقی و گۆرانی هەموو بەش بەش کراوە، هەوڵ بدەین ئەوانە کۆبکەینەوە و پێشکەشی نەتەوەکەمانی بکەین، ئەو کات دەگەینە ئامانجەکانمان.

سەرچاوە : ماڵپەری فورات نیوز / رێکەوتی : ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و یەک دوو پرسیار



د. جەبار قادر*

ئەم ڕۆژانە لە کوردستان باس باسی کۆنگرەی نەتەوەییە. هەموو کەسێ قسەی تێدا دەکات و بیر و بۆچوونی خۆی لە بارەیەوە دەخاتە ڕوو. ڕەنگبێ ئەمە کارێکی ئاسایی بێت بەو مانایەی، کە ئاکام و ئەنجامەکانی هەموو کوردێک پەیوەندار دەکات. ئەوەی ئاسایی نیە ئەوەیە، کە باس و خواسەکان لە یەک بازنەدنەدا دەخولێنەوە. تەنها باس لە گرنگی و مێژوویی ئەم هەنگاوە دەکرێت و بە شانی و باڵی ئەو کەسانەدا هەڵدەدرێت کە ئەم هەنگاوەیان هەڵهێناوە، بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە کۆسپ و تەگەرەکان لە بەردەم وەدیهاتنی ئەم خەونە گەورەیەدا ناکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کاتێ ئەستەنگییەکان پەیدا دەبن و دەبن بە ڕێگر و پەکی پرۆسەکە دەخەن، خەڵک تووشی بێ ئومێدی دەبێت، چونکە تەنها باس لە خێر و بێری کۆنگرە کراوە و کەس پێی وانەبووە کە سەرکەوتوو نابێت. نابێ ئەوە بە دوور بزانین کە باسکردن لە کۆسپ و تەگەەکان و ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە، وەکو هەموو پرۆسە و کردارێکی مرۆڤەکان، ڕەنگبێ ڕوو بە ڕووی ڕەخنە و توانج، تەنانەت تۆمەتیشمان بکاتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا نابێ گوێ بەوە بدەین و پرس و نیگەرانی خۆمان لە مەڕ کارێکی لەم جۆرە نەخەینە ڕوو.

ئەم تێبینییانەی لێرەدا دەیانخەمە ڕوو، لە ئەزموونی چەند ساڵەی خۆمەوە لە کاتی دامەزراندن و کار وچالاکییەکانی پارلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، کە بۆ چەند ساڵێک لە هەردووکیاندا جێگری سەرۆک بوومە، سەرچاوەیان گرتووە. یەکەمیان کاک یەشار قایە سەرۆکایەتی دەکرد و دووەمیشیان خوالێخۆشبوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی. من وەکو کوردێکی سەربەخۆ، تا ئەو ڕۆژەی باوەڕم وابوو ئەو دەزگایانە دەتوانن خزمەتێک بە دۆزی ڕەوای کورد بگەیەنن، بە کارایی بەشداریم تێیاندا کرد.

هەموو کەسێ کۆبوونەوەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی پێ کارێکی باشە، چونکە ئامانە تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئامادە نەبوون پێکەوە دابنیشن. بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە کۆبوونەوەکە پرۆتۆکۆلی بووەو باس لە کێشە و قەیران و پرسە جددییەکانی دۆزی کورد بە گشتی و هەر بەشەی بە تایبەتی نەکراوە.

ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە هەست و سۆزی کوردانە لە پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی بکۆڵینەوە، دەبینین، ئەم هەنگاوانە لە دەسپێکەوە ڕوو بە ڕووی هەندێ کێشەی جددی دەبنەوە. تا ئێستا کاربەدەستان و بەرپرسان لەم پرۆسەیە، ئەوەیان بۆ خەڵک ڕوون نەکردۆتەوە، ئایە مەبەست لەمەی پێی دەوترێ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، تەنها بەستنی کۆنگرەیەک یا کۆنفرانسێکی فراوانی پارت و ڕێکخراو " کەسایەتییە سەربەخۆکانی" حیزبە، کە تێیدا " پەیامی ئاشتی ئاراستەی گەلانی تورک، عەرەب و فارس" دەکات، بە وتەیەکی دی مەراسیمی بەخاکسپاردنی خەباتی چەکداری دەگێڕێ، یا مەبەست دامەزراندنی دەزگایەکی هەمیشەییە بە نێوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان؟.

ئەگەر مەبەست ئەوەی یەکەمیان بێت، ئەوا ڕەنگبێ پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بتوانن لەو دەمە کورتەی بۆیان دیاری کردووە، ئانجامی بدەن. ئەگەر پارتە گەورەکان، وەکو ڕایدەگەیەنن، باوەڕیان بە خەباتی چەکداری نەمابێت، ئیتر بۆ پەیامی ئاشتی، هیچ نەبێت لە واری تیۆریدا، کێشەیەک لە ئارادا نیە. وا چەند ساڵێکە پارتی کرێکارانی کوردستان پەیامی ئاشیی ئاڕاستەی تورکیا دەکات و تەنانەت چەکدارەکانی لە وڵاتی باو باپیران دەکێشێتەوە بۆ دەرەوەی سنور، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لەو پرۆسەیە سەوز بووبێت، تەنانەت ڕۆژانە باس لەوە دەکرێت، کە پرۆسە پرۆسەکە بەبنبەست گەیشتووە. خۆ باسی پەیامی ئاشتی لە جەنگەڵستانی سوریا لە خەیاڵێکی خۆش بەولاوە هیچی دی نیە، ئێرانیش با لەولاوە بوەستێ. ڕەنگبێ بە هۆی کەرکوک و هێرشی بەردەوامی تیرۆریستانەوە، بەر لەوانی دی شەڕ یەخەی کوردی باشوری کوردستان بگرێت.

خۆ ئەگەر مەبەست دامەزراندنی دەزگایەکی هەمیشەیی بێت بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە، ئەوا بێ یەک و دوو پێویستی بە ئامادەکاری و کارێکی یەکجار زۆر دەبێت، کە ڕەنگبێ نەک چەند مانگێک، بەڵکو چەند ساڵێک بکێشێ. ئەمە ئەگەر بیانەوێت دامەزراوەیەکی جێگیر و بە ناوەڕۆک بێننە کایەوە، نەک وەکو هەموو دامەزراوەکانی تری کورد بێ ناوەڕۆک بێت و بە مردوویی لە دایک بێت.

جاران کە کورد بیری لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەکردەوە، بۆ ئەوە بوو کە لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی دامەزراوەیەک هەبێت بە ناوی کوردەوە قسە بکات و ستراتیژێکی نەتەوەی دابڕێژێ و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بخاتە ڕوو، کە لە سەرووی هەموویانەوە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو. ئێستا داخوازی سەربەخۆیی کوردستان لە باری واقیعیدا لە ئارادا نیە. پارتی کرێکارانی کوردستان، کە بانگەشەی دەوڵەتی سەربەخۆی سۆسیالیستی کوردستانی دەکرد، ئێستا باس لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە چوارچێوەی کۆماری دیموکراتیکی تورکیا دەکات. پارتەکانی باشوری کوردستان، لە دوای ساڵانێکی زۆر لە خەباتکردن لە پێناوی ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، چەند ساڵێکە بڕیاری فیدیرالییان داوە و باسی عیراقی فیدیراڵ دەکەن، بێ ئەوەی دامەزراوەکانی فیدیرالیزم لە دەوڵەتی عیراقدا لە ئارادا بن، وەکو ( یەکەی فیدیرالی دی بێجگە لە هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی فیدیرالی یا ئەنجومەنی نەتەوەکان، دادگای فیدیرالی و گەلێ شتی تر، کە بە بێ ئەوانە فیدیرالیزم لە چوارچێوەی دروشم و بانگەشەدا دەمێنێتەوە). کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دوای ساڵانێکی زۆر لە دروشمی خودموختاری، ئێستا هەندێکیان باس لە فیدیرالیزم دەکەن. کوردی ڕۆژئاواش دیار نیە ئەنجامی ئەو ململانێ خوێناوییەی کە سوریا تێیدا دەژێ و ڕکەبەری و ململانێی سەختی نێوان پەیەدە و پارتەکانی تر

دەگەن بە کوێ و چییان لێ سەوزدەبێت. کەواتا دەبێ ئێمە بیرمان بچێت بۆ دەزگایەکی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان پارتە کوردییەکاندا، نەک کۆنگریەکی نەتەوەیی، کە لە سەرووی پارتەکانی کوردستانەوە بێت و ستراتیژی نەتەوەیی کورد دابرێژێت.

خاڵێکی تری گرنگ کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ئەم " کۆنگرە نەتەوەییە" بازدانێکی سەیرە بە سەر کێشە دژوارەکانی هەر چوار پارجەی کوردستاندا. سەیری باری سیاسی یەک بە یەکی پارچەکانی کوردستان بکەن و بزانن ئێمە لە چی بارێکی قەیراناویدا دەژێین. بەر لە بەشەکانی تر، با لە باشوری کوردستانەوە دەستپێبکەین، کە کۆبوونەوەکەی تێدا ئەنجامدرا و بە قەیرانێکی سیاسی قوولدا تێدەپەرێ. ناکرێ هەڵبژاردنی کاتی کۆبوونەوەکەش بە سەرکەوتوویی لە قەلەم بدەین، چونکە دەکرێ بە جۆرێک لە پروپاگەندەی هەڵبژاردن دابنرێ و ئەمەش مەترسی گەورە بۆ پرۆسەکە دروست دەکات. ئایە ئەمە هەڵێکی لە بارە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، کاتێک لە بەیانییەوە تا ئێوارە پارتەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن هێرش دەکەنە سەریەک و دەیان ناو وناتۆرە لە یەکتر دەنێن؟ هەڵبەتە نا. باری هەموو بەشەکانی تری کوردستان، ئەگەر خراپتر نەبێت ئەوا باشتر نیە. پارتەکانی رۆژهەڵات لە گەڵ یەکتردا ناکۆکن ولە قەیراندا دەژێن. باسی ناکۆکی پەیەدە و پارتەکانی رۆژئاوای کوردستان هەر ناکرێت و هەموو رۆژێک مەترسی پێکدادان و بگرەوبەردە لە ئارادیە و ئەگەر لایەنەکانی دیش چەکیان هەبوایە، دەمێک بوو شەرێ براکوژی ببوو بە میوانی ئەو بەشەی کوردستانیش. پارتی کرێکارانی کوردستان لە گەڵ هەموو گروپ و پارتەکانی تری باکوری کوردستاندا لە ناکۆکیدایە و گوێ بە دید وبۆچوونیان نادات و ئەوانیش لە هێرش و پروپاگەندەی هەمیشەییدان لە دژی ئەو. ئایە نەدەکرا بۆ زەمینە خۆشکردن لە بەردەم پرۆسەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا، هەوڵی ئەوە بدرایە لە هەر پارچەیەکی کوردستان جۆرێک لە پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەسازان بهاتبایەتە کایەوە؟ کەس دەتوانێ چاوەروانی ئەوە بکات کە کێشە کەڵەکەبووەکانی دەیان ساڵەی هەموو پارچەکانی کوردستان لە کۆنگرەدا چارەسەر بن؟.

کۆبوونەوەی وامان هەبووە، لە بەر دەمەقاڵێی دوو پارت، کە بە هەردووکیانەوە بە سەرکردایەتی و بنکردایەتییەوە دە کەس نەدەبوون، چەندین کاتژمێر دواکەوتووە، تا نوێنەرانیان ئامادەبوونە پێکەوە لە یەک شوێن دانیشن. کەسایەتی وامان هەبووە هەموو خەڵکی بە سعاتان بە خۆوە سەرقاڵکردووە، کە نابێ فڵانە کەس ئامادەبێت چونکە پیاوی شا یا خومەینی بووە، کۆنە بەعسی یا سیخوڕ بووە. خواهەڵناگرێ لەو جۆرانەمان هەبوون. سەدان لەم جۆرە حیکایەتانەم لە لایە و بۆ کاتی خۆی تۆماریان دەکەم. پارتی وامان هەبووە کە داوامان لێکردووە ئامادەی کۆبوونەکان بێت، وەڵامی ئەوە بووە، ئێمە خۆمان دەیکەین و ئامادەی کۆنگرەی هیچ لایەنێکی تر نابین. خۆ بۆ هەڵبژاردنەکان شتی وا سەیر و سەمەرە روویانداوە کە هەر باس ناکرێن.

* جێگری سەرۆکی پێشووی KNK

سەرچاوە : ماڵپەری شعتتی ڤی / رێکەوتی : ١٣ی ژووئیەی ٢٠١٣

## جەلال جەوهەر: ئەگەر زەمینەسازیی پێویست بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی نەکرێت و دوور نەخرێتەوە لەعەقڵییەتی خۆسەپاندن، سەرکەوتوو نابێت



دیداری، هەڵکەوت زەنگەنە

"کاتی دیاریکراو بۆ بەستنی کۆنگرەکە گونجاو نییەو دەکەوێتە ناو گەرمەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمەوە"

جەلال جەوهەر هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەدیدارێکدا لەگەڵ کوردستانی نوێ تیشکی خستەسەر ئامانج و گرنگیی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو رایگەیاند: ئامانجی کۆنگرەکە ئەوەیە کەکوردو جووڵانەوەی کورد بەهەموو هێزە سیاسییەکانی لەهەر چوار پارچەی کوردستان یەک پەیام و یەک ستراتیژیی هاوبەشیان هەبێت.

### ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەیی

رۆژی ٢٢ / ٧ / ٢٠١٣ ، یەکەمین کۆبوونەوەی پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاریی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەرێوەچوو، تێیدا لیژنەیەکی ئامادەکاریی لە٢١ ئەندام پێکهێنرا کە نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی کوردستانی تێدایە، جەلال جەوهەر کە بەنوێنەرایەتی بزووتنەوەی گۆڕان بەشداریی لەکۆبوونەوەکەدا کرد، لەدیدارەکەیدا لەگەڵ کوردستانی نوێ، لەبارەی ئامانجی کۆنگرەکەوە دواو دەڵێت:(ئەگەرچی هێشتا هێڵە گشتییەکانی کۆنگرەکە رانەگەیەنراوە، بەڵام ئێمە واتێیدەگەین ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە کەکوردو جووڵانەوەی کورد بەهەموو هێزە سیاسییەکانی لەهەر چوار پارچەی کوردستان یەک پەیام و یەک ستراتیژیی هاوبەشیان هەبێت کە لەسەر بنەمای سیاسەتی ئاشتی و پێکەوەژیان دروستکرابێت، میللەتی کورد دەیەوێت بەمیللەتانی ناوچەکە رابگەیەنێت بڕوای تەواوی بەسیاسەتی پێکەوەژیان هەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانەو یەکسانی تائەو شوێنەی نەتەوەکانی تر بڕوایان بەسیاسەتی پێکەوەژیان هەبێت بەشێوەیەکی ئاشتیانەو یەکسانی).

## هۆکارەکانی نەبەستنی کۆنگرەکە

وەک ئاماژەی پێدەکرێت بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان، بەڵام لەوکاتەوە تائێستا دوای چەندین هەوڵ و پێشنیاز، کۆنگرەکە نەبەستراوەو ئێستا باس و خواس لەسەر بەستنی کۆنگرەکە گەرمە، کەواتە هۆکاری دواکەوتنی بەستنی کۆنگرەکە چییە؟، لەوەڵامدا جەلال جەوهەر پێیوایە (نەبەستی کۆنگرەی نەتەوەیی لەماوەی رابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری بابەتی و خۆی، هۆکارە بابەتییەکان پەیوەندیی راستەوخۆیان بەسیاسەتی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو ئێمە دەزانین سیاسەتی ئەو وڵاتانە چۆنە)، بەڵام (هۆکاری زاتی بەبەربەستی سەرەکی نەبەستنی کۆنگرەکە ناوبرد)و بۆ ئەمەش بەنیگەرانیەوە وتی: ئەوەی جێگەی داخە هۆکاری زاتی یەکێک بوو لەبەربەستە سەرەکییەکانی نەبەستنی ئەم کۆنگرەیە، بەهۆی بوونی ناکۆکی و ململانێی توندی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ئەویش لە پێناوی سیاسەتی خۆسەپاندنی لایەک بەسەر کۆنگرەکەدا کەئەوە بەربەست و رێگری راستەقینە بووە لەبەردەم نەبەستنی ئەو کۆنگرەیەدا)، بەبۆچوونی جەلال جەوهەر (هێشتا شوێنەواری ئەو جۆرە عەقڵییەتە لەناو جووڵانەوەی کورددا ماوە)، بۆئەم مەبەستەش هیوایخواست (گۆڕانکاری بەسەر ئەو جۆرە عەقڵییەتەدا هاتبێت)، چونکە ئێستا سیاسەتی دنیاو ناوچەکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، (هیواداریین عەقڵییەتی خۆسەپاندن و خۆفەرزکردنی لایەک بەسەر ئەوانی تردا کۆتایی پێ بێت و بەهەوڵی هەموو لایەک بتوانرێت کۆنگرەیەکی نەتەوەیی وابگرین کەشایستەی میللەتەکەمان و وڵاتەکەمان بێت).

## بنەمای سەرکەوتن

هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان بەئومێدێکی زۆرەوە لەسەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەڕوانن، کەواتە بنەمای سەرکەوتنی کۆنگرەکە چییە؟، لەوەڵامدا جەلال جەوهەر بنەمای سەرکەوتنی کۆنگرەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە(دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو لەکۆنگرەکەدا بڕوای تەواویان هەبێت بەبەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی و بیخەنە سەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکانەوە)، هەروەک(بوونی هاوسەنگی لەنێوان هێزو لایەنە سیاسییەکاندا) بەمەرجێکی دیکەی سەرکەوتنی کۆنگرەکە ناوبردو ئەم هەنگاوەشی بەپێویست زانی بۆ ئەوەی (هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان خۆیان بەهاوبەشی راستەقینەی ئەم کۆنگرەیە بزانن، بەپێی سەنگی هێزە سیاسییەکان، کۆمیتەی ئامادەکار دروست بکرێت و هەموو ئەو ئۆرگانانەی کە پێویستن بۆ سەرختنی ئەم کۆنگرەیە، لەسەر ئەو بنەمایە دروست بکرێن)، ئەوەشی خستەڕوو (لەکوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لەحزب و رێکخراوی سیاسی هەیە، بەڵام ئەو حزب و رێکخراوە سیاسیانەی کە لەواقیعدا سەنگ و بوونیان هەیە، بەبۆچوونی ئێمە دەبێت ئەوان رۆڵی بنەڕەتی ببینن لەڕێکخستن و سەرختنی ئەم کۆنگرەیەدا)، کەواتە رەنگە ئەم بۆچوونە نیگەرانی هەندێک لایەنی سیاسی لێبکەوێتەوە، بۆیە جەلال جەوهەر دەڵێت:(ئەم بۆچوونەم مانای ئەوە نییە کەسایەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هەموو ئەو لایەنە دیارانەی کەهەن، بەشدار نەبن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئێمە بۆچوونمان وایە هەموو ئەو لایەنانە بەشداربن، بەڵام ئەوانە بەشداربن کە قورسایی جەماوەری و سیاسییان هەیەو نوێنەریان لەئاستی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عیراقدا هەیە).

## ئامادەکاریی و زەمینەسازیی پێویست

لەماوەی رابردوودا چەند کۆنفرانسێکی نەتەوەیی لەئاستی ژنان و گەنجان و خوێندکاران لە ئامەدو هەولێرو کوردستانی رۆژئاوا بەڕێوەچوون، ئەم کۆنفرانسانە چۆن هەڵدەسەنگێنرێن؟، لەوەڵامدا هەڵسووڕاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە(بەپێی بۆچوون و زانیارییەکانی ئەوان ئەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسانە سەرکەوتوو نەبوون)، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ (بوونی ئەو ملمانێ توندەی کە گواسترابوونەوە بۆ ناو ئەو رێکخراوانە)، بەبۆچوونی جەلال جەوهەر (رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەکوردستانی عیراقدا، هەتا ئێستا هەموویان درێژکراوەی حزب و رێکخراوە سیاسییەکانن، بۆیە ئەو ملمانێ سیاسییەی کەهەیە لەنێوان حزب و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەناو ژنان، خوێندکاران، گەنجان، رێک گواسترابوونەوە بۆ ناو ئەو کۆنفرانسانە)، پێشیوایە(سیاسەتی خۆسەپاندن و خۆفەرزکردن لەو کۆنفرانسانەدا زۆر دیاربوون)، ئەمەشی بەهۆکار زانی بۆ ئەوەی (ئەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسانە سەرکەوتوو نەبوون)، بۆیە هیوایخواست (ئەوەی لەو کۆنفرانسانەدا روویاندا، لەکۆنگرەی نەتەوەییدا دووبارە نەبنەوە)، چونکە(ئەگەر ئامادەکاریی و زەمینەسازیی پێویست بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی نەکرێت و دوور نەخرێتەوە لەعەقڵییەتی پاوانکردن و خۆسەپاندن، سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتوو نەبێت، هەم میللەتەکەمان نائومێد دەبێت، هەم هێزە سیاسییەکانیش زیاتر نائومێد دەبن).

## دەستپێکی ئامادەکارییەکان

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتیش کۆمەڵی ئیسلامی لەزاری وتەبێژەکەیەوە رەخنەی لە کارەکانی کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی گرت، لەوبارەیەشەوە جەلال جەوهەر پێیوایە (دەستپێکی ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرەکە بەشێوەیەکی تەندروست نەبوو، چونکە تەنیا سێ لایەن لە دوو پارچەی

کوردستاندا هاوبەش بوون لەڕێکخستنی کۆبوونەوەی یەکەم)، کە (دەبوو هێزو لایەنە سەرەکییە راستەقینەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەدەستپێکەوە هاوبەش بوونایە لەڕێکخستنی کۆبوونەوەی یەکەمدا، بەڵام ئێمە هەموو لایەک چاوپۆشیمان لەم خاڵە کرد، لەبەرئەوەی وترا ئەمە دەستپێکە)، بۆیە بە پێویستی دەزانێت(قۆناغەکانی دیکەی کۆنگرەکە بەشێوەیەکی چاکترو دادپەروەرانەتر بێت)، بەبڕوای هەڵسووڕاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان پێویست بوو (میکانیزمێکی تەندروست دابنرایە بۆ دیاریکردنی ئەندام بۆ کۆمیتەی ئامادەکار)، لێرەشدا نمونەی ئەوەی هێنایەوە (لایەنی واهەیە لەپەرلەمانی کوردستان چوار کورسی هەیە، بەڵام لەکۆمیتەی ئامادەکاردا نوێنەرایەتی پێنەدراوە، لایەنی واش هەیە لەپەرلەمان ئەندامی نییەو لەناو جەماوەریشدا ئەو رۆڵە دیارەی نییە، بەڵام لەکۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەکەدا ئەندامی هەیە)، هەروەک ئەمەشی بە(نارەوا) ناوبردو وتیشی: ئەمە جگە لەوەی ناڕەوایی تێدایە، جۆرێک لەلایەندارێتیشی تێدایە کەهەرگیز ناگونجێ لەگەڵ بنەما گشتییەکانی کۆنگرەی نەتەوەییدا.

### کاتی کۆنگرەکە

بەپێی زانیارییەکان بڕیارە لەماوەی مانگی داهاتوودا کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، بەڵام جەلال جەوهەر ئاماژەی بەوەدا کە(دەبوو کۆنگرەی نەتەوەیی بەڕەزامەندیی ئەندامەکانی کاتی گونجاوی بۆ بەستنی کۆنگرەکە دیاری بکردایە)، چونکە (ئەوکاتەی دیاریکراوە گونجاو نییەو دەکەوێتە ناو گەرمەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانەوە).

*سەرچاوە : ماڵپەڕی کەرکوک سەنتەر / ڕێکەوتی : ٣١ی ژووییەی ٢٠١٣*

## جەمیل بایک: کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵگری واتایەکی مێژووییە



ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کەجەکە جەمیل بایک، لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەی دا کە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکا ئەنجامی داوە، سەرنجی ڕاکێشایە سەر بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکین کوردستان کەجەکە جەمیل بایک بەو شێوەیە باس لە گرینگی یەکیەتی ڕیزەکانی گەلی کورد دەکات:

-ئەگەر کورد تێبکۆشن دەتوانن لە هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناویندا ببنە خاوەن هیزێکی گەورە. ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، کورد بە پارچەیی نامێننەوە و بەوەش سیاسەتی داگیرکاری مایەپووچ دەکرێتەوە. ئیدی دەبێ گەلی کورد ئازاد بێ و ببیتە خاوەن پیگەیەکی خۆی.

جەمیل بایک بەو شێوەیە دریژەی بە هەڵسەنگاندنەکەی خۆی داوە:

ئەگەر کوردان تێبکۆشن، لە هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناویندا دەبنە خاوەن هێزێکی گەورە.

ئەگەر لە دۆخێکی هەنوکەیی دا کوردان یەک نەگرن، ئەو یەکیەتییە کەنگێ وەدی دێت؟ هەر بۆیە ئێمە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی زۆر گرینگ دەبینین. دەیان جار ڕێبەر ئاپۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیەی پێشنیار کردووە، ئەو قۆناغە مێژوییە، گرینگی بەستنی ئەو کۆنگرەیەی پشتڕاست کردۆتەوە. هەر بۆیە بەستنی ئەو کۆنگرەیە، ئەرکێکی پێویستە.

جەمیل بایک، لە درێژەی هەڵسەنگاندنەکەی دا سەرنجی راکێشایە سەر کۆنفەرانسی نەتەوەیی کوردان و وتی: کۆنفەرانسێک کە پەکەکە تێیدا بەشدار نەبێت، بێ واتایە. پارچەی هەرە گەورەی کوردستان، باکوری کوردستانە. لە باکوری کوردستاندا پەکەکە کاریگەری هەیە. ئەگەر پەکەکە لەو کۆنگرەیە دا بەشدار نەبێ، کۆنگرە بە واتای چی دێت؟

بایک هۆکارەکانی نەبەستنی ئەو کۆنگرەیەی گەڕاندەوە بۆ هەڵوێستی ئەو لایەنانەی کە دەڵێن؛ ئەگەر ئێمە لەگەڵ پەکەکەدا کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەستین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا خەراپ دەبن، لەگەڵ سوریا پەیوەندییەکانمان تیکدەچیت، ئایا هەڵوێستی ئەمریکا چی دەبێ. بەهۆی ئەوەی ئەو بابەتانە لەبەرچاو گیراون، تا ئێستا ئەو کۆنگرەیە نەبەستراوە.

لەو بوارەدا سەرنجی ڕاکێشایە سەر هەوڵەکانی تورکیا بۆ لەدەرەوە هێشتنەوەی پەکەکە لە کۆنگرەیەکی بەو شیوەیەدا و گوتی:

ئەو مژارانەی کە لە چاپەمەنی تورکیادا باسیان لەسەر دەکرێت، پەسەند ناکرێن. نەبۆتە مایەی تێگەیشتن کە بۆچی ئەوەندە باس لەو مژارە دەکەن؟ ئایا کۆنگرەیەک کە وەک ئەوان فکری لێدەکەنەوە، پێکدێت؟ دەڵێن کۆنگرەی نەتەوەیی پێکدێت و پەکەکە ناچار دەکات، چەک دانێت. باسێکی لەو شێوەیە، ئاستی کۆنگرەی نەتەوەیی نزیم دەکات.

ئەندامی کۆنسەی بەرێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە جەمیل بایک ئەرکەکانی کۆنفرانسی نەتەوەی لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان کردووە:

※ کۆنفەرانسەکە زەمینەیەکی گرنگ دەبێت بۆ پێشخستنی بوارەکانی، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی ، نەتەوەیی و کلتوری گەلی کورد. چاوەڕوانییەکانی ئێمەش لەو کۆنفەرانسە هەر ئەوەیە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئاواکردنی دامودەزگاکانی هاوبەشی کوردانە.

※ لەوانەیە کە پێشنیاری بەدەولەت بوونی باشووری کوردستان بکەوێتە رۆژەڤی کۆنفەرانسەوە. ئەوەش دەبێ باسی لەسەر بکرێت. ئێمە لەسەر ئەوەی هیچ ناڵێین. بەلام ئەگەر کوردان کۆمەڵگەی خۆی و ولاتانی دەوروبەر لە سەر بنەمای دیموکراتیزە بوون بەکار بهێنیی، دەسکەوتی زیاتری دەبێت. بەهۆی ئەوەی کوردان خاوەن هێزێکی دێموکراتیکن، دەبێت ئاسۆی فکرەکانیان بەرفراوان بێت.

※ بەم زهنیەتە دیموکراتیکییە، دەبێت کوردان سنورەکان نەکەنە کێشە و دەبێت لە نێوان خۆیاندا لە بوارەکانی سیاسی، نەتەوەیی و کولتورکیدا یەکیەتی ڕیزەکانی خۆیان بەهێز بکەن.

کورد یەکێتی خۆی ئاوا بکات و ئازادی و دیموکراسی خۆی مسۆگەر بکات. لەبەر ئەوەش دەبێت کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان یەکێتیان ئاوا بکەن.

※ ئەمرۆ باشووری کوردستان لەبەرچاوە. گەلی کورد لەوێ خەریکە ستاتۆی سیاسی خۆی وەدەست بێنێت. ئایا لە ڕەوشێکی وادا مرۆڤ دەتوانێت بێ بەرپرسیارانە بجوڵێتەوە؟ لەو بەشەی کوردستان دەبێت سیاسەتێکی هاوبەش هەبێت و سەرجەم ڕێکخستنەکانی کورد یەک بگرن.

دەبێت ئەو پێگەیە سیاسییەی کە دەیانهەوێت، بیخەنە ڕوو. ئەو پێگەیە، خۆبەڕێوەبەری دەبێت، فدراسیۆن، چی دەبێت با ببێت با بیخەنە ڕوو و داواکارییەکانیان بە قبوڵکردن بدەن.

※ داننان بە ئازادی و هەبوونی نەتەوەیی کورادن ، نە بۆ عێراق، ئێران، تورکیا و نەبۆ سوریا

زیانی نییە و مەترسیدار نییە. شتێکی خراب نییە . بە پێچەوانەوە کاتێک پرسی کورد چارەسەر ببێت ئەو ولاتانە بەهێزتر دەبن. هەر بۆیە، ئەم کۆنفەرانسە لە دژی وڵاتانی هەرێمەک نییە.

سەرچاوە : ماڵپەری قەندیل نیوز / ڕێکەوتی : ئاگۆستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگەی کوردی



کاوێز مەلا پەروێز

کورد لە هەل و مەرجێکدایە، تەنیا روانینی رۆشنی نەتەوەیی دەتوانێ بیکات بە خاوەن دەستکەوتی شایان بە نەتەوەکەی. پارچە لەیەک هەڵوەشاوەکانی کوردستانی گەورە.

دەیان ساڵە لە ژێر هەڕەشەی جۆراوجۆری دەوڵەتە داگیرکراوەکانن، لە باشووری کوردستان پرۆسەی تەعریب و ئەنفال و کیمیاباران و سەدان تاوانی دیکەی رژێمەکانی عێراق. لە باکووری کوردستان، دەوڵەتی تورکیا بە سەرجەم کەرەستەکانی بەردەستییەوە هەوڵی سڕینەوەی بوونی نەتەوەی کورد دەدات. لە رۆژئاوای کوردستان تەعریب و جۆرەکانی دیکەی تاوان بۆ لەنێوبردنی بوونی نەتەوەیی پێڕەو دەکرێت. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەنجامدانی تاوان لە پارچەکانی دی کوردستان کەمتر نەبووە.

کۆنگرەیەک گەر گەنگەشەی ئاریشەکانی پێش نەتەوەیەک نەخاتەڕوو، ئەوا دەبێ باسی رۆژئاوا و پشتیوانی بۆ کوردانی ئەوێ بکرێ، پشتیوانییەکی بێ فرت و فێڵ، پشتیوانییەک تێیدا ئامانجی نەتەوەیی رەچاو بکرێت، چونکی سەرکەوتنی کورد لەو بەشەدا سەرکەوتنی گەورەی نەتەوەیی دەبێ لە چەرخی نوێدا، وەک چۆن شکستی ئەو بەشەی کوردستان شکستێکی گەورە دەبێ بۆ هەر کوردێک لە هەر کوێیەک بێت.

پرۆسەی ئاشتی لە باکوور دەبێ لە تەواوی بەش و پارچەکانی تری کوردستانەوە وزەی بخرێتەبەر، پشتیوانی ئەو بزاوتە مەدەنییە بکرێ کە فشاری گەورەی خستووەتە سەر دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی تورکیا.

لە باشووری کوردستان گرفتێکی گەورەی مێژوویی هەس، کە بووەتە سیمبۆلی شکۆی نەتەوەیی، کە پرسی ناوچە بەعەرەبکراوەکانە، ناوبردنی پارێزگەی کەرکووک وەک سمبۆل بۆ ناوچە هاوشێوەکانی تری تەعریبکراو لە باشوور باس دەکەین، تەواوی ئەو ناوچانە لە رووی خاکەوە کەمتر نییە لە پارێزگەکانی دیکەی باشوور، بۆیە پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکات، لە روانگەیەکی نەتەوەییەوە چارەسەر بۆ پرسی کەرکووک بدۆزێتەوە، کۆدەنگییەکی کوردستانی بۆ داکۆکیکردن لە

خاکی کوردستانی ئەو ناوچانە بەرهەمبهێنێ و گەڕانەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بکرێ بە هەوێنی کۆنگرەی نەتەوەیی.

وەک هەر پرسێکی تری نەتەوەیی، پێویستە کۆنگرە لەسەر دۆسیەی کوردانی تاراوگە بوەستێ و بە گرنگەوە بایەخیان پێبدات، وزەیان ڕێکبخرێن، هانبدرێن، سازبدرێن، چونکە ژمارەی کوردانی تاراوگە هێندەی ژمارەی هاووڵاتیانی دەوڵەتێک دەبێت. کوردانی تاراوگە دەتوانن ڕۆڵێکی کارا لە ژیانی سیاسی و ئابووریی کوردانی ناوچە کوردییەکاندا بگێڕن، لە ئەوروپا کەسانێکی زۆر هەن کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر دۆزی نەتەوەیی کوردستانیان دەبێت.

ڕاگەیاندن بابەتێکی دیکەی هەستیار و گرنگە،  بریا ئەمەیش لە ژێر ڕۆشنایی پرۆسەی نەتەوەییدا ڕێکدەخرا و بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی دەخرایە کار، کە بە داخەوە ڕاگەیاندن و کاری میدیایی کە باشوور سەنتەرەکەیەتی، بە پارە و پۆلی کوردستانیان و زۆرجاریش لەسەر سامانی گشتی دامەزراون و بەڕێوەدەبرێن، زیانی بۆ سەر نەتەوە زۆر زیاترە لە سوود، بەو پێیەی لە گۆشەی نەتەوەوە تەماشای ژیانی میدیایی لە باشوور دەکەم، چونکە بە هەواڵ و درامای دەوڵەتانی دراوسێمان ژەهرپڕژێنی تاکی کورد دەکەن، سەرباری هەندێ شتی جوان کە لە میدیای کوردیدا دەبینرێن و دەخوێنرێنەوە.

زۆر پرسی تر هەن دەبێ کۆنگرە لەسەریان بوەستێ، وەک دروستکردن و پەروەردەکردنی نەوەیەکی بیرڕۆشنی نەتەوەیی، کە کوردانە بە جیهانبینی مۆدێرن لە ژیان بڕوانێ و کوردبوون ئاوێتە بە تەکنەلۆژیای سەردەم بکات، وەک مرۆڤێکی سەردەمیانە پەیدابێت، بە کەرەسەی سەردمیانە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان بکات، دانەبڕاو بێ لە کولتووری کوردەواری، بەو مانایەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی کوردی لە هەموو ئاستێکیدا هاوئاهەنگ پێش بخات و لە ڕیزی نەتەوەکانی تردا بێت.

بەم پێودانگە کورد دەبێ بیر لە نەتەوەیەکی پیشەسازی بکاتەوە و کەرەسەی گونجاو بۆ تێکۆشان بەرەو بە  پیشەسازیکردنی کۆمەڵگەی کوردی بەکاربهێنێت. بە سوود وەرگرتن لەو سامانە سروشتییەی هەیەتی، دەتوانێ ڕێگەی سەرکەوتن بدۆزێتەوە و ببێ بە یەکێک لە یاریزانە سەرەکییەکانی ناوچەکە، ئەمەیش بە بناغەیەکی ئابووریی تۆکمەی نەتەوەیی و سەرمایەیەکی مرۆییەوە دەکرێت، کە دواجار کوردستانێکی بەهێز و سەربەخۆ پێکدێت.

سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاب ( ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و پرۆسەی یەکخستنی زمانی کوردی



دکتۆر عەبدولڕەحمان مەولود

هەنگاوەکان بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی لە کوردستان بەڕێوەیەو ژمارەیەکی بەرچاویش لەو کەسایەتیانەی کاریگەریان لەسەر شانۆی سیاسی کوردی هەیە بەشدارن تیایدا. ئومێد دەکەم دواجار یەکێک لەو بابەتانەی لەو کۆنگرەیە قسەی لەسەر بکرێت بریتی بێت لە یەکخستنی زمانی کوردی.  من لێرەدا دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم نووسینە کۆمەڵێک زانیاری زانستی لەسەر پرۆسەی یەکخستنی زمانی کوردی بخەمە بەردەم بەشداربوانی کۆنگرە و خوێنەری کوردی.

ئەوەی لێرەدا دەیخەمەڕوو درێژکراوی ئەم باسە زانستییە کە ساڵی پار لە زانکۆکانی کۆیە، سۆران، جیهان، زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی و کوردیش ئاکادیمی لە هەولێر پێشکەشم کرد. کورتەی قسەوباسەکە دەکرێ لەسەر ماڵپەری تایبەتی خۆم لەسەر سێرڤەری زانکۆی کارلتۆن بخوێنریتەوە

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم بابەتە بۆ ڕۆژنامە نووسراوە،  من ووتارەکەم بە سەر چوار تەوەری جیاواز  دابەشکردووەو  هەرتەوەرەیەکیشم تەنها بۆ چەند پەرەگرافێک کورتکردۆتەوە. تەوەرەکان بریتین لە : ١.  یەکخستنی ووشەکانی پەرتووکی قۆناغە سەرەتاییەکانی  خوێندن، ٢.  ڕاستکرنەوەی نووسینی کوردی و زسۆرای کوردی، ٣. بانکی ووشەی کوردی، ٤. ڕێکخستنی ڕێنمایەکانی نووسین.  ئەوەی لێرەدا لەبەر دەستی خوێنەر دایە بریتییە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆلینەوەیە، بەشەکانی تریشی یەک لە دوای یەک بە دوا دێت.

### ١- یەکخستنی ووشەکانی پەرتووکی قۆناغە سەرەتاییەکانی  خوێندن

لە ماتماتیک کۆنسێپتێک هەیە پێی دەلێن "کۆلکەی هاوبەش" کە بەمانای ئەوە دێت ئەگەر کۆمەلێک ژمارەت هەبێت ئەو ژمارە هاوبەشانە چین کە لە نێوان هەموو ژمارەکاندا هەن.  بۆ نموونە،  لە نێوان ( ٦، ١٢، ١٨، ٣٦) کۆلکە هاوبەشەکان بریتیە لە (٢، ٣، ٦). چونکی هەریەکە لە  ( ٦، ١٢، ١٨، ٣٦) بەسەر ٢، ٣ و ٦ دابەش دەبن بە بێ ماوە.  بە واتایەکی تر هەر یەک لە ژمارەکانی ( ٦ ، ١٢، ١٨، ٣٦) چەندجارەی کۆلکەکانن؛ ٦ یەکسانە بە ٢ *٣، ٣*٢ و ١*٦؛ ١٢ یەکسانە بە ٢*٦، ٣*٤، ٦*٢ ، هەرەها ١٨، ٣٦ یش چەندجارەی ٢، ٣ و ٦ نن. لەم نموونەی باسیشم کرد گەورەترین کۆلکەی هاوبەش ٦ و بچووکترین کۆلکەی هاوبەشیش ٢ (ژمارەی ١ کۆلکەی هاوبەشە لەگەڵ هەموو ژمارەکان بۆیە لە دیارکردنی کۆلکەکان ناوی ناهێنرێت).

لە ئێستادا میتۆدی دیارکردنی بچووکترین کۆمەلی هاوبەشی ووشەکان لە زۆربەی وولاتە گەشەکردووەکان بەکاردێت بۆ کێشەیەکی لێکچوو لە کێشەی ئێمە. ئەوان بەکاری دێنن بۆ دیارکردنی بچووکترین کۆمەلی هاوبەشی نێوان ئەو ووشانەی بەکاردێت بۆ پێناسەکردنی ئەو سەرچاوانەی دەخریتە سەر مالپەرەکان. چونکی ئەوروپا لە ژمارەیەکی زۆر نەتەوە ، کەلتوور و زمانی جۆراوجۆر پێکهاتووە، هەر بۆیە سیستەمە تەکنۆلۆجیەکانیان دەبێت ئەم جیاوازیانە لەبەر چاو بگرێت و تیپەری بکات. ئەم کێشەیە ئێستا لە ناوەندە زانستەیەکان کاری لەسەر دەکەن و ناسراوە بە کێشەی (ئینتەر- ۆ- پەرە- بلتی) و یەکێک لە ناسراوترین پرۆژە لەم بارەیەوە پرۆژەی دبلەنە.
بە پشت بەستن بەم تیۆری و پرۆژانەی ئیستا هەن، من پێشنیار دەکەم ئەو پەرتووکانەی بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسین لە قۆناغە جیاکانی قوتانخانە بەکار دێن پێویستە لەسەر بنچینەی گەورەترین کۆلکەی هاوبەشی نێوان هەموو زاراوەکانی کوردی بنووسرێن. واتە ئێمە پێویستمان بە دیارکردنی چەند هەزار ووشەیەکی کوردی هەیە کە لە هەموو زارەووەکاندا هەبن و هامان ماناش بدەن. ئینجا تەنها ئەم ووشانە بەکاربهێنرین بۆ نووسینی ئەو پەرتووکانەی بەکاردەهێنرێن بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندن لە قۆناغە سەرەتایەکانی خوێندن.

بۆ رروونکردنەوەی ئەم بابەتە و باشتری لێێتگەیشتنی سەیری ئەم نموونەیە بکە:

گریمان هەموو ئەو ووشانەی زاراوەی سۆرانی پێکدێنن بریتی بێت لە (ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ) و ناوی بنێن کۆمەلەی س، واتە س = [ ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ ] ،
بە هەمان شێوە گریمان هەموو ئەو ووشانەی زاراوەی کرمانجی پێکدێنن بریتی بیت لە (ا، ت، ج، ح، خ، هـ، د، و، ر) ناو بنێین کۆمەلەی ک، واتە ک = [ ا، ، ج ، چ، ح، خ، هـ، ر، ل، م، ن ]، هەروەها
هەموو ئەو ووشانەی زاراوەکانی تری کوردی پێکدێنن بریتی بێت لە (ا، ، ج ، چ، ح، خ، هـ، ر، ل، م، ن) ناوی بنێیین کۆمەلی ز، واتە
ز= [ ا، ، ج ، چ، ح، خ، هـ، ر، ل، م، ن ] .
وەک دەبیین گەورەترین کۆلکەی هاوبەشی نیوان ئەم سێ زاراوەیە بریتییە لە (ا،ج، ح، خ ) با ناوی بنێن کۆمەلەی هـ ، واتە هـ = { ا،ج، ح، خ } . لەم دایەگرامەی خوارەوە وێنەی ئەم سێ کۆمەلە ووشە کێشراوەو ، کۆمەلەی هـ بریتیە لەو ناوچە هاوبەشەی نیوان زاراوەکان.
ئەم گریمانانەی سەرەوە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی کۆنسیپتەکان بەکارهاتووە. ئەگەر نا هەر یەک لەم کۆمەلانە لەوانەیە لە دەیان هەزار ووشە پێک بێت و زیاتر لە سێ کۆمەلە ووشەشمان هەبێت. ژمارەی زاراواکان و گەورەو بچووکایان ە هیچ کاریگەریەکی سەرەکی لەسەر چارەسەری پێشنیارکراو نابێت.
بە هۆی چۆنیەتی دروستکردنی کۆمەلەی هـ ، تایبەتمەندیەک ئەم کۆمەلەیە هەبێت بریتییە لەوەی هەموو ئەو ووشانەی سەر بەم کۆمەلەن لە نێوان هەموو زاراوەکان بەکاردێت و بە هەمان ماناش. ئەم تایبەتمەندیە زۆر گرنگە. لە ڕاستیدا گوێکوێرەی یەکخستنی زمانی کوردی دەکاتەوە.
دەرئەنجامی دۆزینەوە و دروستکردنی کۆمەلەی هـ ئەوە دەبێت کە هەر پەرتووکێک بە بەکارهێنانی ووشەکانی کۆمەلەی هـ نووسرابێت قووتابیان لە هەولێر، ئامەد، قامشلۆ و مهاباد ، واتە لە هەمووو پارچەکانی کوردستان، وەک یەک تێی دەگەن. چونکی کۆمەلەی هـ بریتییە لە بچووکترین بەشە کۆمەلەی نێوان هەموو زاراوەکان.
ئەو بابەتە مانای بچووکردنەوی زمانی کوردیش ناگەێنێت بۆ ووشە هاوبەشەکانی نێوان زاراوەکان. لێرەدا قسەکردن لەسەر یەکخستنی ئەو پەرتووکانیە کە بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێن لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا وەک هەنگاوێک بەرەو یەکخستنی زمان و لێکتێگەیشتن. من لە بەشێکی تری ئەم لێکۆلینەوەش دێمە سەر باسی ووشە جیاوازەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان.
من بە پێویستی دەزانم، یەکێک لە پێشنهادەکانی کۆنگرە لەمەر یەکخستنی زمانی کوردی ئەوە بێت کە کۆمیسیۆنێک پێک بێنێت بۆ بەدواچون و دیارکردنی بچووکترین کۆمەلەی هاوبەشی ووشەکان لە نێوان زاراوەکانی کوردی، دواتریش بەکارهێنانی ئەم ووشانە لە نووسینی پەرتووکەکانی قۆناغەکانی خوێندی سەرەتایی لە هەموو بەشەکانی کوردستان. لەمرۆدا ئەم کارە لە ڕێگەی کۆمپیتەر بە سانایی دەکرێت و چەندین خوێندن و دیسپلنی تایبەتیش هەن کە تایبەتن بە بەکارهێنانی کۆمپیەتەر و زمان لەوانە:
.Computational Linguistic, Natural Language Processing, Ontology, etc
سوودی بەکارهێنانی بچووکترین کۆمەلی هاوبەشی ووشەکانیش قەتیس نییە بە پەرتووکەکانی خوێنیدن نیبە بە تەنها. هەمان کار دەکرێ لە بواری ڕۆژنامەوانی ، بازرگانی ، تاد بکرێت. سەبارەت بە گۆرینیش لە نووسین بە ئەلفوبێ عەرەبی بۆ ئەلفوبێ لاتینی ئەمە بە چرکەیەکی کۆمپیتەر دەکرێت. خۆشبەختانەش ڤیرژنی یەکەمی ئەو بەرنامەیەش ئێستا لەبەردەستدایە کە ئەم کارە بکات.

## بانکی ووشەی کوردی

لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆلینەوەی قسەمان لە سەر ئەوە کرد کە پەرتووکەکانی فێربوونی خوێندن و نووسینی کوردی پێویستە بە کۆمەلە ووشەیەک بنووسرێت کە لە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیدا هەبن و بەهەمان ماناش بەکاربێن. بۆ سەرخستنی ئەم کارەو کاری تریش کە دواتر دێێنە باسکردنی پێویستمان بە بانکی ووشەی کوردی

هەیە. من لەم بەشەی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا باسی لە بانکی ووشەی کوردی و چۆنیەتی دروستبوونی و گرنگیەکەی دەکەم.

بانکی ووشەی کوردی ( یان عەمباری ووشەی کوردی) شوێنێکە کە هەموو یان زۆرترین ووشەی بەکارهاتووی کوردی تیادا هەڵدەگیرێت. جگە لە ووشەکانی زمانی کوردی، دەکرێ ناو هەروەها ووشەی بیانیش کە لە کوردیدا بەکار دەهێنرێت بەشێک لەم بانکی ووشەیە پێک بێنێت. یەکێکیش لە تایبەتمەندیەکانی ئەم بانکەش دایانامیکی بوونە. دایانامێکی بوون بەو مانایەی کە بەبەردەوام لە گەشەکردن دایە پێ بە پێی گەشەکرندی زمانی کوردی.

بۆ چۆنیەتی دروستکردنی ئەم بانکە پێویستە کۆمەڵێک پەرتووک و نووسراو لە هەموو زاراوەکان و هەموو بوارەکان (ڕۆژنامەوانی، پەرتووکەکانی قۆناغە جیاکانی خوێندن، ڕۆمان، چیرۆک، هۆنراوە، پەرتوکی خواردن، وەرزش، مۆسیقا، چیرۆکی منداڵان، کتێبی ئایینی ... تاد ) وەک سەرچاوە دیاریبکرێن. ئینجا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیتەر هەموو ئەو ووشانەی ئەم پەرتووکانەی پێنووسراوە دەربهێنرێن و دوای لابردنی ووشە دووبارەکان ووشەکان بەپێی ڕێزبەندی ئەلفوبێ کوردی ڕیز بکرێن.

مەبەستی لە بانکی ووشەی کوردیی هەر ڕزگارکردنی ووشەی کوردی نییە لە فەوتان، دیارە ئەم کارەش دەکات، بەڵکو بۆ گەلێک مەبەستی ترە. بۆ نموونە:

١- هەر ووشەیەکی ناو بانکەکە، دەکرێ لەلایەن زمانەوانان پێناسە بکرێ، ڕێنوسەکەی بڕیاری لێبدرێ ، فۆرمەکانی ( لێکدانی لەگەڵ پێشگرو پشگرەکانی) دەستنیشان بکرێ ... تاد، بەجۆرێک ئەم بانکە ببێتە تاکە سەرچاوەی تێگەیشتن لە: ١. مانا، ٢. ڕێنوس و ٣. فۆرمەکانی هەر ووشەیەکی کوردی ، ٤. چۆنیەتی بەکارهاتنی.

٢- لەکاتی دروستکردنی بانکەی ووشەی کوردی ئێمە دەتوانین ئەو ووشانەش دیاری بکەین کە زۆر بەبڵاوی لە زمانی کوردی بەکاردێن. واتە، ئێمە دەتوانین، یەکەمی، دووەمی ، سەدەمی، هەزارەمی ... تاد ووشەی کوردی لە بەکارهێنان دیاری بکەین.

زانینی ئەوەی کە هەر ووشەیەک چەندە بەبەربڵاوی بەکاردێت دەیان بەکارهێنانی هەیە. بۆ نموونە لە کاتی نووسینی پەرتووک بۆ منداڵان، هەرزەکاران پێویستە ئەو ووشانە بەکاربێن کە زۆر بەبەربڵاوی بەکاردێن نەک ئەو ووشانەی لەبەشی خوارەوەی ڕێزبەندی ووشەکانن لە بەکارهێنان.

من سەرەتای کارەکانی دروستکردنی بانکێکی ووشەی کوردیشم دەستپێکردووە. تاکو ئێستا، بە پشتبەستن بەو بڵاوکراوەنەی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاودەکرێتەوە، دەیان هەزار ووشەی کوردیم لە یەکەم عەمباری ووشەی کوردی کۆکردۆتەوە. لەسەر داوای تایبەتی لێکۆڵەرەوان و بەمەبستی درێژەدان بەم کارە من دەتوانم ئەم بانکەی ووشەی کوردی بخەمە خزمەتیان.

هەروەها، من ئەم کۆمپیتەر پرۆگرامەشم نووسیوە کە بە هۆیەوە دەتوانین ڕیزبەندی بەکارهاتنی ووشەکان لە نوسراوێکی کوردی (پەرتووک، ڕۆژنامە، ماڵپەر، تاد) کە بە تێکست نووسرابێ دیاری بکات. بۆ نموونە لەم گرافەی خوارە ڕیزبەندی ١٥ یەکەمین ووشەی کوردی کە لە پەرتوکی ئەلفوبێ کوردی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەکارهاتووە نیشان دراوە. واتە، زۆرترین ووشە لەو پەرتووکە کە بۆ ساڵی خوێندنی ساڵی ٢٠١٣ بەکارهاتووە بریتییە لە ( وا ) کە ٤٨ جار بەکارهاتووە، دووەم بریتییە لە ( وەرە) کە ٣٧ جار بەکار هاتووە، سێیەم بریتییە لە ( بۆ) کە ٣٦ جار بەکارهاتووە، هتد .

٣- بوونی بانکێکی ووشەی کوردی پێداویستیەکی هەرە سەرەکی چاکردنەوەی ڕێنووسی کوردی لە ڕێگەی کۆمپیتەر و دیارکردنی ئەو ووشە کوردیە جیاوازانەشە کە هەمان مانایان هەیە. من لە بەشی داهاتوو لەسەر ئەو بابەتە دەنووسم.

ئەمانە و دەیان سوودی تر کە لێرەدا جێگای باسکردنی نییە پێویستە هاندەر بێت بۆ ئەوەی کۆمسیۆنی زمانی کوردی لە کۆنگرەی نەتەوەی پرۆژەی دروستکردنی بانکی ووشەی کوردی بە هەند وەربگرێت.

سەرچاوەکان

http://www.scs.carleton.ca/ ~armyunis/projects/KAPI/KAPI.pdf
http://dublincore.org
http://www.scs.carleton.ca/~armyunis/ projects/KAPI/KurdishApiProject.html

سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ١١ی ئاب ( ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەرکی تاک



خالید هەرکی

هەواڵەکان خۆشن ، دەنگۆو ئاواتەکانی کورد، یەکریزی و سەلماندنی یەکناسنامەیی کورد لەم چەند ڕۆژەدا ئەوەندە خێراو بەپەلە گوزەردەکەن مرۆڤ بە هەموو وردەکاریەکان ڕاناگا ، دیارە ئەمەش لەم سەردەمەی دوبارە بونەوەی ئەنفال لەسەر دەستی (نوسرە) ، بۆ ئێمەی کورد دەبێتە کاردانەوەی پرۆسە گلاوەکانیان لە کۆکوژی کوردو سرینەوەی ناسنامەی پیرۆزی، ئەم هەنگاوە نەتەوەییەی کورد بەهێزترین پەیام و پڕ کاریگەرترین گورزی ئێمەیە بەر داگیرکارو ناحەزو پیلانگێران دەکەوێ، بۆیە دەبێ

زۆر بە ناسکی و هەستێکی پڕ لە بەرپرسیارێتییەوە لە تاکی کوردەوە تا حزب و ڕێکخراوو کەسایەتی و پسپۆرو سەرکردەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین تا بەرنامەی ئەمرۆمان دەگاتە ٢٦ی مانگ وەکو بۆی دارێژراوە ئاوەها بڕوا بەڕێوەو بە کەمئەندامی لەدایک نەبێ .

واز لە قۆرخکاری و پاوانکاری بڕیار و سەکۆکان بێنین، گرنگ ئەوە نەبێ کێ سەرۆکایەتیی کرد و لەکوێ بەستراو بڕیارەکان کێ داهێنەری بوو، بۆ هەمومان گرنگ ئەوەبێ ئەم کۆنگرەیە بە سەرکەوتویی ببەسترێ و بۆ داهاتوش بەرنامەو پلانی خۆی هەبێ ، نەیکەین بە مەسەلەی پرۆژەی دەستور کە زیاد لە خۆی قسەی لەسەرکراوەو هێشتاش هەر دەشکرێ ، هەردوکیان (دەستور و کۆنگرە) بونیان لە نەبونیان باشترە، بەدڵنیاییەوە.

ستراتیژیەتی ئەم کۆنگرەیەش کوردانە و نیشتمانپەروەرانەبێ نەک لۆکاڵی و هاوردەبێ، ڕاگەیاندنەکانی وڵاتانی بێگانە کاتێک هەواڵی کۆنگرەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەخش دەکەن لە ژێرزمانیانەوە سەدان مەبەست و ئاراستە دەکەنە ئامانج ، دەبێ لەم دەستەواژەیەی وڵاتانی دونیا بگەین ، بەرپرسیارێتی پاراستنی ئەم چەند ڕۆژە بە هەستیاری ئەرکێکە لە ئەستۆی هەموو تاکێکی کوردە .

قسە دێتە قسە پێمان دەڵێن ئێوە دەوڵەتتان نیە ! کوردستان دەوڵەت نیە ! ڕاست دەکەن ، بەڵام بەرسڤی ئەم تانەو توانجانە ئەمەیە بڵێین : دەوڵەتمان نیە خۆ ڕێکخراوی یەکگرتووی سەرتاسەری نەتەوەیی و نیشتمانی و لەیەک تێگەیشتنی هاوبەشمان هەیە، یەک چەترو یەک ماڵمان هەیە ، دان بە هاوسۆزی و هاوپرس و هاو ئامانجی یەکتر دەنێین، بۆ سەلماندنی ئەم وتانەشمان لەم کات و ساتەدا ئەم کۆنگرە نەتەوەییەمانە کە دڵنیام بە بەستنی هەنگاوی مژدە ئامێزی لێدەکەوێتەوە، دونیا لە گۆڕانی بەردەوامدایە هەم لەڕوی تەکنەلۆژیا هەم لەڕوی ئەقڵیەت و میکانیزمی چارەسەری کێشەکان و ئالوگۆری بەرژەوەندی و هاوکێشەکان، لەم بێنەو بەردانە کێشەی کورد ئەگەر بەحەکیمانەو خوێندنەوەی دیفاکتۆیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ دەچێتە قۆناغێکی ترو ئاستێکی تر کە لەچارەسەریەکانمان نزیک دەکەنەوە.

هەندێک دەڵێن بۆ لەم کات وساتە ئەم کۆنگرەیە؟ دەڵێم هیچ پرۆسەیەک بەئەنجام ناگا ئەگەر دۆخی (زاتی و مەوزوعی) پێنەگا، دۆخی(زاتی) کورد دەمێکە لە چاوەڕوانی پێگەیشتنی دۆخی (مەوزوعیە) بەڵام بەرژەوەندی زلهێزو داگیرکارو دەرودراوسێکان مەزنترین تەگەرەو ڕێگربونە لەبەردەم ئەم جۆرە هەنگاوانە، وێڕای ئەمەش کەموکوڕی لە پێگەیشتنی هزری کوردیش بونیان هەبوە ئەقڵیەتی پاوانخوازی و دەستڕۆیی و هەندێکجار خێڵەکی و ترس و تۆقان لەداهاتوو بونەتە ڕێگر لە دواخستنی ئەم جۆرە بیرۆکانە .

پێم وایە بیرکردنەوەکانی کورد هەر لەکۆنەوە بیرکردنەوەی خۆجێی و لەچوارچێوەی سنورەکانی کوردستان خولاونەتەوە بێ ئەوەی بە گۆڕانکاریەکانی دونیاو بەرژەوەندیەکان ببەسترێنەوەو لە ڕوانگەی گۆڕانی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوت بکەن .

ئەمرۆش ئەو دەرفەتە خوڵقاوە کە گۆڕانکاری لە هزرو ئەقڵیەتی سەرکردەکانمان رویداوە هاتونەتە سەر ئەو بروایەی دانیشتن لەگەڵ سەرجەم هێزە کاریگەرەکانی گۆرەپانی کوردستانی مەزن و تاراوگە ، تاقە ڕێگای گەیشتنە بە ئامانجە ستراتیژو هەتاهەتاییەکانی گەلی کورد، ئەم دەرفەتە نابێ لەدەست بدرێ ، کاتێک بە هەندێک بیانوی نابەجێ کەسانێک دەیانەوێ لە بایەخ و گرنگی ئەم کۆنگرە کەمبکەنەوە ، گوایە کۆنگرە بەحزبی کراوەو تەنها نوێنەری حزبەکان سەرپەرشتی و شەرانگێڕی دەکەن، حزبیەکان بونەتە واجیهەی کۆنگرە .

من لێیان دەپرسم ئەی دەبێ کێ بەم ئەرکە مەزن و پیرۆزە هەڵسێ؟ کێ ئەم توانایەی هەیە لەلایەک بەرگری دژی نەیارو ناحەزان بکا و لەلایەک خاوەنی ئەم توانا مادی و جەماوەری و دەسەڵاتی حوکمڕانیە بێ ؟ ئەم جەماوەرە لە چ ئۆرگانێکدا خۆیان یەکخەن و پرس و ڕاکانیان تاوتوێ بکەن؟ مەبەستم ئەوە نیە ئەم کۆنگرەیە لەپسپۆر و کەسانی یاساناسی نیودەوڵەتی و شارەزا لە بواری کاری سیاسی نێودەوڵەتی و دبلۆماسی و پسپۆر و کەسایەتیە دیارەکانی میللەت بێبەش بکرێ ، بەڵام هەر لە ئێستاوە بەر لەوەی هیچ بەرهەمێکی ئەم کۆنگرەیە ببینن لە دەرگای تانەو بێ ئومێدی دەدەن، ئەم کۆنگرەیە هیچ سودو پەیامێک نەگەیەنێ ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە هەین و لەمشوری یەکخستنی ماڵی خۆمانین بۆ ئەوەی وەکو میللەتانی دونیا ئەوەی بۆ ئەوان حەڵاڵە بۆ ئێمەش حەڵاڵ بێ، ئایندەش یەکلاکەرەوەو پشتڕاستکەری وتەکانە .

سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / ڕێکەوتی : ٧ی ئاب ( ئاگۆست)ی ٢٠١٣

## گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردبونیادنانی هێزی زیرەکە بۆ ئاییندە




((فاتیکان تەنیا هێزی نەرمی هەیە و سەرنجی هەموو جیهانیشی بۆ لای خۆی راکێشاوە، ئەمە وێڕای ئەو پرسیارە گاڵتەجارییەی ستالین کە دەیپرسی: فاتیکان چەند یەکەی زرێپۆشی هەیە؟))

جۆزیف نای

جۆزیف نای لە دیمانەیەکی پرۆگرامی وتوویژ لەگەڵ مێژووی زانکۆی بیرکلی سەبارەت بەدواین کتێبی کە (ئاییندەی هێزە)، لەسەر پێناسەی هێز رادەوەستێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هێز بریتییە لەوەی کە دەتوانی ئامانجەکانی پێ بەدیبهێنیت، بۆیە مەرج نییە ئەو

ئامانجانەی هەمانە هەمووی بەرێگەی سەربازی بەدەستیان بهێنین، جۆزیف نای کە خۆی ماوەیەک یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە، راشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە بەوەی راستە ئەمریکا لەماوەیەکی کورتدا توانی رژێمی پێشووی عێراق بڕووخێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی سەرنجی عێراقیەکان رابکێشێت، ئەوا وەک دەبینین زۆنگاوێکی دروستکردووە، هەر لەو پرۆگرامەدا نای ئاماژە بەوە دەکات کە لەماوەی سەدەیەکدا دووجار هێز وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە، جاری یەکەم گواستنەوەی هێز بووە لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، جاری دووەم کە ئەم سەردەمەی ئێستایە گواستنەوەی هێزە لە لەوڵاتانی (رۆژئاوا یاخود رۆژئاوا) بۆ کارەکتەری غەیرە دەوڵەتی، واتە خەڵکانێک دەبنە سەرچاوەی هێز ناسنامەیان جیاوازە و دەوڵەتیش نین، ئەم هێزە دەکرێت وەک ئەو هێزەی رێکخراوی ئۆکسفام (Oxfam)، لایەنێکی ئەرێنی بێت بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ لە جیهاندا کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتیەو ئامانجی کەمکردنەوەی هەژارییە لە جیهاندا، بەڵام سەرچاوەی هێز دەگوازرێتەوە بۆ گروپە تیرۆریستیەکان و تاوانباران بەبێ ئەوەی هێزی دەوڵەت بتوانێت ئەو ئیمکانییەتەی لەبەر دەستیەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی بەکاریان بهێنێت، ئەو دەپرسێت ئەگەر هێرشێکی ئەلکترۆنی بکرێتە سەر کارەبای لەندەن و نیویۆرک و ئەم هێرشە ببێتە هۆکاری ئەوەی ژیان لەو دوو شارە پەکی بکەوێت، ئایا کێ دەتوانێت سەرچاوەی ئەم هێرشە دیاری بکات، دەکرێت دەوڵەتێک ئەمەی کردبێت، دەشێت رێکخراوێکی تیرۆریستی بێت، هەروەها دەشێت گرووپێکی تاوانکاربن، لەم حاڵەتەدا بە ئەمەریکا بە هەزاران رۆکێتی کرۆزی هەبێت، ئایا ئەم رۆکێتانە ئاڕاستەی کوێ دەکات بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئەو مەترسیە دووربخاتەوە.

ئەم چەند دێرە کە تۆزێک لەبابەتی سەرەکی ئەم راپۆرتە دوورماندەخاتەوە، بەڵام گرنگە بۆ ئەوەی لەمانای چەمکی هێز لە ئێستای جیهاندا تێبگەین و چەمکی هێز تەنیا لە هێزی رەق یان هێزی نەرم بچووک نەکەینەوە، بەڵکو ئەوەی ئێستا جیهان بیری لێدەکاتەوە ئەوەیە کە (هێزی زیرەک ئایندەی هێز لە جیهاندا دیاری دەکات).

هێزی زیرەک (Smart Power)

بەرهەمی کۆکردنەوەی کۆی سەرچاوەی هێزەکانە

ئایندەی هێز شێوازێکە لە بەرێوەبردنی گەمەی شەترەنج، ئەو هێزەی گەمەی شەترەنج بەرهەمی دەهێنێت، بەرهەمی خودی گەمەکە نییە، بەڵکو هزر و بیری ئەو گەمەکارەیە کە یارییەکە بەرێوە دەبات و رایەڵەیەکی زۆر توند لەنێوان توخمە جیاوازەکانی هێزی گەمەکە دروست دەکات، کە بریتین لە (پادشا، وەزیر، فیل و ئەسپ و قەڵا و سەرباز)، ئەم توخمانە کە هەموویان دەبنە هێز بۆ پاراستنی پادشای شەترەنج، لەو کاتە هێزی زیرەک بەرهەم دەهێنن کە بتوانرێت سوود لەتوانای هێزە جیاوازەکان وەربگیرێت و لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنرێت، راستە لەگەمەی شەترەنجدا، توخمی وەزیر لەهەموو توخمەکانی دیکە کاریگەرترە، بەڵام گەمەکاری لێهاتوو زۆر درەنگ پەنا بۆ ئەم توخمە گرنگە دەبات، بەڵکو بۆ پیشاندانی هێزی زیاتر یاری بە توخمەکانی دیکە دەکات و، توخمی وەزیر وەک باڵانسێک بۆ گەمەکە دەهێڵێتەوە، بۆیە ئەگەر لەم راستەوە ئەم گەمەیە بگوازینەوە بۆ گەمەی هێز لەواقیعی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوا دەکرێت توخمی وەزیری شەترەنجی هێزی نێودەوڵەتی هێزی سەربازی و سوپایە، بەڵام لەناو گەمەی هێزدا، راستە توخمی سوپا توخمێکی گرنگە، بەڵام چۆن لە شەترەنجدا بەکارهێنانی زۆری وەزیر کاریگەری خراپی بۆسەر گەمەکە هەیە و گەمەکاری لێهاتوو ناچارە بەدوای سەرچاوەی هێزەکانی دیکە بگەرێت، بەهەمان شێوە لە هاوکێشەی هێزی نێودەوڵەتیشدا، راستە هێزی سەربازی و هێزی ئابووری گرنگە، بەڵام لەدەرەوەی ئەم هێزانە، سەرچاوەی دیکەی هێز هەن کە دەتوانرێت سەرنجی بەرامبەری پێ رابکێشرێت و بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەو مەبەستەی هەتە بۆت بەدی بێت، بۆیە لەم راستەوە ئەگەر هێز میکانیزمێک بێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی هەتە، ئەوا هێزی سەرنجڕاکێشان و قەناعەت پێهێنانی بەرامبەریش، سەرچاوەیەکی دیکەی هێزە و زۆر جار ئەوەی بە هێزی نەرم دەکرێت بە هێزی سەربازی و ئابووری نەکراوە، بەڵام گرنگیدان بەهێزی نەرم، واتای دەستبەرداربوون یان بێ بایەخکردنی هێزی سەربازی و هێزی ئابووری نییە، بەڵکو پێکەوە گرێدانەوەی کۆی سەرچاوەکانی هێزە بۆ ئەوەی هێزی زیرەک بەرهەم بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجی نەتەوەکەت و نیشتمانەکەت بە دیبهێنیت و ئەو مەترسی و هەڕەشانەی رووبەڕووی دەبنەوە دووریان بخەینەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر نموونەی دەوڵەتان وەربگرین، بۆ نموونە زۆربەی دەوڵەتانی کەنداو، هێزەکەیان کە سەرنجی جیهانیان پێ راکێشاوە بوونی سەرچاوەیەکی گەورەی نەوتە، زۆر کەس لەوانەیە پێیان وابێت، ئەگەر وڵاتێک خاوەنی نەوت بێت، بەسە بۆ ئەوەی سەرنجی دنیا بەلای خۆیدا رابکێشیت، بەڵام نموونەی گرنگ کە ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە، وڵاتی نەرویژە کە ئەویش وەک دەوڵەتانی کەنداو خاوەنی پەترۆلە، بەڵام سەرنجی جیهان لەسەر نەرویژ هۆکاری بوونی پەترۆل نییە، بەڵکو هۆکاری سیستمە دیموکراتیەکەی و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتەیە، کە جیهان ئەم وڵاتە بچووکەی دەسنیشانکرد بۆ ئەوەی کۆنگرەی گەورەترین پرۆسەی ئاشتی لە جیهاندا کە کۆنگرەی ئۆسلۆ بۆ پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل لەو وڵاتە بەرێوە بچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هۆکارەکە بوونی پەترۆل بوایە، دەبوو کۆنگرەی ئاشتی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لەبری ئەوەی لە نەرویژ بەرێوە بچێت، دەبوو لە فەنزویلا بەرێوە بچوایە، لەبەر ئەوەی ئاستی بەرهەمی پەترۆلی فەنزویلا لە نەرویژ زیاترە. لەلایەکی دیکە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نموونە بهێنینەوە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە وەک گەلی کوردستان هێزە رەقەکەی ئەمریکا بۆ رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، بە هێزێکی باش دەزانین و لەبەر ئەوەی جۆرج دەبلیو بوش ئەو بڕیارەیدا بۆ ئەوەی هێزی سەربازی رژێمی بەعس بڕووخێت، ئێمە ئەمریکا بەگەورەترین دۆستی خۆمان دەزانین، بەڵام دوای ١٠ ساڵ بەسەر ئەم پرۆسەیە و کە ئێستا بارودۆخی عێراق دەبینین، هەست دەکەین تەنیا هێزی سەربازی نەیتوانی عێراق لە دیکتاتۆرییەوە بگۆرێت بۆ دیموکراتی، ئەمەش مانای ئەوەیە راستە ئەمریکا توانی بەهێزی سەربازی رژێمی بەعس بڕووخێنێت بەڵام نەیتوانی بە هێزی نەرم عێراق وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی بونیاد بنێتەوە، بۆیە لەم خاڵەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی تاکجەمسەری دوای شەڕی سارد، لەگەڵ تەنیا سۆپەر پاوەربوو لەڕووی سەربازییەوە لە جیهاندا، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێیوابوو ئەم بەم هێزەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی هەمووجیهان بکات و هەموو جیهانیش پێشوازی لێدەکات، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوو وەک ئاکامی راپرسیەکان دەریانخستووە، ئاستی پێشوازی کردنی جیهان لە ئەمریکای سەردەمی جۆرج دەبلیو بوش لە داشکاندابووە، بە هاتنی باراک ئۆباما لەگەڵ ئەوەی ئۆباما کەوتە بەکارهێنانی

هێزی نەرم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرنجی جیهان بۆ ئەمریکا رابکێشێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی ئۆباما بۆ جاری دووەم بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکاش هەڵبژێردرایەوە، بەڵام سیاسەتەکانی ئۆباماش دەریانخستووە کە ئەم هێزەش بە تەنیا نەک هەر نەیتوانیووە سەرنجی جیهان بۆ ئەمریکا رابکێشێتەوە، بەڵکو لەزۆر بواردا ئاستی پێگەی ئەمریکی هاتۆتە خوارەوە لە زۆربەی کێشەکاندا رۆڵی ئەمریکا سنورداربووە، هەروەک لەدوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبییەوە ئەوەی رۆژئاوا ناوی لێنا(بەهاری عەرەبی)، ئەوا وەک دەبینین پێشتر ئەمریکا خۆشەویستربووە نەک ئێستا، هەر بۆ نموونە ئەمریکا لە مەسەلەی لیبیادا نەیتوانی سەرکردایەتی ناتۆ بکات بۆ رووخانی رژێمی معەمەر قەزافی، راستە ئەمریکا لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی ناتۆ بوو بۆ لیبیا، بەڵام سەرکردایەتی هێرشەکەی نەکرد و پاشانیش وەک لە ئیدارەی یەکەمی ئۆباما بینیمان، دوای رووخانی رژێمی قەزافی، باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەو وڵاتە داگیرکرا، لەسەر مەسەلەی سوریاش، هەتا ئێستا ئۆباما نەیتوانیووە هەموو سەرچاوەی هێزەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ هێزێکی زیرەکی ئەوتۆ کە بتوانێت گەلی سوریا لەو نەهامەتیە رزگار بکات، بەپێچەوانەوە چین و روسیا بوونە هۆکارێک بۆ بەهێزتر بوونی رژێمی ئەسەد زۆربەی ئەو ناوچانەی کە پێشتر رژێمی سوریا لێی کشابۆوە، ئێستا ئەسەد جارێکی دیکە خەریکە سەرلەنوێ داگیریان بکاتەوەو، ئەمریکاش بێجگە لەسەیرکردنی بارودۆخەکە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە، لەمەش سەیرتر هەڵوێستەکانی ئیدارەی ئەمریکایە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی میسر، کە لەیەکەم رۆژی لابردنی مورسی باڵیۆزی ئەمریکا لە قاهیرە هەڵوێستێکی هەبوو، لە هەفتەی رابردووش یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە قاهیرە هەڵوێستێکی دیکەی هەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ئێستادا هەست دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا جۆرە ڕاڕاییەک هەیە و تەنانەت لە ئاستی بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپیشدا ناتوانن راشکاوانە بڕیاری راشکاوانە لەسەر پرسە جیهانییەکان پیشان بدەن، کەواتە ئەمەش ئەو راستیەمان پێدەڵێت، کە پەنابردن بۆ هیچ هێزێک بە تەنیا ناتوانێت ئەو مەبەستە بەدی بهێنێت کە ئاواتی بۆ دەخوازن، بەڵکو پێویستە هەموو سەرچاوەی هێزەکان پێکەوە رێکبخرێن و هێزێکی زیرەکی لێ بەرهەم بێت و ئایندەی هێزیش لەسەدەی بیست و یەکەمدا تەنیا بۆ هێزی زیرەک دەبێت.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هێزی زیرەک

ئەگەر لەو راستیەوە سەرنج لە گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بدەین، کە بڕیارە لەم مانگە گرێبدرێت و لە ئێستاوە ئامادەسازی بۆ دەکرێت، ئەوا دەگەینە ئەو راستیەی کە کورد لەم ساتەوە دەکەوێتە قۆناخێکی نوێ، ئەویش بوونی کاراکتەرێکی خاوەن هێزە کە هێشتا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی نییە، ئەمەش لایەنێکی دیکەیە لە چۆنییەتی وەرچەرخان و گواستنەوەی هێز لەسەدەی بیست و یەکەمدا، بەوەی هێز دەگوازرێتەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی، ئەم کاراکتەر چالاکە کە لەم ناوچەیە دەبێتە خاوەنی هێز، سەرەتا ئەوەی بونیادناوە کە ئەم هێزە، هێزێکی سەرنج راکێشە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و دەتوانێت ببێتە فاکتەرێک بۆ بونیادی دیموکراتی و سەقامگیری و یارمەتیدەرێک بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەم هێزە گرنگە کە هێزی کوردە لە هاوکێشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا هێزە کە نەبۆتە بەشێک لە کێشمەکێشی مەزهەبی و شێوازی خەباتکردنی بۆ دیموکراتی نەگۆڕیوە بۆ دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکانی (کورد و عەرەب، کورد و تورک، کوردو فارس)، لەمەش گرنگتر ئەزموونێکی زیاتر لە ٢٢ ساڵ لە باشوری کوردستان بوونی هەیە، ئەم ئەزموونەش لەماوەی ٢٢ ساڵی رابردوو بەشێوەیەک سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، کە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەوڵەتانی ئیقلیمی نەک ئەم کیانە کوردستانییە بە هەڕەشە بۆسەر خۆیان نازانن، بەڵکو وەک شەریکی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی ئابووری و بازرگانی سەیری دەکەن و بەهاوتای سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی خۆیان پێشوازی لەسەرۆک و سەرۆک وەزیرانی کوردستان دەکەن.

بۆیە لەم خاڵەوە دەکرێت ئاماژە بەچەند لایەنێکی زۆر ئەرێنی گرێدانی ئەم کۆنگرەیە بکەین و هەنگاوەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم کۆنگرەیە لەو چوارچێوەیەدا بخوێنینەوە کە چۆن بە ئاشکرا و بە بەشداری حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە باشوری کوردستان ئامادەسازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکرێت و بڕیاریشە بۆ ئەم کۆنگرەیە شاندی هەر چوار دەوڵەتی (عێراق و ئێران و تورکیا، لایەنی سوریا کە لەوانەیە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بێت)، شاندی یەکێتی ئەورووپا و کۆمکاری عەرەبی و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و کونسوڵی تەواوی ئەو وڵاتانەی کە لەهەرێمی کوردستان کونسوڵخانەیان هەیە، داوەت بکرێن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کورد خەریکە دەبێتە کاراکتەرێک بۆ هێزی زیرەک لەناوچەکەدا، دەتوانێت بەلایەنە جوانەکانی سیاسەت و کلتور و شێوازی حکومڕانی باش و لێبوردەیی سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا رابکێشێت و لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئەم هێزە رێزی لێ بگیرێت و پەسەند بکرێت، ئەمەش وەک چۆن وڵاتانی باکوری ئەورووپا وەک سوید و فنلەندا و نەرویژ، بوونە ئەو هێزە زیرەکەی کە سەرنجی هەموو جیهانیان بۆ حکومڕانی باش و دیموکراتی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ راکێشاوە، ئەوان بە پێوەری هێزی زیرەک ئێستا گەورەترین سۆپەر سمارت پاوەرن لەم جیهانەدا، هەروەها چۆن تایوان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و بتسوانا لە ئەفریقیا و چیلی و مەکسیک لە ئەمریکای لاتینی وەک هێزی زیرەک لە بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە ئاماژەیان پێدەکرێت، گرێدانی ئەم کۆنگرە نەتەوەییەی کوردیش، دانپێدانێکە بەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک سۆپەر سمارت پاوەری ناوچەکە سەیر دەکرێت، دەبێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو هێزە زیرەکە رێکبخرێتەوە کە ئێستا کورد پیادەی دەکات.

لەوانەیە ئەم خوێندنەوەیە بۆ گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە روانگەی ئایندەی هێزەوە لەسەدەی بیست و یەکەم، لەسەرەتاوە جۆرێک لە دڕدۆنگی لای خوێنەر دروست بکات و ئەو پرسیارەی لا دروست بێت، چۆن کوردستانێکی بێ دەوڵەت دەبێتە سۆپەر سمارت پاوەر لەناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزی وەک ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئەمە لە کاتێکدا لەهەموو پارچەکانی کوردستان، بە کوردستانی باشوریشەوە هێشتا مەترسی هێرشی سەربازیمان لەلایەن بەرامبەرەکانمانەوە لەسەرە، نموونەش لەمبارەوە زۆرن، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ ماناو دەلالەتی هێزی زیرەک، لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەی ئێستای هاوکێشەی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، بەشی زۆری کێشەکان بە هێزی سەربازی و جبەخانە چارەسەر ناکرێت و پێویستی بەوەیە کۆی سەرچاوەکانی هێزەکانیان لە چوارچێوەی

هێزی زیرەكدا ڕێكبخەن بۆ ئەوەی بتوانن كێشەكانی خۆیان چارەسەر بكەن، هەر بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە توركیا باشتر لە سێ وڵاتەكەی دیكە(عێراق و ئێران و سوریا) هەستی پێدەكرێت، ئەمەش بەو مانایەی توركیا لەڕووی سەربازی و ئابووری و بازرگانییەوە، لەهەرسێ دەوڵەتەكەی دیكە بەهێزترە، لەمەش گرنگتر توركیا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی هاوپەیمانی باكووری ئەتڵەسیەوە و كاندیدی یەكێتی ئەورووپایە، بەڵام وێڕای هەموو ئەم باڵادەستیەی هێزی توركیا لەهەموو بوارەكانەوە لەچاو ئێران و سوریاو عێراقدا، بەڵام توركیا پێش هەمووان بۆی دەركەوت كە بەهیچ كام لەم هێزانە ناتوانێت كێشەكانی خۆی چارەسەر بكات بۆیە پەنای بۆ هێزی زیرەك برد، لەسەرەتا توركیا پێی وابوو ئەگەر سیاسەتی سفر كێشە(وەك هێزێكی زیرەك) لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێكانی پیادە بكات و هیچ كێشەیەك لەگەڵ دراوسێكانی نەهێڵێت ئەوا ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆكاری ئەوەی توركیا لەڕووی ئابورییەوە هەڵبستێتەوە و هەستانەوەی ئابووریش دەبێتە هۆكاری ئەوەی كێشەناوخۆییەكانی نەهێڵێت بە تایبەتی كێشەی كورد، لەم قۆناخەدا توركیا سیاسەتی سفر كێشەی تەنیا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی پیادەكرد، بەڵام گرنگترین دراوسێی توركیا هەرێمی كوردستان بوو كە دەوڵەت نەبوو، بۆیە لەسەرەتاوە زۆر لەوە دەترسا كە ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان ببێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی هەرێمی كوردستان ببێتە دەوڵەت و ئەم دەوڵەتەش ببێتە هۆكارێك بۆ ناسەقامگیری وڵاتەكەی، بەڵام پێداگیری سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی لەسەر پیادەكردنی هێزی زیرەك و سەرنج ڕاكێشانی هەموو جیهان بۆ شێوازی ئاشتیانەی حكومڕانی لەهەرێمی كوردستان بووە هۆكاری ئەوەی توركیا چاو بە پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ هەرێمی كوردستان بخشێنێتەوە، لایەنی ئەرێنی لەم چاوپێداخشاندنەوەی توركیا بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەرێمی كوردستان لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، توركیا پێش هەمووان لەسەر ئاستی ناوچەكە لە بایەخی هێزی زیرەك تێگەیشت، بۆیە لەگەڵ هێوربوونەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەولێر و ئەنكەرا و هەڵكشانی پەیوەندییەكانی هەردوولا لە بازرگانی و ئابوورییەوە بۆ سیاسیی و دیپلۆماتی، ئەوا توانرا ئەو دەرگایە بكرێتەوە چۆن دوو هێزی زیرەك ئەگەر ببنە شەریكی ستراتیژی دەتوانن سەقامگیر و ئاشتی لە ناوچەكە بێننە ئاراوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بە هاندانی هەرێمی كوردستان، توركیا گەیشتە ئەو قەناعەتەی سیاسەتی سفر كێشە، ئەگەر پیادە بكرێت وەك هێزێكی زیرەك بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و ڕەخساندنی زەمینەیەك بۆ بوژاندنەوەی ئابووری و بونیادنانی دیموكراتی، ئەوا دەبێت لەسەر ئاستی دەوڵەتی و لەسەر ئاستی كاراكتەری غەیرە دەوڵەتی و هەروەها دەبێت كێشە ناوخۆییەكانیش سفر بكرێنەوە، بۆ ئەمەش توركیا هەنگاوی بۆ سیاسەتی كرانەوە هەڵگرت و بە ئاشكرا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی توركیا كاتێك لە هەولێر بە ئاڵای توركیا و كوردستان پێشوازی لێكرا بوێرانە بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەو سەردەمە بەسەر چوو تكۆڵی لەبوونی كورد بكرێت، لەمەش گرنگتر بەشداری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە كۆنگرەی پارتی دادوگەشەپێدان و خوێندنەوەی وتارەكەی بەزمانی كوردی، ئەوەی بە هاووڵاتیانی توركیا ڕاگەیاند، كاتی ئەوە هاتووە پێكەوە بە جیاوازییە نەتەوەییەكانمانەوە هاوبەش بین بۆ ئەوەی بتوانین پێكەوە بژین.

ئەم ئاماژەكردنە بۆ وەرچەرخان لە سیاسەتی توركیا و پشت بەستنی دەوڵەتی توركیا لە هێزی ناتۆوەوە بۆ هێزی زیرەك، ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە هێزی زیرەك لەو ڕۆكێتە پەتریۆتانە كاریگەرترە، كە توركیا لەسنورەكانی توركیا بڵاوی كردەوە بۆ ئەوەی پریشكی ئاژاوەكانی سوریا نەگاتە توركیا، بۆ ئەمەش بینیمان ئەو ڕۆكێتانە نەیانتوانی ڕێگە لەو ئاژاوەیە بگرن، هەروەها ئەوەی هێزی زیرەك لە هێزی سوپای توركیا كاریگەرترە، لەبەر ئەوەی لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ٤٠ هەزار هاووڵاتی تورك و كورد بە كوشتن دران، بەڵام كێشەی كوردی لەو وڵاتە نەك هەر سەركوت نەكرد، بەڵكو ئێستا لە ٣٠ساڵ لەمەپێش خوێناوی تر دەبوو، بەڵام بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیالۆگ و شێوازی ئاشتیانە، ئەگەر وەك بەڕێز مسعود بارزانی لە پەیامێكدا بۆ دەستخۆشی لە حكومەتی توركیاو پەكەكە، ئاماژەی پێكردووە، ئەگەر هەردوولا پەكەكە و حكومەتی توركیا وەك ستراتیژ سەیری ئەم پرۆسەیە بكەن، ئەوا دەتوانن كێشەكانیان چارەسەر بكەن.

ئەم حاڵەتە چۆن بۆ توركیا ڕاستە، بەهەمان شێوە بۆ دەوڵەتەكانی دیكەی ناوچەكەش ڕاستە كە هەریەكەیان بەشێكی كوردستانی پێوە لكێنراوە، بەڵام جیاوازی توركیا لەگەڵ وڵاتەكانی دیكە ئەوەیە، توركیا هەنگاوێك لەپێشترە بۆ تێگەیشتنی لەهێزی زیرەك، وڵاتەكانی دیكە لەدواترن، هەر بۆ نموونە عێراقی دوای 2003 كە پێویستە عێراقێكی تازە بێت و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەوڵەتێكی دیموكراتی و فیدراڵی بونیادبنرێتەوە، بەڵام هێشتا بەرپرسانی بەغدا، بەترسەوە سەیری چەمكی فیدراڵی و دیموكراتی دەكەن و بەوجۆرە سەیری ئەو دەستوورە دەكەن كە ئەگەر جێبەجێ بكرێت دەوڵەتی عێراق دابەش دەبێت، ئەمە لە كاتێكدا جێبەجێكردنی ئەم دەستوورە هێزێك دەبێت بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەكپارچەیی و جێبەجێ نەكردنی دەبێتە هۆكارێك بۆ دابەشكردنی، حكومەتی بەغدا هەتا ماوەیەك پێش ئێستا هەوڵیدەدا بەشە داهاتی هەرێمی كوردستان لە بودجەی عێراق وەك یاسایەكی سزادان دژی هەرێمی كوردستان بەكار بهێنێت، ئەو دەیویست هەرێمی كوردستان نەتوانێت نەوت بفرۆشێت و نەبێتە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆی، بۆ ئەوەی نەتوانێت بێ فەرمانی بەغدا بكات، بەڵام كاتێك بۆی دەركەوت هێزێكی زیرەك سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی كوردستانی داڕشتووە و ئەو نەوت و گازە هەر دەفرۆشرێت بەغدا ڕازی بێت یان ڕازی نەبێت لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە، لەمەش گرنگتر هەرێمی كوردستان ئامادەیە داهاتی نەوتەكەی لەگەڵ هەموو عێراقیەكان بەش بكات، ئەوا دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەردانی بەغدای كردوو و ڕاشكاوانە لەگەڵ بەغدا وتووێژی كرد، دەروازەیەك كرایەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هەڵبگرێت، بۆیە ئەگەر حكومەتی بەغدا لەم بارودۆخە هەستیارەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پیا تێدەپەڕێت، بەتەواوەتی بگاتە ئەو قەناعەتەی بەكڕینی چەك عێراق بەهێز نابێت، بەڵكو بە گەڕانەوە بۆ هێزی زیرەك عێراق بەهێز دەبێت، ئەوا لەم قۆناخە كە ناسكترین و دژوارترین بارودۆخی عێراقە و عێراق خەریكە دەخزێتە نێو شەڕێكی گەورەی مەزهەبی خوێناوییە، دەروازەیەكی لێ دەكرێتەوە كە بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێتەو، سەبارەت بە سوریا كە پێدەچێت كاتەكە درەنگ بێت ڕژێمی ئەسەد ببێتە بەشێك لە هاوكێشەی ناوچەكە، ئەوا گرنگە ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەڵەكانی ئەسەد دووبارە نەكەنەوە، ئەمجارە بەهێزی زیرەك مامەڵە لەگەڵ كوردانی ڕۆژئاوای كوردستان بكەن و، هەروەها بۆ ئێرانیش لەم كاتەدا كە سەرۆك كۆماری نوێ دەست بەكاردەبێت و جیهان بەجۆرێك لە ئومێدەوە لەم سەرۆك كۆمارە نوێیە دەڕوانێت، گرنگە كۆماری ئیسلامی پرۆسەی كرانەوە تەنیا لە چوارچێوەی

پرۆسەی کرانەوەی ئێران وەک دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بچووک نەکاتەوە، ڕاشکاوانەتر تەنیا هەوڵی کرانەوەی نەبێت لەسەر ئاستی دەرەوە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە فراوانتر بێت و سیاسەتی ناوخۆشی بگرێتەوە، ئەوا ئێرانیش لەم بارودۆخە کە کەوتۆتە ژێر گەمارۆیەکی گەورەی نێودەوڵەتی، ئەوا دەروازەیەکی گەورەی لێدەکرێتەوە و هەتا ئەگەر گەمارۆکانیش بەزوویی هەڵنەگیرێن ئەوا دەتوانێت هەندێک باری ئابووری خۆی ڕاست بکاتەوە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەمرۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و زەمینە ڕەخساندن بۆ پێکەوەژیان تەنیا بە هێزی زیرەک دەکرێت و ئەوەی دوابکەوێت پاشان کێشەکانی ئاڵۆزتر دەبن.

کوردستانی باشور و بونیادنانی هێزی زیرەک

مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمێکە، کە پێش تەنیا ٢٠ ساڵ وڵاتی سوتماکی دوای شەڕ و بەئەنقەست کاولکراو بووە، بەڵام ئێستا ئەم هەرێمە وەک ڕۆژنامەکانی فەرەنسا ئاماژەی پێدەکەن، هەڵمەتی پەرەپێدان، هەرێمی کوردستانی کردۆتە بەچکە پڵنگێک لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام پرسیاری گرنگ کە پێویستە لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: ئایا چۆن ئەم بەچکە پڵنگە لەدایک بوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی بەڕێز مسعود بارزانی کە لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ وەڵامی گۆڤاری هارڤارد ڕیڤییو داوەتەوە، کە ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، ئێمە وڵاتێکی کاولکراوین، هەژار نین، هێندە هاوکاریمان بکەن تا دەکەوینەوە سەرپێی خۆمان، ئێمە خۆمان دەتوانین خۆمان بەڕێوەبەرین، ئەم قسەیە مانای ئەوەیە بەڕێز مسعود بارزانی لە دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوەی هەرێمی کوردستان، هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زیرەکانە سەرچاوەی هێزەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە و ئەم هێزە بکاتە هەوێنی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم قسەیەی ئێمە دەیکەین تەنیا لەڕووی سۆزەوەیەو لە ڕوانگەی خۆشەویستیمان بۆ مسعود بارزانی ئەیهۆنینەوە، یان قسەیەکە ئێستا تۆژەران و پسپۆران و دیپلۆماتکار و سیاسەتوانان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن چۆن ئەم هێزە زیرەکە بەرهەمهاتووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکرێت بگەڕێینەوە تەنیا بۆ ١٠ ساڵی ڕابردوو کە نەک کوردستان بەڵکو عێراقیش وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا هاتووە لەوانە:

١. بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق زۆر هەوڵیدا لایەنە عێراقیەکان بگەیەنێتە قەناعەت، کە عێراقی دوای سەدام حوسێن بە هێزی زیرەک بونیاد دەنرێتەوە نەک بە تۆڵە سەندنەوە، ئەو بەڕاشکاوی ڕایگەیاند، هیچ کەسێک وەک ئەو نەهامەتی بەدەستی ڕژێمی بەعسەوە نەچەشتووە، تەنیا لە پرۆسەی ئەنفالی بارزانییەکان زیاتر لە ٣٠ کەسی نزیکی خۆی بێ سەروشوێنکراون، بەڵام مافەکانی میللەتی کوردستان لەوە گرنگترە کە لەڕوانگەی تۆڵە سەندنەوەی کەسیەوە هاوکێشەکان بخوێنرێتەوە، ئەمەش وایکرد کە ئەوکات بەڕێزی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتی دەربکات و ڕێگە نەدات یەکرێزی نێومالی کورد تێکبچێت، ئەوکات لەو کۆنگرەیەدا جۆرە ڕێککەوتنێک دروست بوو، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو نەیانتوانی بەکردەیی پیادەی بکەن، بۆیە ئەوە عێراق گەیشتە ئەو ئاکامەی ئێستا دەیبینین.

٢. لەسەروبەندی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، مسعود بارزانی بەهەموو جیهانی ڕاگەیاند ئەگەر لە باکورەوە تورکیا بێتە ناو خاکی کوردستان، ئەوا دەبێت زرێپۆشەکانی تورکیا بەسەر لاشەی ئەودا بێن، ئەمەش مانای ئەوەیە مسعود بارزانی کە خاوەنی ئەوپەڕی پەیامی ئاشتی و لێبوردەییە، کە کار گەیشتە ئەوەی بەرامبەر لەو زمانە نەگەیشت، ئەوا ناچار دەبێت پەنا بۆ هێزی دیکە بەرێت، ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە بەکارهێنانی هێزی زیرەک لەکاتی خۆیدا.

٣. لەدوای پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، هەرێمی کوردستان زیاتر لە پێشان کەوتە بەر مەترسی دەرەکی، زۆر گوشاری دەخرایە سەر بۆ ئەوەی شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی ڕێکخراوی پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەسف بکات، بەڵام بارزانی ئەمجارەش زیرەکی خۆی سەلماندنەوە نەک هەر پەکەکەی بە تیرۆریست وەسف نەکرد، بەڵکو هەنگاوەکانی بوونە هۆکاری ئەوەی کە پەکەکە ببێتە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا، ئەمەش سەرەتای ڕێگەکەیە بۆ ئەوەی پەکەکە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لەسەر ئاستی جیهان دەربهێنرێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو سوپا گەورەیەی کە ئەندامی ناتۆ بوو، نەیتوانی مسعود بارزانی ناچار بکات هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، بەڵام هێزی زیرەکی بارزانی توانی ڕێگەی ڕاست بۆ هەموو لایەک فەراهەم بکات و شەڕ و ئاژاوە دوور بخاتەوە.

٤. لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەوە هەموو جیهان شاهیدی بۆ کورد دەدەن، کە کورد بەشێکە لەپرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و هەتا ئێستا کورد نەبۆتە بەشێک لە کێشەکان، هەر بۆ بیرهێنانەوە، دوای ئەوەی بە هەوڵەکانی مسعود بارزانی توانرا ڕێککەوتننامەی هەولێر گرێبدرێت و حکومەت پێکبهێنرێت، شەقامەکانی بەسرا بە ئاڵای کوردستان بڕازێنرێتەوە، با لەخۆمان بپرسین ئەگەر هێزی کوردستان هێندەی هێزی ئێستای ئەمریکا بوایە و لە توانامانیدا بوایە بەسرا داگیر بکەین، ئایا دەتوانرا شەقامەکانی بەسرا بە ئاڵای کوردستان بڕازێنینەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرایە، چەند بە ئاڵای ئەمریکی شەقامەکانی بەسرا ڕازێنرانەوە هەر هێندەش بە ئاڵای کوردستان دەڕازێنرایەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزی زیرەکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەزۆر بواردا لەهێزی ناتۆ و ئەمریکا گرنگترە.

٥. ڕەنگدانەوەی ئەم هێزە زیرەکە لەناوەندەکانی توێژینەوە و لەو کۆڕ و کۆبوونەوە زیاتر بەدیار دەکەوێت، کە لەناوەندەکانی توێژینەوە جیهانییەکان بۆ بەڕێز مسعود بارزانی ڕێکدەخرێ، هەر بۆ نموونە لە کۆڕێکدا کە لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ بارزانی ڕێکخرابوو، کینس پۆلاک سەرۆکی سەنتەری سابان لەو ئامۆژگایە بە ئامادەبوانی ڕاگەیاند، بۆ ئەو کەسانەی بەڕێز بارزانی ناناسن، ئەم پێشمەرگەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک پاریس وایە بۆ فەرەنسا و هەموو ڕێگەکان دەچنەوە لای ئەو، مارتن ئەندیک کە یەکێکە لە دیپلۆماتکارە بە ئەزموونەکانی ئەمریکا و ماوەیەک باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە ئیسرائیل، لەو کۆڕەدا بەمجۆرە پرسیاری لێکرد: جەنابی سەرۆک دەمانەوێت ئەزموونی خۆتانمان بۆ باسبکەن بەوەی چۆن توانیوتانە پەیوەندیەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئێرانی دراوسێتان دروست بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش سوودی لێوەرگرین؟

پرسیار لەوەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە، ئایا هەرێمەکەی مسعود بارزانی بۆ ئەوەندە گرنگە کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک پاریس بێت بۆ فەرەنسا، ئایا مسعود بارزانی کام هێزی سەربازی و کام سەنتەری بازرگانی جیهانی لەبەردەستە کە توانیوویەتی هاوسەنگی لەگەڵ دراوسێکانی دروست بکات؟ بێگومان بارزانی بێجگە لەو هێزە زیرەکەی کە لەسەرچاوەی هێزە لۆکاڵیەکانی وڵاتی خۆی دروستکردووە.

مسعود بارزانی و بەرپرسیاریەتی گەورەی نەتەوەیی

لەم قۆناخەدا بەڕێز مسعود بارزانی شانی داوەتە بەر بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی مێژوویی، وەک لە پەیامەکەی ڕۆژی ١٦ی تەمموز و هەروەها لە وتەکەی لەکردنەوەی کۆبوونەوەی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ئاماژەی پێکرد، ئەو ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێت ئەرکەکانی جەنابی مام جەلال (کە ئێستا نەخۆشە و هیوادارین زوو بگەڕێتەوە بۆ لامان) بگرێتە ئەستۆ و هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان بپارێزێت، لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستانیش دیسان جارێکی دیکە بەرپرسیاریەتی جەنابی مام جەلال و بەڕێز عەبدوڵا ئوجەلانیش (کە هیوادارین بەزوویی ئازاد بکرێت) کەوتۆتە سەرشانی، بۆیە ڕاستە لەم قۆناخە بەڕێزی سەرپەرشتی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەم سەرپەرشتیە بە نوێنەرایەتی دوو سەرۆکی دیکەیە کە بەڕێزان تاڵەبانی و ئۆجەلانە، ئەم هەڵوێستەی بەڕێز مسعود بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، بۆ ئەوەی بتوانین تەواوی سەرچاوەکانی هێز لە هەر چوار پارچەی کوردستان یەک بخەین و هێزێکی زیرەکی لێ دروست بکەین، ئەوا گرنگە هەموو پێکەوە شانبدەینە بەر ئەم ئەرکە مێژووییەو هەموومان لەدەسکەوت و شکستی ئەم قۆناخە شەریک و هاوبەش بین، لەمەش گرنگتر ئەو هێزە زیرەکەی بارزانی مەبەستیەتی لەم قۆناخە کورد ببێتە خاوەنی، تەنیا تێڕوانینێکی یەکلایەنە نییە، ڕاشکاوانەتر هێزی زیرەک ئەو هێزە نییە کە تەنیا لایەنێک پێی ڕازی بێت، بەڵکو پێویستە لایەنی بەرامبەر پێی بگاتە قەناعەت و پێکەوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەری پەیوەندار کێشەکان چارەسەر بکەن، بۆیە لەم لایەنەوە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە ئەوەیە کێشەی کورد بە شێوازی ئاشتی و دیالۆگ لەهەر چوار پارچەکە چارەسەر بکرێت، مانای ئەمەیە ئەم هێزە بە زمانی دیالۆگ ڕووبەڕووی بەرامبەر دەبێتەوە و پێویستی بەوەیە هەم کاریگەر بێت هەمیش کارلێک لەگەڵ بەرامبەر دروست بکات، هێزێک بێت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بپارێزێت و ڕێز لە بەرژەوەندییەکانی بەرامبەریش بگرێت، بۆیە لەگەڵ بیرۆکەی گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی، بیرۆکەیەکی کۆنە و دەمێک ساڵە بیری لێکراوەتەوە، بەڵام بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەم ساتە وەختەدا، بیرکردنەوەیەکی نوێی دەوێت، ئەم بیرکردنەوە نوێیە نەک هەر سنوری هەموو ئایدۆلۆژیەتە حزبیەکان دەبەزێنێت، بەڵکو پێویستە ئەم بیرکردنەوەیە بەرژەوەندی کورد لەناو کۆی هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە و بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەش بدۆزێتەوە کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە، ئەمەش فێری ئەوەمان دەکات، چۆن کۆی هاوکێشەکە لەسەر جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە سەیر بکەین، نەک تەنیا سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکەین، ڕاستە ئێستا ئێمەی کورد بووینە کاراکتەرێکی سەرەکی ناو گەمەیەکی سیاسیی ئاڵۆز، بەڵام پێویستە گەمەکارێکی لێهاتووبین بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەر بۆ خۆمان رابکێشین، ئەمەش دروست ئەو حاڵەتەیە کە محەمەد حەسەنین هەیکەل گلەیی لە فرانسۆ میتران کردبوو سەبارەت بە هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە میسر دوای کارەساتی ١٩٦٧، لەوەڵامدا میتران بە هەیکەلی وتبوو، تۆ هەقی خۆتە گلەیی بکەیت، لەبەر ئەوەی تۆ لەمیسرەوە بەس ئیسرائیل دەبینی، بەڵام من لە پاریسەوە میسر و ئیسرائیل پێکەوە دەبینم، ئەوەش هۆکاری ئەو هەڵوێستەی فەرەنسایە کە تۆ گلەیی لێدەکەی، ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی لەم قۆناخە ئێمەش لەبەر چاوی بگرین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە، تەنیا ئەو وڵاتانە دەبینین کە پێوەی لکێنراوین، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تەواوی ناوچەکە ببینین بە خۆمان و ئەو وڵاتانەشی کوردستانی پێوە لکێنراوە. ئەم بیرکردنەوە تازەیەش ئەرکێکی قورسە لەسەر شانی مسعود بارزانی و پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاری هەموو هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پسپۆرانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە.

سەرچاوە ؛ ماڵپەری گوڵان / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## کونگرەی نەتەوەیی شتێکی زۆر پێرۆزە



عیزەت پیرانی

کونگرەی نەتەوەیی شتێکی زۆر پێرۆزە لە ئاستی سیاسی بە تایبەت لە ئاستی ئێستراتژی کە نەتەوەیکورد دەیهەوێت گورانێکی بر چاو بە خۆیەوە ببینێ ، هیزە سیاسی‌یەکان کورد تا ئێستا بەر بڵاون وبەرنامەیەکی روون و دیاریکراو سەبارت بە کێشەی کورد نەبووە، نەتەوەی کورد هەوڵیکی جددیان لە دەور و پشتی سازکردنی ئێرادەکی نەتەوەییدا چرنە بۆتەوە و هەوڵ نەدەراوە کە کێشەی کورد لە کێشەی دێموکراسی لە هەر چوار پارچەی وەڵاتەکان دابرین و بیکەینە کێشەیەکی سەربەخۆ ، کورد تا ئێستا لەو هەلومەرجە ناسکە دا نەیتوانیوە پلاتفورمێکی هاوبەشی نەتەوەییگەلالە بکەن. ئەگەر نەتەوەکان ئێستا لە نێو جوغرافیای وڵاتەکان لە فیکری پێکهینانیسیستمێکیهەمە لایەنە بن ئەو سیستمە نابێ بۆ نەتەوەی کورد بە زۆر بێت ، بەڵکو دەبێ لە سەر داخۆاز و رێیو ریفوراندوم لە کوردستان چارەسەر بکرێ .

ئیمە نازانین کە دوارۆژ ئەو وڵاتانهبەرەو کوێ دەچەنو نابێ کورد خۆی بە ئەو سیستمە گرێ بدا ، فیکری ئەوەی کە ئێستا ئێمە نوسخە بۆ نەتەوەی کورد نە پێچینو کورد بە فیدراڵی نەجات دەین هەر چەند کە دروشمی ئێستراتژی کورد ئەوە نیە ، هێزە سیاسییەکان ئەوەی کههەڵەی سیاسی دەکەن هەڵەی حقوقیش دەکەن .

کونگرەی نەتەوەیی بۆ ئەوەی کە کورد لە چوار پارچەی کوردستان وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆواتە سەروەرییەکی سیاسی کە ئەوسەروەرییە وەک ئامانجێک نابێ بە هیچچەشنێک بە تەما و ئەگەر ببەستریتەوە . ئەگەر کورد بیهەوێ ئێرادەیەکی نەتەوەیی ساز بکەن و وەکئەنجامێکش ناچارن لە ئاستی سیاسییدا پیداچوونەوەیەک بە درووشم و بەرنامەکاندا هەبێت. رزگارکردنی پرسیحیزبێک بە تەنیا ناتوانێت ئێستراتژی جوڵانەوەیەک بێ ، بەڵکو ئەو ئێستراتیژیە دەبێ لە سەر بنەمای پرۆگرامێکیهاوبەش لە هەر چوار پارچەی کوردستان شکڵ بگری . کونگرەی نەتەوەیی هەنگاوێکی باش و عەمەلی بۆهەڵیندراوەتەوە کە هەموو لایەنەکانی کوردستان بەشدارن . ئەو کونگرەیە دەبێ لە ئاستی کۆمەڵگای نێونەتەوەییزۆر هەوڵ بدات کە کورد ناسنامەی خۆی لە رێکخراوی نێونەتەوەیی و وڵاتانی دیکە خۆی وەک دەوڵەت – نەتەوەبناسێنێت.

سەرکەوتوو بن بۆ رزگاری نەتەوەی کورد

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣

==================================================================================




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

مانگی خەرمانانی ٢٧١٣ کوردی / ئاگۆستی ٢٠١٣ زایینی

r_neqsi@yahoo.ca